لەسەر ئەرکی بەڕێز (شالاو کۆسرەت ڕەسوڵ) چاپکراوە

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی (ی.ن.ک) له پارێزگای هەولێر

ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتك

٢٠٢٤

# ئینسكلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكانی (ی.ن.ك)

# لە پارێزگای هەولێر

ئامادەكردنی: حەیدەر مەنتك

٢٠٢٤

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی (ی.ن.ك) لە پارێزگای هەولێر

ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتك

پێداچوونەوە: مامۆستا هۆگر جەمال

دیزاین: دکتۆر ئەکرەم فەرەیدون

تایپ: نووسەر

ساڵی چاپ: ٢٠٢٤

نۆرەی چاپ: یەکەم

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: ژمارە (٥)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان لە ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە

پێشکەشە....

ـ بەگیانی ئەو پێشمەرگەو کادیرانەی تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئازادی.

ـ پێشکەشە بەهاوسەری ئازیزم مامۆستا نازدار، منداڵەکانم (یارە، لاڤە، ئەحمەد) کە زۆر هاوکارو پشتیوانم بوون بۆتەواوبوونی ئەم پەرتووکە.

حەیدەر مـەنتك

# چەند وشەیەك بۆ ... ئینسكلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكان

شۆڕشی نوێ هەرناوەكەی نوێ نەبوو، شۆڕشی تفەنگ وقەڵەم بـوو، شۆڕشی مرۆڤە خۆنەویستەكان بوو لەپێناو ئازادی وسەرفرازی و یەكسانی بۆ هەمووان، شۆڕشی هەستانەوە وبەرەنگاری بوو لەتاریكە شەوی نیشتیمان، ئەوانەی بوونەڕێبواری ئەو كاروانە بێ باكە لەمەرگ ونەمان، ئەو گیانبازانەی گیانی خۆیان بەخت كردلەپێناوی گەیشتن بەمافە زەوتكراوەكانی مرۆڤی كورد لەنیشتیمانی خۆیدا، ئەو شاسوارانەی لەچاوی دواڕۆژی گەشی گەلەكەیان دوا ڕۆژی خۆیان دەبینی، ئەو جوامێرانەی خوێنی خۆیان دەكردە چرای ئازادی، هەر خۆیان نا خانەوادەكانیشیان دەبوونە سوتەمەنی و دەربەدەری و ماڵوێرانی و زیندان دەبووە بەشیان، شایستەی ئەوەن لەلاپەڕەكانی مێژووی شۆڕشی ڕزگاریخوازی كورد ناوەكانیان بدرەوشێتەوە و نەوەی نوێ بێ ئاگانەبێ لەفیداكاری وقارەمانیەتی ئەو جەربەزانەی ناویان پێشمەرگە بوو، هەرناوەكەیان زۆرشت دەڵێت.

بەبێ گومان وشەی پێشمەرگە خۆی لەخۆیدا واتا ئەوانەن (مەرگی خۆیان پێش خستووە) لە پێناو پاراستنی نیشتیمان وئازادكردنی خاك لەژێرڕكێفی دوژمندا.

لەشۆڕشی نوێی گەلەكەمان بە ڕابەرایەتی یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان ئەوەی سەلماند كەوشەی پێشمەرگە ڕێك بەباڵای بڕاوە چونكە لەزۆربەی نەبەردییەكان و هێرشەكان دەبووە كێبڕكێ لەسەردەستەی هێرش (هجوم) واتە بۆ شەهیدبوون و پێشخستنی مەرگی خۆیان..

بێگومان ئەوانەی دەبوون بە پێشمەرگە پێشتر لە ئۆرگانێكی ڕێكخستن گۆش وپەروەردە دەكران و ڕێكدەخران، ڕێكخستنەكان ناوەندێكی گرنگ و بازنەیەكی ڕۆشنبیری لێوان لێو بوون لە بەها جوانەكانی ژیان دۆستی، ئەگەرفلاش باكێك بۆمێژووی دوای دامەزراندنی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بكەین چ لەدەستەی دامەزرێنەرە كەی چ لەم دەشتی هەولێرە دەبینین ناڵێم سەرجەمیان بەڵام زۆرینەیان خاوەن بڕوانامەی بەرزو بەمانای وشە خوێندەواربوون یان لە خانەوادە جوانەكانی هەولێرو دەشتی هەولێربوون، پێشمەرگە لە شورشی نوێ دا، دژی ستەم وچە وسانە وە بوو، ئێوە بوون لە هەلومەرجێكی دیاریكراو خەباتتان كردووە لە پێناوی ڕزگاربوون لەستەم وچەوسانەوە، هەرئێوەش بوونە سووتەمەنی و قوربانی دەرانی ئەوسا.

پێشمەرگە داینەمۆی سەرەكی شۆڕشی نوێی گەلەكەمان بووە، كە بە سووتەمەنی شورش ناسراون ،بزاڤی ڕزگاری خوازی كورد واتە شۆڕش و پێشمەرگە لێك جیاناكرێتەوە، پێشمەرگە ئەوڕۆلە قارەمانە گیان لەسەر دەستەبوو لە پێناو گەل و نیشتمان خەبات دەكات دژی زوڵم زۆرداری داگیركاری كوردستان مافەڕەواكانی هەڵگری بیرو باوەری نەگۆڕبوون لەپێناوخاكدا.

لەڕێی ئەم ئینسكلۆپیدیایە دووبارە كۆمەڵێ تێكۆشەر، لە قۆناغێكی دیاریكراوی سەخت دا لە شۆڕشی نوێدا لەڕیزەكانی (ی.ن.ك) دا خەباتیان كردووە لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی داگیركەراندا گیانبازانە وەستاونەتەوە، بەرژەوەندی خۆیان و خانەوادەكانیان خستووەتە

مەترسی، نووسینەوەو بەرزڕاگرتنی ناوی ئەو تێکۆشەرانە لەو ڕۆژگارە سەختانە کە گەنجی خۆیان تەرخان کردوە بۆ قوربانی گەل و نیشتمان کارێکی گرنگ و پیرۆزبووە، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو چ لە کەسوکاروخەڵکی نیشتمانپەروەر بزانن کەسانێ هەبوون لە سەنگەرلە پێشەوە بوونە.
گەر لاپەرەکانی ئەم ئینسکلۆپیدیایە سەیربکەیت، کۆمەڵە پێشمەرگەیەک ئەوسا دژی گەورەترین هێزی ناوچەکە بەرەنگار بوونەوە، جگە لە خۆیان کەس و کاریشیان خستووەتە مەترسی یان گرتن وئاوارە بوون کە گیانی خۆیان هەردەم لە مەترسی دابووە لەڕووبەڕووی داگیرکەران.
هەرئەم تیکۆشەرانە بوون لە تیپەکانی ٨٣ی هەورێ، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٩٠ی باوەجی، ٧٤ی باڵەک،٩٣ی کۆیە،٨٥ی بەڕانەتی، ٨٧ی قەرەچوغ، ١٢ی سۆران،٧٨ی کارۆخ، ٩١ی سەفین،٩٩ی بیتوێن،١٩ی کۆرەک، بارەگای مەڵبەندی (٣) و (مەڵبەندی چوار)، کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە وناوچەی شۆڕشگێڕان پێشمەرگە بوون لە سنووری قەراج وکەندێناوەو شەمامک ومرکێ وبەڕانەتی وسەفین و دەشتی کۆیێ و خۆشناوەتی و باڵەکایەتی و باڵەیان و بیتوێن،کە دۆڵ و دەشت وزورگ و ڕووبارو شاخ و دارو بەرد گەواهی ئازایەتیان بوو لە داستان و شەڕوقارەمانەتیتان بەپاڵپشتی خوێنی شەهیدان وکەم ئەندامی سەنگەرو زیندانی سیاسی وتێکۆشەرە دیرینەکان وبراجووتیارەکان کە لانە وخەمخوری پێشمەرگە بوون.
کە بوونە مایەی دڵخۆشی نیشتیمان پـەروەران وتۆقاندنی داگیرکەران و نۆکەران خاکی کوردستان، ئێوە بوون هێزی گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی داگیرکەرلە سەرمێزی گفتوگۆ کردنیشدا ڕۆڵی پێشمەرگە بەرزوپربایەخ بوو،کە ئێوەن میراتگری شەهیدان مایەی شانازین کە لەڕۆژە سەختەکانی خەبات لەیەک سەنگەر بوون لەگەڵ شەهیدان کەمایەی شانازی هەموو پێشمەرگەیەکە، دەبێت بە دۆستەکانمان بڵێین ئەم کۆمەڵە پێشمەرگەوئەوانەی ناویان تێدا نییە و لە پەرتوکێکی تر چاپ دەکرێ شاهیدی خوێن وخەباتی سەردەمانێک بوون جێگای ڕێزن وشانازین لە ناوریزەکانی «ی.ن.ک» ونیشتیمان پەروەران.
سوپاس ودەست خۆشیمان بۆ قەڵەمە خەمخۆرەکەی شەهیدان و پێشمەرگە، بەهەوڵی تاکە کەسی و شەونخونی ئەوا نوسەری دڵسۆز(حەیدەر مەنتک) مێژووی پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ لەپارێزگای هەولێر لەفەوتان دەرباز دەکات کە لەبنەمادا کاری دەزگایەکە ودەبا چەندان ساڵ پێش ئێستا ئەنجام درابایە، بۆیە وەک پێشمەرگەیەکی دێرین لەجیاتی هەموو پێشمەرگە دێرینەکان دەستخۆشی لەقەڵەمی بوێری کاک(حەیدەر مەنتک) دەکەم، هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازم، نەمری بۆ شە هیدانی گەلەکەمان و تەمەن درێژی بۆ پێشمەرگە دێرینەکان و کەمئەندامانی سەنگەرو سەرجەم ئەو گوندنشینانەی لە ئەوێ ڕۆژێ ببووین بەئەرک بۆیان.

م. تەحسین کەریم عەلی

# ئینسكلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكان لە هەولێر بۆ؟

ئەوێ ڕۆژێ لەدوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول، هیوایەک نەمابوو کە جارێکی تر چەک و پێشمەرگە و شاخ بەدیداری یەکتر شادبکاتەوە، تروسکایەک بەدی نەدەکرا، بەداستان و قارەمانییەکانی پێشمەرگە، نیشتمان لەدوژمن پاک بکاتەوە، ئەوێ ڕۆژێ شۆڕشی کورد هەرەسی هێنابوو، نائومێدی باڵی بەسەر کوردستان کێشابوو، تاکی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان دڵتەنگ و پرسەداربوون، لەنێو ئەوهەموو نەهامەتی و کارەساتانەی بەسەر کوردو شۆڕشی کورد هاتبوو، دەستەیەک لە لاوە خوێندەوارو نیشتمان پەروەرو خوێن گەرمەکانی کوردستان، بەڕابەرایەتی سەرۆک مام جەلال زەنگی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانیان ڕاگەیاندن و هیوای گەڕانەوەی ئومێدیان بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا.

شاخەکان لەگەڵ پێشمەرگە ئاشنابوونەوە، قەندیل بوو بە یەکەمین مەکۆی شۆڕشی نوێ، پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پڵنگ ئاسا چالاکی و داستانەکانیان دژ بەدوژمن تۆمار دەکرد، نەیاندەهێشت خەونە گڵاوەکانی جەلادەکانی بەعس، بەئاسانی بێتەدی. پێشمەرگە بوو بە سونبولی خەبات و تێکۆشان و کوردایەتی و مەردایەتی و بەرگری. تا دەهات ڕیزەکانی شۆڕش پڕ لەپێشمەرگەی ئازاو چاونەترس دەبوون، بلێسەی شۆڕشی نوێ کڵپەی کردو دەنگی دایەوە.

لەبەر گەورەیی پێشمەرگەو ڕۆڵی سەرەکی پێشمەرگە لەبونیادنان و هەڵسانەوەی کوردو کوردایەتی، بە پێویستم زانی وەک وەفاو پێزانین و ڕێزلێنانێک، پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و سنووری پارێزگای هەولێر، پەرتوکێک بەناوی «ئینسكلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكانی (یەكێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە سنووری پارێزگای هەولێر» تۆمار بکەم و بۆ زانین ساڵی ٢٠٢٣ سێ پەرتوکی ترم بەناوی (ئینسكلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكان) بەچاپ گەیاندووە، بەگرنگم زانیووە ژیاننامەو مێژوویان ون نەبێت، چونکە مێژووی پێشمەرگە دێرینەکان، مێژووی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە، تاوەکو نەوەی ئێستاو داهاتوومان هەمیشە لەگەورەیی پێشمەرگەو سەروەرییەکانی پێشمەرگەو خەباتی ڕزگاری دوێنێ شاخ، بەئاگا بێت، تا هەمووان ئاشنا بن کە پێشمەرگە سەنتەری جێبەجێکردن و دەستەی پێشەوەی چالاکییەکان و گرەوی بردنەوەو سەرکەوتنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بوونە.

لەم ئینسکلۆپیدیایەدا، سیڤی و وێنەی پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەسنووری پارێزگای هەولێر کۆمکردۆتەوە. ژیاننامەی ئەو پێشمەرگانەی لەشاخەکانی کوردستان چەکی شەرەفیان لەشان دەکردو بوێرانە پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکرد، کە هەر لە قەزای مەخمورەوە تا حاجی ئۆمەران دەگرێتەوە، تۆمارمکردوون.

بۆزانینی خوێنەران بەخۆم و لاپتۆپێک لەخزمەت ئەم ئینسکلۆپیدیایەدا بووینە.

لە قۆناغی یەکەمدا، لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی دەستم پێکردو ئەمجارەش کارم کردووە لەسەر ژیاننامەی ئەو پێشمەرگانە کە ئەندامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانن لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

لێرەوە دەمەوێ سوپاسی هەریەک لە لقەکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێرو کۆیە و نوسینگەی (١)ی سۆران بکەم، کە بەپەرۆشەوە لەم پرۆژەیەدا هاوکارو پشتیوانم بوون. سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەی ئەگەر بەیەک وشە بوو‌بێت، زانیاریان پێداوم، چ ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە ئێستا لەهاندەران نیشتەجێن یاخود لە کوردستانن.

دەمەوێ ئەو ڕاستییە بەخوێنەرانی «ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لە هەولێر» ڕابگەینم، کە بەندە لە ڕاستی و دروستی ناوەڕۆکی ژیاننامەکان بەرپرس نیە، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەژیان ماون خۆیان فۆرمەکانیان پڕکردۆتەوەو ژیاننامەکانیان لە ڕێگای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی لقی هەولێر و کۆیە و نوسینگەی (١)ی سۆران بەدەستم گەیشتووە، تەمەننا دەکەم خزمەتێکی بچوکم بە کتێبخانەی کوردی و بەم تێکۆشەرانە کردبێ، کە لە ئاست خەبات و ماندوبوونیان بێت.

سڵاوو وەفاداری بۆ پێشمەرگە دێرینەکان و درووود بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانمان.

حەیدەر مەنتک
٢٠٢٤

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئیبراهیم حەمەد ئیبراهیم (جوامێر شەقلاوەیی) | 27 |
| 2 | ئیبراهیم فقێ عوسمان ئەبوبەکر (مەلا برایمی جیهاز) | 28 |
| 3 | ئیبراهیم موسا ئەحمەد ئیبراهیم (سەید) | 29 |
| 4 | ئەبوبەکر کاکل عەبدوڵڵا حەمەد (بەکر گردەسۆری) | 30 |
| 5 | ئەمیر باقی غفوری (ئەمیر باقی ئاغا) | 31 |
| 6 | ئەبوزێد تەها عەزیز ئەحمەد (مامۆستا ئەبوزێد) | 32 |
| 7 | ئەبوزێد ساڵح مستەفا (ئەبوزێد تەق تەقی) | 33 |
| 8 | ئەحمەد خدر ئەحمەد (ئەحمەدە) | 34 |
| 9 | ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد (بابەشێخ) | 35 |
| 10 | ئەحمەد عەلی ئەحمەد عەلی | 36 |
| 11 | ئەحمەد عەلی ڕەسوڵ (فەقێ حاجی عالی) | 37 |
| 12 | ئەحمەد مەجید ئەحمەد | 38 |
| 13 | ئەحمەد عوسمان ئەحمەد (پشکۆ) | 39 |
| 14 | ئەحمەد ئەنوەر حوسێن (سەید ئەحمەد گردعازەبانی) | 40 |
| 15 | ئاخر ئەمین حوسێن (ئاخیر هیرانی) | 41 |
| 16 | ئیدریس ساڵح نەبی عەزیز (ئیدریس چاوشین) | 42 |
| 17 | ئاری محەمەد زینەل پیرۆت (مەلا ڕسوڵ) | 43 |
| 18 | ئازاد عەولا سۆفی ئەمین (ئازاد باغچنێری) | 44 |
| 19 | ئازاد نادر کلاوی (ئازاد بی کەی سی) | 45 |
| 20 | ئەسعەد ئەحمەد مراد خدر (ئەسعەد پونگینە) | 46 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 21 | ئیسماعیل تاهیر مەحمود کاکەخان (سمکۆ دزەیی) | 47 |
| 22 | ئیسماعیل حەسەن یونس | 48 |
| 23 | ئیسماعیل ڕەشید حەمەدەمین (خۆشناو) | 49 |
| 24 | ئیسماعیل عەزیز سادق (سمە کۆس) | 50 |
| 25 | ئیسماعیل ئەکرەم ئیسماعیل (ئیسماعیل حەیدەری) | 51 |
| 26 | ئەسود شەفیق حەمەدەمین (ئەسوەد حاجی مەلا) | 52 |
| 27 | ئەسوەد حەسەن عەبدوڵلا (کاکە ڕەش) | 53 |
| 28 | ئەکرەم عەزیز عەبدوڵلا حەمەد (مەلا ئاوارە) | 54 |
| 29 | ئەبوبەکر عوسمان زێندین (مەلا ئاوات) | 55 |
| 30 | ئەنوەر بەکر خدر  (کاکە فەریزی) | 56 |
| 31 | ئەنوەر ڕەسوڵ محەمەد ئەحمەد (خەپە) | 57 |
| 32 | ئەنوەر عوسمان بابەکر عەبدولڕەحمان (سەید ئەنوەر) | 58 |
| 33 | ئەنوەر محەمەد حوسێن (ئەنوەر سماقولّی) | 59 |
| 34 | ئایزەن قادر حەسەن (ئایزەن جیهان) | 60 |
| 35 | بارزان حەمید ڕەسوڵ | 61 |
| 36 | برایم عەبدوڵلا عەلی مەولود (برایم سماقە) | 62 |
| 37 | بەکر عەبدولمەجید پیرداود | 63 |
| 38 | بەکر ئەحمەد عەبدوڵلا بەکر (شوان هیرانی) | 64 |
| 39 | بەهرام ئەسعەد محەمەد ڕەجەب (قارەمان) | 65 |
| 40 | بورهان خدر عەزیز (بورهان دیبەگەیی) | 66 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 41 | پێشڕەو زاهیر کەریم | 67 |
| 42 | پێشڕەو عومەر حەمەد باپیر (پێشە گچکە) | 68 |
| 43 | پێشڕەو ئیبراهیم سەعید (حاکم پێشڕەو) | 69 |
| 44 | پێشڕەو ئیبراهیم محەمەدەمین | 70 |
| 45 | پێشەوا عەلی مەولود حەمەد | 71 |
| 46 | تاهیر ئیبراهیم محەمەدەمین (تاهیر دیلمانی) | 72 |
| 47 | تەحسین ساڵح ئیسماعیل (تەحسین ڕەخنە) | 73 |
| 48 | تەحسین کەریم عەلی مام زێندین (مامۆستا تەحسین) | 74 |
| 49 | تۆفیق ڕەفیق ئەحمەد مستەفا (تۆفیق قەیسەری) | 75 |
| 50 | تۆفیق عەزیز ئیسماعیل ڕەسوڵ (تۆفیق قەلاچۆغانی) | 76 |
| 51 | تۆفیق مامەند ڕەمەزان ئەحمەد (تۆفیق مامە) | 77 |
| 52 | جاسم بایز کاوێس مەلاک (مام جاسم ئیلنجاغی) | 78 |
| 53 | جەبار عەبدوڵلا عەلی (جەبار مام قلینجی) | 79 |
| 54 | جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد (دکتۆر جەرجیس) | 80 |
| 55 | جەعفەر جەمیل خەلیل (جەعفەر چاوشین) | 81 |
| 56 | جەعفەر عەزیز باپیر وسو (جەعفەر خورمەرە) | 82 |
| 57 | جەعفەر غەفار حەمەدەمین خدر (جەعفەر قۆریتانی) | 83 |
| 58 | جەلال ڕەسوڵ حەمەد عالی (جەلال خۆشکانی) | 84 |
| 59 | جەلال عەبدوڵلا محەمەد (جەلال شەقلاوەیی) | 85 |
| 60 | جەلال عەولا ئیبراهیم (جەلالە شێت) | 86 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 61 | جەلال محەمەد سەدیق (جەلال سور) | 87 |
| 62 | جەلال یەحیا مستەفا (دکتۆر پوشۆ) | 88 |
| 63 | جەمال حەوێز مستەفا (جەمال هەروتی) | 89 |
| 64 | جەمال عەلی ئەمین ئەحمەد (جەماله ڕەش) | 90 |
| 65 | جەمال نادر حەمەد سەلیم ( حاجی مەسیفی) | 91 |
| 66 | جەمال ئەحمەد فەتاح (جەمال کوردە) | 92 |
| 67 | جەنگی حەسەن ڕەسوڵ (جەنگی فەقێیانی) | 93 |
| 68 | جەواد جەوهەر ساڵح (جەواد قورەبەرازەیی) | 94 |
| 69 | جەواد قادر محیَ دین عەبدولڕەحمان (سەید جەواد) | 95 |
| 70 | جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین (جەوهەر گردەسۆری) | 96 |
| 71 | جەوهەر ئیسماعیل حەسەن (مام جەوهەری ئیلنجاغ) | 97 |
| 72 | چالاک ئیبراهیم محەمەدەمین | 98 |
| 73 | حاتەم سوارە سابیر عومەر (حاتەم پەرکانە) | 99 |
| 74 | حاجی حەوێز شەریف محەمەد (حاجی پیبازۆکی) | 100 |
| 75 | حامید ڕەشید ئیسماعیل عومەر (حەمیدە شێت) | 101 |
| 76 | حەسەن تەها قادر ئەحمەد (قارەمان) | 102 |
| 77 | حەسەن حوسێن عەبدوڵلا حەسەن (شاخەوان) | 103 |
| 78 | حەسەن حوسێن مەحمود (حەسەن موخلیس) | 104 |
| 79 | حەسەن ڕەمەزان بداخ مستەفا (حەسەن کرێکار) | 105 |
| 80 | حەسەن سەعید عەلی (حەسەن عەوێنە) | 106 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەرە |
|---|---|---|
| 81 | حەلیمە سۆفی مەلا | 107 |
| 82 | حەمەد حاجی حاجی (حەمەد وەرتی) | 108 |
| 83 | حەمەدەمین تەها کەریم (قارەمان شینە) | 109 |
| 84 | حەمید فتحوڵڵا مەعروف | 110 |
| 85 | حەیدەر حەسەن شوان حمەد (حەیدەر تیمارۆکی) | 111 |
| 86 | حوسێن حەسەن ساڵح حوسێن (حوسێن بانەقەڵاتی) | 112 |
| 87 | حوسێن ئیسماعیل حوسێن (مامۆستا حوسێن شوانی) | 113 |
| 88 | خالید ئەحمەد تەها ئەحمەد (خالید بانی مارانی) | 114 |
| 89 | خالید حاجی قادر | 115 |
| 90 | خالید قادر ڕەشید (شێخ خالید هیرانی) | 116 |
| 91 | خدر مەعسوم خدر (دکتۆر خدر مەعسوم) | 117 |
| 92 | خەبات عەلی عەبدولڕەحیم (مامۆستا خەبات) | 119 |
| 93 | خەلیل کەریم وە سمان (خەلیل چاوڕەش) | 120 |
| 94 | خەتاب زرار ئەسعەد | 121 |
| 95 | دڵزار بەکر عەبدولکەریم حەویزی | 122 |
| 96 | دڵزار تۆفیق عەبدولکەریم | 123 |
| 97 | دڵزار حەمەدەمین عەزیز (مامە دڵە) | 124 |
| 98 | دڵزار مەجید حەمە سەدیق (دڵزار کانی بی) | 125 |
| 99 | دڵشاد ڕەزا عەبدوڵڵا ئیسماعیل (کوێخا) | 126 |
| 100 | دلێر حەمەدەمین مەلا عەبدوڵڵا | 127 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 101 | دەشتی حەمەدەمین نەجیم (مام دەشتی) | 128 |
| 102 | رزگار ساڵح حەسەن (رزگار هیرانی) | 129 |
| 103 | ڕزگار سەدیق تەها عەولا (کانی کوردەیی) | 130 |
| 104 | ڕزگار هاشم حەمەدەمین (ڕزگار بەنزین) | 131 |
| 105 | رزگار فەتاح حەمەد (خۆشناو) | 132 |
| 106 | ڕەحمان ڕەئووف عوسمان | 133 |
| 107 | ڕەسوڵ حەسەن ڕەسول (ڕەسوو حەسەن) | 134 |
| 108 | ڕەسوڵ عەبدوڵلا عەلی (کۆچەر عەبدوڵلا) | 135 |
| 109 | ڕەسوڵ کەریم سۆفی (حەمەڕەش) | 136 |
| 110 | ڕەسوڵ محەمەد کەریم ئەحمەد (ڕەسوە هار) | 137 |
| 111 | ڕەسوڵ مستەفا ڕەسوڵ (خار ڕەسوڵ کاموسەکی) | 138 |
| 112 | ڕەشید حەسەن حەمە سەعید | 139 |
| 113 | ڕەفیق محەمەد قادر | 140 |
| 114 | ڕەمزی عەلی عەلی (ڕەمزی بالیسانی) | 141 |
| 115 | ڕەمەزان ئەحمەد قادر ئەمین (فەرماندە) | 142 |
| 116 | ڕەئووف ئەحمەد ئیسماعیل (شێخ ڕەئووف) | 143 |
| 117 | ڕۆستەم عەبدوڵلا مەحمود نەبی (تەنیا) | 144 |
| 118 | زاهیر عومەر ڕەسوڵ بابۆک (سەفین مەلا عومەری) | 145 |
| 119 | زرار عەبدوڵلا مستەفا (شەماڵ عەبدوڵلا) | 146 |
| 120 | زرار عەولا مەحمود زین الدین (زرار باڵەیی) | 147 |

# ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 121 | زیاد ئەحمەد عەلی فقێ (هێرش) | 148 |
| 122 | سابیر حوسێن حەسەن (سابیر هەژار) | 149 |
| 123 | سابیر مەولود ئەحمەد ئیسماعیل (سابیر کاریتانی) | 150 |
| 124 | سابیر ئەحمەد ڕەسوڵ قادر (هاوڕێ قازی) | 151 |
| 125 | سالار سابیر محەمەد ساڵح (سالار خەزنە) | 152 |
| 126 | ساڵح عەبدوڵلا حەمەد ساڵح (وەستا ساڵح) | 153 |
| 127 | سامی قادر ئەحمەد (نەریمان) | 154 |
| 128 | سامی مەولود مستەفا (پێشەوا) | 155 |
| 129 | سلێمان حەمەد مینە (سلێمان خەبات) | 156 |
| 130 | سلێمان سەعید عەبدوڵلا (سلێمان سەعید قەلاتی) | 157 |
| 131 | سەباح پیرداود خالَند پیرداود (حاجی سەباح) | 158 |
| 132 | سەباح شەریف تەها حەمەد | 159 |
| 133 | سەباح عەزیز خدر عوسمان (سەباح چاوڕەش) | 160 |
| 134 | سەباح عومەر قادر (سەباح مەنتک) | 161 |
| 135 | سەدرەدین مەولود حەسەن (مەلا سەدر ئیلنجاغی) | 162 |
| 136 | سەدیق تەها عەولا (حەمەسوری کوێخا تەهای کانی کوردە) | 163 |
| 137 | سەدیق ساڵح عەزیز (سەدیق گۆران) | 164 |
| 138 | سەدیق عەبدولڕەحمان سوڵتان (سەدیق کاریتانی) | 165 |
| 139 | سەربەست ڕەسوڵ عەبدولڕەحمان (سەربەست مێروو) | 166 |
| 140 | سەربەست سەدیق تاهیر (سەربەست بی کەی سی) | 167 |

## ناوەرۆک


| لاپەڕە | ناوی سیانی پێشمەرگە | ژمارە |
|---|---|---|
| 168 | سەردار عەبدولکەریم عەبدولقادر (حاکم سەردار) | 141 |
| 169 | سەردار عەبدولوەهاب حەمەد (سەردار چاوڕەش) | 142 |
| 170 | سەردار محەمەدەمین (دکتۆر سەردار) | 143 |
| 171 | سەرهەد حەمەد عەلی (سەرهەد کانی ڕەشی) | 144 |
| 172 | سەرهەنگ نوری ئەحمەد عەولا (سەرهەنگ پالانی) | 145 |
| 173 | سەعدی عەلی ئۆمەر مام شێخ (سەعدی چاوشین) | 146 |
| 174 | سەعید مەولود باپیر (سەعید پیرداودی) | 147 |
| 175 | سەفیر حەمەدەمین حەسەن (سەفین خۆشناو) | 148 |
| 176 | سەفین سابیر موراد (سەیفەدین) | 149 |
| 177 | سەفین عومەر حەسەن (سەفین فریزی) | 150 |
| 178 | سەفین عومەر عەبدوڵلا | 151 |
| 179 | سەلاح حەویز ڕەسول | 152 |
| 180 | سەلام  یاسین حوسێن (سەلامە سوور) | 153 |
| 181 | سەلام عەباس حەمەدەمین (ئیلنجاغی) | 154 |
| 182 | سەلام مستەفا حەمەد ئەحمەد (سەلامی وەرتێ) | 155 |
| 183 | سەلیم ڕەشید ساڵح (مامۆستا سەلیم) | 156 |
| 184 | سەمەد ئیسماعیل تۆفیق (سەمەد گۆمەشینی) | 157 |
| 185 | سیامەند نەجیم مستەفا (سیامەند گۆمەشینی) | 158 |
| 186 | سوڵتان حەسەن شوان ئەحمەد (سوڵتان تیمارۆکی) | 159 |
| 187 | شاکر حەمەد عەلی ئەبوبەکر (شاکری شۆڕشگێڕان) | 160 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەرە |
|---|---|---|
| 161 | شاکر سابیر محەمەد (مامۆستا شاکری شۆڕشگێڕان) | 188 |
| 162 | شاهۆ ئەحمەد ئیسماعیل (مامۆستا شاهۆ) | 189 |
| 163 | شەعبان سەمەد ڕەمزان سەمەد | 190 |
| 164 | شەفیق ئیبراهیم شەریف مەحمود (شەفیق چاوشین) | 191 |
| 165 | شۆڕش زاهیر حەمەد ڕەسوڵ | 192 |
| 166 | شێرزاد یوسف مستەفا وسوو (شێرزاد کاوانی) | 193 |
| 167 | شێرکۆ عەبدولڕەزاق حەمە سەدیق | 194 |
| 168 | شێرکۆ ئەحمەد خدر ئەحمەد | 195 |
| 169 | شێرکۆ ئەحمەد حەمەد (کاکە شێر) | 196 |
| 170 | شێروان هەینی تەها | 197 |
| 171 | عادل تاهیر مام خدر (مامۆستا عادل) | 198 |
| 172 | عارف سەلیم محەمەد فەتاح | 199 |
| 173 | عەبدولکەریم مامەند ئیسماعیل (مەلا خدر) | 200 |
| 174 | عزەت عەلی مستەفا (کەستەک) | 201 |
| 175 | عەباس حەمەدەمین ئۆمەر (مام عەباسی ئیلنجاغ) | 202 |
| 176 | عەباس محەمەد حوسێن (حاجی مەمۆ) | 203 |
| 177 | عەبد ڕەسوڵ حەسەن (خاڵە عەبدی کادیر) | 204 |
| 178 | عەبدولجەبار سابیر مەحمود (شێروان چاوشین) | 205 |
| 179 | عەبدولڕەحمان عەلی عەبدوڵلا (ڕەحمان چاوشین) | 206 |
| 180 | عەبدولڕەحمان عومەر مەولود (عەدۆی میلە هۆرت) | 207 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 181 | عەبدولڕەحمان مەحمود عەبدولڕەحمان (سەفین) | 208 |
| 182 | عەبدولڕەحمان موسلح حەمەدەمین (لیوا عەبدولڕەحمان) | 209 |
| 183 | عەبدولڕەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان (هەژار هیرانی) | 211 |
| 184 | عەبدولڕەزاق حەمەدەمین نادر | 212 |
| 185 | عەبدولسەمەد عوسمان حەمە (سەمەد تەق تەقی) | 213 |
| 186 | عەبدولفتاح عەلی ئیبراهیم (فەتاح باغجنێری) | 214 |
| 187 | عەبدوڵڵا عەلی ڕەشید (کاکە عەبە) | 215 |
| 188 | عەبدولکەریم هەمزە عومەر (خاڵە کەریم) | 216 |
| 189 | عەبدوڵڵا حوسێن مستەفا (عەبدوڵڵا کاوانی) | 217 |
| 190 | عەبدولقادر مەحمود موراد (قادر کادیر) | 218 |
| 191 | عەبدوڵڵا سەلیم عوسمان (حاکم عەبد گردەسۆری) | 219 |
| 192 | عەبدوڵڵا حەمەد ئیسماعیل حەمشین (کاروان شیوعی) | 220 |
| 193 | عەبدوڵڵا محەمەد تەها ئەحمەد (جوامێر) | 221 |
| 194 | عەبدوڵڵا ساڵح دەروێش (عەبدوڵڵا ناسراغایی) | 222 |
| 195 | عەبدوڵڵا قادر ڕەسول (عەبدوڵڵا مەرزانی) | 223 |
| 196 | عەبدوڵڵا ئیسماعیل عەبدوڵڵا (عەبدوڵڵا هەنارە) | 224 |
| 197 | عەزیز خدر ساڵح حوسێن (مەلا عوزێر) | 225 |
| 198 | عەلی حەمەد محەمەد عەزیز (عەلی حەمەشین) | 226 |
| 199 | عەلی قادر جەرجیس (وەستا عەلی) | 227 |
| 200 | عەلی حەمەد ڕەحمان حەمەد (عەلی برنەو) | 228 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 201 | عەلی مەحمود حەمەد | 229 |
| 202 | عەلی سخیل جەعفەر عەبدوڵڵا (عەلی عارەب) | 231 |
| 203 | عەلی میر یەحیا سەلیم (عەلی میر مێرگەیی) | 232 |
| 204 | عەلی محەمەد ئیبراهیم زێنەدین (هێرش پۆریجە) | 233 |
| 205 | عەولا حەمەد مینە (عەولا خەبات) | 234 |
| 206 | عەیزوڵڵا عەوێز سەعید (عەیزوڵڵا مەرزانی) | 235 |
| 207 | عوسمان حەمەد خدر (عوسمان دەشتی) | 236 |
| 208 | عوسمان ڕەشید محەمەد عەلی | 237 |
| 209 | عوسمان قادر عەبدوڵڵا (عوسمان بانی مارانی) | 238 |
| 210 | عومەر تەها عومەر (عومەر هیرانی) | 240 |
| 211 | عومەر حەمەد ئەحمەد پیرداود (عومەر ژێ سێ) | 241 |
| 212 | عومەر ڕەحمان قادر ئیبراهیم (عومەر ناسر) | 242 |
| 213 | عومەر ساڵح عومەر ئەحمەد (کاکە ڕەش) | 243 |
| 214 | عومەر کەریم ئەحمەد ئیبراهیم (عومەر ڕیشە) | 244 |
| 215 | عومەر محەمەد شەریف ئەحمەد (عومەر کۆرەکی) | 245 |
| 216 | عومەر مەحمود محێ دین | 246 |
| 217 | غازی عەبدوالواحید تۆفیق سەعید (هەندرێن تورکمان) | 247 |
| 218 | غازی قادر عەلی (غازی قادراغا) | 248 |
| 219 | غەفور محەمەد حوسێن قادر (غەفور شێخ شەروانی) | 249 |
| 220 | فاخیر سەعدی عەبدولکەریم (شێخ فاخیر) | 250 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 221 | فارس جەلال قادر عەبدوڵڵا | 251 |
| 222 | فارس قادر حوسێن محەمەد (ڕەئیس) | 252 |
| 223 | فارس محەمەد سادق (فارسی ڕێکخراوەکان) | 253 |
| 224 | فەیزوڵڵا ئیبراهیم ئەحمەد (دلێر کانی لەلەیی) | 254 |
| 225 | فواد قادر ئەحمەد قادر (فوادە ڕەش) | 255 |
| 226 | قادر برایم حەمەد (شێخ قادر) | 256 |
| 227 | قادر حەسەن مام شێخ ئەحمەد (مام قادر) | 257 |
| 228 | قادر عەبدوڵڵا تەها مستەفا (قادر عەولا) | 258 |
| 229 | قادر عومەر ئەمین (قادر شەوگێڕی) | 259 |
| 230 | قادر مەولود شوان (قادر تیمارۆکی) | 260 |
| 231 | قادر هەینی تەها (قادر دۆشکە) | 261 |
| 232 | قاسم جەبار قاسم سلێمان (جوتیار) | 262 |
| 233 | قاسم عەبدولعەزیز محەمەد (ڕێباز عەزیز) | 263 |
| 234 | قاسم عەزیز ڕەسوڵ | 264 |
| 235 | قاسم عەلی حوسێن (خاڵە قاسم) | 265 |
| 236 | قاسم محەمەد مستەفا (حاکم قاسم) | 266 |
| 237 | قاسم محەمەد ئیبراهیم (قاسم مەسیفی) | 267 |
| 238 | قاسم ئەحمەد حاجی تەها | 268 |
| 239 | قاسم ئیسماعیل عەبدوڵڵا (مام قاسم) | 269 |
| 240 | کاروان محەمەد پیرداود | 270 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 241 | کاکە مەم حەسەن عەبدوڵڵا (هاوڕێ کاوە) | 271 |
| 242 | کامەران محەمەد جەلیل (زەردەشت) | 272 |
| 243 | کامەران سەعدی عەبدوڵڵا ( کامەران بانەموردی) | 273 |
| 244 | کامەران عەبدوڵڵا حەمەدەمین (کامەران کاوانی) | 274 |
| 245 | کاوە سادق نادر (کاوەی کوێخا سادق) | 275 |
| 246 | کاوە عەزیز عەبدوڵڵا (کاوە کۆر) | 276 |
| 247 | کاوە محەمەدەمین حوسێن (مامۆستا کاوە) | 277 |
| 248 | کەریم حەسەن شینە (کەریمە ڕەش) | 278 |
| 249 | کەریم عەزیز حەمەد عەلی | 279 |
| 250 | کەریم محەمەد مستەفا جوجە (کەریم عەوێنە) | 280 |
| 251 | کەریم ئیسماعیل عەلی میرزا (کەریم مالیە) | 281 |
| 252 | کەمال جەلال عەلی قادر (سەید کەمال) | 282 |
| 253 | کەمال حەسەن مستەفا عەبدولڕەحمان (کەمالە سوور) | 283 |
| 254 | گوشاد عەبدولڕەحمان بایز | 284 |
| 255 | لەتیف حوسێن حەسەن (لەتیفە شورتە) | 286 |
| 256 | لوقمان خدر سەعید کامەلا (لوقمان خۆشناو) | 287 |
| 257 | محمود عزیز عەبدوڵڵا (فەرهەنگ) | 288 |
| 258 | محەمەد حوسێن مستەفا (مامۆستا محەمەد مەخموری) | 289 |
| 259 | محەمەد ڕەسوڵ مستەفا (محەمەد سورە قەڵایی) | 290 |
| 260 | محەمەد سلێمان قادر سلێمان (محەمەد مسەوەر) | 291 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 261 | محەمەد سمایل پیرۆت (شێ محەمەد) | 292 |
| 262 | محەمەد قادر مستەفا (مامۆستا شێخ محەمەد سکتانی) | 293 |
| 263 | محەمەد کاکل خدر ئەحمەد (محەمەد حاجی کاکل) | 294 |
| 264 | محەمەد مامە شکری کا ڕەسوڵ (محەمەد مامە) | 295 |
| 265 | محەمەد مستەفا عەولا خدر (حەمە ڕیشە) | 296 |
| 266 | محەمەد یاسین تەها ئەحمەد (محەمەد عەجەم) | 297 |
| 267 | محەمەد ئەحمەد حەمەد (حەمە چاوشین ئیلنجاغی) | 298 |
| 268 | محیێ دین نەجم سمایل (محیێ دین تیمارۆکی) | 299 |
| 269 | مراد ئەحمەد ڕەسوڵ عەلی (مرادی کاولان) | 300 |
| 270 | مزەفەر قادر عومەر عەلی (حاجی مزەفەر) | 301 |
| 271 | مزەفەر مەعروف قادر (مزەفەر جیهاز) | 302 |
| 272 | مستەفا محەمەد کەریم (مستەفا مەرزانی) | 303 |
| 273 | مشیر ئەحمەد عەبدوڵڵا (مشیر گەرۆتە) | 304 |
| 274 | مشیر ئیسماعیل قادر عەزیز | 305 |
| 275 | مەجید میرخان عەبدوڵڵا | 306 |
| 276 | مەحمود سلێمان عەبدوڵڵا (مەحمود خۆشناو) | 307 |
| 277 | مەحمود کەریم ساڵح محەمەد (خولە) | 308 |
| 278 | مەحمود مراد رەمەزان (خولە) | 309 |
| 279 | مەحمود ئەنوەر حەسەن (وەستا مەحمود) | 310 |
| 280 | مەسعود سەعید حوسێن (مەسعودی عەقاری) | 311 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 281 | مەغدید سەلیم ڕەحمان (بەڵێن) | 312 |
| 282 | موحسین سلێمان فەتحوڵڵا (موحسین ئیلنجاغی) | 313 |
| 283 | موحسین عوسمان حەمەد (مامۆستا موحسین) | 314 |
| 284 | موحسین قادر سادق (موحسین هیرانی) | 315 |
| 285 | موحسین کەریم عەلی (مامۆستا موحسین) | 316 |
| 286 | میرزا حەمەد ئیبراهیم (میرۆ بانەموردی) | 317 |
| 287 | نادر کەریم خالید (خارە نادر) | 318 |
| 288 | نەبەز حەمەد محەمەدەمین (حاجی) | 319 |
| 289 | نەریمان کاکە فەتحوڵڵا ساڵح | 320 |
| 290 | نەعمان قاسم حەسەن | 321 |
| 291 | نەهرۆ حەمەسەعید مستەفا (بەحراوی) | 322 |
| 292 | نەوشیر ساڵح قادر (نەوشیر کۆیی) | 323 |
| 293 | نورەدین ئەحمەد ڕەسوڵ (شۆڕش سێگردکانی) | 324 |
| 294 | هادی عەزیز عەبدولڕەزاق حەسەن | 325 |
| 295 | هاشم حەسەن عیسا (هاشم زمارە) | 326 |
| 296 | هاشم حوسێن ئەسعەد (هاشم بچکۆل) | 327 |
| 297 | هاشم محەمەد محەمەدەمین (کاکە ڕەش) | 328 |
| 298 | هاوار تەها ئەحمەد تەها (هاوار مام تەها) | 329 |
| 299 | هاوار سەعید عەلی (سەنگەر) | 330 |
| 300 | هەژار عوسمان جەرجیس خدر (مام هەژاری گۆمەشین) | 331 |

## ناوەرۆک


| ژمارە | ناوی سیانی پێشمەرگە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 301 | هیوا بەکر مستەفا (هیوا سۆفی بەکر) | 332 |
| 302 | هەڵۆ ڕحیم قادر (هەڵۆ خانەقینی) | 333 |
| 303 | واحید محەمەدەمین ئیبراهیم (واحید کامۆسەکی) | 334 |
| 304 | وریا حەویز سلێمان (مامۆستا وریا) | 335 |
| 305 | وشیار ڕەئووف عەبدوڵڵا | 336 |
| 306 | وشیار شەفیق نادر (دکتۆر وشیار) | 337 |
| 307 | یاسین محەمەد عەبدولقادر (دکتۆر سەردار) | 338 |
| 308 | یوسف عومەر ئیبراهیم عەبدوڵڵا (یوسف چاوشین) | 339 |

# ئینسكلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكانی (ی.ن.ك)
# لە پارێزگای هەولێر



# جوامێر شەقڵاوەیی

ـ ناوی سیانی: ئیبراهیم حەمەد ئیبراهیم

ـ ناسراوبە: جوامێر شەقڵاوەیی

ـساڵی لەدایکبوون: ٨/ ٥/ ١٩٦٠

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای شەقڵاوە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دبلۆم/ دەرچووی پەیمانگا/ بەشی ژمێریاری

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە :١٩٨١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی خۆشناوەتی/ ئەوکات ملازم خولە بەرپرسی ئەم قوەتە بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە بارەگای کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە، کەرتی (٢) تیپی پارێزگاری مەڵبەند

ـ لە ساڵی ١٩٨٥ ناوبراو فەرماندەی کەرتی (٣) بووە لە تیپی پارێزگاری

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: سماقوڵی/ نازەنین

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی و ڕێکخستندا بەشداری چەندین چالاکی کردووە.

ـ ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.

ـ لە مانگی ١١ی ١٩٩١ کرایە کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی شەقڵاوە.

ـ لە ساڵی ١٩٩٥ ـ ١٩٩٦ بەشداری خولی کادیرانی کردووە، خولی شەش مانگی.


ـ لە ساڵی ٢٠٠٤ کرایە ئەندامی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی شەقڵاوە، پاشان کارگێڕو دواتر بەرپرسی لێژنەی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی شەقڵاوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ کرایە ئەندامی مەڵبەندی (٦) ی سۆران.


ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: کارگێڕی مەڵبەند

ـ کام ئۆرگان: مەڵبەندی (٦) ی سۆران

ـ ناوبراو دووساڵ و سێ مانگ لە ساڵی ١٩٧٧ زیندانی سیاسی بووە.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەکجار بریندار بووە، ناوبراو خاوەنی (برا) یەکی شەهیدە بەناوی (حوسێن).







# مەلا برایمی جیهاز


- ناوی سیانی: ئیبراهیم فقێ عوسمان ئەبوبەکر
- ناسراوبە: مەلا برایمی جیهاز
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی تەیراوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە. لەساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ لە ئێسگەی دەنگی کوردستان کاری کردووە لە چۆمان/ مەمی خەلان.
- لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات لە زەڵێ لە دەستەی شەهید مامۆستا حەمید شانە.
- دواتر دەگوازرێتەوە هەرێمی (١٤)
- دواتر گواستراوەتەوە قوەتی خۆشناوەتی
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری شەڕی ئێرانی کردووە بۆپشتیوانی برایانی ڕۆژهەڵات، پاشان لە تیپی (٨٥) ی بەرانەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە سنوری مەڵبەندی ٣و ٤ پێشمەرگایەتی کردووە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ ی کردووە.
- عەدەد جیهاز بووە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی و پاشان لای شێخ دارۆ لە وەزارەتی دارایی. ماوەیەک ناوبراو فەرمانبەری گومرگ بووە.
- بەشداری چەندین داستان و نەبەردی کردووە.
- بەشداری خولەکانی هەڵگرتنەوەی مین و فێربوون لەسەر جیهازی ڕاکاڵ، متەفەعی و جۆری (هاوەن عقده ٣) کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جا بریندار بووە، ئێستا کەم ئەندامی سەنگەرە.





# سەید ئیبراهیم

- ناوی سیانی: ئیبراهیم موسا ئەحمەد ئیبراهیم
- ناسراوبە: سەید ئیبراهیم
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: قەراج/ مەخمور/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە :١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٥) ی گۆرقەرەج / هەڤاڵ (ئەحمەد کوردە) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- لە ساڵی١٩٨٤ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ١٩٨٧/١١/١٥
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ ، کەرتی تیپ .
- لە ساڵی ١٩٩٢ لە بەرێوبەرایەتی هەواڵگری وەزارەتی پێشمەرگە بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ ئەفسەری ئیدارە میرەی لیوای (١) ی ڕۆژهەڵات بووە، کە ئەوکات شەهید فاقە فەرماندەی لیوا بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠١ ـ ٢٠٠٢ کۆلێژی سەربازی قەڵاچۆلانی تەواو کردووە خولی (٦)ی فەرماندەیی شەهید (محەمەد سەراوی).
- ماوەیەکی زۆر ئەفسەری ئیداری بووە لە بنکەی مەشقی هەولێر لە کۆیە
- پێش خانەنشین بوونی بەرێوەبەری هۆبەی ژمێریاری (ئیشغالی) سەربازی بووە سەربە وەزارەتی پێشمەرگە.





# بەكر گردەسۆری

ناوی سیانی: ئەبوبەكر كاكل عەبدوڵڵا حەمەد

ـ نازناو: بەكر گردەسۆری

ـ ساڵی لەدایكبوون: ١٩٥٦

ـ شوێنی لەدایكبوون: گوندی گردەسۆر، ناحیەی قوشتەپە،هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن :١٩٨١

ـ كام ئۆرگان: كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١/٣/ ١٩٨٢

ـ لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ كەرتی تیپ.

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ كرایە فەرماندەی مەفرەزە لە كەرتی (٤)

ـ لە ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ كەرتی (٤) ی كەندێناوە، لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، كەرتی (٣) ئەوكات نوری قادر فەرماندەی ئەم كەرتە بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٦ لە قەیوان ماوەت بەسەختی بریندار دەبێ بۆ عیلاج ماوەی (٧) مانگ لە ئێران دەبێت

ـ لە ساڵی ١٩٨٨كراوەتە فەرماندەی كەرتی ٤ لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

ـ ناوبراو لە ١٩٩٠/٧/١٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە

ـ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١/٣/١١ی كردووە، لە تەشكیلاتی قیادەی مەنتیقە كرایە ئامرسریە لە فەوجی (٤) لیوای (٣١)، لە دوای ٣١ی ئاب لە كۆیە ناوبراو كرایە فەرماندەی هێزی (٢٦٩) و پاشان جێگری سەرلەشكرو پاشان سەرلەشكری (٣)

ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: جێگری فەرماندەیی

ـ كام ئۆرگان: فەرماندەی (٢) ی هەولێر، ئەوكات شەفیق چاوشین فەرماندەی فەرماندەیی (٢) ی هەولێر بووە.

ـ ناوبراو سێ جار بریندار بووە

ـ لەحكومەت ئەو پۆستانەی بینیوتە: بەڕێوەبەری بەش لە بەڕێوەبەرایەتی پاسەوانی سنور بە پلەی عەمید

ـ لە ئێستادا لە ئەركدایە لە یەكەكانی (٧٠) بە پلەی لیوا.





# ئەمیر باقی ئاغا

- ناوی سیانی: ئەمیر باقی غفوری

- ناسراوبە: ئەمیر باقی ئاغا

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١

- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی قەڵات/ قەزای کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- لە ساڵی ١٩٦٨ بۆتە پێشمەرگە تا نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٦

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ

- لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ هێزێک بەرەو ناوچەی سنوری عێراق ـ تورکیا چوون، بەمەبەستی دانانی بنکەیەکی عەسکری لە ناوچەی (برادۆست)

- لە ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٤ لە ئەنجامی شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ چەکدارە خێڵەکیەکانی ناوچەکە ناوبراو بە بریندارى کەوتە دەست ئەو هێزانەی ناوچەی هەکاری بۆماوەی (٤) مانگ لە تورکیا زیندانی کراوە.

- لە ڕۆژی ٧ی مانگی حوزیرانی ساڵی١٩٧٩ بەرلێبوردنی گشتی کەوت و ئازاد کرا.

- دواتر چووە سوریاو پاشان گەڕایەوە کوردستان و بۆتەوە پێشمەرگە.

- ناوبراو یەکێک بوو لەوکەسانەی لە ساڵی ١٩٩١ ماوەی (١٢) ڕۆژ لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان مانی لەخواردن گرت.

- پاشان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوەو ڕەوانەی خولی ئەکادیمیای ئەفسەرانی قەڵاچۆلان کراوەو بەسەرکەوتووی تەواوی کردووە.

- بەڵام بەداخەوە لە ڕووداوی ئوتومبێل لە سەر ڕێگای کۆیە ـ سلێمانی لە ڕۆژی ١٩ی کانونی یەکەمی ساڵی٢٠٠٥ کۆچی دوای کردووە.



# مامۆستا ئەبوزێد

ـ ناوی سیانی: ئەبوزێد تەها عەزیز ئەحمەد

ـ ناسراوبە: مامۆستا ئەبوزێد

ـ ساڵی لەدایكبوون: ١٩٦١

ـ شوێنی لەدایكبوون: كەندێناوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ئامادەیی كشتوكاڵ

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٨٢

ـ كام ئۆرگان: كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/١٢/١٥

ـ لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی خۆشناوەتی

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی، كەرتی (٣) ئەوكات شەهید ڕێباز فەرماندەی ئەم كەرتە بووە. لە ساڵی ١٩٨٦ بەشداری خولی (هەندەسە)ی سەربازی كردووە لە هەڵەدن .


ـ لە ساڵی ١٩٨٧ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، كەرتی تیپ. هەرلەم كەرتە كرایە فەرماندەی جێگری مەفرەزە، پاشان فەرماندەی مەفرەزە و جێگری كەرت. لە كۆتا تەشكیلاتی سەر سنور ناوبراو لە بەتالیۆنی (٨) بووە، ئەوكات شەهید مەلاسلێمان فەرماندەی بەتالیۆن بووە، ناوبراو بۆماوەی (١٣) مانگ پارتیزان بووە. بەشداری خولی فەرماندەكانی كردووە لە تاران خولی (ئیمام خومەینی) بۆماوەی (٦) مانگ. ناوبراو بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و بەرگری كردووە لەتەمەنی پێشمەرگایەتیدا.

ـ لە ٥/ ١٩٩٠/٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوەو گەڕاوەتەوە هەولێر.

ـ لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەكە كردووە. لە سوپای یەكگرتووی كوردستان كرایە ئیدارەی لیوا.

ـ پاشان لە لیوای (٢) تایبەت درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی كۆیە بووە

ـ لە فەرماندەی (٢) هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە دوا پلەی ئەندامی فەرماندەیی بووە لە بەشی پشكنین و بەدوا داچوون. بەشداری خولی تایبەتی فەرماندەكانی كردووە لە ئەكادیمیای قەڵاچۆلان و تا پلەی عەقیدی بڕیووە، پاشان خانەنشین بووە، ئەندامی كۆنگرەی (٢) ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە، برایەكی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری كوردستانە.



# ئەبوزێد تەق تەقی


- ناوی سیانی: ئەبوزێد ساڵح مستەفا
- ناسراوبە: ئەبوزێد تەق تەقی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: بڕوانامەی دبلۆمی هەیە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦ لە ڕێگای شەهید غەفورئاغجەلەری
- کام ئۆرگان: بزووتنەوەی سۆسیالیست
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠/٤/١٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٥) ی شەهید دکتۆر خالید
- لە ساڵی ١٩٨٢ بووە فەرماندەی مەفرەزە.

لە ساڵی ١٩٨٢ بووە جێگری فەرماندەی کەرت، لەهەمان ساڵ تا ساڵی ١٩٨٣ کرایە ڕێبەری سیاسی هەرێمی (١٥). لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بووە بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی کۆیە، لێپرسراوی پۆڵ، لە سەرەتایی مانگی (٨) ی ١٩٨٨ یەکەم مەفرەزەی پارتیزانی بوونە لەگەڵ ژمارەیەک هەڤاڵ بەبڕیاری کاک کۆسرەت بۆ ئیدارەدان و پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ ڕێکخستنەکان بەناوبراو سپێردراوە، هاتوونەتە سنوری بناری کۆسرەت وخەڵەکان و دەشتی کۆیە ساڵەکانی (١٩٨٨ـ ١٩٨٩ ـ ١٩٩٠بە پارتیزانی ماونەتەوە، کۆتایی مانگی (٧) ی ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، ناوبراو بەشداری ڕاپەرینەمەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە لە هەولێرو کەرکوکی شاری کوردان، لە دوای کۆڕەوەکە کرایە فەرماندەی تیپ لە هێزی بیتوێن، لە ساڵی ١٩٩٢ لە سوپای یەکگرتوو کرایە ئیدارەی لیوای (٢٣)، لە ساڵی ١٩٩٥ نابراو پلەکانی جێگرفەوج و فەرماندەی فەوجی تایبەتی کۆیەی بڕیوە، هەر لەساڵی ١٩٩٥ بەشداری یەکەم خولی فەرماندەییەکانی کردووە لە قەڵاچۆلان بە پلەی ملازم تەخروجی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٦ کرایە فەرماندەی لەشکری تەق تەق، لە ساڵی ١٩٩٧ کرایە جێگری فەرماندەی کۆیە، لە ساڵی ١٩٩٩ خولی تەرقیەی تەواو کردووە، ناوبراو بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان بووە لە ساڵی ٢٠٠٥.

- لە ساڵی ٢٠٠٦ خولی (٢٥)ی کادیرانی شەهید جەبارفەرمانی تەواو کردووە، لەکۆنفرانسی مەڵبەندەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ بووە کارگێڕی مەڵبەندی کۆیە، لە ساڵی ٢٠١٠ بووە بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند.

- لە ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی (٤) بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و پاشان کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی (١٤)ی کۆیە. لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە.







## ئەحمەدە

ناوی سیانی: ئەحمەد خدر ئەحمەد

- ناسراویە: ئەحمەدە

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دەربەندی کەندێناوە

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (١١) ی ساڵی ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی خۆشناوەتی، کەرتی (٣) ئەوکات شەهید ڕێباز فەرماندەی کەرت بووە.


- پاش تەشکیلاتی تیپەکان ناوبراو لە تیپی (٨٣) ی هەورێ، کەرتی (٣) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٨٥) بەرانەتی بۆماوەیەکی زۆر، ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٤ کرایە فەرماندەی مەفرەزەو دواتر جێگری کەرت.

- کە شەهید ڕێباز گواستراوەتەوە بۆ تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر ناوبراویش لە مەفرەزەی هەمان تیپ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- دواتر جارێکی تر گواستراوەتەوە تیپی (٨٥) بەرانەتی، کەرتی (٣) ئەوکات شەهید مەلاسلێمان فەرماندەی کەرت بوو، ناوبراو بۆماوەی (١٤) مانگ پارتیزان بووە، لە قۆناغی پارتیزانی کرایە فەرماندەی کەرت، پاشان ئاودیوی ئێران بووە، لە مانگی (٨) ی ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە و گەڕاوەتەوە کوردستان.

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی هەولێرکردووە، ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێرکرایە فەرماندەی تیپ، لە تەشکیلاتی قیادەی مەنتیقە ناوبراو کرایە مساعد فەوج لە لیوا لە سنوری ئاکرێ ئەوکات بورهانی سەعید سۆفی فەرماندەی لیوا بوو، لە ساڵی ١٩٩٥ کرایە لێپرسراوی بەندینخانەی لیوای تایبەتی هەولێر، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی کۆیە بوو، لە ساڵی ١٩٩٧ - ١٩٩٨ ناوبراو کرایە فەرماندەی هێز لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر، دەرچووی خولی سەربازی فەرماندەییەکانە لە پەیمانگای ئەکادیمیای قەڵاچوڵان، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە، برایەکی شەهید بەناوی مەحمود.



# بابەشێخ

ـ ناوی سیانی: ئەحمەد حەمەدەمین ئەحمەد

ـ ناسراوبە: بابە شێخ

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچوی ئامادەیی کشتوکاڵ/ ئاسکی کەڵەک

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە سەرکردایەتی

ـ دواتر گواستراوەتەوە کام تیپ: تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر کەرتی دووی شەهید احمد قەمبەری .

ـ پاشان کادیری ڕێکخستن لە ناوچەی شۆڕشگێڕانی دەشتی هەولێر.

ـ پاشان گواستراوەتەوە کەرتی (٣) ئەوکات شەهید سابیر ڕەسوڵ فەرماندەی ئەم کەرتە بووە .

ـ کەی وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە: لە ساڵی ١٩٨٨ کە ئەوکاتە هەم کادیری کۆمەڵایەتی و هەم هێزی پشتگیری بووە لە گوندی ئیلنجاغ. پاش وازهێنانی لە پێشمەرگایەتی لە ساڵی ١٩٨٨ زیندانی کراوە بۆ ماوەی (٤٥) ڕۆژلە (مەدرەسەی زوبات سەف) لە شاری موسڵ. ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە. فەرماندەی مەفرەزە بووە لەگەڵ هەڤاڵ (فەتاح عەبدولڕەحمان) لە کۆمیتەی ڕێکخستنی زانکۆ، پاشان (هەڤاڵ فتاح) کرایە لێپرسراوی هەمان کۆمیتە، پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە فەوجی مەکتەبی سیاسی، فەرماندەی مەفرەزە بووە لە مەفرەزە تایبەتەکانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ)، ناوبراو ڕێبەری سیاسی تیپ بووە لەشکری ١٥ ی قەرەچوغ، لە پێش ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦، لە ساڵی ١٩٩٧ ڕێبەری سیاسی هێزی (ئارام چاوشین) (عوسمانە سوور) بووە. دواتر کرایە ڕێبەری سیاسی لەشکری (١) لە فەرماندەیی (١٥) ی قەرەچوغ. پاشان کرایە ئەندامی فەرماندەیی لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر/ بەشی مەشق و پشکنین. ٢٠٠٣/٤/١ لەشەڕی تیرۆریستانی جوندئیسلام لە هەڵەبجە و چیای شنروێ (٩) فیشەکی بەرکەوتووەو کەم ئەندام بووە، ناوبراو ئێستا کەمئەندامی سەنگەرە بەپلەی موقدەم.

ـ ناوبراو دەرچووی خولی چوارەمی ئەفسەرانی قەڵاچۆلان ـ ٢٠٠٢.

ـ خولی کادیرانی قەڵاچۆلانی بە ئاستێکی باش تەواو کردووە.





# شۆڕش

ناوی سیانی: ئەحمەد عەلی ئەحمەد عەلی

- نازناو: شۆڕش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: کەندێناوە/ مەخمور/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٢) ی ١٩٨٠ تاوەکو ساڵی ١٩٩٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (١٩) ی کۆڕەک
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (١٩) ی کۆڕەک
- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ هەلوێستی نواندووە لەمەڕهاتنی سوپای عێراقی بۆداگیرکردنی هەولێری پایتەخت و لە سلێمانی گیرساوەتەوە.
- لە دەزگای ئاسایش خزمەتێکی زۆری کردووە بۆپاراستنی گیانی هاووڵاتیان و سەروەت و سامانیان.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: موقدەمی ئاسایش/ لە ئاسایشی گشتی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە، (بەشدار خولی دووەمی ئەفسەرانی ئاسایشی کردووە)



# فقێ حاجی عالی

ناوی سیانی: ئەحمەد عالی ڕەسوڵ

- ناسراوبە: فقێ حاجی عالی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ماونان، قەسرێ، هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/١٢/٢٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٧٤)ی باڵەک
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بەتالیۆنی (٤) ئەوکات شەهید ڕەحمان سەیدە فەرماندەی بەتالیۆنی (٤) بوو.
- ناوبراو لە دوای ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران بووەو نەگەڕاوەتەوە کوردستان تا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزی (١٢) ی باڵەک.



# ئەحمەد مەجید ئەحمەد

ناوی سیانی: ئەحمەد مەجید ئەحمەد

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی قەڵات/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای لقی شۆڕشگێڕان
- لەساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە بارەگای سەرکردایەتی/ دەستەی دکتۆر خدر مەعسوم.
- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩٣)ی کۆیە
- لە ساڵی ١٩٨٨گواستراوەتەوە تیپی (٩٠) ی باوەجی
- لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٠) باوەجی
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەڕینەمەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- لە تەشکیلاتی هاوبەش (قیادەی مەنتیقە) ناوبراو لە فەوجی کۆیە پێشمەرگە بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال بووە لە فەوجی (٣) کە ئەوکات ناوبراو پلەی (ئامر سریە) بووە، فەرماندەی فەوجەکەش ناوی (ئازاد گەلاڵی) بوو، پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٩٥، لە ساڵی ١٩٩٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.



# پشکۆ

ناوی سیانی: ئەحمەد عوسمان ئەحمەد

- ناسراوبە: پشکۆ

- ساڵی لەدایکبوون: لەنفوس ۱۹۷۰ تۆمار کراوە بەڵام لەبنەڕەتدا تەمەنی گەورەترە

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کۆیلە/ ناحیەی قەسرێ/ قەزای چۆمان/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ۱۹۸۳

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)

- سەرەتا لە ساڵی ۱۹۸۳بۆتە پێشمەرگە بەهۆی بچوکی تەمەنیەوە قبولیان نەکردووە، پاش ماوەیەک لەکەرتەکەی عەلی کۆیلەی بەهەر شێوەیەک بێت دەبێتە پێشمەرگە تا کۆتایی ساڵی ۱۹۸٤ بەشداری چەند شەڕێکی دیار دەکات لە سنوری تیپی (۷٤). پاش ماوەیەک وازلە پێشمەرگایەتی دەهێنێ.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ئەمجارە دەبێتەوە پێشمەرگە لە ساڵی ۱۹۸٦ بەبێ دابڕان تا ساڵی ۲۰۰٤

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (۷٤) ی باڵەک/ مەفرەزەی تیپ

- لە ساڵی ۱۹۸۷ گواستراوەتەوە دەستەی نەمر (قادرخەبات) تا ساڵی ۱۹۸۸

- پاش تەشکیلاتی بەتالیۆنەکان لە ساڵی ۱۹۹۰ ناوبراو دەگوازرێتەوە گومرگی بەرەی کوردستانی لەوێ دەکرێتە فەرماندەی کەرت.

- ناوبراو بەشداری چەندین داستان و بەرگری کردووە لە سنوری تیپی (۷٤) ی باڵەک وسنوری مەڵبەندی سێی هەولێر.

- لەڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ۱۹۹۱ بەشداری دەکات لەگەڵ مەفرەزەکانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی).

- پاشان لە قیادەی مەنتیقە دەکرێتە جێگرفەسیل لە سریەی پاسەوانی.

- لە ۳۱ی ئاب لە لەشکری (٤) ی هەولێر بووە. دواتر ئاوارەبووەو لە فەرماندەی (۲) ی هەولێر رابەری سیاسی تیپ بووە.

- ناوبراو دەرچووی خولی ئەفسەرانی دۆڵە بەفرەیە، دەرچووی خولی (۲۰) می پەیمانگای کادیرانی قەڵاچۆلانە.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (۲) جار بریندار بووە.







# سەید ئەحمەد گردعازەبانی

- ناوی سیانی: ئەحمەد ئەنوەر حوسێن مورسەل

- نازناو: سەید ئەحمەد گردعازەبانی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون:گوندی گردعازەبان/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەی پیشەسازی

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/١٢/٢٨

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر/ لە وەرتێ، پاشان کۆمیتەکان بوونە مەڵبەند ناوبراو لە بارەگای مەڵبەندی سێ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- لەساڵی ١٩٨٥ ئەندامی کۆنفرانسی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بووە لە خەتێ.

- لە مانگی (١١) ساڵی ١٩٨٥ تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ کەرتی (٥)

- لە مانگی (٩) ی ساڵی ١٩٨٦ بەشداری خولی سەربازی کردووە لە ئێران.

- لە ساڵی ١٩٨٧ تیپی (٧٨) ی کارۆخ/ کەرتی (٣) وەک جێگری کەرت، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ گواستراوەتەوە بۆ پەیوەندیەکانی یەکێتیی لە پیرانشهری ئێران، دواتر لە پەیوەندیەکانی (بانە - سەردەشت - ئالوەتان پیرانشار)

- لە مانگی (١٠) ی ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

- ناوبراو بەشداری راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە. ماوەیەک لەبەرەی کوردستانی کاری کردووە. راسپێردرا سەرجەم چەکە قورسەکان کۆبکاتەوە، ناوبراو بەهۆی سەربازیەوە شارەزایەکی باشی لە چەکە قورسەکان هەبوو، پاشان فەرماندەی مەفرەزە بووە لە مەفرەزەکانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی).

- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٩٣ پاشان گوازراوەتەوە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان لەساڵی ١٩٩٤، ناوبراو ئەندامی لێژنەی یەکگرتنەوەی ڕێکخراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

- پاشان کرایە نەقیبی سەندیکای تەکنیککارانی کوردستان.


- ناوبراو باوکی شەهیدە و مامێکی شەهیدە بەناوی (سەید مورسەل)



# ئاخر هیرانی

ناوی سیانی: ئاخر ئەمین حوسێن

- ناسراوبە: ئاخیر هیرانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: هیران/ شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/١٠/١٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٢)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی ٩١
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- کام ئۆرگان: کەرتی (٢)
- لەوساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری لە چەندین چالاکی کردووە.
- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە ئۆرگانەکانی پێشمەرگایەتی لە سنوری پارێزگای هەولێر.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: لە ئێستادا عەقیدی ئاسایشە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژهەڵات.
- ناوبراو خاوەنی (٢) شەهیدی سەنگەرە.








# ئیدریس چاوشین

- ناوی سیانی: ئیدریس ساڵح نەبی عەزیز
- ناسراوبە: ئیدریس چاوشین
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەلیاوە/ مەسیف/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨٣ تاکو ساڵی ١٩٩٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٤)
- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی ئەو کەرتەی هەڤاڵ (عوسمان بانی مارانی) فەرماندەی کەرت بوو.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەفرەزەی پارتیزانی ڕەتلی دەشتی هەولێر/ شەهید ڕێباز
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت بووە.
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: مەفرەزەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- لەژیانی پێشمەرگایەتی (٦) جار بریندار بووە.
- ناوبراو برایەکی شەهیدە بەناوی (یەعقوب)



# مەلا ڕەسوڵ

- ناوی سیانی: ئاری محەمەد زینەل پیرۆت
- ناسراوبە: مەلا ڕەسوڵ
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
- لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٩) ی بیتوێن
- دوا پلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: جێگری فەوج
- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە
- ناوبراو سێ برای شەهیدە





# ئازاد باغجنێری

- ناوی سیانی: ئازاد عەولا سۆفی ئەمین
- ناسراوبە: ئازاد باغجنێری
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی باغەجنێر/ ناحیەی تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: بزووتنەوەی سۆسیالیستی
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٥)ی شەهید دکتۆر خالید
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: ناوچەی کۆیەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی.
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٨١ کرایە فەرماندەی کەرت
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری هەرێمی (١٥) ی شەهید دکتۆر خالید بووە
- لە ساڵی ١٩٨٩ دەستگیرکراوە و پاشان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- ناوبراوبەشداری ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لە ڕاپەرین دوای ڕزگارکردنی شاری کەرکوک ناوبراو پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزی (٧) ی کۆیە.
- پاشان کرایە ئامر سریە لە فەوجی تەق تەق لای هەڤاڵ (هیوا ڕەش)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.
- دەرچووی خولی ئەفسەرانی کانی گۆمەیە.



# ئازاد بی کەی سی

- ناوی سیانی: ئازاد نادر کلاوی
- ناسراوبە: ئازاد بی کەی سی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠/٥/١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) کەرتی حاجی قەڵا
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٢٥) ی خاڵخاڵان
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- کام ئۆرگان: تیپی (٢٥) ی خاڵخاڵان
- ناوبراو بەشداری کردووە لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزی (٧) ی کۆیە.
- پاشان بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان سنوری هەولێر و قەزای کۆیە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ئامر سریە
- کام ئۆرگان: فەوجی (٤)ی پێشمەرگە دێرینەکان
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.




# ئەسعەد پونگینە

- ناوی سیانی: ئەسعەد ئەحمەد موراد خدر
- ناسراوبە: ئەسعەد پونگینە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پونگینە/ قەزای بنەسڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
- دواتر لە قوەتی دەشتی هەولێر ئەو کات شەهید شاخەوان فەرماندەی ئەم قوەتە بوو بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی.
- پاشان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) درێژەی بە خەبات و تێکۆشان دا.
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بە ئەمەک و گوێڕایەڵ بوو.

ئەو ساڵانەی پێشمەرگەبووە بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردووە لە سنوری قوەتی دەشتی هەولێرو پاشان تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر.

- لە دوای مفەوازاتی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عێراقی وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- بەداخەوە لە ٢٠١٧/٥/١٧ بۆدواجار ماڵئاوایی کرد.



# سمکـۆ دزەیی

ناوی سیانی: ئیسماعیل تاهیر مەحمود کاکەخان

- ناسراوبە: سمکـۆ دزەیی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٤٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پاڵانی/ ناحیەی قوشتەپە/ پارێزگای هەولێر.

- ئاستی خوێندن: کۆلێجی پۆلیس/ لە بەغدا، لەساڵی ١٩٧٠ تەواو کردووە، بووە ئەفسەری پۆلیس

- لە ساڵی ١٩٧٤ پاش هەڵگیرساندنەوەی شەڕلە نێوان ڕژێم و کورد ناوبراو پەیوەندی بەشۆڕش کرد.

- لەدوای ئاشبەتاڵ لەساڵی١٩٧٥ گەڕایەوە هەولێر چووە سەرپیشەکەی خۆی وەک ئەفسەر، بەڵام زۆری نەبرد بەهۆی کوردبوونی ئەرکی مەدەنیان پێ سپاردو کرایە کارمەندی فەرمانگەی ئاوو ئاوەڕۆی شاری (سەماوە)ی باشوری عێراق، لە ساڵی ١٩٧٨ وازی لە پۆستەکەی هێنا.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی لەناوزەنگ، هەمان ساڵ کرایە لێپرسراوی هێزی پاراستنی بارەگای مام جەلال

- لە ساڵی١٩٨٢ کرایە فەرماندەی تیپی (٩٠) ی باوەجی

- لەساڵی ١٩٨٣کرایە فەرماندەی تیپی (٨٥) ی بەرانەتی، لەساڵی ١٩٨٤ کرایە لێپرسراوی عەسکری مەڵبەندی (٣) لە بالیسان، لەساڵی ١٩٨٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو لە ڕێی ئێرانەوە چوو بۆ ئەلمانیا. لە ساڵی ١٩٨٧ بووە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی ئەلمانیا، پاش پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢ ناوبراو کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، پاشان لە ساڵی ١٩٩٤ کرایە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێم. لەساڵی ١٩٩٦ ناوبراو پارێزگاری هەولێر بوو لە کۆیە. پاش پێکهێنانی هێزی پاراستنی ئاشتی ئەرکی پەیوەندی نێوان (پی .ئێم . ئێف) و یەکێتیی پێ سپێردرا، لەساڵی ٢٠٠٠ کرایە ئەندامی دەستەی کارگێڕی فەرماندەیی گشتی لەهەمان کات بووە سەرۆکی (ئەرکانی هێزی پێشمەرگە). ساڵی ٢٠٠٣ لە چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا بۆڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، ئەرکی هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لەکەرکوک پێ سپێردرا، لە ساڵی ٢٠٠٤ لەبارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێربەرتەقینەوە تیرۆریستیەکە کەوت، ڕەوانەی ئەلمانیا کرا بۆ چارەسەر، لەساڵی ٢٠٠٩ پاش ڕێکەوتنی یەکێتیی و پارتی بۆزیندووکردنەوەی ڕۆڵی پەرلەمان، کرایە ئەندامی پەرلەمان ـ خولی دووەم. پاشان ناوبراو خانەنشین کرا.





# ئیسماعیل حەسەن یونس ئەحمەد

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گراو/ ناحیەی مەسیف/ هەولێر

- خێزاندارەو خاوەنی (٤) منداڵە

- ئاستی خوێندن: تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندووە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٨/١٣

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی دەشتی هەولێر

- پاشان گواسترایەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ

- لە ساڵی ١٩٨٢وەک کادیری ڕێکخستن درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە سنوری مەڵبەندی (٣).

- لە ساڵی ١٩٨٤ لە دارایی مەڵبەندی (٤) لە سماقولی کاری کردووە.

- لە ساڵی ١٩٨٧ کرایە لێپرسراوی ئیدارەی مەڵبەندی (٣)

- لە ساڵی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بوو

- لە ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا بە ئاگاداری شۆڕش هاتەوە ناوشار.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی کردووە.

- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کردووە، لە تەشکیلاتی سوپای یەکگرتووی کوردستان لە بەشی ئیدارەی لیوا کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٥ کرایە کادیری بەش لە لەشکری (١٥) ی قەرەچوغ ئەوکات مامۆستاخەتابی دیبەگە لێپرسراوی ئیدارەی لەشکربوو، پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە نووسینگەی مەکتەبی دارایی هەولێرلای هەڤاڵ سەید شۆڕش، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی کۆیە بووە و لە چیای هەیبە سولتان برینداربووە لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر، بەشی ئیدارە درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە، لە ساڵی ٢٠٠٤ خانەنشین کراوە بە عقید.

- ناوبراو برایەکی شەهیدە بەناوی (عەبدولکەریم)





# ئیسماعیل خۆشناو

ناوی سیانی: ئیسماعیل ڕەشید حەمەدەمین

- ناسراوبە: ئیسماعیل خۆشناو
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠/٩/٢٤
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ڕاگەیاندنی مەرکەزی/ چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: ڕاگەیاندنی مەرکەزی
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- لە ساڵی ١٩٨٣ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، بەڵام پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان هەرهەبووە و هاوکار و پشتیوانی شانەکانی ئۆرگانی ڕێکخستن بووە.
- لە دوای ڕاپەڕین بەردەوام بووە لە پشگیری و پشتیوانی بۆ ئینتمای نیشتمان.





# سمه كۆس

- ناوی سیانی: ئیسماعیل عەزیز سادق
- ناسراوبە: سمە كۆس
- ساڵی لەدایكبوون: ١٩٤٥/٧/١
- شوێنی لەدایكبوون: ناحیەی هیران/ قەزای شەقڵاوە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە رێكخستن: ١٩٧٨
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٨
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
پاشان لە قوەتی خۆشناوەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، دواتریش لە تیپی (٩١) ی سەفین
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین تیپی (٩١)
- دواپلەی لە پێش راپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- كام ئۆرگان: لە میحوەری هیران
- لەژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو (٨) جار بریندار بووە.
- ناوبراو كورێكی شەهیدە بەناوی (ئیبراهیم)



# ئیسماعیل حەیدەری


- ناوی سیانی: ئیسماعیل ئەکرەم ئیسماعیل
- ناسراوبە: ئیسماعیل حەیدەری
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ماوەران/ ناحیەی هەریر/ قەزای شەقڵاوە/ پارێزگای هەولێر.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٧٨)ی کارۆخ، کەرتی (٢) ئەوکات شەهید کەمالی حاجی ئاغا فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.
- پاشان گواستراوەتەوە ئیدارەی تیپی (١٢) ی سۆران.
- پاش دروست بوونی تیپی (١٩) ی کۆرەک لەم تیپە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە دوای ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران دەبێت لە مانگی (٩) ی ساڵی ١٩٩٠ بەڕاوێژو پرسکردن لەگەڵ شەهید حەسەن کوێستانی دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراق، لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری دەکات. پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە زۆر ئۆرگانی سەربازی و ئیداری لە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، دوا پلەی لێپرسراوی ئیدارەی لیوای پشدەر بووە، ئەوکات هەڤاڵ (زیاد خۆرانی) فەرماندەی ئەم لیوایە بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی کردووە، لەسەر کوردایەتی و پێشمەرگایەتی خۆی و خانەوادەی تووشی هەورازو نشێوی زۆر بوونەتەوە بەڵام هەرگیز کۆڵیان نەداوە.
- برایەکی شەهیدە بەناوی (فەرهاد)
- دەرچووی خولی تایبەتی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەیە لە ئەکادیمیای سەربازی قەڵاچۆلان ساڵی ٢٠٠١. - بەداخەوە لە ٢٠١١/١١/١٤بۆدواجار ماڵئاوایی لە خانەوادەو هاوسەنگەران و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد.





# ئەسوەد حاجی مەلا

- ناوی سیانی: ئەسود شەفیق حەمەدەمین
- ناسراوبە: ئەسوەد حاجی مەلا
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گەرەکی بایزاغا/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەی حاجی قەلا
- لە ساڵی ١٩٨٣ ناردویانەتەوە شار تا خوێندن تەواو بکات و وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ پاش تەواو کردنی خوێندن بۆتەوە پێشمەرگە .
- ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ کەرتی (٣) لە ڕێکخستنیش ناوبراو بۆتە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- دواتردرێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە لە هەمان تیپ
- لە ساڵی ١٩٨٧ گواستراوەتەوە (کەرتی ڕێکخستنی کۆیە) لای هەڤاڵ (مەلا دشاد) .
- لە کۆتایی مانگی (١٠) ی ساڵی ١٩٨٨ بە بڕیاری شۆڕش وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینی کردووە.
- لەیەکەم دامەزراندنی دەزگای ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە کارمەندی دەزگای ئاسایش.
- لە ساڵی ١٩٩٨ خولی ئەکادیمیای ئەفسەرانی ئاسایشی لە قەڵاچوڵان بینیووە.
- لە دەزگای ئاسایشی کۆیە چەندین پلە پایەی بڕیووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ کراوە بەڕێوەبەری ئاسایشی کۆیە.
- لە ئێستا دا بە پلەی (عەمید) بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزاو ناحیەکانە.







# کاکە ڕەش


- ناوی سیانی: ئەسوەد حەسەن عەبدوڵڵا
- ناسراوبە: کاکە ڕەش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی حاجی قەلا
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: دەزگای دارایی لە قاسمە ڕەش
- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جاربریندار بوە لە خەلەکان لە ساڵی ١٩٨٥.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لە چەندین ئۆرگانی وەکو تیپ، هێز، لەشکر لە سنوری کۆیە خەبات و تێکۆشانی تیا کردووە بۆ بەرگری لە خاک و نیشتمان.
- ناوبراو لە ئێستاشدا لە دەوام بەردەوامە لە یەکەی (٧٠) بەپلەی (عەقید).





# مەلا ئاوارە

- ناوی سیانی: ئەکرەم عەزیز عەبدوڵڵا حەمەد
- ناسراوبە: مەلا ئاوارە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (١) ی ساڵی ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٣) ئەوکات (ئەحمەد جەمیل) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی تیپ .
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: ئامر مەفرەزە
- کام ئۆرگان: کەرتی تیپ، ئەوکات عوسمان جەمیل فەرماندەی کەرت بوو.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ئامر فەسیل
- کام ئۆرگان: لیوای (٣٠)
- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.
- برایەکی شەهیدە بەناوی (حەتەم)



# مەلا ئاوات

ناوی سیانی: ئەبوبەکر عوسمان زێندین

- ناسراوبە: مەلا ئاوات

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٢

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی دیبەگە، قەزای مەخمور/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆی کۆیە/ بەشی مێژوو/ ساڵی ٢٠٠٨

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٥ ـ ١٩٧٦

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی مارکسی لینینی تێزی ماوتس ـ تۆنگ، لە نکسەی مایسی ١٩٧٧ دابڕاوە، کۆتایی هەمان ساڵ لە ڕێگای شەهید مەلاغەفور پەیوەندی کردۆتەوە. ناوبراوله ساڵی ١٩٧٩ بۆتە لێپرسراوی بەشێکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە ئۆردوگاکانی پیرزین، شاوێس، بەستۆرە.

- ناوبراو لەگەڵ دروستبوونی ڕەوتی ئاڵای شۆڕش پشگیری ئەم ڕەوتەی کردووە.

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بنکەی شەهید جەمال لە ڕیزەکانی ئاڵای شۆڕش.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بنکەی سەرەکی ئاڵای شۆڕش لە زێویێ

- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: کادیری پێشکەوتووی ئاڵای شۆڕش

- ناوبراو بەشداری کارای کردووە لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مامۆستا مەهدی حەمید کاوانی

- ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی حزبی زەحمەتکێشان بووە.

- لە کۆنگرەی (٩) یەمی یەکێتیی مامۆستایان، ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بووە.

- لەساڵی ١٩٩٣ لەکاتی یەکگرتنەوەی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوبراو گەڕاوەتەوە ناو ڕیزەکانی (ی.ن.ک) کرایە کارگێڕی مەڵبەند، لە ساڵی ١٩٩٤ گواستراوەتەوە مەڵبەندی ڕێکخستنی (٧)ی (ئاکرێ) بەهەمان پلە، لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ بەهۆی داگیرکردنی هەولێر ناوبراو هەڵوێستی وەرگرتووە ئاوارەی دەروازەی ڕاپەرین و قەڵادزێ بووە، لە دوای ٣١ی ئاب لێپرسراوی کۆمیتەی (قەڵادزێ، ڕانیە، کۆیە) بووە. لەگەڵ گەڕانەوەی بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێر ناوبراو کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی (دیبەگە) لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان متمانەی کۆنگرەی بەدەستهێناوە بووە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی (ی.ن.ک)، لە ئێستادا ناوبراو ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ڕاوێژکاری سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە.



# کاکە فەریزی

- ناوی سیانی: ئەنوەر بەکر خدر
- ناسراوبە: کاکە فەریزی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی فریز/ ناحیەی هیران/ قەزای شەقڵاوە.
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی خۆشناوەتی
- دواتر لە تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان لە تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٤) درێژەی بەخەبات و تێکۆشان داوە.
- لە ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لەگەڵ دەستپێکی ڕاپەرین پەیوەندی بە مەفرەزە سەرەتاکانی ڕاپەرین دەکات و بەشداری ڕزگارکردنی هەولێرو دەوروبەری کردووە.
- پاشان لە چەند ئۆرگانێک و قۆناغێک تا ٣١ی ئاب چەندین پلەی بڕیوە تا فەرماندەی تیپ لە هێزی (١١) ی سەفین.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٦) جار بریندار بووە.



# خەپە

- ناوی سیانی: ئەنوەر ڕەسوڵ محەمەد ئەحمەد
- ناسراوبە: خەپە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەرمۆتە
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٩) ی بیتوێن
- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە.
- لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی کردووە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جاربریندار بووە.
- ناوبراوبەشداری ڕاپەڕینی کردووە.
- پاشان بەردەوام بووە تا ڕۆژی خانەنشین بوونی.



# سەید ئەنوەر

- ناوی سیانی: ئەنوەر عوسمان بابەکر عەبدولڕەحمان
- ناسراوبە: سەید ئەنوەر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/٤/١٧
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی هەولێر/ کەرتی (٣) ئەوکات شەهید فەقێ فەرماندەی ئەم کەرتە بوو. پاشان لە ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە کەرتی (٦) هەمان تیپ ئەوکات شەهید خاڵە مامەند فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.
- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (١)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی ٩١ی سەفین
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.



# ئەنوەر سماقوڵی

ناوی سیانی: ئەنوەر محەمەد حوسێن

- ناسراوبە: ئەنوەر سماقوڵی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سماقوڵی گرتک/ کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوار

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ڕێگای (مەهدی کاوانی).

- هەرلەهەمان ساڵ گیراوە لە کارگەی جگەرە

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٠

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی هەولێر

- پاشان لە تیپی (٨٣) ی هەورێ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩٧) ی بێتواتە، دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین.

- لە ساڵی ١٩٨٨ کرایە فەرماندەی کەرت، لێپرسراوی کەرتی سجن لە خەتێ


- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣)

- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت، کام ئۆرگان: تیپی تایبەت

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە بەکیمیاوی، لە ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە. ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە، پاشان لە فەوجی (٢)ی تەواری درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە دوای ٣١ی ئاب لە فەرماندەی (٢)ی هەولێربەردەوام بووە لەبەرگری لە خاک و نیشتمان بەرامبەر دەستکەوتەکانی حکومەت و پەرلەمان، ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٧ فەرماندەی تیپ بوو لە هێزی هەڵمەت ئەوکات نەمر (لەتیفە سوور) فەرماندەی هێزی هەڵمەت بوو.


- خاوەنی (٣) شەهیدە لە خانەوادەکەی.

- دواتر بەهۆی نەخۆشیەوە ناوبراو خانەنشین کرا.



# ئایزەن جیهاز

- ناوی سیانی: ئایزەن قادر حەسەن
- نازناو: ئایزەن جیهاز
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بانەمورد/ ناحیەی دێگەڵە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی/ سناعە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٦/٢٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (١) ئەوکات هاوڕێ کاوە فەرماندەی کەرت بوو. پاشان لەهەمان تیپ لەساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە کەرتی (٤) ئەوکات سابیر ڕەسوڵ فەرماندەی کەرت بوو.
- لە ساڵی ١٩٨٤کرایە عەدەد جیهازی تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێرتا ساڵی١٩٨٩.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ لە تەشکیلاتی هاوبەشەکەی یەکێتیی و پارتی ناوبراو عەدەد جیهازبووە لە بارەگای قیادەی مەنتیقە لە هەولێر.
- لە پێش ٣١ی ئاب ناوبراو لە لەشکری (١٥)ی قەرەچوغ بووە، وەک کادیری ئیداری بەردەوام بووە.
- ناوبراو لە٣١ی ئاب هەڵوێستی نواندووە ئاوارەی سنوری کۆیە و دواتر قەڵادزێ بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٤ خولی ئەفسەری فەرماندەیی تەواو کردووە، لە ٢٠٠٦/١/١ بڕیاری گواستنەوەی بۆ دەرچووە بۆسەر میلاکی پۆلیسی پاسەوانی/ قیادەی مەنتیقە/ ناوچەی یەک
- ناوبراوبەپلەی (عەمید) و لێپرسراوی بەشی پەیوەندیەکان لەم قیادەیە بەردەوام بووە، دواتر لەبەشی حەرەکات بووە تا خانەنشین بوونی.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندارببووە لە ١٩٨٥/٥/١٣
- برایەکی شەهیدە بەناوی (لوقمان)



# بارزان حەمید ڕەسوڵ

ناوی سیانی: بارزان حەمید ڕەسوڵ

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی قەڵات/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٣/٢٥
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوەندی بزوتنەوەی سۆسیالیست
- دواتر گواستراوەتەوە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لە وەرتێ
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپەکانی (٨٣) ی هەورێ و (٩٩) ی بیتوێن و (١٢)ی سۆران.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (١٢) سۆران ناوبراو بەرپرسی ڕێکخستنەکانی تیپی (١٢) ی سۆران بووە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: بەرپرسی پەیوەندیەکانی یەکێتیی لە پیرانشهر
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە لەشکری (کۆیە) تا سەرەتای شەڕی ناوخۆ.
- ناوبراو فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە تا ڕۆژی خانەنشین بوونی.





# برایم سماقە

- ناوی سیانی: برایم عەبدوڵڵا عەلی مەولود
- ناسراوبە: ڕێبوار (برایم سماقە)
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سماقە/ کۆیە/ هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧ لەڕێگای شەهید محەمەد عەجەم
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەفرەزەی تایبەت لای هەڤاڵ مەلا بەختیار
- دواتر لە هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ماوەیەک لەگەڵ شەهید عەلی ساڵح لە ڕۆژە سەختەکان پێشمەرگە بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی لە مەفرەزە سەرەتاییەکان بەشداری دەیان شەڕو نەبردی زۆر سەختی کردووە.
- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١بەشداری کردووە.
- لە دوای ڕاپەرین لە دەستەی هەڤاڵ مەلا بەختیار بووە.
- پاشان لە سنوری کۆیە لە لەشکرو فەرماندەی (٩) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، بەشداری زۆربەی بەرگریەکانی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.



# بەکر عەبدولمەجید پیرداود

ناوی سیانی: بەکر عەبدولمەجید پیرداود

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سێبیران/ ناحیەی قوشتەپە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/١٢/٢٩

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی٨٦ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢)

- لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە لە شەڕەکانی قەیوان ماوەت، ئیلینجاغ، دێگەڵە. تەنانەت چاوێکی لەدەست داوە.

- هەر لە پێش ڕاپەڕین ناوبراو برایەکی قارەمانی شەهید بوولەدەشتی هەولێربەناوی (نەبەز)

- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، ناوبراو بەهۆی ئازایی و دڵسۆزی لە ساڵی ١٩٨٦کرایە فەرماندەی مەفرەزە، دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦) ی هەولێر

- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگر کەرت

- کام ئۆرگان: کەرتی (٤) ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە دوای ئەنفالەکان ماوەی ساڵێک پارتیزان بووە بەهۆی ناتەندروستی بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی لە کۆتایی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، بەشداری دەیان داستان و بەرگری و هێرشی کردووە بۆ سەر مۆڵگەو ڕەبایەکانی ڕژێم. لەڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ مەفرەزەکانی ڕاپەڕین ڕۆڵی کارای بینیوە بەتایبەت لە ڕزگارکردنی ناحیەی دارەتوو، پاشان لە هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێردرێژەی بە پێشمەرگایەتی دا، دواتر لە تەشکیلەی قیادەی مەنتیقە ناوبراو کرایە (ئامر سریە) ی بارەگای لیوای (٤١) ی دهۆک بووە، پاشان لە ١٩٩٤ کرایە فەرماندەی فەوج لە لیوای ڕۆژهەڵات ئەوکات شەهید فاقە مەخموری ئامرلیوای ڕۆژهەڵات بووە، لە ساڵی ١٩٩٥ لەسەر بڕیاری هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) بۆچارەسەر ڕەوانەی هاندەران کراوە، پاشان خانەنشین کراوە.







# شوان هیرانی

ناوی سیانی: بەکر ئەحمەد عەبدوڵڵا بەکر


- ناسراوبە: شوان هیرانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١/٧/ ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٧٩
- کام ئۆرگان: لێژنەی ئاگر/ سەربە شەهید عەلی ساڵح
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠/١٠/٢٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی هەولێر
- دواتر لە قوەی خۆشناوەتی بووە ئەوکات ملازم خولە بەرپرسی ئەم قوەتە بووە.
- پاش دروست بوونی تیپەکان ناوبراو لە تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٦) بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٣)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرتی (٣)
- کام ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ئەندام کەرتی ڕێکخستن
- کام ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی هیران
- ناوبراو بە بریندار گیراوە ڕەوانەی سجنی ڕەقەم (١) لە بەغدا کراوە.
- ناوبراو فەرمانبەری حکومەت بووە لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کۆیە بەپلەی سەرپەرشیاری لە کارگێڕی



# قارەمان

ناوی سیانی: بەهرام ئەسعەد محەمەد ڕەجەب

- ناسراوبە: قارەمان لەژیانی پێشمەرگایەتی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی قوشتەپە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی تیپ.
- دواتر لە تیپی (٩١) ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩١) سەفین/ کەرتی (١) ی شەهیدان.
- ناوبراو برازایەکی شەهیدە



# بورهان دیبەگەیی


ناوی سیانی: بورهان خدر عەزیز

- ناسراوبە: بورهان دیبەگەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤/٩/١
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی دیبەگە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨٣
- کام ئۆرگان:یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ٥/١٠/ ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز/ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ کەرتی (٣)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی مەڵبەندی (٣)
- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە لە داستانی بناوێ ساڵی ١٩٨٧

# پێشڕەو زاهیر کەریم

ناوی سیانی: پێشڕەو زاهیر کەریم
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ناوبراو لەسەرخانەوادەکەی لە ساڵی ١٩٧٨ زیندانی کراوە ساڵێک و شەش مانگ لە بەندینخانەی کەرکوک.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی/ ناوزەنگ
- دواتر لە تیپی (٩٣) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بە وەفای ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣)
- دوا پلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتیداوە لە چەند ئۆرگانێکی جیا جیا.
- ناوبراو باوک و چواربرای شەهیدە.





# پێشە گچکە

- ناوی سیانی: پێشڕەو عومەر حەمەد باپیر
- ناسراوبە: پێشە گچکە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٥) ی ساڵی ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی لە تووژەڵە، دەستەی م.عەلی حەوێز
- پاشان هاتۆتە قوەتی دەشتی کۆیە.
- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩٩) ی بیتوێن.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٩) ی بیتوێن
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ. م
- ناوبراو باوکی شەهیدە



# حاکم پێشڕەو

- ناوی سیانی: پێشڕەو ئیبراهیم سەعید

- ناسراوبە: حاکم پێشڕەو

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥/٧/٤

- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر


- ئاستی خوێندن: دەرچووی بەشی زانستە سیاسیەکانی کۆلێجی (یاسا وڕامیاری) لە زانکۆی بەغدا.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)

- هەمان ساڵ کراوە بە یەکەم دادوەری شۆڕش و دەستەی دامەزرێنەری مەکتەبی سکرتاریەتی مام جەلال لە ١٩٧٩/١١/١ بە بریاری مەکتەبی سیاسی یەکێتیی، لە ١٩٨٠/٧/٩ لە بوردومانی سەرکردایەتی یەکێتیی لە تووژەلە برینداز بووە، لە ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ هەڤاڵێکی تر بە ناوی (برایم حوسێن عەبدوڵڵا) پرۆژەی پێکهێنانی (دادگای باڵای شۆڕشی) پێشکەش بە مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد، پاش ڕەزامەندی (دادگای باڵای شۆڕش) ناوبراو وەک دادوەری.(کەیسەکانی تاوان و کەتن و ئاسایش) کاری تێدا کرد، لە هاوینی ١٩٨٢ بووە دادوەری کۆمیتەی سەرکردایەتی لە وەرتێ، ناوبراو لەساڵی ١٩٨٢ بەشداری یەکەم کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی (هێڵی گشتی) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣کرایە ئەندامی مەڵبەندی سێ، لە گفتوگۆی یەکێتیی لەگەڵ حکومەتی بەعس بوو بە ئەندامی لیژنەی تەنسیق و نوێنەری یەکێتیی لە تەنسیقی هەولێر، ئەندامی کۆنفرانسی یەک و دووی ساڵانی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ یەکێتیی شۆڕشگێڕان بوو، لە ساڵی ١٩٨٤ ناوبراو ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی (یەکێتیی شۆڕشگێڕان) بووە، لە ساڵی ١٩٨٥ تا چوونی بۆ ئەوروپا لە پایزی١٩٨٧سەرپەرشتیاری (مانگنامەی ڕزگاری) دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕان بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٧ چوو بۆ ئەوروپا، تا ساڵی ٢٠٠٣ لە ئەلمانیا گیرساوەتەوەلە ساڵی ١٩٩٦ تا ساڵی ٢٠٠٢ مانگنامەیەکی بەناوی (سەکۆ) لە ئەلمانیا دەرکردووە- جێگرو سەرۆکی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان بووە لە بەرلین ١٩٩٥ تا ٢٠٠٢، لە ساڵی ٢٠٠٤ لە بەغدا کراوەتە ڕاوێژکار لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی بڵاوکراوەی (الجمعیة الوطنیة) بەعەرەبی دەرکردووە، دواتر لە تەموزی ٢٠٠٦ تا بەهاری ٢٠٠٧ وەک ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانی لە نووسینگەی دکتۆر(بەرهەم ساڵح) جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق دەست بەکاربووە، ناوبراو چەندین وتارو نووسینی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکراتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٨ تا ساڵی ٢٠١٤ سەرنووسەری گۆڤاری (کەکۆن) بوو، خاوەنی (٨) پەرتووکە لە بواری لێکۆڵینەوە، فەرهەنگ، شانۆ و چیرۆکی منداڵان و بیرەوەری سەردەمی پێشمەرگایەتی .







# پێشڕەو ئیبراهیم محەمەدەمین

ناوی سیانی: پێشڕەو ئیبراهیم محەمەدەمین

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٨
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: قاسمە ڕەش
- دوا پلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی جێگری کەرت
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو ئازاو بەئەمەک بووە بۆ ڕێبازی شەهیدان.
- بەشداری زۆرینەی ئەو بەرگریانەی کردووە کە بوونەتە مەترسی بۆخاکی کوردستان.
- ناوبراو باوکی شەهیدی ڕێگای ڕزگاریە



# پێشەوا عەلی مەولود حەمەد

ناوی سیانی: پێشەوا عەلی مەولود حەمەد

- سالّی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بانی ماران/ ناحیەی شۆڕش/ کۆیە
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- سالّی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- سالّی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
- پاشان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە کەرتی (١).
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری کەرت
- کام ئۆرگان: کەرتی (١) تیپی (٨٦)
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی سالّی ١٩٩١ی کردووە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: بەتاێۆنی (٤) هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە لە سنوری تەروار
- ناوبراو خاوەنی (٥) شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستانە.








# تاهیر دیلمانی

- ناوی سیانی: تاهیر ئیبراهیم محەمەدەمین
- ناسراوبە: تاهیر دیلمانی
- ساڵی لەدایكبوون: لەنفوس ١٩٧٢ تۆمار كراوە بەڵام لە بنەڕەتدا تەمەنی گەورەترە.
- شوێنی لەدایكبوون: گوندی دیلمان/ قەزای چۆمان/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا سێی ناوەندی خوێندووە.
- كام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٧٨) ی كارۆخ
- پاشان لە تیپی (٧٤) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو لە دوای ئەنفالەكان و كۆتا تەشكیل لە بەتالیۆنی (٤) تیپی (٤١) بووە ئەوكات شەهید (ڕەحمان سەیدە) فەرماندەی بەتالیۆن بووە.
- ناوبراو تا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ دانەبڕاوەو نەگەڕاوەتەوە كوردستان.
- لەڕاپەرینە مەزنەكەی ساڵی١٩٩١ بەشداری كردووە.
- پاشان بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی لەسنوری باڵەكایەتی.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار برینداربووە.
- خاوەنی (٣) شەهیدی سەنگەری ڕاستەقینەی خاك و نیشتمانە.



# تەحسین ڕەخنە

ناوی سیانی: تەحسین ساڵح ئیسماعیل

- ناسراوبە: تەحسین ڕەخنە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ملیهۆرت
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر، کەرتی تیپ.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کەرتی سجن.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: ڕابەری سیاسی کەرت بووە.



# مامۆستا تەحسین

- ناوی سیانی: تەحسین کەریم عەلی مام زێندین

- ناسراوبە: مامۆستا تەحسین

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٣

- شوێنی لەدایکبوون: قەراج/ مەخمور/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی مامۆستایان ساڵی ١٩٧٧، لە ساڵی ١٩٩٦ بەکالوریۆسی لەمافی ئێواران لەزانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە/ لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی ماجستێری لە یاسای تایبەت وەرگرتووە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٤/٢٠

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی دەشتی هەولێر

- لە ساڵی ١٩٨٢ بووە فەرماندەی مەفرەزە

- لە ساڵی ١٩٨٣بووە کادیری کۆمەڵایەتی لە دەشتی هەولێر

- لە ساڵی ١٩٨٤بووە بە ڕێبەری سیاسی تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، ناوبراو لە شەڕەکانی قەندیل و لەکاتی ئەنفال و دوای ئەنفال بووە جێگری تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، پاشان کرایە نوێنەری (ی.ن.ک) لە ئستانی ئازربایجانی غەربی لە کۆماری ئیسلامی ئێران، بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ کراوە بە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە لەبەرەی کوردستان ـ مەخمور، پاشان کرایە کارگێڕی کۆمیتەی ڕۆژئاوا لە مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ هەلوێستی وەرگرتووە هەولێری جێهێشت، لە ساڵی ١٩٩٧ کراوە بە بەڕێوەبەری بازرگانی گشتی لە ئیدارەی سلێمانی لە هەمان کاتیشدا ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ بەشداری کردووە لە پرۆسەی ئازادی عێراق، لە قوڵی پردێ ـ کەرکوک لەگەڵ هێزەکانی (ی.ن.ک)، لە ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ٢٠٠٩ ڕاوێژکاربووە لەناو وەزارەتی دارایی، پاشان کراوە بە بریکاری وەزارەت بەوەکالەت، لە ساڵی ٢٠١٠ خانەنشین کراوە، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بووە، ئەندامی سەندیکای پارێزەرانی هەولێر، پارێزەری ڕاوێژکارە، ناوبراو برایەکی شەهیدە بە ناوی (یاسین)



# تۆفیق قەیسەری

- ناوی سیانی: تۆفیق ڕەفیق ئەحمەد مستەفا
- ناسراوبە: تۆفیق قەیسری
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قەیسری/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨)
- دواتر لە تیپی (٩٣) ی کۆیە/ کەرتی (٢)
- ناوبراو لەهەمان تیپ کرایە فەرماندەی کەرت
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت
- لەکۆتاییەکانی دوای ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- پاشان لە هێزی (٧) ی کۆیە درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو فەرماندەیەکی دیاروئازایی سنوری کۆیە بووە، لە سەرجەم بەرگری و هێرشەکان بۆ پاراستنی نیشتمان ڕۆڵی هەبووە، دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: سەرلەشکر
- کام ئۆرگان: فەرماندەی (٩) ی کۆیە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.
- ناوبراو لەناو خێزانەکەی خاوەنی (٣) شەهیدە



# تۆفیق قەڵاچۆغانی

ناوی سیانی: تۆفیق عەزیز ئیسماعیل ڕەسوڵ

- ناسراوبە: تۆفیق قەڵاچۆغان
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قەڵاچۆغان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٥/٥
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆسرەت
- دواتر لە تیپ (٨٦) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی/ کەرتی (١)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٥)
- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەکجار بریندار بووە
- لە ساڵی ١٩٨٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.



# تۆفیق مامە

ناوی سیانی: تۆفیق مامەند ڕەمەزان ئەحمەد

- ناسراوبە: تۆفیق مامە

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بەرزەوار/ کەندێناوە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر/ کەرتی تیپ.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ کەرتی (٢)

– ناوبراو لەقۆناغی پارتیزانی لە ڕەتلی هەولێر لەگەڵ شەهید ڕێباز بووە.

- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگر کەرت بووە

- کام ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: فەرماندەی تیپ بووە

- کام ئۆرگان: هێزی (١١) ی سەفین

- نابراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.



# مام جاسم ئیلنجاغی

ـ ناوی سیانی: جاسم بایز کاوێس مەلاک

ـ ناسراوبە: مام جاسم ئیلنجاغی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە، ناحیەی تەق تەق، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ئامادەیی کشتوکاڵی لە کەربەلا

ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٧

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە رێگای (گوشاد عەبدولرەحمان)

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ ئەوکات شاخەوان عەباس فەرماندەی تیپ بوو، ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرت بوو.

ـ پاشان گواستراوەتەوە بارەگای کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لە وەرتێ، ئەوکات دکتۆر کەمال خۆشناوبەرپرسی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر بوو، ئەوکات مەلای مەلا مەحمود فەرماندەی کەرتی بارەگای پاسەوانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بوو.

ـ ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٣دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە لەهەمان کەرت.

ـ پاشان لەهەمان ساڵ بەهەمان پلە گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، دەکرێتە ئەندام پۆلی دێدەوان لە کەرتی رێکخستنی دەشتی هەولێر، لەساڵی١٩٨٥ بەهۆی هەندێ کێشەی ئۆرگانیەوە ماوەیەک وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لەداستانە گەورەکەی ئیلنجاغ لە ٢٢/١٠/ ١٩٨٦ ناوبراو بەشداری دەکات. لە ١٩٨٨/٨/٣٠ ئاودیوی ئێران دەبێت، لە ١٩٨٩/٩/٢١ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو گەڕایەوە کوردستان.

ـ بەشداری راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، پاشان لە ئۆرگانەکانی رێکخستن لە بنەسلاوە، دێگەڵە، تەق تەق کاری جدی کردووە، کادیرێکی پێشکەوتوو، بەتوانا، بەسەلیقە بووە، پلەکانیشی بریووە لە ئەندامی کەرت تاکو کارگێڕی کۆمیتەی رێکخستنی تەق تەق، ناوبراو ماوەیەکی زۆر سەرۆکی هۆبەی کشتوکاڵی تەق تەق و سەرپەرشتیاری رێنمایەکانی کشتوکاڵ بوو.






# جەبار مام قلینجی

ناوی سیانی: جەبار عەبدوڵڵا عەلی

- ناسراوبە: جەبار مام قلینجی
- ساڵی لەدایكبوون: ١٩٥٩
- شوێنی لەدایكبوون: كۆیە
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول كردووە لە ساڵی ١٩٧٤ تاكو ١٩٧٥.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٧٨
- كام ئۆرگان: كەرتی ڕێكخستنی كۆیە
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٥) ١٩٨١
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەریمی (٨) كەرتی كۆیە
- سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ كرایە لێپرسراوی ڕێكخستنی كۆمەڵە لە سنوری تیپی (٨٣) ی هەورێ.
- لە ساڵی ١٩٨٦ پشتگیری لە ڕەوتی ئاڵای شۆڕش كردووەو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە .
- لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە .
- لە ڕاپەرینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١بەشداری ڕاپەرینی كۆیەی كردووە .
- پاشان كرایە ئەندامی مەڵبەندی (٦) ی سۆران تاكوساڵی ١٩٩٤
- لەساڵی ١٩٩٤ پەیمانگای كادیرانی مەڵبەندی (٦) ی سۆرانی تەواو كردووە .
- لەساڵی ١٩٩٥ كرایە لێپرسراوی كۆمیتەی ڕێكخستنی تەق تەق تاكو ساڵی ١٩٩٦.
- پاشان لە ساڵی ١٩٩٦ كرایە كارگێڕی مەڵبەندی ڕێكخستنی كۆیە تاكو ساڵی ١٩٩٨.
- لە ساڵی ١٩٩٩ كرایە جێگری مەڵبەندی هەولێر، لە ساڵی ٢٠١٢ خولی كادیرانی قەڵاچۆلانی تەواو كردووە .
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جاربریندار بووە، برایەكی شەهیدە بەناوی (مەحمود عەبدوڵڵا)، دوا شوێنی كاركردنی لە ئۆرگانی حزبی (ئەندامی ئەنجومەنی مەكتەبی ڕێكخستن) بووە .





# دکتۆر جەرجیس

- ناوی سیانی: جەرجیس عەبدولڕەحمان محەمەد ئۆمەر

- نازناو: دکتۆر جەرجیس

- ساڵی لەدایکبوون:١٩٥٢

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧

- کام ئۆرگان: ڕێکخراوی هەولێر لەگەڵ شەهید محەمەد عەجەم کاری کردووە.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سەرەتا هەرێم بوو دواتر بووە تیپ کە ئەوکات ملازم خولە فەرماندەی تیپ بووە.


- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر تا ساڵی ١٩٨٤ پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ.

- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: ناوبراو دکتۆری تیپ بووە.

- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: پلەکانی بڕیووە تا فەرماندەی تیپ لە هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر

- لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە بە کیمیاوی

- ناوبراو مامێکی شەهیدی سەنگەرە.



# جەعفەر چاوشین

ـ ناوی سیانی: جەعفەر جەمیل خەلیل

ـ ناسراوبە: جەعفەر چاوشین

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی پیرداود/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٦/١٩

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر/ لە وەرتێ.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: ڕابەری سیاسی

ـ کام ئۆرگان: تیپی (٨٥)

ـ لە ساڵی ١٩٨٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ئەندامی فەرماندەیی

ـ کام ئۆرگان: فەرماندەیی (٤٣) ی بەڕانەتی

ـ لەژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە .

ـ ناوبراو برایەکی شەهیدە بەناوی (جەوهەر) لە ١٩٨٢/٥/٦ شەهید بووە.

ـ لەحکومەت ئەو پۆستانەی بینیووە: ئەفسەر بووە لە وەزارەتی پێشمەرگە، ئەفسەربووە لە پاسەوانی سنورلە ناوچەی (١)



# جەعفەر خورمەرە


ناوی سیانی: جەعفەر عەزیز باپیر وسو

- نازناو: جەعفەر خورمەرە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی خورمەڵە/ ناحیەی دیبەگە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تاپۆلی (٥) ی سەرەتایی خوێندووە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/١١/١٢ تاکو ساڵی ١٩٩٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەی دەشتی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٣) ی هەولێر لە (نۆکان)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری تیپ
- لەدوای ڕاپەرین درێژەی بە پێشمەرگایەت داوە لەچەندین ئۆرگان بەرپرسیاریەتی بینیوە.
- زیندانی بوویت: بەڵێ لە ٣١ی ئاب
- ساڵی چەند: ١٩٩٦
- لەژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە
- ناوبراو دووبرای شەهیدە بەناوەکانی (خدر/ قادر)



# جەعفەر قۆریتانی

- ناوی سیانی: جەعفەر غفار حەمەدەمین خدر
- ناسراوبە: جەعفەر قۆریتانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قۆریتان/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی یەکی ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە.
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە دەشتی کۆیەو دەوروبەری، پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو گوێڕایەڵ و بێ ئاریشە بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لەگەڵ مەفرەزە سەرەتاییەکانی ڕاپەرین درێژەی بە پێشمەرگایەتیداوە تا دروستبوونی هێزی (٧) ی کۆیە. پاشان بەردەوام بووە.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندابووە.
- برایەکی شەهیدە بەناوی (زرار)





# جەلال خۆشكانى

ـ ناوى سيانى: جەلال ڕەسوڵ حەمەد عالى

ـ ناسراوبە: جەلال خۆشكانى

ـ ساڵى لەدايكبوون: ١٩٥٦

ـ شوێنى لەدايكبوون: گوندى خۆشكان/ قەزاى چۆمان/ هەولێر

ـ ئاستى خوێندن: سەرەتايى

ـ ساڵى پەيوەندى بە ڕێكخستن: ١٩٧٨

ـ كام ئۆرگان: يەكێتيى نيشتمانيى كوردستان

ـ ساڵى بوون بە پێشمەرگە: ٢٨/٤/ ١٩٨٢

ـ لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سكرتاريەتى مام جەلال

ـ لە ساڵى ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تيپى تايبەتى مەڵبەند لاى هەڤاڵ (محەمەدى كاكە هەمزەى)

ـ لە ساڵى ١٩٨٧ گواستراوەتەوە تيپى (٧٨) ى كارۆخ/ بنكەى تيپ ئەوكات شەهيد ڕەحمان سەيدە فەرماندەى ئەم تيپە بوو.

ـ لە ساڵى ١٩٨٨ گواستراوەتەوە تيپى (١٩)ى كۆرەك بنكەى تيپ لاى شەهيد سەلاح خۆشكانى.

ـ لە ساڵى ١٩٨٩ وازى لە پێشمەرگايەتى هێناوە گەڕاوەتەوە شار.


ـ دوا پلەى دارايى تيپى (٧٨) ى كارۆخ بووە.

ـ لە ژيانى پێشمەرگايەتى بەشدارى دەيان نەبەردى و بەرگرى كردووە لە شاخ.

ـ ئەوساڵانەى لەپێش ڕاپەرين پێشمەرگە بووە (دووجار بەر كيمياوى كەوتووە يەک جاريش لە دۆڵى خانەقا بريندار بووە).

ـ لە ساڵى ١٩٩١ بەشدارى ڕاپەرينە مەزنەكەى كردووە.

ـ دواتر درێژەى بە پێشمەرگايەتى داوە لە تيپى (٤٨) هەڵگورد، پاشان هێزى (١٢) ى سۆران، تا ٣١ى ئابى ١٩٩٦ بەردەوام پێشمەرگەبووە، پاشان بەيەكجارى وازى لە پێشمەرگايەتى هێناوە.







# جەلال شەقلاوەیی

ناوی سیانی: جەلال عەبدوڵڵا محەمەد

- ناسراوبە: جەلال شەقلاوەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢/٨/٥
- شوێنی لەدایکبوون: شەقلاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی/ میکانیکی سیارات
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە :١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی خۆشناوەتی
- لە ساڵی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە کەرتی ڕێکخستنی شەقلاوە.
- پاش دروست بوونی تیپەکان ناوبراو لە تیپی پارێزگاری مەڵبەند درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (١٢) ی سۆران
- ناوبراو پلەکانی فەرماندەی مەفرەزە/ جێگری کەرت/ فەرماندەی کەرتی بڕیووە.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: ڕابەری سیاسی
- کام ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری کارای کردووە لە ڕاپەرینە مەزنەکە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە لە (حەمامۆک، شاخی هەورێ، گەرەوان، مەلەکان)



# جەلالە شێت

ناوی سیانی: جەلال عەوڵا ئیبراهیم

ـ ناسراوبە: جەلالە شێت

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای شەقڵاوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ ناوبراو بەهۆی چالاکییەک بە چەکەوە گیراوە لە زیندانەکانی کەرکوک و ئەبوغرێب لە ساڵی ١٩٧٧ بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچووە بەڵام پاش (٢) ساڵ بەر لێبوردنی گشتی کەوتووە.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٢)

پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٢) لەم تیپی بەردەوام بووە تا ساڵی ١٩٨٧.


ـ ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە

ـ دواتر لە سکرتاریەتی هەڤاڵ (مام جەلال) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦.

ـ لە ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن پارتی گیراوە بۆماوەی یەک ساڵ و چەند مانگێک لە بەندینخانەی ئاکرێ.

ـ پاش ئازادبوونی لە سکرتاریەتی مام دەبێتەوە پێشمەرگە تا ڕۆژی خانەنشین بوونی.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.





# جەلال محەمەد سەدیق


- ناوی سیانی: جەلال محەمەد سەدیق
- ناسراوبە: جەلاسور
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرمک/ تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش راپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە



# جەلال شەقڵاوەیی/ دکتۆر پوشۆ

ناوی سیانی: جەلال یەحیا مستەفا

- ناسراوبە: جەلال شەقڵاوەیی/ دکتۆر پوشۆ
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٥٧/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: حزبی سۆسیالیستی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی خۆشناوەتی
- پاش تەشکیلاتی تیپەکان ناوبراو لە تیپی (٨٣) ی هەورێ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: سنوری بالیسان
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- کام ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ ی کردووە.
- پاشان لە ڕێکخستنەکانی ئەوکات ڕۆڵی کارای هەبووە
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: کارگێڕی کەرتی فەرمانبەران
- کام ئۆرگان: کۆمیتەی ڕێکخستنی فەرمانبەران.
- ناوبراو فەرمانبەری کەرتی تەندروستی بووە سەرەتا لە نەخۆشخانەی کۆرێ پاشان نەخۆشخانەی شەقڵاوە .



# جەمال هەروتی

- ناوی سیانی: جەمال حەوێز مستەفا

- ناسراوبە: جەمال هەروتی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی هەروتە کۆن/ ناحیەی خەلیفان/ قەزای سۆران/ پارێزگای هەولێر.

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- لەساڵی ١٩٧٢ بووە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، پاش هەرەسهێنانی شۆڕش ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی ئێران بووە، هەرهەمان ساڵ گەڕاونەتەوە کوردستان و درێژەی بەخوێندن داوە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧

- کام ئۆرگان: بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، پاش ئەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ جیابوونەوە، ناوبراو پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٢) ی سۆران، کرایە ڕابەری سیاسی کەرت، پاشان کرایە فەرماندەی کەرتی (٣) لە تیپی مەڵبەندی (٤) لە بالیسان.

- لە ساڵی ١٩٨٥ بەهەمان پلە گواستراوەتەوە کەرتی (١) تیپی (١٩) ی کۆڕەک، لە ساڵی ١٩٨٨ لە تاران بەشداری خولێکی فەرماندەییدا کرد کە بۆژمارەیەک فەرماندەی عەسکەری کرابۆوە، پاش تەواوبوونی خولەکە کرایە جێگری تیپی (١٩) ی کۆڕەک، پاش ئەنفالەکان لە چەند قۆناغیکی پارتیزانی بەشداربوو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، ناوبراو بەشداری لەڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە، پاشان کرایە لێپرسراوی هێزی (٢٥) ی ئیرۆن، لە ساڵی ١٩٩٣ کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی هەریر، لە ساڵی ١٩٩٤ کرایە جێگری لەشکری هەورێ ـ لە ساڵی ١٩٩٧ پاش شەهیدبوونی فەرماندە (مەلا نەجیم) ناوبراو لە شوێنی ئەو کرایە فەرماندەی فەرماندەیی بالیسان، لە ساڵی ٢٠٠٢ لێپرسراویەتی فەرماندەیی پشدەری گرتۆتە ئەستۆ، لە ساڵی ٢٠٠١ بووە کارگێڕی فەرماندەیی گشتی و سەرپەرشتیاری هەردوو فەرماندەیی (پشدەرو باڵەک)، لە ساڵی ٢٠٠٣ کرایە جێگری فەرماندەی لیوای (١٦) ی سوپای عێراق، ساڵی ٢٠١٢ بە پلەی لیوا خانەنشین بوو، لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا لەسەر لیستی (ی.ن.ک) بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرا.





# جەماله ڕەش

- ناوی سیانی: جەمال عەلی ئەمین ئەحمەد
- ناسراوبە: جەماله ڕەش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: كۆیە
- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان (كۆمەڵەی ڕەنجدەران)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی پارێزگاری
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی كۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەكەی كوردستانی كردووە.
- پاشان لە چەندین ئۆرگان لە دوای ڕاپەڕین و پێش ٣١ی ئاب پێشمەرگە بووە بەتایبەتی لە فەوجی (٢) ی لیوای (٧١) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار برینداربووە.





# حاجی مەسیفی

- ناوی سیانی: جەمال نادر حەمەد سەلیم

- ناسراوبە: حاجی مەسیفی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی سەلاحەدین/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆسی هەیە لە (یاسا)

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سەرکردایەتی/ زەلێ

- بەهۆی حەز و ئارەزووەکانی لە شانۆ هەرئەم ساڵە پەیوەندی بە تیپی شانۆی شۆڕشەوە کرد. بەشداری لە شانۆگەری (فایلی ٦٧) وە کرد، دواتر گوازراوەتەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ، لە ساڵی ١٩٨٤ گوازراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین لەوێ کرایە ڕابەری سیاسی کەرت. هەمان ساڵ گوازراوەتەوە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی هەم ئەرکەکانی وەک ڕابەری سیاسی کەرتی (٤) و بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە ڕاپەراندووە، لە ساڵی ١٩٨٥ بووە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی هەردوو کەرتی (٣ و ٤)، لەساڵی ١٩٨٧بووە فەرماندەی کەرتی (٤) لە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، ناوبراو لەهەمان ساڵ کرایە ڕابەری سیاسی تیپ، کەسێکی زۆر ئەکتیڤ و شارەزابوو لە کاری ڕێکخستنی شانەو پۆلەکانی ناوشار، واتە لە شاخەوە بڕیارەکانی بۆ ناو شار وەک خۆی جێبەجێ دەکرا، لە ساڵی ١٩٨٩ پاش ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەو پیادەکردنی دروستبوونی بەتالیۆنەکان ناوبراو کرایە ڕابەری سیاسی تیپی (٩١) ی سەفین، ناوبراو بەشداری بەرچاوی لە زۆربەی داستان و نەبەردیەکانی سنوری چالاکی ئەوکات هەبووە، ناوبراو بەشداری کاریگەری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ کردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی سەلاحەدین، لە ساڵی ١٩٩٥ کرایە ڕابەری سیاسی لەشکری (٤)، لە دوای ٣١ی ئاب ناوبراو لە کۆیە گیرسایەتەوە، لە ساڵی ١٩٩٧ ناوبراو کرایە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە کۆیە، لە ساڵی ٢٠٠٠ کرایە بەڕێوەبەری گشتی کاروباری (مین) لە پارێزگای سلێمانی، لە ساڵی٢٠١٢ بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین کراوە، لە ساڵی ٢٠١٦ کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، لە ساڵی ٢٠١٩ لەکۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەربازنەی هەولێر هەڵبژێردرا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لە کۆبونەوەی ٢٠٢٠/٧/١٩ ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا ناوبراو بە لێپرسراوی کۆمسیۆنی ڕێکخستن هەڵبژێردرا، لە ئێستادا ناوبراو سکرتێری ئەنجومەنی پشتیوانی (ی.ن.ک)، ناوبراو خاوەنی (٣) برا شەهیدە.





# جەمال کوردە

ـ ناوی سیانی: جەمال ئەحمەد فەتاح

ـ ناسراوبە: جەمال کوردە

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١

ـ شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ لە شۆڕشی ئەیلول بۆتە پێشمەرگە لە لقی دەشتی هەولێر ئەوکات سەید کاکە سەرپەل بووە ناوبراو لەم (پەلە) درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە تا نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، پاشان ئاوارەی ئێران بووە، پاشان گەڕاوەتەوە هەولێرو ڕژێم دووری خستۆتەوە بۆجنوبی عێراق. لە ١٩٧٦/٦/٣ فیراری کردووەو جنوبی جێهێشتووە.

ـ لە ١٩٧٦/٨/٢٠ لەگەڵ هەڤاڵان (عەلی عەسکری، قادر عەزیز) گەیشتوونەتە چیای قەندیل لەوێوە زەنگی شۆڕشی نوێیان لێدا.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٦

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزووتنەوە)

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٦/٨/٢٠

ـ ناوبراو لە سەردەمی تەشکیلاتی هەرێمی (هەورێ) ئەوکات لە ڕواندز بوو جەمال کوردە جێگری هەرێم بووە.

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ.

ـ یەکێک بووە لە بەشداربوانی داستانە گەورەکەی گوندی (دەشتێو) لە ١٩٧٨/٣/٨ هەرلەم شەرە برینداربووە.

ـ بەشداری کارەساتەکەی شەڕی داسەپاوی (هەکاری) کردووە.

ـ بەهۆی برینداربوونی ڕەوانەی سوریا کرا بەڵام بەداخەوە چاوێکی لە دەست داوە، ناوبراو تا ساڵی ١٩٨١ بەردەوام بوو لە پێشمەرگایەتی بەڵام بەهۆی برینداربوون و لە دەست دانی چاوی وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە چیای (ماکۆک و دەشتێو)، لە دوای ڕاپەڕین لەکاری ڕێکخراوەی ڕۆڵ و پێگەی دیاربووە، دوا پلەی ئەندامی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر بووە.





# جەنگی فەقیانی

- ناوی سیانی: جەنگی حەسەن ڕەسوڵ
- ناسراوبە: جەنگی فەقیانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمایی کوردستان (بزوتنەوە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای (ناوزەنگ) بزوتنەوەی سۆسیالیستی.
- لەساڵی ١٩٨١کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە بارەگای سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .
- لە ساڵی١٩٨٢ کرایە ڕابەری سیاسی لە قوەتی کۆسرەت و پاشان کرایە جێگری فەرماندەی قوەتەکە، وە لە ساڵی ١٩٨٤ بووە فەرماندەی کەرتی مەڵبەندی سێ لە گوندی بالیسان، هەر لەم ساڵە ناوبراوکرایە فەرماندەی کەرتی (٤) ی شەهید سەرباز، لە ساڵی ١٩٨٥ لێپرسراویەتی تیپی تایبەتی مەڵبەندی چواری لە دۆڵی سماقوڵی گرتۆتە ئەستۆ، لەساڵی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی تیپی (٩٠) ی باواجی، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لە دوای ئەنفالەکان کشانەوە سەر سنوری ئێران، ناوبراو لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕزگارکردنی شاری کۆیەو دەورو بەری کردووە، پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە ساڵی١٩٩٧ کرایە فەرماندەی لەشکری کۆیە، لە ساڵی ١٩٩٩ خولی سێی ئەفسەرانی لە کۆلێژی سەربازی قەڵاچۆلانی تەواو کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ کرایە جێگری فەوجی (٥) بارەگای سکرتاریەتی گشتی، پاشان بووە فەرماندەی فەوج لە ساڵی ٢٠٠٤، پاشان کرایە جێگری لیوای (٢) ی سکرتاریەت و هەرهەمان ساڵی کرایە فەرماندەی لیوای خۆشناوەتی، لە ساڵی ٢٠١٣ ناوبراو بە پلەی لیوا فەرماندەی یەکەی ١٢٤ی هێزەکانی (٧٠) و ساڵی ٢٠١٤ کرایە ئەندامی بەشی مەشق و پشکنین لە هێزەکانی (٧٠)، لە ساڵانی ٢٠١٤ ـ ٢٠١٥ لەکاتی شەری دژی داعش لێپرسراویەتی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنەکانی یەکەکانی (٧٠) ی سنوری هەولێرو موسڵی پێ سپێردراوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی کردووە.
- ڕۆژو مانگ و ساڵی ماڵئاوایی ٢٠٢١/٣/٢١



# جەواد قورەبەرازەیی

- ناوی سیانی: جەواد جەوهەر ساڵح داود
- ناسراوبە: جەواد قورەبەرازەیی
- ساڵی لەدایکبوون: لەنفوس ١٩٧١ تۆمارکراوە بەڵام لە بنەڕەتدا١٩٦٨
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قورەبەرازە/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن : ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ کەرتی (٣) ی شەهید شەماڵ
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٧ کرایە فەرماندەی مەفرەزە
- لە ساڵی ١٩٨٩ گواستراوەتەوە کەرتی ڕێکخستنی کۆیە، ماوەیەک پارتیزان بووە.
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو دڵسۆزو بەدسپلین بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣)
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- لە ساڵی ١٩٨٩ وازی هێناوە لە پێشمەرگایەتی.


- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کردووە ـ پاشان ڕۆڵ و پێگەی لە ناو تەشکیلاتەکان دیاربووە. هەمیشە لە داستان و بەرگریەکان لە پێشەوەی پێشەوە بوو، لە تەشکیلاتی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی ناوبراو لە قیادەی مەنتیقە لە فەوجی پاسەوانی بارەگای قیادەی مەنتیقە ئامر فەسیل بووە، پاشان لە لە شکری کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ گواسترایەتەوە سکرتاریەتی مام جەلال لە بەغدا تا ساڵی ٢٠٢٢
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.



# سەید جەواد

ناوی سیانی: جەواد قادر محیٚ دین عەبدولڕەحمان

- ناسراوبە: سەید جەواد
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوچەی شۆڕشگێڕان
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: کادیر
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٧)
- لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- لە ڕاپەرینەمەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ ئاوارەی کۆیە بووە.
- دواتر لەفەرماندەی (٢) ی هەولێر درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ئامر لیوا لە بادینان
- کام ئۆرگان: فەرماندەی لیوای (١١٢)
- ناوبراو سێ جار بریندار بووە لە بێتواتە، قاتع ئەبوجەعفەر مەنسور، گەردەلولی تۆڵە.





# مام جەوهەری ئیلنجاغ

ـ ناوی سیانی: جەوهەر ئۆمەر حەمەدەمین ئۆمەر

ـ ناسراوبە: مام جەوهەری ئیلنجاغ

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦

ـ شوێنی لەدایکبوون: ئیلنجاغی گەورە/ تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: نەخوێندەواربووە.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٤/٤

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر

ـ پاشان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

ـ لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و بەرگری کردووە لەسنوری تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر.

ـ ناوبراو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ـ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ ی کردووە.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە ساڵی ١٩٨٢ لە سنوری کەلی سورکە بۆیەکەم جاربوو لەسنوری هەولێر لە شۆڕشی نوێ شەڕ لەگەڵ هەلیکۆپتەر بکرێ لەم شەڕەدا ناوبراو بریندار دەبێ شەهید (حەمید سماقە) بریندار دەبێ دوو پێشمەرگەش شەهید دەبن.





# جەوهەر گردەسۆری

- ناوی سیانی: جەوهەر ئیسماعیل حەسەن ڕەسوڵ
- ناسراوبە: جەوهەر گردەسۆری
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گردەسۆر/ ناحیەی قوشتەپە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەڕێگای شەهید (محەمەد عەجەم) ئەوکات لە دائیرەی زراعە بووین.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧/٥/١٢. - لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەفرەزە سەرەتاییەکانی دەشتی هەولێر، - هەرهەمان ساڵ کراوەتە ڕابەری سیاسی لای قادر مستەفا، لەساڵی١٩٧٨ ناوبراو لەگەڵ مەلا بەختیار بووە لەگوندی (گوندی کونە گورگ) بەسوکی بریندارببووە، پاش شەهیدبوونی (محەمەد عەجەم) کەس وکاری (جەوهەر گردەسۆری) لەلایەن ڕژێم دەستگیر دەکرێن، لەلایەن شۆڕش ڕەوانەی شاری دەکەنەوە تا کەسوکاری ئازاد بکرێن و وەکاری ڕێکخستنیش بکات، بۆیە وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە تاساڵی ١٩٨٢، لەساڵی ١٩٨٢ دەبێتەوە پێشمەرگە لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، ناوبراو بەشداری زۆربەی شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی سێ و قەراج و کەندێناوەی کردووە، هەر لەساڵی ١٩٨٢ بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، لە ساڵی ١٩٨٣ کرایە جێگری فەرماندەی مەفرەزە، لە ساڵی ١٩٨٤ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە، لە هەمان ساڵدا کراوەتە ڕابەری سیاسی ئەم کەرتە بوو شەهید فەقێ گۆمەشینی فەرماندەی کەرت بوو، لە ساڵی ١٩٨٥ کرایە لێپرسراوی کۆمەڵایەتی تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێرو تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ، ماوەیەک بەرپرسی دارایی بووە، لەساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ هەڤاڵ (رائد جەلال)و ئەوهێزەی بۆ بادینان ڕەوان کران، ناوبراو کرایە بەرپرسی عەسکری کۆمیتەی (ئامێدی)، لە ساڵی ١٩٨٨ کاتی شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) بەشداری کردووە و دواتر بەخێزانەوە ئاودیوی ئێران بووە لە ئۆردوگای دێلزێ نیشتەجێ بووە کرایە ئەنجومەنی ئەم ئۆردوگایە، لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە و گەڕاوەتەوە هەولێر، لە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ شانەی بروسک بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی کردووە. پاشان لە دامەزراندنی سوپای یەکگرتوولە ساڵی ١٩٩٢ناوبراو کراوەتە ئامرفەسیل، ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزی متەفەریقەو دواتر لەگەڵ شەهید فاقە بەیەکەوە بوونە تا شەهیدبوونی. پاشان بەشداری زۆربەی بەرگریەکانی کردووە تا ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ناوبراو خانەنشین کراوە.





# چالاک ئیبراهیم محەمەدەمین

ناوی سیانی: چالاک ئیبراهیم محەمەدەمین

ـ ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨١

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٧) ١٩٨١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی حاجی قەڵا، دواتر لە تیپی (٩٣) ی کۆیە درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣)

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م

ـ ناوبراو (١) جار بریندار بووە بەهۆی بریندارببوونی کەم ئەندام بووە.

ـ باوکی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستانە.

ـ بەشداری خولی کادیرانی مالیمۆسی کردووە.



# حاتم پەرکانە

- ناوی سیانی: حاتم سوارە سابیر عومەر

- ناسراوبە: حاتم پەرکانە

- ساڵی لەدایکبوون: لەنفوس ١٩٧٠/٧/١ تۆمار کراوە، بەڵام لە بنەڕەتدا مەوالیدی ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قۆریتان/ کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣)ی کۆیە/ کەرتی (٤)

- لە دوای شەڕی بێتواتە لە ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە کەرتی (١) ئەوکات هەڤاڵ (مەولود مام قلینجی) فەرماندەی کەرت بووە. لە ساڵی ١٩٨٥ گواسترایەوە کەرتی (٤) ئەوکات نەمر (جەنگی فەقیانی) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی مەفرەزە، ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ١٩٨٨/٨/١٢ دواتر وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە

- دواتر لە هێزی (٧) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی فەرماندەی (٩)ی کۆیە بووە، ناوبراو فەرماندەی تیپ بووە کە ئەوکات مام سیامەند فەرماندەی فەرماندەیی (٩) ی کۆیە بوو.

- ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٣ خانەنشین بووە


- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.

- خاوەنی برایەکی شەهیدە.



# حاجی پێبازۆکی

- ناوی سیانی: حاجی حەوێز شەریف محەمەد
- ناسراوبە: حاجی پێبازۆکی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پێبازۆک/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: بزووتنەوە
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ ناوچەی (٢) ی شۆڕشگێڕان
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە کەرتی (٢) ئەوکات هەڤاڵ (تۆفیق قەیسری) فەرماندەی کەرت بوو.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: قاسمەڕەش/ تیپی ٩٣
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: کارگێڕی ناوچەی شۆڕشگێڕان.
- لە ١٩٨٩/١/١٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- ناوبراو زیندانی کراوە لە ١٩٨٩/١٢/٢٥ تا ١٩٩١/١/١ لە زیندانەکانی ئەمنی هەولێر، کەرکوک/ بەغدا، زۆرتر لە بەندینخانەی ئەبوغرێب.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی کردووە.
- پاشان لە هێزی (٧) ی کۆیەو پاشان لە لەشکری (٩) ی کۆیە درێژەی بەپێشمەرگایەتیی داوە.
- بەشداری خولی سەربازی کانی گۆمەی کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.





# حەمیدە شێت

ناوی سیانی: حامید ڕەشید ئیسماعیل عومەر

- ناسراوبە: حەمیدە شێت
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: کەندێناوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی تیپ
- دواتر ناوبراو گوازراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ کەرتی (١) پاشان کەرتی (٦)
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لەمەکتەبی عەسکری لای رائید جەلال.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بارەگای مەکتەب عەسکەری
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری کەرت بووە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ ی کردووە.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە.





# حەسەن تەها قادر

ناوی سیانی: حەسەن تەها قادر ئەحمەد

- ناسراوبە: قارەمان
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ تەق تەق/ کۆیە، هەولێر.
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٢/٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (١) ئەوکات شەهید هاوڕێ کاوە فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.
- لە١٩٨٢/١٠/١٥ بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانی کردووە.
- لە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- لەساڵی ١٩٨٣ لەسەر بڕیاری شێخ جەعفەرکرایە فەرماندەی مەفرەزە.
- ناوبراو لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لەگوند دانیشتووە خەریکی کاسبی بووە.
- بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردووە
- پاشان وەک هێزی پشگیری لەسنورەکە ڕۆلیان هەبووە.
- لە ساڵی ١٩٩١بەشداری ڕاپەڕینی کردووە، پاشان کرایە ئامرفەسیل لە سوپای یەکگرتووی کوردستان ، دواتر کرایە ئامرسریە لە فەوجی (٤) ئەوکات نەمر ئەنوەر عەزە باوە فەرماندەی فەوج بووە.
- لەدوای ٣١ی ئاب هەولێری جێهێشتووە کاری ڕێکخستنی کردووە لە کۆمیتەی ڕێکخستنی تەق تەق.
- پاشان لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە دامەزراوە تا خانەنشین بوون.



# شاخەوان


ناوی سیانی: حەسەن حوسێن عەبدوڵڵا حەسەن

- ناسراوبە: شاخەوان
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٩) ی ساڵی ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٣) ی هەورێ
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- کام ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- ناوبراو برایەکی شەهیدە بەناوی (سەردار) لە شەڕی پشتیوانی برایانی ڕۆژهەڵات



# حەسەن موخلیس

- ناوی سیانی: حەسەن حوسێن مەحمود
- ناسراوبە: حەسەن موخلیس
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرەوان/ ڕواندز/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (١٢) ی سۆران
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستان و نەبەردی و بەرگری کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەوراز و نشێوی زۆر بینیوە کەچی نەسرەوت تا سەرکەوت و لە دوای ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨ ئاودیوی ئێران بوو.
- لە ساڵی ١٩٨٩ بەشداری خولی هەندەسەی کردووە لە ئەهوازی ئێران.
- بەردەوام پێشمەرگە بووە و دانەبراوە تا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥
- پاشان بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- دواپلەی لە پیش ڕاپەرین فەرماندەی کەرت بووە.
- لە تەشکیلاتی سوپای یەکگرتوو کرایە فەرماندەی فەسیل.
- پاشان بەردەوام بوو لە پێشمەرگایەتی لە سنوری باڵەکایەتی، ناوبراو برایەکی شەهیدی سەنگەرە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا (١) جاربریندار بووە.





# حەسەن کرێکار

- ناوی سیانی: حەسەن ڕەمەزان بداخ مستەفا
- ناسراوبە: حەسەن کرێکار
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ترپە سپیان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: حزبی سۆسیالیستی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٠) ی سەفین/ کەرتی شەهید تەحسینە شەل
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: هەرێمی (١٠)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- لە ساڵی ١٩٩٢ پەیوەندی دەکات بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان







# حەسەن عەوێنە

ناوی سیانی: حەسەن سەعید عەلی ئەحمەد

ـ ناسراوبە: حەسەن عەوێنە

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی عەوێنە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣ تاکو ساڵی ١٩٨٩

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی/ کەرتی (١) ی شەمامک

ـ لە ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

ـ لە سالێ ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ کەرتی (٥)

پاشان گواستراوەتەوە کەرتی (٦)، تاکو ساڵی ١٩٨٨

ـ لە مانگی (٩) ی ساڵی ١٩٨٨ بوون بە پارتیزان و ناوبراو کرایە فەرماندەی کەرت تا ساڵی ١٩٨٩. دواتر وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، پاشان لە چەندین ئۆرگان خەبات و تێکۆشانی کردووە لە هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە کرایە فەرماندەی تیپ، لەسوپای یەکگرتوو کرایە فەرماندەی سریە، لە لیوای تایبەتی هەولێر فەرماندەی سریە بووە، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی کۆیە بووە، یاریدەدەری لەشکری (٣) بوو لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر، پاشان کرایە ئەندامی فەرماندەیی (١٥)ی قەرەچوغ، لە ساڵی ٢٠١٢ کرایە جێگری لیوای (١٠) ی پیادە، لە ساڵی ٢٠١٧ پلەکەی بەرزکرایەتەوە بۆ لیوا لەسەر هێزەکانی (٧٠)، ناوبراو (٦) جار بریندار بووە، زیندانی سیاسی بوو لەساڵی ١٩٩٠، برایەک و دایکی شەهیدی دەستی ڕژێمن لە گردمەلای نزیک قوشتەپە شەهید بوون، وە ئامۆزایەکی شەهیدە بەناوی (عومەر عەوێنە).







# حەلیمە سۆفی مەلا

یەکەم ژن لە شۆڕشی نوێ بووە پێشمەرگە

- ناوی سیانی: حەلیمە سۆفی مەلا
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٣٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ماونان/ قەزای چۆمان/ پارێزگای هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن : ١٩٧٦
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ
- پاش شەهید بوونی برایەکی ناوبراو لەگەڵ کورێکی و ژمارەیەک خزمی نزیکی (مەفرەزیەک) یان پێکهێنا
- ئۆرگان: هەرێمی (٧) ی باڵەک.
- لەساڵی ١٩٨٠ گوازراوەتەوە بۆ هەرێمی (١٤) ی ئاکۆ.
- لەساڵی ١٩٨١ گواستراوەتەوە قوەتی کارۆخ
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٧٤) ی باڵەک

- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین داستانی کردووە وەک شەڕەکانی دۆڵی خانەقاو وەرتێ، بێرمکەو ئۆپراسیۆنی بێتواتەو شەڕەکانی دژی بەرەی جود لە بناری چیای قەندیلی سەرکەش لە ساڵی ١٩٨٣، وە چەندین شەڕی تر، لەبەر ئازایی و خۆڕاگری نازناوی (پلنگە ڕەشەکەی) لێنراوە، خەون وخولیای ئەوە بوو تەرمی برایەکەی بدۆزێتەوەو ڕزگاری بکات، ئەم خەونەشی هاتە دی تەرمی برایەکەی دۆزیەوەو لەسنوری قەسرێ دۆزییەوەو ڕزگاری کرد، لەبەردڵسۆزی و ئەمکداری بۆ خاکی کوردستان و خۆشەویستی بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی جەنابی مام جەلال (٢) جار خەڵاتی کردووە، بەداخەوە لە ئازاری ساڵی١٩٩٢ لەکاتی توانەوەی بەفری چیای قەندیل کەوتە ناوچەمی نزیک گوندەکەیان و گیانی سپارد.





# حەمە وەرتی

ـ ناوی سیانی: حەمەد حاجی حاجی

ـ ناسراوبە: حەمە وەرتی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٦ تۆمار کراوە بەڵام لە بنەڕەتدا موالید ١٩٦٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ/ قەزای ڕواندز/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩/١٠/٢٧

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سکرتاریەتی مام جەلال


ـ لە ساڵی ١٩٨٠بریندار بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨١ بەشداری خولی کادیرانی کردووە لە (تووژەڵە)

ـ دوای (٢) مانگ گواستراوەتەوە هەرێمی (١٤) ی ئاکۆ

ـ لەساڵی ١٩٨٢ بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی ڕۆژهەڵاتی کردووە.

ـ لەساڵی ١٩٨٤ بریندار بووە، لە تەشکیلاتی تیپەکان ناوبراو لەتیپی (١٤) ی ئاکۆ ئەوکات شەهید سمایل وەرتی برای فەرماندەی کەرت بوو ناوبراو لەم کەرتە بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان، پاشان تیپێک دروست بوو بەناوی تیپی (٧٣) ی هەڵەموند ناوبراو لەم تیپە درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا ئەوکات شەهید سمایل وەرتی بووە فەرماندەی ئەم تیپە، بەڵام ئەم تیپە تەمەنی درێژ نەبوو، دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تیپی (١٩) ی کۆڕەک، پاشان گواستراوەتەوە تیپی تایبەتی مەڵبەند بووە ئیدارەی تیپ، ناوبراو بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی تا مانگی (٥) ی ساڵی١٩٨٩دواتر وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستانی کردووە لە ڕانیەوە تا کەرکوک، لە ١٩٩١/٣/٢١ بریندار بووە، دواتر لە هێزی سنور بووە، پاشان پاش شەهید بوونی (سمایل وەرتی) برای کراوەتە فەرماندەی هێزی وەرتی، لە ساڵی ٢٠٠٤ خانەنشین کراوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٨ ئەندامی مەڵبەندی (٦) ی سۆران بووە، ناوبراو (٢) برای شەهیدی سەنگەرو (١) برای شەهیدی هاوڵاتیە.



# قارەمان شینە

ناوی سیانی: حەمەدەمین تەها کەریم

- نازناو: قارەمان شینە

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی حەسەن بەگ/ کەندێناوە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی تەواو کردووە، دواتر بە تاقیکردنەوەی دەرەکی ئامادەیی تەواو کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٧) باڵەک

- دواتر لە تیپی (٧٤) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە کە ئەوکات (قادر خەبات) فەرماندەی تیپ بووە، ماوەیەک کاری کردووە لە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە.

- لە ساڵی ١٩٨٣ بە پلەی فەرماندەی مەفرەزە گواستراوەتەوە بۆ تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) ی شەهید ئەحمەد قەمبەری، پاشان کراوەتە جێگری هەمان کەرت. پاشان کراوەتە فەرماندەی کەرت


- لە دوای شاڵاوی ئەنفالەکان ناوبراو ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لەبەرگریکردن، دواتر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەرەو سنورەکانی ئێران کشاونەتەوە.

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە.

- پاش دامەزراندنی سوپای یەکگرتوو ناوبراو کراوەتە موقدەم لیوا، پێش ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ کراوەتە جێگر لیواو پاشان سەرپەرشتیاری لیوای تایبەت.

- لە ساڵی ١٩٩٨ بەشداری خولی ئەفسەرانی پۆلیس کردووە بە پلەی موقدەم دەرچووە. بە پێی ڕێکارە یاساییەکان گەیشتۆتە پلەی (لیوا)، لە ژیانی پێشمەرگایەتی پێنج جار بریندار بووە، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦ بە لێپرسراوی مەڵبەندی (١٧) ی ڕۆژهەڵات دەرچوو، لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردرا.








# حەمید فەتحوڵڵا مەعروف

ناوی سیانی: حەمید فەتحوڵڵا مەعروف

- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی قەڵات/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٤) ی ئاکۆیان
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: مەڵبەندی (٣) ی هەولێر
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: ناوچەی شۆڕشگێڕان
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.





# حەیدەر تیمارۆکی


- ناوی سیانی: حەیدەر حەسەن شوان حەمەد
- ناسراوبە: حەیدەر تیمارۆکی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تیمارۆک/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هەمان تیپ تا ڕۆژی وازهێنانی لە پێشمەرگایەتی.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- دواتر لە هێزی (٧) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان لە لەشکرو فەرماندەیی (٩) ی کۆیە بۆتە فەرماندەی تیپ، بەشداری کارای هەبوو لە سنوری هەڵەبجەو شنرۆێ لە بەرگری لە کوردستان لەدژی جندالسلام.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: فەرماندەی لەشکر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٧) جار برینداربووە.
- ناوبراو برایەکی شەهیدە بەناوی (ئەسکەندەر)



# حوسێن بانەقەڵاتی

- ناوی سیانی: حوسێن حەسەن ساڵح حوسێن
- ناسراوبە: حوسێن بانەقەڵاتی
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی دەربەند/ دێگەڵە/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: لێپرسراوی ئیدارەی شێخ ئایش بووە.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: کادیری کاروباری کۆمەڵایەتی بووە.
- کام ئۆرگان: کۆمیتەی کاروباری کۆمەڵایەتی دەشتی هەولێر
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان کاری ئۆرگانی ڕێکخستنی گرتۆتە ئەستۆ، پلەکانی ڕێکخستنی بڕیووە لە کەرتەوە تا لێپرسراوی کۆمیتەکانی کۆیەو تەق تەق.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: کارگێڕی مەڵبەندی (١٤) ی کۆیە.





# ماموٚستا حوسێن شوانی

ناوی سیانی: حوسێن ئیسماعیل حوسێن

ـ ناسراو بە: ماموٚستا حوسێن شوانی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی سیاو/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی ماموٚستایانی هەولێر.

ـ لە ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کردووە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شوٚڕشی ئەیلول کردووە، پاش نسکوٚ ئاوارەی ئێران بووە، دواتر بوٚتەواو کردنی خوێندنی پەیمانگا گەڕاوەتەوە شاری هەولێر.

ـ پاش تەواو کردنی خوێندن بە ماموٚستا دامەزرا لە گوندی (ئەرگوش) سەربە ناحیەی شێروان مەزن.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شوٚڕشی نوێ: ١٩٧٨

ـ کام ئوٚرگان: کوٚمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/١٢/١٥

ـ لەکام ئوٚرگان بوٚتە پێشمەرگە: سەرکردایەتی

ـ لە مانگی (٤) ساڵی ١٩٨٢ گوێزراوەتەوە کەرتی ڕێکخستنی چوٚمان، پاشان گوێزراوەتەوە بوٚ کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە تا ساڵی ١٩٨٤.

ـ ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ دەکات، هەمان ساڵ کرایە جێگری کوٚمیتەی ڕێکخستنی (٢) ی هەولێر.

ـ لە ساڵی ١٩٩٣ کرایە لێپرسراوی کوٚمیتەی ڕێکخستنی ڕوٚژئاوای هەولێر.

ـ لە ساڵی ١٩٩٧پاش گفتوگوٚی ئاشتی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ناوبراو کرایە جێگری لێپرسراوی لێژنەی P.M.F ـ لە ساڵی ١٩٩٨ کرایە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکان، لە ساڵی ١٩٩٩ گوێزرایەوە بوٚ مەکتەبی ڕێکخستن بە هەمان پلە، لە ساڵی ٢٠٠٦ کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی (١٧) ی ڕوٚژهەڵاتی هەولێر، لە ساڵی ٢٠١٨ کرایە ئەندامی لێژنەی باڵای مەکتەبی ڕێکخستن.



# خالید بانی مارانی

ـ ناوی سیانی: خالید ئەحمەد تەها ئەحمەد

ـ ناسراوبە: خالید بانی مارانی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی بانی ماران/ دێگەڵە/ کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٩ لە رێگای هەڤاڵ (دلێرکانی لەلەیی) رێکخراوە بۆناو رێکخستن.

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ئەوکات شەهید (عەلی ساڵح) فەرماندەی کەرت بوو.

ـ پاشان لە تەشکیلاتی قوەت کە شەهید شاخەوان فەرماندەی قوەت بوو ناوبراو درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە .

ـ لە تەشکیلاتی تیپ ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ مەفرەی تیپ/ هەندێ جاریش لە کەرتی (٢) بووە.

ـ ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ لە مفەوەزاتەکە وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە. بەڵام هەرلە گوند دانیشتووە.


ـ لە ساڵی ١٩٨٨ مالیان هاتۆتەوە هەولێر.

ـ لە ساڵی ١٩٨٨ بۆماوەی (٣) مانگ دەستگیرکراوە لە دائیرەی ئەمنی هەولێر.

ـ لە دوای راپەرین بۆتەوە پێشمەرگە لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال، پاشان گواستراوەتەوە مەفرەزەکانی هەڤاڵ (کۆسرەت رەسوڵ) کرایە فەرماندەی مەفرەزە تا دوای ٣١ی ئاب.

ـ پاشان لە فەرماندەی (٢) ی هەولێردرێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

ـ پاشان گواستراوەتەوە فەرماندەی (٥) ی دۆکان لای هەڤاڵ (عوسمان بانی مارانی) لەم فەرماندەییە کرایە جێگری تیپ، دواشوێنی پێشمەرگایەتی ناوبراو لەگەڵ هێزەکەی هەڤاڵ عوسمان بانی مارانی بووە لە مەڵبەندی (٦)ی سۆران.





# خالید حاجی

ناوی سیانی: خالید حاجی قادر

ـ ناسراوبە: خالید حاجی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩

ـ شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی تەیراوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: تا چواری ئامادەیی خوێندووە

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩/٩/١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٠) سەفین ئەوکات عەریف عەلی فەرماندەی ئەم هەرێمە بووە.

ـ پاشان لە قوەتی خۆشناوەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، ئەوکات ملازم خولە بەرپرسی ئەم قوەتە بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨١ بووە بە فەرماندەی مەفرەزە لەهەمان قوەت.

ـ پاشان لە تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.


ـ لە ساڵی ١٩٨٢ کرایە جێگری کەرت، ئەوکات سەفین مەلا قەرە فەرماندەی کەرت بوو.

ـ ناوبراوفەرماندەو پێشمەرگەیەکی ئازا، چاپووک، بەدسپلین بوو، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٨٤ کرایە فەرماندەی کەرتی (٢)ی شەهید ئەحمەد قەمبەری.

ـ لەژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

ـ بەهۆی هەستکردن و بەرپرسیاریەتی بەرامبەرخاک ناوبراو (٤) جار بریندار بووە تا ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان.

ـ مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٠ لە ئێرانەوە بڕیاری دا ناوبراو بۆ چارەسەری بریندارببوونی بچێتە دەرەوەی هەرێم.





# شێخ خالید هیرانی

ناوی سیانی: خالید قادر ڕەشید حەمەدەمین

ـ ناسراوبە: شێخ خالید هیرانی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٤٨

ـ شوێنی لەدایکبوون: هیران/ شەقڵاوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی/ خولی برین پێچی و پزیشکی بینیوە.

ـ لەتەمەنی (١٨) ساڵی بۆتە پێشمەرگەی باڵی مەکتەبی سیاسی، هەمان ساڵ لەبەر بیروڕای جیاواز زیندانی کراوە.

ـ ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە وەک پێشمەرگەو دکتۆری شۆڕش. پاشان ئاوارەی ئێران بووە

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٧٧

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ناوبراو جگە لەکاری ڕێکخستن ڕۆڵی کارای هەبووە لە ناردنی دەرمان و پێداویستیەکانی پزیشکی بۆپێشمەرگە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٢ تا کۆتایی ١٩٨٣ زیندانی بووە لە هەئیەی خاسەی کەرکوک پاشان حکوم دراوەو ڕەوانەی بەندینخانەی ئەبوغرێب کراوە.

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/١٢/٢٢

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩١) ی سەفین

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٥) ی بەرانەتی

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: ڕابەری سیاسی، ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، یەکێک بووله ئەندامەکانی شانەی بروسک، پاشان لە تەشکیلاتی هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر ڕۆڵی کارای بینیوە، پاش تەشکیلاتی دەزگای ئاسایش ناوبراو تا پلەی ڕائیدی ئاسایش ولێپرسراوی حەرەکات پلەکانی بڕیوە، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دەستگیر دەکرێ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان ئەشکەنجەوئازارێکی زۆری دەدەن قۆڵێکی دەشکێنن،لە ساڵی ١٩٩٨ کوردستان جێ دەهێڵێ و لە دانمارک دەگیرسێتەوە، لەهاندەران کراوەتە کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی دەرەوە. ناوبراو کورێکی شەهیدە، بەداخەوە ٢٠٢٣ /٣/٩ لە وڵاتی دانیمارک ماڵئاوایی کرد.





# دکتۆر خدر مەعسوم

ـ ناوی تەواو: خدر مەعسوم خدر

ـ ناسراوە بە: دکتۆر خدر

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٤٧

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دکتۆرا لە بواری پزیشکی

ـ لەساڵــی ١٩٥٥ خراوەتە بەرخوێندن لە خوێندنگەی حکومی بەڵام هاوینان سەرقاڵی خوێندنی ئاینی بوە لای باوکی، لە ساڵی ١٩٦١ لەتەمەنی (١٤)ساڵیدا چووەتە ناو جیهانی سیاسەتەوە، کاتێک بووەتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و دواتریش پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە

ـ لە ساڵی ١٩٦٣ فشارو کوشتارەکانی حزبی بەعس لە شاری کۆیە ناچاریان کرد بە خاوخێزانەوە کۆیە بەجێ بێلن چەند مانگێک لەچیای سارون بگوزەرێنێ..

ـ ڕوخانی حکومرانی حزبی بەعس لەکۆتایی ئەوساڵە و دەستپێکردنەوەی وتوێژ لە نێوان بەغداو شۆڕشدا لە ساڵی ١٩٦٤ دەرفەتی گەڕانەوەی بۆ ڕەخساند، بەڵام فشاری دەزگا ئەمنیەکان ناچاری کرد کۆیە جێ بێلـێ بڕواتە بەغدا، لەوێ خوێندنی ئامادەیی تەواو کرد، لە ساڵی ١٩٦٧ لە سەر پێشنیاری فوئاد مەعسومی برای کە لەو کاتەدا خوێندکاری زانکۆی ئەزهەر بوو لە قاهیرە، چوو بۆ میسر لەوێ لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی قاهیرە وەرگیرا، ساڵی ١٩٧٣ خوێندنی تەواو کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێنا.

ـ لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان کوردو حکومەتدا میسری جێهێشت و لە ڕێی ئێرانەوە گەڕایەوە کوردستان، پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد، لە نێوان ماوەی نێوان ١٩٧٤ـ ١٩٧٥ وەک پزیشک ئەرکەکانی خۆی لەناوچەی شێروان مەزن جێبەجێ کرد..

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان: ١٩٧٥

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ لە ساڵی ١٩٧٥ لە ڕێی ئێرانەوە چوو بۆ لوبنان لەوێ لە بەیروت چاوی بە تاڵەبانی کەوت بەلێنی پێدا هەرکات دەست بەخەباتی چەکداری کرا یەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێشمەرگایەتی لە کوردستان، لە لوبنانەوە چوو

بۆ بەریتانیا لەوێ سەرقاڵــی خوێندن بوو بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لەبواری پزیشکیدا، هەرلەم ساڵە وەک بەلێنی دابوو وازی لە خوێندن هێناو چوو بۆسوریا لەم قۆناغە سوریا ببوو بەمەکۆی هەڵسوڕانی تاڵەبانی بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە کوردستاندا.

ـ لە ساڵی ١٩٧٦ پاش گەڕانەوەی یەکەم دەستەی پێشمەرگە بەسەرکردایەتی برایم عەزۆ بۆ کوردستان، ناوبراو لەگەڵ دووەم دەستەی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیا ویستی بگەڕێتەوە بەڵام هەوڵەکە سەری نەگرت.

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: هاوینی ساڵی١٩٧٧

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (هێڵی گشتی)

ـ پاش پێکهێنانی لقەکان بە لێپرسراوی لقی (٣) ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دانرا.

ـ ساڵی ١٩٧٩ بوە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، دواتر لە ساڵی ١٩٨١ بوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەم ڕوەوە کرایە لێپرسراوی بەڕێوەبردنی بارەگای مەکتەبی سیاسی .

ـ لە ساڵی ١٩٨٢ ناوبراو پشگیری پرۆژەی یەکگرتنەوەی هێڵــی گشتی و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و پێکهێنانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، کرایە ئەندامی سەرکردایەتی و پاش پێکهێنانی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕان ناوبراو لێپرسراوییەتی ئەم مەکتەبەی پێ سپێڕدرا، لە ٢٣ی ئابی ساڵــی ١٩٨٣ لە کۆنفرانسی یەکەمی شۆڕشگێڕان لەگوندی خەتێ بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردراو لە ساڵــی ١٩٨٤لە کۆنفرانسی دووەمی لە مێرگە پان بۆجاری دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژڕدرا.

ـ لە ساڵی ١٩٨٥ وازی لە پۆستی ئەندامی سەرکردایەتی هێناو گەڕایەوە بەریتانیا بۆ تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆ.لە ساڵی ١٩٨٧ دبلۆمی باڵای هێناوە/ لە ساڵی ١٩٩٦ دکتۆرای هێناوە لە جیناتی پزیشکی لە هەمان زانکۆ، لە ساڵی ٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە کوردستان و تا ساڵی ٢٠١٤ سەرۆکی زانکۆی کۆیە بوە، لە ژیانی ئەکادیمیدا نزیکەی (٥٥) لێکۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤارە زانستیە جیهانییەکان لە بواری پسپۆریەکەی خۆی بڵاو بۆتەوە، سەرپەرشتی دەیان تێزی ماجستێر و دکتۆرای کردووە.





# مامۆستا خەبات

ناوی سیانی: خەبات عەلی عەبدولرەحیم

- نازناو: مامۆستا خەبات

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گۆپتەپە/ قەزای کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆی ستۆکهۆڵم/ توێژەری کۆمەڵایەتی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: سەرەتای ساڵی ١٩٨٢

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی لە خرێ و ناوزەنگ.

- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ که ئەوکات شەهید (ملازم خوله) فەرماندەی تیپ بوو. پاشان بەهۆی بریندارببوونی ملازم خوله لە شەڕی پشتیوانی برایانی ڕۆژهەڵات، هەڤاڵ (عەبدوڵڵای مام عەلی ڕانیەیی) کرا بە فەرماندەی هەمان تیپ، پاش ماوەیەک مامۆستا خەبات کراوەتە کادیری کۆمەڵایەتی سنوری تیپی (٨٣) ی هەورێ ..

- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر بەهەمان پلە.

- لە ١٣ی مایسی ساڵی ١٩٨٥ لە شەڕێک لە سنوری بەستی شەرغەبریندار بووەو چاوێکی لەدەست داوە.

دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر

- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: کادیری کۆمەڵایەتی

- کام ئۆرگان: تیپی ٨٦

- ناوبراو لە یەکێتیی مامۆستایان و کۆمەڵایەتی ڕۆڵ و پێگەی دیاری هەبووە.

- بەهۆی برینداری و ناتەندروستی ڕووی لەهاندەران کردووە و ئێستا نیشتەجێی وڵاتی سویدە.





# خەلیل چاو ڕەش

- ناوی سیانی: خەلیل کەریم وەسمان مستەفا
- ناسراوبە: خەلیل چاو ڕەش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سورە قەڵا/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان (بزوتنەوە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی کۆیە.
- لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کردۆتەوە بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- لە ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە ئەوکات تۆفیق کانی وەتمانی فەرماندەی کەرت بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٣) ی هەورێ، بەتالیۆنی (٨)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٣)
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ١٩٩١/٣/٥
- پاشان بەردەوام بووە تا ڕۆژی خانەنشین بوونی.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: جێگری لەشکر
- کام ئۆرگان: لەشکری کارۆخ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو (٢) جار برینداربووە.



# خەتاب زرار ئەسعەد

ناوی سیانی: خەتاب زرار ئەسعەد

ـ ناسراوبە: خەبات

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩

ـ شوێنی لەدایکبوون: سولاوک/ هیران/ شەقڵاوە

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پیشمەرگە: ١٩٧٧

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٧) ی باڵەک

ـ پاشان لە هەرێمی (٨) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: هەرێمی (٨) کەرتی خۆشناوەتی.

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت

ـ کام ئۆرگان: هەرێمی (٨)

ـ زیندانی بووە: بەڵێ

ـ ساڵی چەند: ١٩٧٨ لە هەکاری

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.

ـ ناوبراو برایەکی شەهیدە.







# دڵزار بەکر عەبدولکەریم حەوێزی

- ناوی سیانی: دڵزار بەکر عەبدولکەریم حەوێزی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی بەفری قەندیی/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: (بکالیۆریوس) دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: ڕێکخستنەکانی زانکۆی سلێمانی - یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ( بزوتنەوە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٤)ی ئاکۆ
- دواتر گواستراوەتەوە بۆ ناوەندی سەرکردایەتیی بزوتنەوە بۆ لای جەمال حەکیم ئاغا گوێزرایەوە.
- لە ساڵی ١٩٨٠کرایە ئەندامی دەزگای دارایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بڕیاری مەکتەبی سیاسی.
- لە ساڵی ١٩٨٣کراوە فەرماندەی کەرتی (٤) ی پاراستنی بارەگای سکرتێری گشتی لە تووژەڵە.
- هەر لەهەمان ساڵ گواستراوەتەوە بۆ تیپی (٩٠) ی باوەجی کەرتی (٤)
- لە ٢٧/٤/ ١٩٨٣ لە شەڕێکی داچەسپیوو بەسەر یەکێتیی بەسەختی بریندار بوو هەردوو چاوی لە دەست دا. بەهۆی سەختی برینداره‌کەی (٦) مانگ ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا، پاشان لە بارەگای مەڵبەندی (٣) لە سماقولـی درێژەی بە خەباتی ڕێکخستن دا لە ڕێگای مامۆستا چەتۆ حوێزی.
- لە ساڵی ١٩٨٤ بەمەبەستی چارەسەر لەلایەن بەڕێز مام جەلال ڕەوانەی ئەلمانیا کرا، لەساڵی ١٩٨٨ پاش کشانەوەیان بۆسەر سنوری قاسمە ڕەش ناوبراو درێژەی بە کاری ڕیکخستنەکان داوە لە بارەگای مەکتەبی ڕێکخستن، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کرایە ئەندامی کۆمیتەی فەرمانبەران لە هەولێر، ساڵی ١٩٩٢ بەشدار بووە لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٣ کرایە لێپرسراوی سەرپەرشتی کردنی ڕێکخستنەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پێ سپێردرا، پاشان لە ساڵی ١٩٩٥ کوردستانی جێهێشتووە، ١٩٩٦ بۆتەوە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی سویدو لە ساڵی ١٩٩٨ کرایە کارگێڕی کۆمیتەو بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٠ کرایە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی (١٤) ی کۆیە تاکو ئێستا بەردەوامە.



# دڵزار تۆفیق عەبدولکەریم

ناوی سیانی: دڵزار تۆفیق عەبدولکەریم


- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: لێپرسراوی کۆمەڵایەتی بووە
- ناوبراو دایکی لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی١٩٨٢ شەهیدبووە.



# مامە دڵە

ناوی سیانی: دڵزار حەمەدەمین عەزیز

- ناسراوبە: مامە دڵە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی
- پاشان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ لە ناوەندی شۆڕشگێڕان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان گواستراوەتەوە ناوچەی شۆڕشگێڕان لە سنوری دەشتی کۆیە
- لە ساڵی ١٩٨٦ لە دەستەی کاک ڕەهبەری سەید برایم بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٢٥) ی خاڵخاڵان
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ی کردووە.
- پاشان لە هێزی (٧) ی کۆیە بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی تا ڕۆژی خانەنشین بوونی.



# دڵزار کانی بی

- ناوی سیانی: دڵزار مەجید حەمە سەدیق
- ناسراوبە: دڵزار کانی بی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی بی/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/١١/٢٧
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی حاجی قەڵا، پاشان تیپی (٩٣) ی کۆیە .
- ناوبراودرێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە دەشتی کۆیە، پێشمەرگەیەکی گوێرایەڵ و بە دسپلین بوو.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ . م
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە .
- پاشان لە شکری (٩) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و دواپلەی فەرماندەی کەرت بووە .
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە .
- برایەکی شەهیدە بەناوی (فەیسەل مەجید)





# کوێخا

- ناوی سیانی: دڵشاد ڕەزا عەبدوڵڵا ئیسماعیل
- ناسراوبە: کوێخا
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٨
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٨
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
- پاشان لە تیپی (٩٠) ی باوەجی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی هۆشیارو دڵسۆزو خاوەن پێگەیەکی جوان بوو.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی ٩٠ی باوەجی
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری تیپی (٩٠) ی باوەجی.
- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان لە هێزو لە شکرو فەرماندەیی (٩) ی کۆیە بەردەوام بووە لە خەبات و بەرگری لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پاراستنی خاکی کوردستان.
- پاشان ناوبراو کرایە لێپرسراوی حەرەکاتی لیوای (٩) ی کۆیە.
- ناوبراو (٢) برای شەهیدە بەناوەکانی (محەمەد و ڕەزا)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار برینداربووە. چاوێکی لەدەست داوە
- دەرچووی خولی سەربازی کانی گۆمەیە.



# دلێر حەمەدەمین مەلا عەبدوڵڵا

ناوی سیانی: دلێر حەمەدەمین مەلا عەبدوڵڵا

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: بزووتنەوەی سۆسیالیستی
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٥) شەهید دکتۆر خالید سەعید
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٨٥
- لە ساڵی ١٩٨٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری چەندین چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- کوڕێکی شەهیدە بەناوی (هۆشمەند) لە ساڵی ١٩٩١.



# دەشتی حەمەدەمین نەجیم

ناوی سیانی: دەشتی حەمەدەمین نەجیم

- ناسراوبە: مام دەشتی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٤٩

- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- لە ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی کردووە بە شۆڕش و بە ڕێکخستنەکان لەئەوێ ڕۆژێ تا لە ١٩٧٢ دەستگیر دەکرێ تاکو ساڵی ١٩٧٣ پاش ئازادبوونی پەیوەندی بەشۆڕش دەکاتەوە تاکو ١٩٧٥.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٦

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠، لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) کەرتی خۆشناوەتی، پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە ساڵی ١٩٨١ لە قوەی خۆشناوەتی بووە ئەوکات (ملازم خولە) بەرپرسی ئەم قوەتە بووە. ناوبراو هەمان ساڵ کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە، دواترناوبراو لەقوەی کۆسرەت بووە ئەوکات (مامۆستا عەزیز) بەرپرسی ئەم قوەتە بووە، ماوەیەک هەڤاڵ فاروقی عەلی مەولود سەرپەرشتیاری ئەم قوەتە بوو، پاش دروست بوونی تیپەکان ناوبراو لە کەرتی (٣) تیپی (٩٣) ی کۆیە بەردەوام بووە ئەوکات شەهید شەمال فەرماندەی ئەم تیپە بوو، لەهەمان ساڵ کراوە بە فەرماندەی کەرتی (٣)، لە ساڵی ١٩٨٥ بەهۆی نەخۆشی ڕەوانەی ئێران کراوە، لە ساڵی ١٩٨٦ کرا ڕابەری سیاسی تیپی (٩٠) ی باوەجی، لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩، پاشان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، ماوەیەکی کەم پێش ڕاپەرین لەلایەن سەرپەرشتیاری ڕاپەرینی کۆیە کە (مامۆستا باپیر) بوو ئاگادار کراوەتەوە ، نامەی بۆ هاتووە سەردانیان بکات لەنزیک دەواجنەکانی (ئەحمەد خارە) لە سنوری قەمتەران وە خواردنیان بۆبهێنێ، دواتر پاش یەکتربینین لەگەڵ مەفرەزەی پارتیزانەکانی کۆیە چەند نامەیەکیان پێ داوە بۆئەوانەی بەرپرسی ڕژێمن لە کۆیە، ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، کادیرێکی پێشکەوتوو، ڕۆشنبیری هەولێرو کۆیە بووە، لە تەشکیلاتی قیادەی مەنتیقەی هەولێرناوبراو کراوەتە لێپرسراوی (میرە) ی قیادەی مەنتیقە بەپلەی مقدم، لە پێش ٣١ی ئاب ناوبراو ڕابەری سیاسی لەشکری قەرەچوغ بووە ئەوکات هەڤاڵ (عوسمان بانی مارانی) سەرلەشکر بووە، دوا پلەت لە دوای ڕاپەرین: کارگێڕی مەڵبەند، کام ئۆرگان: مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، یەکێک بووە لەو کادیرانەی هەمیشە لەخولەکانی سەربازی لە قشلەی کۆیەو چوارقورنەو وسەراوی سوبحانەئاغا، کۆڕو کۆبونەوەی بەهێزی پێشمەرگە کردووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە، خاوەنی برایەکی شەهیدە بەناوی (دژوار)



# ڕزگار هیرانی

ناوی سیانی: ڕزگار سالّح حەسەن

- ناسراوبە: ڕزگار هیرانی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٨/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هیران/ شەقڵاوە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢تا ساڵی ١٩٨٦

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٣) ئەوکات جەوهەر هیرانی فەرماندەی کەرت بووە

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٣) ئەوکات (جەمال سکتانی) فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.


- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م

- ناوبراو سێ برای شەهیدە بەناوەکانی (ئەسوەد، عەزیز، شێرزاد)



# ڕزگاری حەمە سوورکوێخا تەها کانی کوردەیی

- ناوی سیانی: ڕزگار سەدیق تەها عەولا
- ناسراوبە: ڕزگاری حەمە سوورکوێخا تەها کانی کوردەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی کوردە/ ناحیەی ئاشتی/ کۆیە،هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: حزبی سۆسیالیستی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٥) ی شەهید دکتۆر خالید سەعید.
- لە ساڵی ١٩٨٥ – ١٩٨٦ کرایە لێپرسراوی ئیدارەو مالیەی هەرێمی (١٥)
- لە ساڵی ١٩٨٨ کرایە فەرماندەی کەرت.
- ماوەیەک لە دوای ئەنفالەکان بووە سەرپەرشتیاری هەرێمی (١٥)
- لە دوای ١٩٨٨/٨/٢٨ بەڕێ کەوتن بەرەو سنوری ئێران. لەئێران ماونەتەوە تا ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١.
- پاشان ناوبراو کرایە فەرماندەی بەتالیۆن لە هێزی کۆیە.
- لە ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی کۆنگرەی (٢) ی حزبی سۆسیالیست بووە.
- لەیەکگرتنەوەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ گەڕاونەتەوە ناویەکێتی و درێژەیان بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لەساڵی ١٩٩٤ ـ١٩٩٥ کرایە فەرماندەی فەوجی (٦) لە لیوای پێشمەرگە دێرینەکانی کۆیە، ئەوکات هەڤاڵ (جەلال ئیلنجاغی) فەرماندەی لیوا بوو، لەمانگی (٧) ی ساڵی ١٩٩٦ بارەگای مەڵبەندی کۆیە کرایەوە، ناوبراو کرایە فەرماندەی تیپی مەڵبەند، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جاربریندداربووە و (٢) جار بەرکیمیاوی کەوتووە.





# ڕزگار بەنزین

ناوی سیانی: ڕزگار هاشم حەمەدەمین

- ناسراوبە: ڕزگار بەنزین

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١/٧/٣

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی دیبەگە/ مەخمور/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی سەناعە/ بەشی ئەلکترۆنی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٣) ی ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر، پاشان لە سەرکردایەتی/ زەلێ و ناوزەنگ

- پاشان لە گەڵ قوەتی دەشتی هەولێر لە سەرکردایەتی هاتۆتەوە دەشتی هەولێر، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ جارێکی تر گواستراوەتەوە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێرلە وەرتێ، پاش دروست بوونی تیپەکان ناوبراو لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە دوای ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی نەخۆشیەوە (٣) مانگ لەڕێگای ڕێکخستنەکانەوە لەناو هەولێربووە بەبێ ئەوەی تەسلیم ببێتەوە پاشان تیپی (٨٧)ی قەرەچووغ بڕیاری لێدرا وتەشکیل کرا، ناوبراو لەم تیپە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، لە ساڵی ١٩٨٤ کرایە بە ئەندام پۆل لە کەرتی (٢و٣) تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، لە ساڵی ١٩٨٥ لەسنوری گوێر بەسەختی بریندار بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی هەوراز و نشێوی زۆر بینیوە، لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان چالاکی و نەبەردی کردووە، لە بەهاری ساڵی ١٩٨٧ لەشەڕی گوندی باغەمرە بەدیل دەگیرێ بە برینداری هەردوو قاچی فیشەکی بەرکەوتبوو لە سجنیش وەکو پێویست تەداوی نەکرابوو تووشی نەخۆشی (گەنگەرین) بوو قاچی ڕاستی بڕایەوە، لەکاتی گیرانی بەبرینداری زۆر مەردانە (تفی) لە مستەشارەکە کردبوو جوێنی پێدابوو وتبووی پیاونی ئەگەر نەمکوژی بەڵام ڕادەستی دائیرەی ئەمنم مەکە، لەماوەی زیندانی لەم شوێنانە زیندانی کراوە (فەیلەقی (٥)، دائیرەی ئەمنی کەرکوک، ئەمنی هەولێر، هۆبەی (٣) ی بەغداد، لە ساڵی ١٩٨٨ (ئەبوغرێب)

- لە دوای وەستانی شەڕی عێراق و ئێران ناوبراو بەرلێبوردن کەوت و لە ١٩٨٨/٩/١٤ ئازاد کرا، ناوبراو زیندانی سیاسی و پێشمەرگەی کەم ئەندامی سەنگەرە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار برینداربووە، بەداخەوە لە ڕۆژی ١/١٢/ ٢٠٢١ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.



# ڕزگار فەتاح حەمەد

ناوی سیانی: ڕزگار فەتاح حەمەد

- ناسراوبە: خۆشناو
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سولاوک/ ناحیەی هیران/ شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان/ خۆشناوەتی
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٨/١٨
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) کەرتی سمەکۆس
- پاشان لە تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٣) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٤)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ. م
- کام ئۆرگان: تیپی ٩١
- ناوبراو (٢) جار زیندانی کراوە ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن ڕژێم، لە ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە ساڵی ١٩٨٤ لە سنوری هەنارە.



# ڕەحمان ڕەئووف عوسمان

ناوی تەواو: ڕەحمان ڕەئووف عوسمان

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی

ـ لەساڵی ١٩٦٨ وەکو بچوکترین گەنجی گوندەکەیان پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووەو جارێکیش بەسوکی بریندار بووەو تاکو ئاشبەتاڵەکەی ساڵی ١٩٧٥ لەسەنگەری کوردایەتی دانەبڕاوە.

ـ لەساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەئۆرگانەکانی کۆمەڵە دەکات .

ـ ساڵی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە: ١٩٨١

ـ ئۆرگان: هەرێمی (٨) ـ پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی ٩٣ی کۆیەو بەشداری چەندین شەڕی کردووە یەکێک لەوانەی داستانی چیای هەیبەت سوڵتان بوو، لەساڵی ١٩٨٢ بەناوی هێزی پشتیوانی لەگەڵ حیزبی دیموکرات چوونە ناو خاکی ئێران و چەندین مانگ دژی ڕژێمی پەت و سێدارە شەڕیان کرد.

لەساڵی ١٩٨٣ دەگوازرێتەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کەرتی شەهید ئەحمەد قەمبەری.

دواتر لە درێژەی پێشمەرگایەتی گوازراوەتەوە کەرتەکانی تر لەهەمان تیپ.

ـ لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ بەهۆی قورسی ژیان و هەژاری بۆ ماوەیەک چەک دادەنێ و هەر لە گوندەکەی خۆی خەریکی کاری جوتیاری دەبێت.

ـ وەکو هێزی پشتگیری بەشداری هەموو ئەو شەڕانەی کردووە کە لە گوندەکە روویانداوە، دواتر بەهۆی تێکچوونی گوندەکانەوە خێزان و منداڵەکانی دەنێرێتەوە شارو بەخۆی لەگەڵ چەند خزمێک لەسنورەکە دەمێننەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەوەی ماوەیەک وەکو پارتیزان خۆیان حەشاردا دواجار بەناچاری بەهۆی سەختی بارودۆخەکە تەسلیم بوویەوە و وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لەڕاپەڕین مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١بەشداریەکی کارای هەبوو، دواتر وەکو خۆبەخشێک بەشداری شەڕی کردووە لەدژی بزوتنەوەی ئیسلامی و هەر لەم شەڕەدا بەسەختی برینداربووە، لە ٣١ی ئاب برایەکی قارەمانی بەناوی (حکیم) شەهید دەبێ کە پلەکەی سەرتیپ بوو، لە دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ پەیوەندی ڕێکخستنی بە نهێنی و ڕاستەوخۆی بەشەهید (خسرۆ شێرە) وە دەکات لەکۆیە و هەموو مانگێ لەهەولێرەوە جارێک دوو جار سەردانی دەکات، دواجار بەپلەی ڕائید خانەنشین بوو، بەداخەوە لە ڕۆژی ٢٠٢١/٣/١٩ کۆچی دوایی کرد.







# ڕەسوو حەسەن

- ناوی سیانی: ڕەسوڵ حەسەن ڕەسوڵ
- ناسراوبە: ڕەسوو حەسەن
- ساڵی لەدایکبوون: لەنفوس ١٩٦٥ تۆمار کراوە بەڵام لەبنەڕەتدا مەوالیدی ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەرکان/ ناحیەی قەسرێ چۆمان، هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨/٤/١٥
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە) ڕێکخراوی قەندیل
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٥/١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٧) ی باڵەک/ کەرتی (٣) ئەوکات شەهید برایمی حاجی کوێخا فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٧٤) ی باڵەک تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٩
- پاشان لە بەتالیۆنی (٤) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ئاودیوی ئێران بوونە، ئەوکات شەهید ڕەحمان سەیدە فەرماندەی بەتالیۆنی (٤) بوو.
- لە مانگی (٥) ی ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، گەڕاوەتەوە ناوشار.
- لە ١٩٩٠/٨/٢ دووبارە گەڕاوەتەوە قەندیل و پەیوەندی بە بەتالیۆنی (٤) کردۆتەوە.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ بەشداری کردووە، تا ڕزگارکردنی شاری کەرکوک.
- دواتر لە هێزی (١٢)ی سۆران/ بەتالیۆنی (ساکوت) درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە، ئەوکات شەهید عەزەی داودەی فەرماندەی ئەم تیپە بووە.
- دواترلە دەستەی شەهید (حەسەن کوێستانی) بووە تا شەهیدبوونی، ناوبراو دواشوێنی پێشمەرگایەتی لە فەوجی (٣) ی ڕاگەیاندن بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ ناوبراو خانەنشین بووە.



# كۆچەر عەبدوڵڵا

ناوی سیانی: ڕەسوڵ عەبدوڵڵا عەلی

ـ ناسراوبە: کـۆچەر عەبدوڵڵا

ـ ساڵی لەدایکبوون :١٩٦٥

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی حاجی قەڵا/ کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ئامادەیی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٢) ی کەرکوک


ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: ڕێبەری سیاسی تیپ

ـ کام ئۆرگان: تیپی ٩٣

ـ جگە لەکادیری کۆمەڵە لەناوکەرتەکان ماوەیەک عەدد جهازبووە لەتیپی ٩٣ی کۆیە. ماوەیەک عدد جهازی مەکتەبی سیاسی بووە لە لای کاک نەوشیروان پاشان بووەتە ڕابەری سیاسی تیپی ٥٦ گەڵاڵە پاشان ڕێبەری سیاسی تیپەکانی، ٩٣و٧٣ی قەندیل بووە.

ـ ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، دوای ڕاپەڕین کرایە جێگری تیپ ئەوکات (مولود مامقلینجی) فەرماندەی تیپ بوو لە هێزی ٧ی کۆیە، دواترهێزی ١٢ی تەقتەق تەشکیل بووناوبراو بووە ڕابەری سیاسی هێزەکە، لەدوای دروستبوونی حکومەت بووە بەلێپرسراوی لێژنەی ئاسایشی تەق تەق پاشان گوازراوەتەوە بۆ هێزەکانی سنوورکە بارەگاکەی لە شەقڵاوە بوو، دواترگواستراوەتەوە لیوای تایبەت، پاشان بارەگایان هاتەوە چناروک بووە بەفەرماندەی تیپ لە لەشکری کۆیە تاکودوای ٣١ئاب ڕابەری سیاسی هێز بووە، دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: جێگری مەڵبەند، کام ئۆرگان: مەڵبەندی (١٠) ی ڕێکخستنی پێشمەرگە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە، دەرچووی خولی یەکی فەرماندەیی و خولی کادیرانی قەڵاچۆلانی لە ساڵی ١٩٩٧ تەواو کردووە.



# حەمەڕەش

ناوی سیانی: ڕەسوڵ کەریم سۆفی

- ناسراوبە: حەمە ڕەش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی قەڵات/ کۆیە
- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی
- لە دوای ١٩٨٢ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٩٣) ی کۆیە
- لە ساڵی ١٩٨٦- ١٩٨٧ گواستراوەتەوە سنوری کۆیە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٢٥) ی خالخالآن
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ. م
- لە سەرەتایی ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: فەرماندەی فەسیل
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندداربووە.
- ناوبراو برایەکی شەهیدی ئەنفالە



# ڕەسووە هار

ناوی سیانی: ڕەسوڵ محەمەد کەریم ئەحمەد

- ناسراوبە: ڕەسووە هار
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ماونان/ قەزای چۆمان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا - ٢٠١٢/٢٠١٣
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/٧/٢٥
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٧٤) ی باڵەک/ دەستەی تیپ
- پاشان لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ ڕەحمەتی قادرخەبات گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین.
- پاشان هەرلەگەڵ دەستەکەی هەڤاڵ (قادرخەبات) لەم ئۆرگانانەی خوارەوە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە وەک، (٧٨) ی کارۆخ، (٧٤)ی باڵەک، مەکتەبی عەسکری.
- لە ساڵی ١٩٨٧ بارەگایان لەمەکتەبی عەسکری بووە لە زەلێ ئەوکات نەمر (قادر خەبات) ئەندامی مەکتەب بوو وە سەرپەرشتی چەند تیپێکی دەکرد لەسەرسنور وەک قەلاتۆکان و شێنێ، هەڤاڵ (ڕەسوڵ محەمەد) جێگری تیپ بووە لای قادرخەبات
- لە ڕۆژی ١٩٩٠/١٢/٢٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە گەڕاوەتەوە شار.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە تا کەرکوکی شاری پێکەوە ژیان.
- لە ساڵی ١٩٩٢ لە هێزی (١٢) ی سۆران لە بەتالێۆنی (٣٦) شەمۆڵ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ لە دەزگای ئاسایش دامەزراوە، پاشان لە مەکتەبی عەسکری لە لای نەمر (قادر خەبات) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦، دواتر وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لە دوای پرۆسەی ئازادی خانەنشین کراوە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە، باوکی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستانە.



# خار ڕەسوڵ کاموسەکی

ناوی سیانی: ڕەسوڵ مستەفا ڕەسوڵ حەسەن

- ناسراو بە: خار ڕەسوڵ کاموسەکی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٢/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاموسەک/ هیران/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٣)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (٤)
- ناوبراو بەهۆی نەخۆش کەوتنی لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئێرانەوە گەڕاوەتەوە کوردستان وازی لەپێشمەرگایەتی هێناوە.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- لە لەساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینی کردووە.
- پاشان بەشدار بووە لە زۆربەی تەشکیلاتەکانی دوای ڕاپەرین، ناوبراو لەفەوجی (٣) لیوای (٢٤) ی خۆشناوەتی (ئامر سریە) بووە.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی لە دوای ڕاپەرین (٣) جار بریندار بووە.






# ڕەشید حەسەن حەمە سەعید

ناوی سیانی: ڕەشید حەسەن حەمە سەعید

- ساڵی لەدایكبوون :١٩٦٣
- شوێنی لەدایكبوون: قەزای چۆمان/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٨٠
- كام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٧٤) باڵەک ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٨٦.
- لە ساڵی١٩٨٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- لە ساڵی ١٩٨٧ جارێكی تر پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی كردووە
- ئۆرگان: تیپی (٧٨) ی كارۆخ
- پاشان گواستراوەتەوە گومرگ
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ ئینجا گەڕاوەتەوە كوردستان و بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١كردووە.
- پاشان لە هێزی (١٢) ی باڵەک درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.
- دواتر لە لەشكری باڵەک بەردەوام بووە لە خەبات و بەرگری لە خاكی كوردستان تا ڕۆژی خانەنشین بوونی.



# ڕەفیق محەمەد قادر

ـ ناوی تەواو: ڕەفیق محەمەد قادر

ـ ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٤

ـ شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر

ـ ساڵی ١٩٧٢ لەئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر خوێندکاربووە، لە ساڵی ١٩٧٣ شەهید شاخەوان عەباس لێپرسراوی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئاگاداری کردۆتەوە، کە پلەی ئەندامەتیم لە پارتی وەرگرتووە.

ـ ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە لە (مدرەسەی مەدفەعی) وەرگیراوە.

ـ دوای ئاشبەتاڵ ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە عێراق دوورخراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق لە پارێزگای دیوانییە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی (ی . ن . ک) وەکردوە لە دیوانییە، ئامادەیی کشتوکاڵی هەر لە دیوانییە تەواو کرد.

ـ ساڵی ١٩٧٧ ژمارەیەکی زۆری کەسوکاری پێشمەرگەیان هێنایە دیوانییە، کە ژن و منداڵ و پیر بوون، لە پاریگای دیوانییە دەست بە سەر بوون، ناوبراو لەگەڵ چەند برادەرێک شوێنی نیشتە جێبوونیان لە ناو پاریگاکە بوو، بۆیە ڕۆژانە لە ناو کوردە دورخراوەکان کەلوپەلیان کۆدەکردەوەو ناوبرا بۆی دەهێنانە ناو پاریگا.

ـ کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ حکومەتی ئەوسا ڕێگای دان بگەڕێنەوە زێدی خۆیان. ناوبراو لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی هەولێر دامەزراوە.

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە ١٩٨٢

ـ ئۆرگان: تیپی ٩٣ ی کۆیە، ساڵی ١٩٨٣ بووە بە ئەندام کەرت لە کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەندامی کۆنفرانسی سێی کۆمەڵەبووە لە مێرگەپان بەسترا، ساڵی١٩٨٧ بووە بە لێپرسراوی بەشی کۆمەڵایەتی تیپی ٩٣ی کۆیە، ساڵی ١٩٨٨ بۆ ماوەیەک لە پەیوەندییەکانی یەکێتیی لە پیرانشار(خانێ) کاری کردووە، لە دوای ڕاپەڕین ساڵی ١٩٩٢ بووە بە کارگێڕی کۆمیتەی کۆیە، ساڵی ١٩٩٦ بووە بە کارگێڕی مەڵبەندی ٧ ی کۆیە، لەدواتر کارگێڕی مەڵبەند ٣ ی هەولێر، ساڵی ١٩٩٩ بووە بە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لە کۆیە تا ساڵی ٢٠١٦ پاشان گوازراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەڕین وەک بەڕێوەبەر، لەساڵی ٢٠٢١ بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە. خاوەنی دووبرای شەهیدە بە ناوەکانی دڵشاد محەمەد، کە ساڵی ١٩٨٠ بە دەستی ڕژێم شەهید بوو، قاسم محەمەد لە لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوک ساڵی ١٩٨٦ شەهید بوو.







# ڕەمزی بالیسانی

ناوی سیانی: ڕەمزی عەلی عەلی
- ناسراوبە: ڕەمزی بالیسانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی بالیسان/ شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای مەڵبەند/ بەشی دارایی
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تاکو ساڵی ١٩٨٧
- پاشان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ساڵی ١٩٨٨ زیندانی کراوە لە بەغداد ئەمنی بەغدا
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە سنوری خۆشناوەتی.





## فەرماندە

ناوی سیانی: ڕەمەزان ئەحمەد قادر ئەمین


- ناسراوبە: فەرماندە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: کەرکوک
- بەڵام ژیانی پێشمەرگایەتی لەسنوری هەولێر بووە.
- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەڵبەندی (٣)
- ماوەیەک لە تیپی (٩٩) ی بیتوێن درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ کەرتی (٣)
- ناوبراو لە سنوری دەشتی هەولێر بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی تا ئاودیوی ئێران بووە .
- پاشان لە سەر سنور لە بەتالیۆنی (٨) ئەوکات (مەلا سلێمان) فەرماندەی ئەم بەتالیۆنەبوو ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ١٩٩١/٣/٥.
- پاشان بەشداری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی لە زۆر ئۆرگانی سنوری هەولێر.
- لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی سنوری کۆیە بوو، لە فەرماندەی (٢)ی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا.
- دوا بەرگری بەشداری کردووە لە بەرامبەر داعشانی تیرۆریست..
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و بەرگری کردووە.



# شێخ ڕەئووف

ناوی سیانی: ڕەئووف ئەحمەد ئیسماعیل

- ناسراوبە: شێخ ڕەئووف
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠/٧/٤
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سەرکردایەتی/ کەرتی پارێزگاری لە ناوزەنگ، دواتر قەڵاتووکان.
- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ.
- ناوبراو لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی کردووە.
- لە دوای ساڵی ١٩٨٤ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- پاش ڕاپەرین دەگاتە هاندەران و لە کۆمیتەی ڕێکخستنی لەندەن کاری کردووە.



# تەنیا

ناوی سیانی: ڕۆستەم عەبدوڵڵا مەحمود نەبی

- ناسراوبە: تەنیا
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پیشەسازی هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٦) ئەوکات شەهید خاڵە مامەند مەنتک فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٦)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری مەفرەزە
- کام ئۆرگان: کەرتی سجن لە مەڵبەندی (٣)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.



# سەفین مەلا عومەری

ناوی سیانی: زاهیر عومەر ڕەسوڵ بابۆک

- ناسراوبە: سەفین مەلا عومەری
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٥) ی بەرانەتی/ کەرتی یەکی شەمامک.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٥)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- ناوبراو لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- لە سەردەمی تەشکیلاتی قیادەی مەنتیقە ناوبراو لەگەڵ شەهید ڕێباز لە بادینان بووە.
- پێشمەرگەیەکی بەدسپلین و دڵسۆزو کارا بووە لە ئەرکانەی پێی سپێردراوە..
- لە ئێستادا ناوبراو خانەنشینی کەم ئەندامی سەنگەرە.



# شەماڵ عەبدوڵڵا

ناوی سیانی: زرار عەبدوڵڵا مستەفا

- ناسراوبە: شەماڵ عەبدوڵڵا

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩/٢/٢١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: دبلۆمی هەیە لە پەیمانگای هونەری هەولێر/ دەرچووی بەشی یاسا/ زانکۆی سلێمانی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦/٧/١٠

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠، لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) کەرتی دەشتی هەولێر- لەساڵی ١٩٨١ کرایە ڕابەری سیاسی کەرتی (٢) لەقوەتی دەشتی هەولێر، پاشان لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە. لەساڵی ١٩٨٣ ناوبراو گواستراوەتەوە مەڵبەند سێ لە وەرتێ/ بەشی ڕاگەیاندن، چاپخانەی جەعفەر عەبدولواحید، لەهەردوو گۆڤاری ڕاپەڕین و پێشمەرگە کاری کردووە، لە ساڵانی ١٩٨٤ تا ١٩٨٦ وەک کادیرێکی چالاکی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە دواتر کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز بووە، لە ساڵی ١٩٨٤ لەگەڵ دروستبوونی ڕەوتی ئاڵای شۆڕش لە ساڵی ١٩٨٥ پشتگیری ئەم ڕەوتەی کردووە، ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٨٨، دواتر گەڕاوەتەوە هەولێر و وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، وەک ڕێکخستن لەگەڵ ڕەوتی ئاڵای شۆڕش ماوەتەوە، لەساڵی ١٩٩٣ لەکاتی یەکگرتنەوەی ئاڵای شۆڕش لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناوبراو کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی (٤) ی هەولێر سەربە مەڵبەندی سێی هەولێر، ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٤ تا ساڵی ١٩٩٥ بەرپرسی ئێزگەی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر بووە، لەساڵی ١٩٩٦ ناوبراو کرایە کارگێڕی مەڵبەندی سێی هەولێر، لەساڵی ١٩٩٨ لە بەشی ڕووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستن دەست بەکاربووە، لە ساڵی ٢٠٠١ کرایە ئەندامی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٦ وەک جێگری لێپرسراوی مەکتەبی هۆشیاری کاری کردووە، ساڵی ٢٠٠٧ کرایە لێپرسراوی لقی هەولێری مەکتەبی بیرو هۆشیاری، لە ساڵی ٢٠٠٩ لە وەزارەتی مافی مرۆڤ بە ڕاوێژکار دامەزرا، لە ساڵی ٢٠١٣ بەهەمان پلەی ڕاوێژکار گواستراوەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، لە ٢٠٢٣/٦/٣٠ خانەنشین بووە، ناوبراو لە کۆمەڵێک گۆڤارو ڕۆژنامە بەرهەمەکانی بڵاوکراوەتەوە، جێگری سەرنووسەری گۆڤاری نۆڤین بووە، بەرهەمەچاپکراوەکانی (یەکێتیی ئاسۆیەک بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە، حزب لە بازنەی دەستەگەری، بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش وچۆنیەتی کارا کردنی/ فەرموودەکانی ترس و هێلانەکانی مەرگ، عێراقی نوێ، پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان و ڕێگای ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، عێراق بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان،شەو و ژانی خۆشەویستی، جەنگەکانی ئاو، ململانێی ئایندە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەرکەکانی ریکخستن لە قۆناغی نوێی خەباتدا، دوو بابەت دەربارەی تورکیا .





# زرار باڵەیی

ناوی سیانی: زرار عەولا مەحمود زین الدین


- ناسراوبە: زرار باڵەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەرکان/ دۆڵی باڵەییان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ناوبراو بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦
- کام ئۆرگان: بزووتنەوە
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: دەستەی شەهید دکتۆر خالید، لەم ماوەیە ناوبراو (٢) جار لەگەڵ (دکتۆر خالید) چۆتە سەر سنووری تورکیا.
- لە ساڵی ١٩٧٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە تاکو ساڵی ١٩٧٩
- لە ساڵی ١٩٧٩ دوبارە بۆتەوە پێشمەرگە لە هەرێمی (٧) ی باڵەک
- دواتر لە تیپی (٧٤) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ماوەیەک لە سنوری سەرکردایەتی لە دەستەکەی (کەمال خۆشناو) پێشمەرگە بووە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە. تا شاری کەرکوک لەگەڵ مەفرەزەکانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ).
- لە سەردەمی تەشکیلاتەکانی بەتالیۆن ناوبراو سەرتیپ بووە لەلای مەلای مەحمودی .
- پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بە دسپلین بوو، بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی کردووە.
- ناوبراو کچێکی شەهیدە بەناوی (زولێخا)



# هێرش

ناوی سیانی: زیاد ئەحمەد عەلی فقێ

- ناسراوبە: هێرش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایکبوون: کەرکوک/ پردێ
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ کەرتی (٢) ئەوکات شەهید (مەلا عەزیز) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ .م
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٧)
- لە ساڵی ١٩٨٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی کردووە لەساڵی ١٩٩١
- لە دوای ڕاپەڕین لە چەندین ئۆرگانی سەربازی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ڕۆژی خانەنشین بوونی.
- ناوبراو (برا) یەکی شەهیدە



# سابیر هەژار

ناوی سیانی: سابیر حوسێن حەسەن

ـ ناسراوبە: سابیر هەژار

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٤

ـ شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی سەعدوناوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: تا سێی ناوەندی خوێندووە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٣ تاکو ١٩٧٥ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە لە هێزی بێتواتە لە (مەدرسەی مەدفعی) درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨ لە ڕێگای شەهید (سابیر ڕەسوڵ)

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠/٩/١٢

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر. ئەوکات (شێخ عەلی) فەرماندەی هەرێمی بوو.

ـ ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە دۆڵی بالیسان

ـ لە تیپی (٨٦) مەفرەزەی تیپ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە،ئەوکات شەهید سابیر ڕەسوڵ فەرماندەی تیپ بوو.

ـ دواترلە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٢١) ی کەرکوک هەرلە مەفرەزەی تیپ.

ـ لە ساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ، هەرلەم تیپە کرایە جێگری کەرت.

ـ لە ساڵی ١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ کرایە لێپرسراوی بازگەی زینەتیر.

ـ لە ١٩٨٨/٨/٢٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ـ لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە، لە سوپای یەکگرتووی کوردستان کرایە ئامرفەسیل.
ـ لە ساڵی ١٩٩٤ لە فەوجی تایبەت کرایە ئامر سریە، ناوبراو بەردەوام بوو تاپرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق پاشان خانەنشین بوو بە پلەی موقدەم، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە، برایەکی لەڕێکخستنەکان کاری کردووە شەهید کراوە.



# سابیر کاریتانی

ناوی سیانی: سابیر مەولود ئەحمەد ئیسماعیل

ـ نازناو: سابیر کاریتانی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاریتان/ ناحیەی دیبەگە/ قەزای مەخمور

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلیژی سەربازی قەڵاچۆلان

ـ ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٨٢

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/٣/٩

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی/ پاش (٤) مانگ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (١) ی شەهید کاوە.

ـ پاش تەشکیلاتی تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ ئەم کەرتە بەکاملی گواستراوەتەوە تیپی (٨٧).


ـ لەساڵی١٩٨٦ کراوەتەوە جێگری فەرماندەی مەفرەزە، دواترلەکۆتایی هەمان ساڵ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە و ساڵی ١٩٨٧ کراوەتەوە جێگری فەرماندەی کەرتی (٤) ی کەندێناوە.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ کەرتی (٤) لە سنورەکانی (قاسمە ڕەش/ نۆکان/ تووژەلە/ دۆڵە کۆگە)

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت

ـ کام ئۆرگان: تیپی (٨٧)

ـ ناوبراو بەشداری ڕاپەرینی کردووە، چەندین پلەی سەربازی بڕیوە وەک فەرماندەی سریە لە لیوای ٣١ی فوجی (٣)، فەرماندەی تیپ، دواتر فەرماندەی هێزی (٢٠٥) تا جێگری فەرماندەی هەولێر لە دوای پرۆسەی ڕزگاری عێراق، ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە هەلاج و دابان بە کیمیاوی و لە شاخی کوزینە، لەساڵی ٢٠٠٥ کراوەتە جێگری مەڵبەندی (٢٠) ی ڕێکخستنی قەرەچوغ دواترلە ساڵی ٢٠٠٨ کراوەتە نوێنەری هەڤاڵ (مام جەلال) لە هەمان مەڵبەند، دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: لە ئێستادا ناوبراو جێگری مەڵبەندی (٣) ی ڕێکخستنی هەولێرە.



# هاوڕێ قازی

ناوی سیانی: سابیر ئەحمەد ڕەسوڵ قادر

- نازناو: هاوڕێ قازی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٨٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی باخچە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی تایبەتی مەڵبەندی هەولێر.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی تایبەتی مەڵبەندی سێ.
- ناوبراو لە دوای ڕاپەرین چەندین پلەو پۆستی سەربازی بڕیوە لە سنوری فەرماندەییەکانی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جاربریندار بووە لە (سەرکردایەتی، تەق تەق، دۆڵی بالیسان)







# سالار خەزنە

ناوی سیانی: سالار سابیر محەمەد ساڵح

ـ ناسراوبە: سالار خەزنە

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی خەزنە/ کەندێناوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٩/١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٧) ی باڵەک

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین/ مەفرەزەی تیپ

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م

ـ کام ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو (٢) جار برینداربووە.



# وەستا ساڵح

ناوی سیانی: ساڵح عەبدوڵڵا حەمەد ساڵح

- ناسراوبە: وەستا ساڵح
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پێبازۆک/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ ناوچەی کۆیەی شۆڕشگێڕان
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی ٩٣
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- لە دوای ئەنفالەکان وازی هێناوە لە پێشمەرگایەتی
- لەڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- لەماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی ئەو چالاکیانەی کردووە کە لە سنوری تیپەکەی ئەنجام دراوە.
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی بەدسپلین و دڵسۆز بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندداربووە لە کەلکە سماقەو قۆپکی غەمزە.
- خاوەنی (٢) برای شەهیدە





# سامی قادر

ناوی سیانی: سامی قادر ئەحمەد

ـ ناسراوبە: نەریمان

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥

ـ شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ لە ساڵی ١٩٧٠پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە بووە پێشمەرگە. پاشان ئاوارەی ئێران بووە، ماوەیەک ئاوارەی ئۆردوگای (سەرئاب نیلوفەری لە کرماشان)، دواتر گەڕاوتەوە بۆ عێراق.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن : ١٩٧٥

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵە

ـ لە ساڵی ١٩٧٦ کرایە (ئەندامی کۆمیتە) سەربە کۆمیتەی هەرێمی هەولێر کە ئەوکات (عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر)

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر

ـ لە ساڵی ١٩٧٨ بەشداری کۆبونەوەی کادیرە پێشکەوتووەکانی کۆمەڵەی کردووە لە گوندی شێنێ. لەم سەروبەندە بەشداری چەندین شەڕی کردووە وەک (ئاوەگردو سناوە، شێنێ، هەورێ، شیوەشان).

ـ لەکاری ڕێکخستنیش هەربەردەوام بووە شان بەشانی پێشمەرگایەتی بەلاَم لە ساڵی ١٩٧٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە و پاشان کرایە ڕابەری سیاسی بەتالیۆن لە هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێر، لە دوای ٣١ی ئاب ڕابەری سیاسی لەشکری کۆیە بوو لە فەرماندەی (٩) ی کۆیە، لە ساڵی ٢٠٠٣ گواستراوەتەوە مەڵبەندی (٣) ی هەولێر بە پلەی ئەندام مەڵبەندو بەرپرسی نوسینگەی ڕێکخستن، پاشان گواستراوەتەوە مەڵبەندی (١٤) ی ڕێکخستنی کۆیە، لە ئێستادا جێگری مەڵبەندی کۆیەو لێپرسراوی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریە، لەبواری نووسین و وەرگێڕان و پێشەکی بۆ کتێب نووسین خاوەن بەهرەیەکی جوان و قەڵەمێکی بڕشت و پڕ ئەزموونە دەیان نووسینی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بلاَوکرایەتەوە.







# پێشەوا

ناوی سیانی: سامی مەولود مستەفا

- ناسراوبە: پێشەوا
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٢)
- لە ساڵی ١٩٨٥ چۆتە ڕیزی ئاڵای شۆڕش
- درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا دوای ئەنفالەکان پاشان ئاودیوی ئێران بووتا ١٩٩١/٣/٥ لە ئێران بووە، واتە لە پێشمەرگایەتی دانەبڕاوە.
- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- لە ساڵی ١٩٩١ سەنگەری خەباتی گواستەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە ئۆرگانە جیاجیاکانی سنوری هەولێر.
- دواپلەی فەرماندەی تیپ بووە لە بارەگای مەکتەبی سیاسی.
- لە ساڵی ١٩٩٣ناوبراو بەرەو هاندەران ڕۆیشت.



# سلێمان خەبات

ناوی سیانی: سلێمان حەمەد مینە

- ناسراوبە: سلێمان خەبات

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی خەزینە/ ناحیەی قەسرێ/ قەزای چۆمان ،هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٧) ی باڵەک

- دواتر لە تیپی (٧٤) ی باڵەک درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە.

- دواتر لە بارەگای مەکتەبی عەسکەری بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان.

- ناوبراو لە دوای ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران بووە نەگەڕاوەتەوە تا ڕۆژی ڕاپەڕین ١٩٩١/٣/٥ بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی.

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستانی کردووە.

- پاشان لە تەشکیلاتی دوای ڕاپەڕین لە هێزی (١٢)ی باڵەک بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی .

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە ١ـ کەڵەکی باڵەیان ٢ ـ زێوەکەو کونەمارە.



# سلێمان سەعید قەڵاتی

ناوی سیانی: سلێمان سەعید عەبدوڵڵا ئیبراهیم

- ناسراوبە: سلێمان سەعید قەڵاتی
- ساڵی لەدایكبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایكبوون: گوندی قەڵات/ قەسرێ/ چۆمان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٧٩
- كام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان (كۆمەڵە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٧) ی باڵەک
- پاشان لە تیپی (٧٤) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە كۆتا تەشكیلاتی یەكێتیی لە سەر سنور ناوبراو لە تیپی (٨٣) ی هەورێ/ بەتالیۆنی (٤) ئەوكات شەهید (ڕەحمان سەیدە) فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
- لە دوای ئەنفالەكان ناوبراو ئاودیوی ئێران بوو تا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥ واتە ڕۆژی ڕاپەڕین نەگەڕاوەتەوە كوردستان بەردەوام پێشمەرگە بووە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١ی كردووە.
- لە تەشكیلاتی قیادەی مەنتیقە بەشداری كردووە كرایە ئامرفەسیل لە فەوجی (٢) لیوای (٣٣)
- پاشان بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی تا تەشكیلاتی لەشكر ناوبراو كرایە جێگری تیپ لە لەشكری باڵەک.
- لە ژیانی پیشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە (١- گەرەوان ٢- باڵەییان)
- برایەكی شەهیدی سەنگەرە بەناوی (فەیسەڵ)





# حاجی سەباح

ناوی سیانی: سەباح پیرداود خالند پیرداود

- ناسراوبە: حاجی سەباح
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٦
- شوێنی لەدایکبوون: کەندێناوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر/ کەرتی ٤ ی کەندێناوە.
- دواتر لە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی (٤)
- لەدوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- کام ئۆرگان: ئەو بەتالیۆنەی ڕەحمەتی (ئەنۆی عەزە باوە)ی فەرماندەی بەتالیۆن بوو.
- ناوبراو سێ جار بریندار بووە.





# سەباح مام شەریف

ناوی سیانی: سەباح شەریف تەها حەمەد

- ناسراوبە: سەباحی مام شەریف
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٨/٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کەرتی ڕێکخستنی تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: دەستەی پارێزگاری بەرێز (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی).
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.
- ناوبراو برایەکی شەهیدە.
- خانەوادەکەی تێکرا پێشمەرگە بوون و لەسەر کوردایەتی هەوراز و نشێوی زۆریان بینیوە.






# سەباح چاوڕەش

ناوی سیانی: سەباح عەزیز خدر عوسمان

- ناسراوبە: سەباح چاو ڕەش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: قەراج/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (١) ی ساڵی ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر/ کەرتی تیپ.
- دواتر ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری کەرت
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە. دواتریش درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە و بەرگریکارێکی دڵسۆزبووە لە دەستکەوتەکانی حکومەت و پەرلەمان.
- دواتریش دامەزراوە و بۆتە فەرمانبەر لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ناوبراو دووجار زیندانی بووە لە ١٩٨١ تا ١٩٨٢ وە لە ساڵی ١٩٨٩ تا ١٩٩٠
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جاربریندار بووە لە بەنەباوی، ئاومار.



# سەباح مەنتک

ناوی سیانی: سەباح عومەر قادر

- نازناو: سەباح مەنتک
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئۆمەرە سۆر/ ناحیەی دارەتوو/ هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: بزوتنەوەی سۆسیالیستی
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٥) ی ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢)
- ناوبراو لەساڵی ١٩٧٩ بەشداری شەڕی ئێرانی کردووە وەک هاوکاری برایانی ڕۆژهەڵات.
- لە ساڵی ١٩٨١ بۆتە فەرماندەی مەفرەزە و ساڵی ١٩٨٢ بۆتە جێگری کەرت لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی..
- دواتر لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە بەهەمان پلە لە کەرتی (٣).
- لە ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە فەرماندەی کەرتی (٥) لە تیپی (٨٦)
- لەمانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٧ دەگوازرێتەوە بۆ سنوری (بادینان) تا مانگی (٦) ساڵی ١٩٨٨.
- لە دوای ڕاپەڕین ئەم پلەو پۆستانەی لە بواری سەربازی بڕیوە وەک (فەرماندەی تیپ، جێگر هێز، فەرماندەی هێزی ٢٤٣، جێگر لەشکر و پاشان فەرماندەی لەشکر لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.
- ناوبراو ژمارەیەک شەهیدی لە خانەوادەکەی هەیە .



# مەلا سەدر ئیلنجاغی

ناوی تەواو: سەدرەدین مەولود حەسەن حەمەلاو

ـ ناسراو بە: مەلا سەدر ئیلنجاغی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩

ـ شوێنی لە دایکبوون: ئیلنجاغی گەورە، تەقتەق، کۆیە، هەولێر

ـ پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٧٨ لەلایەن شەهید عەلی ساڵحەوە لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕێکدەخرێت.

ـ ساڵی پەیوەندی بەشۆڕشەوە: ٣١-١٠-١٩٨٠

ـ ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر.

-بەشداری لە لێدانی دوژمن کردووە لە مانگی ١١ی ١٩٨٠ لە نزیک گوندی بۆگدی ناحیەی ئاشتی دەشتی کۆیە.

-بەشداری لە لێدان لە کاروانی سەربازی ڕژێم لە دەربەندی گۆمەسپان بەسەرپەرشتی سەید ملازم کەریم ساڵی ١٩٨٠

-لە مانگی ١٢ی ١٩٨٠بەشداری کردووە لە لێدان لە پاسەوانەکانی کێلگەی نەوتی تەقتەق- شەریکە

- بەشداری کردووە لە داستانی قەڵاسنج- قەراسنج لە ٢٥-١٢-١٩٨٠

ـ لەدوای شەڕی قەراسنج لەهێزی دەشتی هەولێر(قوەت) دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە لەکەرتی (١)ی هێزەکە.


ـ ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە دادەنیشێت

ـ دوای ڕاپەڕینیش وەکو فەرمانبەر لە قایمقامیەتی کۆیە کاری فەرمانبەری کردووە .



# حەمە سووری کوێخا تەهای کانی کوردە

- ناوی سیانی: سەدیق تەها عەوڵا مەحمود
- ناسراوبە: حەمە سووری کوێخا تەهای کانی کوردە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٤٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی کوردە/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: خۆی فێرە خوێندەواری کردووە.
- ساڵی ١٩٥٨ بووە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی کۆیە.
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ناوبراو پەیوەندی بە شۆڕش کردووە بۆتە پێشمەرگە لە بنکەی حاجی قەڵا. پاشان لە ساڵی ١٩٧٥ بووە سەرپەلی چەکە قورسەکان لە بەتالیۆنی دکتۆر خالید سەعید لە شاخی ماکۆک.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦
- کام ئۆرگان: بزوتنەوەی سۆسیالیست
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٦ ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ
- ناوبراو بەشداری شەڕی هەکاری کردووە، بەرپرسی دەستەی پێشمەرگەکانی شەهید دکتۆر خالید بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ کرایە لێپرسراو لەناوچەی سێکوچکەی سنور بۆ پێشواز و ئەو کاروبارانەی هەڤاڵان کە لە سوریاوە دەهاتنەوە یان بەریدێک بۆ سوریا بچووبایە، ناوبراو یەکێک بووە لەو زیندانانە بووە لەشەڕی هەکاری دەستگیرکراوە بردوویانە بۆ ئەوەی گولە بارانی بکەن، کەچی پێشمەرگەکەی قیادە مەوقەتە ناسیویەتی و پێشتر حەمەسور چاکەی بۆی هەبووە و ئازادی کردووە بە نهێنی، لەسەر سنورەوە خۆی دەگەیەنێتەوە سنوری ئازادکراو، دوای جیابوونەوە (ح.س.ک) لەیەکێتیی ناوبراوکرایە لێپرساوی هەرێمی (١٥) ی شەهید دکتۆر خالید بوو، دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کارگێڕی لقی هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە دوای ١٩٨٨/٨/٢٨ بەرەو سنوری ئێران کشانەوە ناوبراو تا ٣/٥ی ساڵی ١٩٩١ واتە ڕاپەڕین نەگەڕانەوە بۆ کوردستان و بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی، ناوبراوبەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ی کردووە، دواتر کرایە فەرماندەی هێزی کۆیەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان، لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بە ئەندامی سەرکردایەتی دەرچووە، لەیەکگرتنەوەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان کرایە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە، دووبرای شەهیدە بەناوەکانی (جەمال و موحسین)، ناوبراو کۆچی دوای کردووە لەبەرواری ٢٠١٢/٦/٣



# سەدیق گۆران - سەدیق ڕەنجبەر



ناوی سیانی: سەدیق ساڵح عەزیز

- نازناو: سەدیق گۆران یان سەدیق ڕەنجبەر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گۆمە گرۆو/ ناحیەی قوشتەپە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچوونی زانکۆی سەلاحەدین
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ساڵی ١٩٧٤
- کام ئۆرگان: ڕێکخستنی نهێنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ڕاگەیاندن، ئەوکات بارەگای لە تووژەلە بوو، مامۆستا جەعفەر لێپرساوی ڕاگەیاندن بوو.
- کەرتەکانی ڕێکخستن لەکام تیپ و لەشکر: لە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر و شەقڵاوە و ڕواندز
- دوا پلەی لە پێش ڕاپەڕین: لێپرساوی کەرتی ڕێکخستن
- لەدوای ڕاپەڕین: لێپرساوی کۆمیتەی جەمیل ڕەنجبەری یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بووە
- زیندانی بووە: بەڵێ
- ساڵی چەند: ١٩٨٠
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی: یەک جار بریندارببووە.
- ناوبراو خاوەنی دوو شەهیدە
- لە کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بەشدار بووە.
- لەکاتی شاخ دوو بەرنامەی دەنووسی، یەکێکیان مێژووی گەلی کورد دواتر دەنگێک لە زیندانی فاشیستەکانەوە..





# سەدیق كاریتانی

ناوی سیانی: سەدیق عەبدولڕەحمان سولتان قادر

ـ نازناو: سەدیق كاریتانی

ـ ساڵی لەدایكبوون : ١٩٦٢

ـ شوێنی لەدایكبوون: گوندی كاریتان/ كەندێناوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٨٠

ـ كام ئۆرگان: لقی هەولێری حزبی شیوعی

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠

ـ لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: حزبی شیوعی

ـ دواترلە ساڵی ١٩٨٣ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو ڕیزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ كەرتی (٦) ئەوكات شەهید هاشم شەمامكی فەرماندەی ئەم كەرتە بووە.

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری كەرت

ـ كام ئۆرگان: كەرتی (٦)

ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: جێگر سریە

ـ كام ئۆرگان: لە فەوجی (٣١)

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندابووە لە پێش ڕاپەڕین .

ـ ناوبراو مامێكی شەهیدی ڕێگای ڕزگاریە.



# سەربەست مێروو

ناوی سیانی: سەربەست ڕەسوڵ عەبدولڕەحمان

- ناسراوبە: سەربەست مێروو
- ساڵی لەدایكبوون: ١٩٦١/٩/٢٠
- شوێنی لەدایكبوون: شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی گەشت و گوزار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٨٢
- كام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٣) ی هەورێ/ كەرتی (٢) ئەوكات شەهید تەحسین كاوانی فەرماندەی ئەم كەرتە بوو.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: فەرماندەی هێز
- كام ئۆرگان: لەشكری بیتوێن
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.
- ناوبراو لەساڵی ١٩٩٣ زیندانی بووە.



# سەربەست بی کەی سی

ناوی سیانی: سەربەست سەدیق تاهیر

ـ ناسراوبە: سەربەست بی کەی سی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: کۆتایی ساڵی ١٩٨٢

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٢٥) ی خاڵخالان

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م


ـ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.

ـ دواتر لە حکومەت لە وەزارەتی ناوخۆ/ پۆلیسی کۆیە بەردەوام بووە لە خزمەت کردنی یاساو ئەو ئەرکانەی پێ سپێردراوە جێبەجێکردووە.

ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: عەقیدی پۆلیس لە کۆیە

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.








# حاکم سەردار

ناوی سیانی: سەردار عەبدولکەریم عەبدولقادر

- ناسراوبە: حاکم سەردار
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا/ لە زانکۆی بەغدا
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٦) ی ساڵی ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سەرکردایەتی
- ناوبراو لە سنوری (سەرکردایەتی، شارباژێر، دەشتی کۆیە) وەک دادوەر، کادیری کۆمەڵایەتی کاری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤کراوە بە ئەندامی لێژنەی لێکۆڵینەوەی سەربە مەکتەبی سیاسی لە سورداش.
- ناوبراو وەک دادوەر، وەک کادیر لە سنوری مەڵبەندی (٤) لە دۆڵی بالیسان درێژەی بەکارەکانی داوە.
- لە دوای ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ مەڵبەندی (٣) کشانەوە سنوری ئێران.
- لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ماوەیەک لە دادگای سەربە (بەرەی کوردستانی) کاری کردووە.
- دواتر لە هەولێرو شەقڵاوە ئەرکی سەرپەرشتی دارایی مەکتەبی سیاسی پێ سپێردراوە.
- پاشان کراوە بە قایمقامی سۆران، دواتر دەستنیشان کراوە بە قائیمقامی شەقڵاوە.
- ناوبراو لە ساڵی١٩٩٤ کرایە بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، لە ساڵی ٢٠٠٠ لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک مام جەلال ئەرکی سەرۆکایەتی دەزگای پرۆژە تایبەتەکانی پێ سپێردرا کە تایبەت بووبە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی سوتەمەنی، ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ دامەزراندنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لەعێراق کراوە بە ئەندامی بۆردی کۆمسیۆنەکە، دوای بەکۆتا هاتنی ماوەی پێنج ساڵەکە، خانەنشین بووە.



# سەردار چاوڕەش

ناوی سیانی: سەردارعەبدولوەهاب حەمەد

- ناسراوبە: سەردار چاوڕەش

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

- ئاستی خوێندن: بکالیۆریوس لە (یاسا)

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨١

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزووتنەوە)

- لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٨٢ بەشداری کردووە، پاشان گیراوە بۆماوەی (١) مانگ لە ئەمنی هەولێر.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: لقی هەولێری یەکێتیی شۆڕشگێڕان لە وەرتێ.

- لە ساڵی ١٩٨٤ بەشداری خولی کادیرانی شەهید (عەلی عەسکری) کردووە بۆماوەی (٣) مانگ لە سورداش، لە ساڵی ١٩٨٥کرایە کادیری لقی هەولێری شۆڕشگێڕان لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، لە ساڵی ١٩٨٦ بریندارببووە لە و شەڕەی هەڤاڵان (جامی و محێ دین) شەهید بوون، لەمانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٨٨ پارتیزان بووە لە ڕەتڵی شەهید ڕێباز وەک لێپرسراوی ڕێکخستنی شۆڕشگێڕان، ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و بەرگری کردووە، بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١کردووە، بەشداری داستانەکەی (کۆڕێ)ی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ کرایە لێپرسراوی ژمێریاری لیوای (٣١) ی سوپای هاوبەش، پاشان لە ساڵی ١٩٩٤ کرایە لێپرسراوی ئیدارەی میحوەری کانی قرژاڵە، لە ساڵی ١٩٩٦ بەشداری خولی (ئیستتلاحی) کردووە لە قەڵاچۆلان، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی کۆیە بووە، لە ئیدارەی فەرماندەی (٢) ی هەولێر وەک (کادیر) کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٩ کرایە ئیدارەی فەرماندەی (٢) ی هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٠ کرایە لێپرسراوی ئیدارەی فەرماندەیی بیتوێن، پاشان بۆتە لێپرسراوی ئیدارەی ناوەندی (ڕۆژئاوا)، لە ساڵی ٢٠٠٤ خولی ئەفسەرانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانی تەواو کردووە، ناوبراو سەرپەرشتیاری ئیدارەی هێزەکانی (٧٠) بووە لە سنوری موسل و دوزخورماتوو لەکاتی شەڕەکانی دژ بە داعش، لە ساڵی ٢٠١٩ تاکو ئێستا سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕۆژئاوایە، ناوبراو خاوەنی دوو شەهیدە بەناوەکانی شەهید مەناف/ شەهید سۆران، لە ئێستادا ئەفسەرە بە پلەی لیوا لەسەر وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.





# دکتۆر سەردار

ناوی سیانی: سەردار محەمەدەمین ئەحمەد

- نازناو: دکتۆر سەردار
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٨
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: پەیمانگای پزیشکی لە کوردستان خوێندووە، پاشان لە سوید بەکالۆریوسی تەواو کردووە لە (موختەبەر) تاقیگە، (زانستی لابورو ئازمایشی پزیشکی)
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٧٨
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر، هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر.
- دواتر لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: سنوری دەشتی هەولێر
- ناوبراو لەبەرباری تەندروستی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ ڕەوانەی سوریا کراوە، پاش نەشتەرگەری و عیلاج کردن ناوبراو لە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی و خوێندکارانی ئەکسا فیدراسیۆنی کوردی کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کوردستان کاری کردووە.
- لە دوای ڕاپەڕین ناوبراو لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی سوید بووە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی دەرەوە.






# سەرهەد کانی ڕەشی

ناوی سیانی: سەرهەد حەمەد عەلی عەبدوڵڵا

- ناسراوبە: سەرهەد کانی ڕەشی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤/١/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کانی ڕەش/ تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: بزوتنەوەی سۆسیالیستی
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە : ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بزوتنەوەی سۆسیالیستی
- لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: تیپی (٩٣)
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە زۆربەی تەشکیلاتەکان ناوبراو بەردەوام بووە لە خەبات و بەرگری لە خاک و دەستکەوتەکانی حکومەت و پەرلەمان.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: لە ئێستادا ناوبراو عەمیدی پۆلیسە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە (چاوی) ڕاستی لەدەست داوە.
- ناوبراو باوکی لە شۆڕشی ئەیلول شەهید بووە.





# سەرهەنگ پاڵانی

ناوی سیانی: سەرهەنگ نوری ئەحمەد عەوڵا

- ناسراوبە: سەرهەنگ پاڵانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پاڵانیان/ قەزای مەخمور
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: مانگی (٤) ی ساڵی ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣ تاکو مانگی (٢) ی ١٩٨٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی٢ ی شەهید ئەحمەد قەمبەری
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ لە سنوری (نۆکان/ ئێران)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: ئامرمەفرەزە
- کام ئۆرگان: تیپی (١٢) ی سۆران
- لە دوای ڕاپەڕین ناوبراو لە ئاسایشی هەولێر بووە لە ساڵی ١٩٩٢ تاکو ١٩٩٣
- ناوبراو لە مانگی (٤) ی ساڵی ١٩٩٧ تاکو مانگی (٣) ی ساڵی ٢٠٠٣ زیندانیی بووە.
- ئەندامی مەڵبەندی (٢٠) ی ڕێکخستنی قەرەچوغ بووە.



# سەعدی چاوشین

ناوی سیانی: سەعدی عەلی ئۆمەر مام شێخ

ـ ناسراوبە: سەعدی چاوشین

ـ ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ناوەڕاستی مانگی ١٩٨٢ تاکو مانگی (٦) ی ١٩٩٠..

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٨) ئەوکات شەهید خاڵە مامەند مەنتک فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

ـ دواتر ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگەی داوە لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

ـ کام ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ناوبراو بەشداری ڕاپەرین دەکات

ـ کام ئۆرگان: مەفرەزە سەرەتایەکانی ڕاپەرین

ـ پاشان تا ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ فەرماندە بووە لە بەرەکانی بەرگری لە خاک و نیشتمان.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.



# سەعید پیرداودی

ناوی سیانی: سەعید مەولود باپیر

- نازناو: سەعید پیرداودی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پیرداود/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٥/٢٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەکتەبی عەسکەری/ لای خالە سەید مەجید.
- دواتر گواستراوەتەوە قوەی خۆشناوەتی لای ملازم خولە، پاشان گواستراوەتەوە ناوچەی شۆڕشگێڕان لە توتمێ.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بارەگای لقی شۆڕشگێڕان لە سماقوڵی گرتک..
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: لێپرسراوی پێشمەرگەگانی ناوچەی شۆڕشگێڕان.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە لە سنوری زیارەت.
- لە ساڵی ١٩٨٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- ناوبراو زیندانی بووە لە ساڵی ١٩٨٧ تاکو ساڵی ١٩٨٩





# سەفین خۆشناو

ناوی سیانی: سەفیر حەمەدەمین حەسەن حەمەدەمین

- ناسراوبە: سەفین خۆشناو

- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی مەسیف/ قەزای شەقڵاوە/هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨١

- کام ئۆرگان: حزبی سۆسیالیستی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: کۆتایی ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێم/ حزبی سۆسیالیستی کوردستان

- پاش (٤) مانگ ناوبراو خەباتی پێشمەرگایەتی گواستۆتەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە تیپی (٧٨) ی کارۆخ/ کەرتی تیپ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- سەردەمانێک شەهید ڕەسوڵ مەولود فەرماندەی کەرتی ناوبراو بووە.

- لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨٣ لە شەڕێکی داسەپێنراو ناوبراو زۆر بە سەختی بریندار دەبێت و گولە بەسەری دەکەوێت، وەزعی تەندروستی دەچێتە دۆخێکی نالەبار، پاش مفەوزات هندێ چارەسەری سەرەتایی بۆدەکرێ بەڵام وەک پێویست چاک نابێتەوە لە ساڵی ١٩٨٦ ڕەوانەی ئێران دەکرێ و بۆ ماوەی (٢) ساڵ لە ژێر چاودێری پزیشک دەبێت.

- لە ساڵی ١٩٨٨ لە سەر بڕیاری جەنابی مام جەلال ڕەوانەی وڵاتی سوید دەکرێ.




# سەیفەدین

ناوی سیانی: سەفین سابیر موراد

- ناسراوبە: سەیفەدین
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە
- ناوبراو خوشکێکی شەهیدە





# سەفین فریزی

ناوی سیانی: سەفین عومەر حەسەن

- ناسراوبە: سەفین فریزی
- ساڵی لەدایکبوون :١٩٥٥/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی عارەبان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆ/ بەشی ڕێنمایی دەروونی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦
- کام ئۆرگان: مارکسی لینینی/ ڕێکخستنەکانی کارگەی جگەرە/ لە ڕێگای کاکە حەمەی سیان.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە :١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی خۆشناوەتی
- پاشان ناوبراو گواستراوەتەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کەرتی تایبەتی (عەلی نەبی)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: لێپرسراوی ئیدارەی کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٣) ی هەورێ
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.
- ناوبراو دووبراو برازایەکی شەهیدن.
- لە حکومەت کاری کردووە/ یەکێک بووە لە فەرمانبەرە سەرکەوتووەکانی کەرتی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کۆیە.



# سەفین عومەر عەبدوڵڵا

ناوی سیانی: سەفین عومەر عەبدوڵڵا

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢/٢/٢١
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ناوەڕاستی ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی پارێزگاری
- دواتر لە تیپی (٩٣) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو گوێڕایەڵ و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لەگەڵ سنورەکە فراوان بوو.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- برایەکی شەهیدی سەنگەرە.
- ناوبراو ئەفسەرێکی شارەزاو بەئەزمون بووە هەربۆیە کرایە جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی کۆیە.





# سەلاح حەویز ڕەسوڵ

ناوی سیانی: سەلاح حەویز ڕەسوڵ

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٨
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە
- ئاستی خوێندن: دکتۆرا
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لە کام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٣)ی هەورێ
- دواتر گواستراوەتەوە کام تیپ: تیپی مەڵبەندی (٤) و پاشان تیپی (٩٠)ی باواجی
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩١)ی سەفین
- لە ڕاپەڕین بەشداری کردووە: بەڵێ
- لە کام تیپ و هێز و لەشکر درێژەی بە پێشمەرگایەنی داوە: هێزی (٧)ی کۆیە و تیپی تایبەتی (٢)ی کۆیە
- دوا پلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٩١)ی سەفین
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: فەرماندەی سریە و لێپرسراوی دارایی فەوجی تایبەتی، ئەندام مەڵبەندی ڕێکخستن
- کام ئۆرگان: مەڵبەندی (٧)ی کۆیە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.
- ناوبراوخولی فەرماندەیی شەهید جەمال تاهیر لە تاران بینیوە.
- ناوبراو مامۆستای زانکۆیە لە کۆیە.



# سەلامە سوور

ناوی سیانی: سەلام یاسین حوسێن

- ناسراوبە: سەلامە سوور
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی موخەڕەس/ ناحیەی تەق تەق
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کەرتی (٣) لە تیپی ٩٣
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تاکو ساڵی ١٩٨٨
- لەساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لە دوای ڕاپەرین لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، ناوبراو فەرماندەی تیپ بووە لە هێزی (٧) ی کۆیە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- ناوبرا برایەکی شەهیدە بەناوی (ئیسماعیل)





# سەلامی مام عەباسی ئیلنجاغی

ناوی سیانی: سەلام عەباس حەمەدەمین

ـ ناسراوبە: سەلامی مام عەباسی ئیلنجاغی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ ناحیەی تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر.

ـ ئاستی خوێندن: تا سێێ ناوەندی خوێندووە.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ناوەڕاستی مانگی (٣) ی ١٩٨١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی هەولێر

ـ پاشان بۆماوەی (٤) مانگ لەسەرکردایەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە. لە سنوری سەرکردایەتی لە زەلێ و ناوەزەنگ، ماوەیەک لای فەرمانده (عەلی شامار) لەکەرتی (سجن) بووە.

ـ لە ١٩٨١/٧/١٣ لەگەڵ یەکەم تەشکیلاتی قوەتی دەشتی هەولێرکە شەهید شاخەوان هاتەوە سنوری هەولێر ناوبراو لەگەڵ ئەم دەستەیە بوون بۆ سنوری هەولێر

ـ پاش تەشکیلاتی تیپەکان لەساڵی ١٩٨٢ ناوبراو لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) ئەوکات (ئەحمەد قەمبەری) فەرماندەی ئەم کەرتە بوو پاشان لە ساڵی ١٩٨٣ هەڤاڵ (سەفینی مەلاقەرە) بووە فەرماندەی ئەم کەرتە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە هەمان کەرت ئەوکات (ئەحمەد کوردە) فەرماندەی کەرت بوو.

ـ ناوبراو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ـ لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.


ـ لە ساڵی ٢٠٠٣ خانەنشین کراوە...



# سەلام وەرتی

ناوی سیانی: سەلام مستەفا حەمەد ئەحمەد

- ناسراوبە: سەلامی وەرتی
- ساڵی لەدایکبوون: لە نفوس ١٩٧٠ تۆمار کراوە بەڵام لە بنەڕەتدا لە ساڵی ١٩٦٣ لەدایکبووە.
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی وەرتێ/ قەزای ڕواندز/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٤) ی ئاکۆ
- لە ساڵی ١٩٨٢ لە تیپی (٧٨) ی کارۆخ/ کەرتی (٧) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ئەوکات هەڤاڵ (حارس ئاغا) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە
- ناوبراو بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی برایانی ڕۆژهەڵاتی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٧٣) ی هەڵەموند ئەوکات شەهید (سمایل وەرتی) فەرماندەی تیپ بوو.
- پاشان لە تیپی (٧٤) باڵەک بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان.
- لە ساڵی١٩٨٦بووە فەرماندەی مەفرەزە .
- لە ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- لەگەڵ دەستپێکی ڕاپەڕین ناوبراو بەشداری کارای بینیوە هەر لە ڕانیەوە تا شارۆچکەی مەخمور.
- پاشان لە هێزی باڵەک بەردەوام بووە ئەوکات (کوردۆ شاوڕی) فەرماندەی فەرماندەیی بوو، دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە فەرماندەی ماکۆک بووە تا خانەنشین بوونی .



# مامۆستا سەلیم

ناوی سیانی: سەلیم ڕەشید ساڵح

- ناسراوبە: مامۆستا سەلیم
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: کەندێناوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دکتۆرا (پرۆفیسۆر)
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (ڕێکخراوی هەولێر)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە
- پاشان گواستراوەتەوە بۆ تیپی (٩١) ی سەفین
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: ناوچەی خۆشناوەتی
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: ئەندامی کەرتی ڕێکخستن و بەرپرسی دارایی تیپی (٩١) ی سەفین بووە.
- لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هەڤاڵانی شانەی ناوشار بەشداری کارای کردووە.
- پاش تەشکیلاتی فەوج و لیواکان ناوبراو کرایە بەرپرسی هەواڵگری فەوجی تایبەتی هەولێر.
- ناوبراو کرایە کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە، پاشان گواستراوەتەوە مەڵبەندی (٣)ی ڕێکخستنی هەولێر بەهەمان پلە
- لە ژیانی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی ناوبراو (٣) جار دەستگیرکراوە دواجار بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە (٣) ساڵ لە زیندان ماوەتەوە، دواتر بەرلێبوردنی گشتی کەوتووە.
- ناوبراو لە وەزیفەی حکومی بەڕێوەبەری گشتی بووە لەوەزارەتی ناوخۆ/ دواتر بەڕێوەبەری گشتی دیوان بووە لەناو وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ پاشان کراوەتە ڕاگری کۆلێژی پەروەردە لە کۆیە.
- برازایەکی شەهیدی سەنگەرە..







# سەمەد گۆمەشینی

ناوی سیانی: سەمەد ئیسماعیل تۆفیق

- نازناو: سەمەد گۆمەشینی
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گۆمەشین/ ناحیەی دێگەڵە/ قەزای کۆیە
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: دەستەی تیپ لەگەڵ شەهید شاخەوان
- دواتر ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری کەرت
- کام ئۆرگان: کەرتی (٥)
- بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- ناوبراو لە دوای ڕاپەڕین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: جێگری تیپ
- کام ئۆرگان: تیپی تۆپخانە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.





# سیامەند گۆمەشینی

ناوی سیانی: سیامەند نەجم مستەفا

- ناسراوبە: سیامەند گۆمەشینی
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گۆمەشین/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ٠ م
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان لە هێزی (٧) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو کراوەتە فەرماندەی کەرت.
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندداربووە.







# سوڵتان تیمارۆکی

- ناوی سیانی: سوڵتان حەسەن شوان ئەحمەد
- ناسراوبە: سوڵتان تیمارۆکی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تیمارۆکی/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سکرتاریەتی (مام جەلال) لە ناوزەنگ
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٩) ی بیتوێن
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ. م
- لە ١٩٨٨/٧/٢٠ زیندانی کراوە/ لە ١٩٨٨/٩/٦ بەرلێبوردنی گشتی کەوتووە.
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی شاری کوردستانی کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندابووە.
- برایەکی شەهیدی سەنگەرە.



# شاکری شۆڕشگێڕان

ناوی سیانی: شاکر حەمەد عەلی ئەبوبەکر

- ناسراوبە: شاکری شۆڕشگێڕان
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەید عوبێد/ کەندێناوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی بازرگانی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی هەولێر
- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە قوەتی خۆشناوەتی
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەڵبەندی (٣) ی هەولێر
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- بەشداری کارای کردووە لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١
- دواتر لە بواری سەربازی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو لە ئۆرگانی ڕێکخستن کاری کردووە و تا پلەی ئەندامی کۆمیتەی بڕیوە لە سنوری مەخمور. پاشان خانەنشین بووە.





# مامۆستا شاکری شۆڕشگێڕان

ناوی سیانی: شاکر سابیر محەمەد حەمەد

- ناسراوبە: مامۆستا شاکری شۆڕشگێڕان

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بەرزەوار/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

- کام ئۆرگان: یەکێتیی شۆڕشگێڕان/ ناوچەی (٢٥)

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٩) ی ساڵی ١٩٨٢

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سنوری باڵەک/ ڕواندز

- ساڵی ١٩٨٤ کراوەتە کادیری کۆمەڵایەتی سنوری تیپی (١٢) سۆران .

لەساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ وەک کادیری ڕێکخستن دەست بەکاربووە، تاکو ئەنفالەکان.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ / کەرتی (٣)

- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: کادیر


- کام ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە کونە کۆترو زارگەڵی.

ـ ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە و وەک مەفرەزەکانی شانەی بروسک ڕۆڵ و پێگەی دیاربووە..

ـ پاشان کراوەتە ئەندامی کۆمیتەی (٤) ی هەولێر

- پاشان لە کاری ڕێکخراوەی ڕێکخستن پلەکانی بڕیوە تا پلەی (ئەندامی مەڵبەند) لە ساڵی ٢٠١٩ لە سنوری مەڵبەندی (٢٠) ی ڕێکخستنی مەخمور..





# مامۆستا شاهۆ

ناوی تەواو: شاهۆ ئەحمەد ئیسماعیل ئەحمەد

ـ ناسراو بە: مامۆستا شاهۆ

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩/٩/٨

شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لەشۆڕشی نوێ: ١٩٨٠

ـ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە: مانگی ٧ی ساڵی ١٩٨٢

ـ ئۆرگان: تیپی٨٣ی هەورێ/ کەرتی (٣) شەهید جوامێر فەرماندەی ئەم کەرتە بوو، (ملازم خولە) فەرماندەی ئەم تیپە بوو.

ـ ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ تێکڕای پێشمەرگەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ چوونەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ هاوکاری هێزەکانی ئەوێ بەشداریان لە شەڕەکانی هێزی پشتیوان کردووە. لەوێ لە شەڕی ئاڵواتان- کونە مشکێ (ملازم خولە) تێی دا بە سەختی بریندار بوو، کە گەڕانەوە (عەبدوڵڵای مام عەلی) کرایە فەرماندەی تیپەکە.

ـ لە ساڵی١٩٨٣ لەسەر پێشنیاری هەڤاڵان (شێخ قادر) و (قاسم عەزیز) کرایە ڕابەری سیاسی کەرتی٣

ـ پاشان تیپێکی نوێ کرایەوە بە ناوی تیپی ٩١ی سەفین، زۆربەی پێشمەرگەکانی تیپەکە گواسترانەوە ئەوێ وکەرتەکەیان بوو بە کەرتی ١، لەوێش هەر بە پلەی ڕابەر سیاسی مایەوە

ـ لەکاتی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ کاتێک هەڤاڵ (بەکرەسوور) ی ڕەحمەتی کە ڕابەری سیاسی تیپی٩١ی سەفین بوو دەستی لەکار کێشایەوە، مامۆستا شاهۆ بۆماوەیەکی کورت کرا بە ڕابەر سیاسی تیپ.

ـ دوای پەڕینەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٨٨ نێردراوەتە ڕاگەیاندنی بەرەی کوردستانی لە ڕاژان تا لە ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٠ لەوێ کاری کردووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشدارە چەندین داستان و نەبەردی و بەرگری کردووە لە سنوری مەڵبەندی سێی هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٠ ئێرانی بەجێێشتووە چووەتە شام (سوریا)و دوای پەنجا ڕۆژ مانەوە لەوێ دەڕواتە بەریتانیا، لە ژیانی پێشمەرگایەتی دوو جار بریندار بووە، جاری یەکەم بە سووکی بە گوللە لە نزیک گوندی (بانەتۆک)ی سەر بە شەقڵاوە، و جاری دووەمیش لە ساڵی١٩٨٧ هەر بە سووکی بریندار بووە بە چەکی کیمیایی لە گوندی نازەنین.



# شەعبان سەمەد ڕەمەزان سەمەد

ناوی سیانی: شەعبان سەمەد ڕەمەزان سەمەد

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥/٨/٩
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی بەفری قەندی/ کۆیە
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/١/٥
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوەندی بزوتنەوە/ سەرکردایەتی
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٠) ی باواجی
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ناوبراو ئێستا لە ئەرکدایە بە پلەی (عەمید)
- کام ئۆرگان: هێزەکانی (٧٠)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندداربووە.
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لە دوای ڕاپەرین ناوبراو بەردەوام بووە لە خەبات و بەرگری لە خاک و نیشتمان.



# شەفیق چاوشین

ناوی سیانی: شەفیق ئیبراهیم شەریف مەحمود

- ناسراوبە: شەفیق چاوشین

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی هەرەجە/ ناحیەی دارەتوو/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە

- لەشۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووە، بۆتە پێشمەرگە لە بەتالیۆنی (٣) ی دەشتی هەولێر ١٩٧٤تا ١٩٧٥.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە) پاشان بە ڕێکخستنەکانی (شۆڕشگێڕان)

- لە ١٩٨٢/٥/٢٠ دەستگیرکراوە تاکو ١٩٨٣/٧/٢٧ ئازادکراوە.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/٨/٢٧، لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی، پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین، دواتر لەمانگی (١٢) ی ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ لقی شۆڕشگێڕان، لە شەشی کانوونی ١٩٨٦ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٣)ی بەردەباز، لەساڵی ١٩٨٧ بۆتە جێگرکەرت، پاشان لە ساڵی ١٩٨٨ کراوەتە فەرماندەی کەرتی (٢)، دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: جێگری ڕەتلی پارتیزانەکان بوو، ئەوکات هەڤاڵ جەلال ئیلنجاغی فەرماندەی ڕەتل بوو، ناوبراو ماوەی (١٤) مانگ و (٧) ڕۆژ پارتیزان بوو، دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت، لە ڕێکەوتی ٣١/١٠/ ١٩٨٩ دەستگیرکراوە تاکو مانگی ١٩٩٥/٨، پاش ئازادکردنی لە ساڵی ١٩٩٥کرایە جێگری لەشکری ئامادەی هەولێر، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هەلوێستی نواندو هەولێری جێهێشت و لە کۆیە گیرسایەوە و لە لەشکری ئامادە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە وەک فەرماندەیەکی کارا، پاشان کرایە فەرماندەی هێزی (٢٠١) و دواتر جێگر لە شکر، پاشان لە ساڵی ١٩٩٩ لەفەرماندەیی (٢) ی هەولێر کرایە سەرلەشکری (٣)، لە پێش پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق ناوبراو کرایە جێگری فەرماندەی (٢) ی هەولێر، پاشان تەشکیلات گۆڕدراو فەماندەییەکان زیادکران ناوبراو کرایە فەرماندەی (فەرماندەیی ٢ی هەولێر) لە ساڵی ٢٠٠٢، لەکاتی شەڕەکانی داعش ناوبراو کرایە فەرماندەی لیوای (١١١)ی شەنگال، پاشان کرایە فەرماندەی لیوای (١١٢) ی موسڵ کام ئۆرگان: یەکەی (٧٠)، لە ئێستادا ناوبراو بەرپرسی (یەدەگی) ی موسڵ، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٥) جار بریندار بووە، ناوبراو دووبرای شەهیدە، دەرچووی خولی (٣) ی فەرماندەییەکانە لە ئەکادیمیایی قەڵاچۆلان.



# شۆڕش زاهیر حەمەد ڕەسوڵ

ناوی سیانی: شۆڕش زاهیر حەمەد ڕەسوڵ

- ساڵی لەدایکبوون: ١٥/ ١٢/ ١٩٥٤
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی بایزاغا/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شۆڕشگێڕان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: سەرەتای١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی لە دەستەی دکتۆر (خدر مەعسووم).
- لە ساڵی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە بارەگای مەڵبەندی (٣) لەوەرتێ لای خاڵە (سەید مەجید).
- پاشان گواستراوەتەوە سنوری پرینگان
- ماوەیەک عەدەد جیهازی تیپی بیتوێن بوو
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بارەگای مەڵبەندی (٣)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: عەدەد جیهاز بوو
- لە دوای ئەنفالەکانەوە ناوبراو وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی کردووە لە ساڵی ١٩٩١
- لەدوای پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێم لە ساڵی ١٩٩٢ ناوبراو وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.





# شێرزاد کاوانی

ناوی سیانی: شێرزاد یوسف مستەفا وسوو

ـ ناسراوبە: شێرزاد کاوانی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦/٧/١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاوانیان/ قەزای شەقڵاوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧ لە ڕێگای شەهید یاسین کاوانی

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٥) ی ١٩٨١ لەبارەگای سەرکردایەتی.

ـ لەمانگی (٧) ی هەمان ساڵ گواستراوەتەوە قوەتی خۆشناوەتی، دواتر تیپی (٨٣) ی هەوری / کەرتی (٢) ئەوکات شەهید تەحسین کاوانی فەرماندەی ئەم کەرتەبووە.

ـ پاشان لە ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی (٩١) ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە

ـ دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ ـ ١٩٩٠ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی هەولێر لە سنوری زەڵێ .

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە


ـ ناوبراو لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کارای کردووە.

ـ لە زۆربواری سەربازی، ئیداری، زانیاری، بەدواداچوون و تیپ و هێزو لەشکرو فەرماندەیی پێگەی هەبووە.

ـ کام ئۆرگان: لەساڵی ١٩٩١ ناوبراوله بەتالیۆنی (٨) بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٩٣ لە قیادەی مەنتیقەی هەولێر جێگری سریەی مخابرە بووە. لە ساڵی ١٩٩٤ لە لەشکری ئامادە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

ـ لە دوای ٣١ی ئاب لە کۆیە ئەندامی بەشی بەدواداچوونی فەرماندەیی بووە لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر، پاشان کرایە بەرپرسی کۆگای ئیدارەی فەرماندەیی، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بە سووکی بریندار بووە، خاوەنی (٣) برای شەهیدە.





# شێرکۆ عەبدولڕەزاق حەمە سەدیق

ناوی سیانی: شێرکۆ عەبدولڕەزاق حەمە سەدیق

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٨/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەی حاجی قەڵا

- پاشان گواستراوەتەوە بارەگای سەرکردایەتی لای مامۆستا عەلی حەویز بۆ ماوەی (٧) مانگ ماوەتەوە چەندین خولیان بینیوە لەسەر چەک و تەقەمەنی.

- پاشان گواستراوەتەوە بۆ قوەی کۆسرەت .

- لە ساڵی ١٩٨٧کەوتۆتە کەمینی ڕژێم ساڵێک و هەشت مانگ لە ئەمنی عامە گیراوە، پاشان بەر لێبوردنی ساڵی ١٩٨٨کەوتووە کە شەڕی عێراق و ئێران کۆتایی پێ هات، ناوبراو لە ١٩٨٨/٨/١٨ ئازاد کراوە، بەهۆی ئازارو ئەشکەنجەی جەستەیەوە بەبڕیاری سەرکردایەتی وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

- ناوبراولە ڕاپەڕینەکەی ساڵی١٩٩١ بەشداری دەکات و ڕۆڵی کارای بینیوە.

- پاشان لە هێزی (٧) ی کۆیەو دواتر لە لەشکرو فەرماندەی (٩) ی کۆیە بەردەوام دەبێت تا ڕۆژی خانەنشین بوونی لە دوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.



# شێرکۆ ئەحمەد خدر ئەحمەد

ناوی سیانی: شێرکۆ ئەحمەد خدر ئەحمەد

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: بزوتنەوەی سۆسیالیستی
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بزوتنەوەی سۆسیالیستی
- لە ساڵی ١٩٨٢سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- پاشان لە تیپی (٩٣) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- کام ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان لە تەشکیلاتەکانی سنوری لەشکرو فەرماندەیی (٩) ی کۆیە بەردەوام بووە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: ئیدارەی لەشکری تەق تەق
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- برایەکی شەهیدە بەناوی (سەربازکۆیی)



# کاکە شێر

ناوی سیانی: شێرکۆ ئەحمەد حەمەد عەبدولڕەحمان

- ناسراوبە: کاکە شێر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شیواشۆک/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١/٩/١٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەی دەشتی کۆیە
- پاشان لە تیپی (٩٠) ی باوەجی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- بەشداری چەندین چالاکی کردووە لە سنوری تیپەکەی .
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ی کردووە
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: جێگری فەرماندەی کەرت
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.





# شێروان هەینی تەها

ناوی سیانی: شێروان هەینی تەها

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧/٣/١
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (بزوتنەوە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی ١٢ی ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی/ لەدەستەی مامۆستا (عەلی حەوێز) بوو.
- لەساڵی ١٩٨٢ گواسترایەوە بۆ تیپی (٨٣) ی هەورێ
- لە ساڵی ١٩٨٤ گواسترایەوە تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣)
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٧، پاشان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: کادیر
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینی ساڵی١٩٩١ی کردووە. پاشان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جاربریندار بووە لە جلک و مەمکان.



# مامۆستا عادل

ناوی سیانی: عادل تاهیر مام خدر

- ناسراوبە: مامۆستا عادل
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: بزووتنەوە
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠/١١/١٥
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای لقی سێ/ لای هەڤاڵ (دکتۆر خدر مەعسووم)
- پاشان گواستراوەتەوە سکرتاریەتی مام جەلال

پاشان کرایە ئیدارەی سکرتاریەت .


- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: سکرتاریەتی سەرۆک (مام جەلال)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: لێپرسراوی ئیدارە
- دوای ڕاپەرین ناوبراو خەباتی شاخی گۆڕی بە لایەنی پەروەردەیی.



# عارف سەلیم محەمەد فەتاح

ناوی سیانی: عارف سەلیم محەمەد فەتاح

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی عەلیاوە/ قەزای مەخمور/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/٨/١٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی/ کەرتی (٢)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی ٩١ سەفین، کەرتی (١)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- کام ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: جێگر سریە
- کام ئۆرگان: لیوای ٣١ی هاوبەشی وەزارەتی پێشمەرگە
- لەژیانی پێشمەرگە (٣) جار بریندار بووە.
- برایەکی شەهیدە بەناوی (مشیر)
- ناوبراو کەمئەندامی سەنگەرە..





# مەلا خدر

ناوی سیانی: عەبدولکەریم مامەند ئیسماعیل

ـ ناسراوبە: مەلا خدر

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٨

ـ ئاستی خوێندن: بەکالیۆریۆس علوم لە موسل/ ماجستێر لە کۆمپیوتەر ـ لە لەندەن/ ماجستێر لە پەروەردە و فێرکردن لە لەندەن/ دکتۆرا لە بەڕێوەبردن و ئیدارەی زانیاری تەکنەلۆجی .

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: مانگی (٢) ی ١٩٧٧

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٨٠

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوەندی کۆمەڵە

ـ پاشان لەگەڵ قوەتی دەشتی هەولێر لەسەرکردایەتی هاتۆتەوە سنوری دەشتی هەولێر.

ـ ناوبراو بەهۆی ئاستی ڕۆشنبیری و دڵسۆزی لە کاری ڕێکخراوەی کرایە لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر.

ـ پاش ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ ناوبراو کرایە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ورمێ.

ـ لەمانگی (١١)ی ساڵی١٩٩٠ لە ئێرانەوە چۆتە بەریتانیا.

ـ لەسەر شۆڕش و کوردایەتی خانەوادەکەی تووشی زیندان و نەهامەتی زۆربونەوە.

ـ خێزاندارەو ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیە.



# کەستەک

ناوی سیانی: عزەت عەلی مستەفا

- ناسراوبە: کەستەک
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر/ برایەتی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی خۆشناوەتی
- پاشان گواستراوەتەوە قوەتی خۆشناوەتی لای ملازم خولە.
- دواتر لە تیپی (٩١)ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، دەستەی تیپ لای شەهید تەحسین کاوانی.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- ناوبراو تا دوای پرۆسەی ئەنفالەکان پێشمەرگە بووە
- بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- دواتر لەگەڵ هەڤاڵ (حاجی مەسیفی) لە شانەی بروسک ڕۆڵی ئەکتیڤی هەبووە.
- پاشان لە مەفرەزەکانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) دریژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، ناوبراو پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو خۆڕاگر بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٦) جار بریندار بووە.





# مام عەباسی ئیلنجاغ

ناوی سیانی: عەباس حەمەدەمین ئۆمەر

- ناسراوبە: مام عەباسی ئیلنجاغ
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٣٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٨ بۆتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول، هەرزوو کرایە فەرماندەی مەفرەزە.
- لە ساڵی ١٩٧٧ دامەزراوە لە فەرمانگەی (هۆبەی کشتوکاڵی تەق تەق)
- لە ساڵی ١٩٧٨ گواستراوەتەوە بەستەی (گردە ڕەشە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر پاشان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) ئەوکات ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی ئەم کەرتەبوو
- لەساڵی ١٩٨٢ لەهەمان کەرت لای ئەحمەد قەمبەری کرایە فەرماندەی مەفرەزە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ لە بالیسان بریندار دەبێ.
- ناوبراو فەرماندەو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بەدسپلین و کارامە بوو، لەسەر کوردایەتی و نیشتمان پەروەری هەورازو نشێوی زۆر بینیوە.
- لە ساڵی ١٩٨١ خولی ڕۆشنبیری (مالیمۆس) ی بینیوە.
- بەداخەوە لە ٢٠٠٥/٣/٢٤ بۆ یەکجاریماڵئاوایی کرد.





# حاجی مەمۆ

ناوی سیانی: عەباس محەمەد حوسێن

ـ ناسراوبە: حاجی مەمۆ

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی عەولا فات/ دەشتی هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دورچووی بەشی کوردی/ کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا.

ـ ناوبراو سەرەتا لە ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە هاتە ناو دونیای سیاسەت، پاشان بووە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەکاتی لەتبوونی پارتی ناوبراو پشگیری لە باڵی مەکتەبی سیاسی کردووە.

ـ لەساڵی ١٩٧٤کەوتە ژێرچاودێری دەزگا ئەمنیەکانی بەغدا ناوبراو بەر لەوەی دەستگیر بکرێ خۆی گەیاندنە ناوچەی چۆمان لەوێ وەک مامۆستا لە خوێندنگای ناوەندی بۆ شارۆچکەی هیران ڕەوانە کرا.

ـ لە ساڵی ١٩٧٥ پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لە هەولێر دامەزرا، پاشان ناوبراو کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی (برایم عەزۆ)

ـ لە ساڵی ١٩٧٩کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆ بەپێی بریاری کۆبونەوەی گوندێ (شێنێ) پێک هات ،ناوبراو کرایە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی هەولێر.

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: هاوینی ساڵی ١٩٨٠

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوچەی سەرکردایەتی لەناوزەنگ و زەڵێ گیرسایەوە.


ـ لە ساڵی ١٩٨١ بەشداری لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٢ کرایە ئەندامی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر ئەوکات بارەگای مەڵبەند لە گوندی وەرتێ بوو.

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ بەهۆی هەندێ کێشەوە دەستی لەکار کێشایەوە.

ـ لەکاتی سەرهەڵدانی کێشە لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەران و ڕەوتێک بەناوی (ئاڵای شۆڕش) ناوبراو پشگیری لەم ڕەوتەکردوو خۆی یەکلایی کردەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەک خۆیان گەیاندە ناوچەی بادینان و درێژەی بەکاری ڕیکخراوەیی و پێشمەرگانەی دا تا ساڵی ١٩٨٧ دواتر وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو بەرەو سوریا هەنگاوی نا، ناوبراو کۆمەڵێک وتارو نووسینی هەیە خاوەنی بەرهەمێکی ناوازەیە لە ژێرناوی (لە هەواری یادەوارییەکاندا) لە ساڵی ٢٠١٣ چاپی کردووە.







# خاڵە عەبدی کادیر

ناوی سیانی: عەبد ڕەسوڵ حەسەن حەمەد

ـ ناسراوبە: خاڵە عەبدی کادیر

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: مەخمور/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: تا دووی ناوەندی خوێندووە.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٧٩

ـ کام ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی شەهید ئاودێر

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٧/ ١٢/ ١٩٨١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەی کۆسرەت

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (١)

ـ لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچووغ ناوبراو کرایە کادیری ڕێکخستن.

ـ ناوبراو درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات وەک کادیرێکی هۆشیار و دڵسۆز

ـ لە ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەنفالەکان کرایە ڕابەری سیاسی تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ.

ـ لە مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە بەڵام پەیوەندی بە ڕێکخستن ماوە، بۆ ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ ناوبراو ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە نێوان ڕایەڵەو شانەکانی ڕێکخستن.

ـ پاشان لە چەندین ئۆرگانی ڕێکخستن و کۆمەڵایەتی و پێشمەرگایەتی پێگەو ڕۆڵی هەبووە.

ـ دواپلەی لە پێشمەرگایەتی پێش ٣١ی ئاب ئامرسریە بوو لە فەوجی (٢)

ـ لە ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٢ زیندانی بووە لە ئەمنی عامە، بەغدا، موسڵ.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بە سەختی بریندارbووە لە مەرگ گەڕاوەتەوە.

ـ ناوبراو جگە لە برایەکی دوو برازاو خوارزایەکی شەهیدە.






# شێروان چاوشین

ناوی سیانی: عەبدولجەبار سابیر مەحمود

- ناسراوبە: شێروان چاوشین
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەربە شاخ/ کەندێناوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەڵبەندی (٣)ی هەولێر
- دواتر لە تیپی (٨٥) ی بەرانەتی کەرتەکانی (٣و٢)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: ناوبراو لە دوای ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران بووە .
- بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١کردووە.
- پاشان لە چەندین ئۆرگان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بەسوکی بریندار بووە



# ڕەحمان چاوشین

ناوی سیانی: عەبدولڕەحمان عەلی عەبدوڵڵا

- ناسراوبە: ڕەحمان چاوشین
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شیوەجان/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١/١/١٠
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٦/١٥
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٧٣) قەندیل
- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٢٥) ی خاڵخاڵان
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: تیپی (٢٥) ی خاڵخاڵان
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ی کردووە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: جێگری فەرماندەی تیپ
- ناوبراو زیندانی سیاسی بووە لە ١٩٨٢/٦/١٨ بۆ ماوەی (٧) مانگ.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار برینداربووە.
- خاوەنی (٣) برازای شەهیدە.



# عەدۆی میلە هۆرت

ناوی سیانی: عەبدولڕەحمان عومەر مەولود عەبدوڵلا

- ناسراوبە: عەدۆی میلە هۆرت
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: کەندێناوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨٠
- کام ئۆرگان: پارتی دیموکراتیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: لقی دووی پارتی دیموکراتیی کوردستان
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی تیپ
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٦) لای شەهید ڕێباز
- لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.






# سەفین

ناوی سیانی: عەبدولڕەحمان مەحمود عەبدولڕەحمان

- ناسراوبە: سەفین
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاموسەک/ هیران/ شەقڵاوە
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩ لە ڕێگای هەڤاڵ (جەوهەر هیرانی)
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩١) ی سەفین
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٩١) ی سەفین
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- لە ڕاپەڕینەمەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- پاشان لە هێزو لەشکرەکانی خۆشناوەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: سەرتیپ
- کام ئۆرگان: فەرماندەی بیتوێن
- ناوبراو زیندانی ناوخۆیە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ خانەنشین کراوە.





# لیوا عەبدولڕەحمان

- ناوی سیانی: عەبدولڕەحمان موسلح حەمەدەمین تەها
- ناسراو بە لیوا عبدولڕەحمان
- ساڵ و شوێنی لە دایكبوون: ١٩٦٦/١/١
- شوێنی لە دایكبوون: گوندی گەرەوانی سەروو/ ڕواندز/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێر لە ساڵی (١٩٨١ بۆ ١٩٨٢)
- دەرچووی كۆلێژی یاسا لە زانكۆی كۆیە لە ساڵی (٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨) .
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن : ١٩٧٩
- لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨١ بۆ ماوەی چەندین مانگ زیندانی كراوە لە (ڕواندز. سۆران. هەولێر)
- ساڵی پەیوەندی بە ڕیزەكانی پێشمەرگە: ١٩٨٢/١١/١١ .
- بۆ یەكەمجار لە هەرێمی (١٢) ی هەندرێن لە ڕیزەكانی حیزبی سۆسیالیستی كوردستان بۆتە پێشمەرگە .
- لە كۆتایی ساڵی (١٩٨٣) سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو ڕیزەكانی یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان
- لە كۆتایی ساڵی (١٩٨٣) لە تیپی (١٩) ی كۆرەک لە دەستەی تیپ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە .
- لە بەرواری ١٩٨٨/٤/٤ ناوبراو گواستراوەتەوە تیپی (١٢) ی سۆران .
- لە هەمان ساڵدا ناوبراو كراوە بە فەرماندەی مەفرەزەی تیپ.
- لە ساڵی (١٩٨٩) تەشكیلات گۆڕاوە و ناوبراو لە بەتالیۆنی (٤) لە زەڵێ درێژەی بە خەباتی پێشمەرگایەتی داوە و بە بێ دابڕان و لە ١٩٩١/٣/٥ بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەكەی گەلی كورد كردووە.
- لە ساڵی (١٩٩١) كراوەتە فەرماندەی تیپی بارەگای هێزی (١٢ ی باڵەک) كە ئەو كاتە (مامۆستا بەكر مستەفا) فەرماندەی ئەو هێزە بووە .
- لە سوپای یەكگرتووی كوردستان كراوەتە (ئامر سریە) ی بارەگای لیوای (٣٢) لە هەریر.
- لە ساڵی (١٩٩٤) ناوبراو كراوەتە فەرماندەی تیپی تۆپخانە لە لەشكری ڕواندز.
- لە دوایی (٣١ ی ئابی ١٩٩٦) كراوەتە فەرماندەی هێزی (١٢)ی ئامادەی سۆران.

- ساڵی (١٩٩٨) کرایە فەرماندەی لەشکری (٤) لە فەرماندەی سۆران، کە ئەو کات هەڤاڵ (عەبدوڵڵا بۆر) فەرماندەی سۆران بوو.

- لە ساڵی (١٩٩٩) کرایە فەرماندەی لەشکری (١) ی تایبەت لە فەرماندەیی سۆران.

- لە ٢٠٠٠/٨/٢٦ کرایە حەرەکاتی فەرماندەی سۆران، لە هەمانکاتیش سەرپەرشتیاری لەشکری (١)ی تایبەت بوو

- لە ٢٠٠٠/١١/١٦ بە بڕیاری (هەڤاڵ مام جەلال) کرایە فەرماندەیی فەرماندەی (٥٩) ی ماکۆک.

- لە ساڵی (٢٠٠٢) گواستراوەتەوە سەر فەرماندەی (٥٧) ی سۆران.

- لە ٢٠٠٣/٩/١٨ تەشکیلاتی فەرماندەییەکان گۆڕا بۆ فەوجەکان، لەدوای ئەو بەروارە کرایە جێگری کارگێڕ.

- لە ٢٠٠٤/٣/٢٨ کرایە بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتن، بیتوێن.

- لە ٢٠١٢/٣/٢١ پلەکەی بۆتە (لیوا).

- لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٣ کرایە فەرماندەی لیوای (٤) پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتن.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا (٣) جار بریندار بووە لە (بێخاڵ- ڕواندز - بەرد قەڵشیوو).

- ناوبراو بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و بەرگریەکانی لە سەردەمی شاخ کردووە. هەمیشە لە پێشەوەی پێشەوە بووە وە بەشداری زۆرینەی ئەو بەرگری و هێرشانەی دوای ڕاپەڕینی کردووە کە نەیارانی کورد و نەیارانی یەکێتی بوونەتە مەترسی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و تا دوایی بەرگری و هێرشەکانی بەرامبەر تیرۆرستانی داعش.

- دەرچووی خولی (فەرماندەی سریەکان لە پیرزین) لە ساڵی (١٩٩٢).


- دەرچووی خولی (١) فەرماندەیی لە کۆلێژی سەربازی قەڵاچۆلان لە ساڵی (١٩٩٦).

- دەرچووی خولی (تەرقییە) لە کۆلێژی سەربازی قەڵاچۆلان لە ساڵی (١٩٩٩).

- دەرچووی ٢ خولی (فەرماندەی کردن و ئاراستەکردن) لە ساڵانی (١٩٩١ و ١٩٩٢).

- لە سەرجەم خولەکان بە پلەی نایاب دەرچووە.

- بەشدرای هەر سێ کۆنگرەکانی (٢ و ٣ و ٤) یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردووە و ئەندام بووە.



# هەژار هیرانی

ناوی سیانی: عەبدولڕەحمان ئەحمەد عەبدولڕەحمان بەکر

- ناسراوبە: هەژار هیرانی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی هیران/ قەزای شەقڵاوە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

- کام ئۆرگان: پۆلی شەهید محەمەد عەجەم

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٥) ی ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سەرەتا لە قوەی خۆشناوەتی بۆتە پێشمەرگە دواتر لە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- پاش دروستبوونی تەشکیلەی تیپەکان ناوبراو لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٦) درێژەی بەخەبات داوە.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩١) ی سەفین

- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: کادیری دارایی کەرتی تیپ بووە.

- کام ئۆرگان: تیپی ٩١ی سەفین

- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: ئەندامی کەرت

- کام ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی هیران

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە بە لوغم.

- ناوبراو لەئێستادا فەرمانبەری پەرستیارە لە نەخۆشخانەی کۆڵکە ڕەش.



# عەبدولڕەزاق حەمەدەمین نادر

ناوی سیانی: عەبدولڕەزاق حەمەدەمین نادر

- ساڵی لەدایكبوون:١٩٥٧
- شوێنی لەدایكبوون: كۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: بەكالۆریۆس/ كۆلێژی یاسا
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن:١٩٨١
- كام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان/ كۆمەڵەی ڕەنجدەران
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگاكانی سوریا
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: كەرتی (٢) ی تیپی (٩١) ی سەفین.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ. م
- كام ئۆرگان: كەرتی ڕێكخستنی شەقڵاوە
- ناوبراو لە دوای ڕاپەڕین بەردەوام بووە لە خەباتی ڕێكخراوەیی ڕێكخستن پلەكانی بڕیوە لە ئێستادا جێگری مەڵبەندی (١٤) ی كۆیە.





# سەمەد تەق تەقی

ناوی سیانی: عەبدولسەمەد عوسمان حەمە ساڵح ڕەسوڵ

- ناسراوبە: سەمەد تەق تەقی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تاڵەبانی گەورە/ تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی دەشتی هەولێر، ئەوکات شەهید شاخەوان فەرمادەی قوەتی دەشتی هەولێر بوو، ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان لە دەستەکەی شەهید ئەحمەد قەمبەری درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری چەندین چالاکی کردووە وەک: شەری دۆڵی بالیسان، گرتنەوەی تەق تەق، گرتنی ڕەبیەکانی ڕێگای (تەق تەق - کۆیە)
- لە ساڵی ١٩٨٨ دەکەونە ناو بۆسەی ڕژێم لەگەڵ چەند هاوڕێیەک پاش ماوەیەکی زۆر زانرا لە سێدارا دراون.





# فەتاح باغجنێری

ناوی سیانی: عەبدولفتاح عەلی ئیبراهیم

- ناسراوبە: فەتاح باغجنێری
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی باغجنێر/ تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ناوبراو لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری کردووە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: بزوتنەوە
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی حاجی قەڵا
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ. م
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندراربووە



# کاکە عەبە

- ناوی سیانی: عەبدوڵلا عەلی ڕەشید

- ناسراوبە: کاکە عەبە

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١/٢/٩

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئاودەڵۆک/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە ئابوری

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: کۆتاییەکانی ساڵی١٩٧٠

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)

- لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ دەستەیەک لە هاوڕێکانی لە بەغدا زیندانی کراوە، پاش چەند مانگێک خاڵە شەهاب و جەعفەر و هاوڕێکانی تر لەسەر مەرزی ئێران دەستگیرکران و ڕادەستی ڕژێمی عێراق کران بوونەتە یەک گروپ لە زیندان.

- ناوبراو و هاورێکانی یەکەمین دەستەی زیندانی سیاسی دوای ئاشبەتاڵ و لە شۆڕشی نوێ ناوزەد کراون.

- لە مانگی ٨/ی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتیی کەوت و لە بەندینخانەی ئەبوغرێب ئازاد کرا.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوەندی کۆڕەک، وەک پێشمەرگەو ڕاگەیاندکار دەست بەکاربووە.

- لەماوەی پێشمەرگایەتی چەندین ئەرکی پێسپێردراوە وەک (ئەندامی مەڵبەندی سێ، بەرپرسی کەرتی ڕێکخستنی چۆمان، لێژنەی هەماهەنگی، لێژنەی تەنسیق لە سنوری مەڵبەندی سێ، ئەندامی دەستەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، ئەندامی دەزگای ڕاگەیاندن ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و لێپرسراوی بەشی هونەری، هەروەها پیشانگای کاریکاتێری لە هەندەران لە وڵاتی سوید کردۆتەوە.

- پیشنگای کاریکاتێری لە کوردستان (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، کۆیە، ڕانیە) کردۆتەوە.



# خاڵە کەریم

ناوی سیانی: عەبدولکەریم هەمزە عومەر

ـ نازناو: خاڵە کەریم

ـ ساڵی لەدایکبوون:١٩٥٩

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی هەولێر ساڵی ١٩٨٠

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٥/٦

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سەرەتا لە ناوەندی کۆمەڵە بۆ ماوەی چوار مانگ لە سەرکردایەتی ماوەتەوە، هەلەوێ خولی ڕۆشنبیری لە مالیمۆس بینیوە.

ـ دواتر گواستراوەتەوە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لە وەرتێ ئەوکات دکتۆر کەمال خۆشناو بەرپرسی کۆمیتەی سەرکردایەتی بوو.

ـ لە لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە تا ساڵی ١٩٨٤.


ـ لە دوای مفاوەزاتی نێوان ڕژێم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٨٤ ناوبراو گواستراوەتەوە بارەگای مەڵبەندی (٣).

ـ پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین.

ـ لە ساڵی ١٩٨٧ کرایە بەرپرسی گومرگی کۆڵکە ڕەش.

ـ لە دوای ئەنفالەکانی ساڵی ١٩٨٨ ئاودیوی ئێران بووە، لە ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، لە تەشکیلاتی قیادەی مەنتیقە ناوبراو کرایە (ملازم ١)، پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٩٤، ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٤ وازلە پێشمەرگایەتی دەهێنێ بەڵام لە ڕێکخستنەکان بەردەوام دەبێ، لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەکجار بریندار بووە، ناوبراو دووبرای شەهیدی سەنگەرە بەناوەکانی (مولود/ عومەر)





# عەبدوڵڵا کاوانی

ناوی سیانی: عەبدوڵڵا حوسێن مستەفا وسوو

- ناسراوبە: عەبدوڵڵا کاوانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاوانیان/ شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٤) ی ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨)
- پاش تەشکیلاتی تیپەکان ناوبراو لە تیپی (٨٣)ی/ کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان ناوبراو گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین تا ساڵی ١٩٨٨ پاشان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩١)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ. م
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: ئامر سریە لە فەوجی شەقڵاوە.
- ناوبراو زیندانی سیاسیی بووە



# قادر كادیر

ناوی سیانی: عەبدولقادر مەحمود موراد

ـ ناسراوبە: قادر كادیر

ـ ساڵی لەدایكبوون: ١٩٥٤/٧/١

ـ شوێنی لەدایكبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٧٦/٦/١١

ـ كام ئۆرگان: كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/١١/١٦

ـ لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی هەولێر

ـ پاشان لە ساڵی ١٩٨٢ لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر بوو.

ـ لە دوای كۆنفرانسی (٢) ی كۆمەڵە ناوبراو گواسترایەوە كەرتی ڕێكخستنی ڕواندز.

ـ لە ١٩٨٣/١/١٣ گواستراوەتەوە كەرتی ڕێكخستنی هەولێر

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر.

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: ئەندام پۆل

ـ كام ئۆرگان: كەرتی ڕێكخستنی دەشتی هەولێر

ـ ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١ی كردووە.

ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: كارگێڕ كۆمیتە

ـ كام ئۆرگان: كۆمیتەی فەرمانبەران


ـ ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٦ تا ساڵی ١٩٧٧ زیندانیی بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.



# حاکم عەبد گردەسۆری

ناوی سیانی: عەبدوڵڵا سەلیم عوسمان سۆفی

- نازناو: حاکم عەبد گردەسۆری
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گردەسۆر/ ناحیەی قوشتەپە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس/ زانکۆی بەغدا/ یاسا
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٨/٦
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی/ دواتریش مەڵبەندی (٣) ی ڕێکخستنی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: مەڵبەندی (٣) ی هەولێر
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: حاکمی شۆڕش
- ناوبراو برای شەهیدە بەناوی (محەمەد)
- لەدوای ڕاپەڕین خەباتی پێشمەرگایەتی لەڕێگای یاساوە کردە خزمەت بۆ هاونیشتمانیان.



# کاروان شیوعی

ناوی سیانی: عەبدوڵڵا حەمەد ئیسماعیل حەمشین

- نازناو: کاروان شیوعی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی گوێڕ/ مەخمور/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨١
- کام ئۆرگان: حزبی شیوعی
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/١١/١٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: لقی گەرمیانی حزبی شیوعی
- دواتر لە لقی سنوری خۆشناوەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: کادیر
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: لیوا
- کام ئۆرگان: وەزارەتی پێشمەرگە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە
- لە ئۆرگانەکانی ناو هێزی پێشمەرگە ئەم پۆستانەی بینیوە: لێپرسراوی ئیدارەی هێز، ئیدارەی لەشکر/ ئیدارەی لیوای (١١١) بووە.



# جوامێر

ناوی سیانی: عەبدوڵڵا محەمەد تەها ئەحمەد

- نازناو: جوامێر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بەردەسپی/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییەکانی کارەبا
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: کۆمیتەی رێکخستنی (راپەرین)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٥/٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (١)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: رەتلی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر/ شەهید رێباز
- ناوبراو ماوەیەک رابەری سیاسی کەرتی (١) تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بووە.
- لەساڵی ١٩٨٨ ماوەیەک پارتیزان بووە لەگەڵ هەڤاڵ عوسمانە سوور.
- دواپلەی لە پێش راپەرین: کادیری کۆمەڵایەتی
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- ناوبراو بەشداری راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ ی کوردستانی کردووە. لەدوای (٣١)ی ئاب ناوبراو رابەری سیاسی هێز بووە.
- پاشان کرایە ئەندامی فەرماندەیی (٣٧) ی خاڵخاڵان، ساڵی ٢٠٠٠ کراوەتە ئەندامی فەرماندەیی کۆیە بەشی (دادگا) ـ لەساڵی ٢٠٠٥ کراوەتە کارگێری مەڵبەندی (١٧)ی رێکخستنی رۆژهەڵاتی هەولێر، لە ئێستادا ئەندامی لقی هەولێری کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانە، دەرچووی خولی (٤)ی سەربازی قەڵاچۆلان، چوارەمی خولی یەکەمی کادیرانی پەیمانگای قەڵاچۆلانە.
- ناوبراو زیندانی بووە لە ٣١ی ئاب، لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.



# عەبدوڵڵا ناسراغایی

ناوی سیانی: عەبدوڵڵا ساڵح دەروێش عەبدوڵڵا

- ناسراوبە: عەبدوڵڵا ناسراغایی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ناسراغا/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ساڵی ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨)
- پاشان لە تیپی (٩٣) ی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- لە هەمان ساڵ ١٩٨٨ دەستگیر کراوە.
- لەراپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی بەشداری لە راپەرین کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.





# عەبدوڵڵا مەرزانی

ناوی سیانی: عەبدوڵڵا قادر ڕەسوڵ

ـ ناسراوبە: عەبدوڵڵا مەرزانی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی مەرزان/ قەزای کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سەرکردایەتی/ ناوزەنگ/ چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحید.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کەرتی ڕێکخستنی هەولێر

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر.


ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ئەندامی مەڵبەند

ـ کام ئۆرگان: مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو (٢) جار بە سووکی بریندار بووە.

ـ ناوبراو برای شەهیدە بە ناوی (ئیسماعیل قادر)

ـ لەحکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا فەرمانبەرێکی دڵسۆزو دەست پاکە.





# عەبدوڵڵا هەناره

ناوی سیانی: عەبدوڵڵا ئیسماعیل عەبدوڵڵا ئیسماعیل

ـ نازناو: عەبدوڵڵا هەناره

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی هەناره/ سەلاحەدین/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووه.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠/٧/١٣

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨)

له ساڵی ١٩٨٢وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوه

ـ له ١٩٨٢/١٠/٢ دەستگیرکراوه بۆماوەی (٦) له بەندینخانەی مەسیف و ئەمنی هەولێر، له ساڵی ١٩٨٣ بۆتەوه پێشمەرگە له تیپی (٩١) ی سەفین، پاشان له ساڵی ١٩٨٥ له تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوه


ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی له پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، کەرتی (٣)

ـ دواپلەی له پێش ڕاپەڕین: جێگری کەرت

ـ له دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دوا پلەی: ئەندامی بەشی هەڵسەنگاندن وبەدواداچون له فەرماندەیی (٢) ی هەولێر، له ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووه.

ـ ناوبراو برایەکی شەهیدی سەنگەره.

ـ بەشداری یەکەم خولی سەربازی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانی کردووه له ١٩٩٦/١/٢٧، پاشان خولی تەرقیەی کردووه بۆ ماوەی (٦) مانگ له ساڵی ١٩٩٩.



# مەلا عوزێر

ناوی سیانی: عەزیز خدر ساڵح حوسێن

- ناسراوبە: مەلا عوزێر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قول قولە/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٢/١٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی دەشتی کۆیە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: کادیری ناوچەی شۆڕشگێڕان.
- ناوبراو لە دوای ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٨٨ ئاودیوی ئێران بووەو تا ڕۆژی ڕاپەڕین ١٩٩١/٣/٥ نەگەڕاوەتەوە کوردستان.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: جێگری هێز
- ناوبراو لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندارببووە.
- ئامۆزایەکی شەهیدی سەنگەرە





# عەلی حەمەشین

ناوی سیانی: عەلی حەمەد محەمەد عەزیز

- ناسراوبە: عەلی حەمەشین
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٢٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تیمارۆک/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: جێگری کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو (٢) جار بریندار بووە.
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و گوێڕاڵ بووە لە ژیانی پێشمەرگایەتی .
- بەداخەوە لە ڕۆژی ٢٠٢٣/١١/٢٠ بۆدواجار ماڵئاوایی لە خانەوادەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد.



# وەستا عەلی

ناوی سیانی: عەلی قادر جەرجیس

- ناسراوبە: وەستا عەلی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩٩)ی بیتوێن
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٩)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە



# عەلی بڕنەو

ناوی سیانی: عەلی حەمەد ڕەحمان حەمەد

- ناسراوبە: عەلی بڕنەو
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٢
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شیواشۆک/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) دەشتی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی ٨٦
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.
- بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.



# عەلی مەحمود حەمەد ڕەسوڵ

ـ ناوی تەواوی: عەلی مەحمود حەمەد ڕەسوڵ

ـ ساڵی لە دایكبوون: ١٩٥٤

– ناسراو بە: عەلی مەحمود ئیلنجاغی

ـ شوێنی لە دایكبوون: ئیلنجاغی گەورە/ ناحیەی تەق تەق/ كۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: بڕوانامەی ئامادەیی كشتوكاڵی كەربەلا ـ ١٩٧٦، بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە یاسا لە زانكۆی كۆیە ٢٠٠٨.

ـ ساڵی (١٩٦٨) پەیوەندی بە (یەكێتی قوتابیانی كوردستان) كردووە، هەر لە ڕێگای ئەوانیشیەوە بوو بە ئەندامی پارتی.

ـ لە ساڵی ١٩٧٢ناوبراو لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی بارەگای یەكێتی قوتابیانی كوردستانی لەگوندی ئیلنجاغی گەورە كردۆتەوە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٣ لە ڕێگەی شەهید نامیق تاڵەبانی پەیوەندی بە (كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان) كردووە. پاش ماوەیەك دابڕاوە.

ـ دوای نسكۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٧ لەڕێگەی (گوشاد عەبدولرەحمان)ەوە پەیوەندی دەكاتەوە بەڕێكخستنەكانی (كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان)

ـ لە٤-١-١٩٧٩ لەفەرمانگەی (تاقیگەی بیناسازی) ناوچەی باكور- لەبەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی هەولێر بەناونیشانی (یاریدەدەری تاقیگە) دامەزراوە

ـ لەساڵی ١٩٨٢پەیوەندی دەكات بەهێزی پێشمەرگەی كوردستان و لە (زەلێ و ناوزەنگ) لەسەركردایەتی لەكەرتی (بەندیخانە) لەلای (عەلی شامار) كە فەرماندەی كەرت بووە دەبێتە پێشمەرگە

ـ پاش ماوەیەك گواستراوەتەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لەكەرتی (١) كە شەهید (هاوڕێ كاوە مەخموری) فەرماندەی كەرت بووە، پاش ماوەیەك دەبێتە ئەندام پۆلی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان و ڕابەرسیاسی كەرت

ـ لەمانگی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ تیپەكەی وەك هێزی پشتیوانی دەچنە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەشداری لەشەڕگەی ئاڵوەتان و كونەمشكەوساوان دژی ڕژێمی كۆماری ئیسلامی ئێران دەكات



لە٥-٦-١٩٨٣بەشداری داستانی گردەسۆری کردووە،

ـ ساڵی ١٩٨٣ لەکەرتی ڕێکخستنی پێشمەرگەوە گواستراوەتەوە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر و بووە بەئەندام پۆڵ لە پۆلی دێدەوان

ـ لە کۆنفرانسی مانگی (١٠ی ١٩٨٣) بووە بە ئەندام کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر - لێپرسراوی پۆلی دێدەوان مەلا خدر مامەند قەرەبەگی لێپرسراوی کەرتەکە بووە

ـ دوای ئەو کۆنفراسە ناوچەییە بۆماوەی مانگێک لە (کانی توو) دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان خولێکیان بۆ دەکاتەوە، ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٨ بەهۆی جیاوازی فکریی و ڕێکخراوەییەوە لەگوندی ئیلنجاغی گەورە واز لە پێشمەرگایەتی دەهێنێت و دادەنیشێت

ـ لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە لەگەڵ محەمەد ئەحمەد ئیلنجاغی بەشدارییەکی کارایانکردووە و لە ڕزگارکردنی هەولێر و کەرکوک

ـ دوای ڕاپەڕین لەشەقڵاوە دەبێتە فەرماندەی کەرت لە تیپەکەی (عوسمان بانی مارانی)

ـ پاش ماوەیەک دەبێتە لێپرسراوی (کەرتی ڕێکخستنی بنەسڵاوە)

لە١-٧-١٩٩٣دەبێتە (نەقیب) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر

ـ پاشان دەبێتە (رائید) و لێپرسراوی ئیدارە

ـ لە١٢ی (٤)ی ١٩٩٦خولی ئەفسەرانی قەڵاچۆلانی کردووە لە ١٩ی ئابی١٩٩٧ خولەکەی تەواو کردووە.

ـ لەمانگی (٧)ی ١٩٩٩بە (تەنسیب) لە ئاسایشی قەڵادزێ دانراوە

ـ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پشدەر بوو لە ٨ی تموزی ١٩٩٩ تا٤ی ئابی ٢٠٠٥

- کرایە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێمی کوردستان لە ١ی ئەیلوی ٢٠١٠ تا ٣١ی کانونی دوەمی ٢٠١٨.


ـ دواتر خانەنشین کراوە.



# عەلی عارەب

ناوی سیانی: عەلی سخیل جەعفەرعەبدوڵڵا

- نازناو: عەلی عارەب
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: موسڵ
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٢٣) ی سورداش
- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٠ تاکو ساڵی ١٩٩١ لە ئەبوغرێب زیندانی بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٦ تاکو ساڵی ٢٠٠٠ زیندانی بووە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی حەوت جار بریندار بووە.
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێرو بەبیرو باوەڕبووە دژی بەعسیەکان.



# عەلی میر مێرگەیی

ناوی سیانی: عەلی میر یەحیا سەلیم

- ناسراوبە: عەلی میر مێرگەیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مێرگە/ گەڵاڵە/ چۆمان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٧) ی باڵەک
- پاشان لە تیپی (٧٤) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دواتر دەگوازرێتەوە کۆمیتەی گومرگ و کرایە ئەندامی کۆمیتە
- ناوبراو لە دوای ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران بووەو بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی تا ١٩٩١/٣/٥ بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی .
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی ناوبراو لە دەزگای دارایی و گومرگ بووە.
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزو لەشکرەکانی سنوری باڵەکایەتی .
- دوا پلەشـــی ڕێبەری سیاسی بووە لەناو هێزی پێشمەرگەدا.
- لەماوەی پێشمەرگایەتیدا بەشداری چەندین داستان و بەرگری و هێرشی کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣)



# عەلی پۆریجە

ناوی سیانی: عەلی محەمەد ئیبراهیم زێندین

- ناسراوبە: هێرش پۆریجە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٢/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پۆریجە/ ناحیەی قوشتەپە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: شانەی رێکخستنی کارگەی رستن و چنین
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٥/٢١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر/ کەرتی هاوریێ کاوە.
- ناوبراو هەرلەم تیپە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٨٧ دواتر وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- ناوبراو لە راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- لە هەمان ساڵ کرایە فەرماندەی کەرت لە هێزی (١١) ی سەفین
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- دواتر لە کاری رێکخستن بەردەوام بووە لە ئێستادا واتە لە ٢٠٢٣ ناوبراو لێپرسراوی کەرتی بە ئۆرگانە لە کۆمیتەی (٥) ی رێکخستنی هەولێر.
- ناوبراو چەندین خولی سیاسی و رۆشنبیری و فکری بینیوە لە پەیمانگای کادیرانی هەولێر.




# عەوڵا خەبات

ناوی سیانی: عەوڵا حەمەد مینە

- ناسراوبە: عەوڵا خەبات
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی خەزینە/ قەسرێ/ چۆمان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٧٤) باڵەک/ دەستەی تیپ
- ناوبراو لەم تیپە درێژەی بەخەبات داوە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: مەکتەبی عەسکری
- دواپلەی لە پێش راپەرین: پ.م
- ناوبراو بەشداری راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێز و لە شکرەکانی سنوری باڵەکایەتی .
- لەژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.





# عەیزوڵڵا مەرزانی

ناوی سیانی: عەیزوڵڵا عەوێز سەعید

- ناسراوبە: عەیزوڵڵا مەرزانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مەرزان/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا سێی ناوەندی خوێندووە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (١١)ی ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) لای هاوڕێ کاوە
- دواتر گواستراوەتەوە سەرکردایەتی/ ناوەزەنگ بۆماوەی سێ مانگ
- دواتردرێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە قوەتی دەشتی هەولێر، ئەوکات شەهید شاخەوان فەرماندەی قوەت بوو.
- پاشان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ئەوکات شەهید ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی ئەو کەرتە بوو.
- لە ساڵی ١٩٨٢ کرایە فەرماندەی مەفرەزە.
- لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی برایانی دیموکراتی کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆ ماوەی (٢) مانگ.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندارببووە لە شەڕەکانی (بالیسان/ ئیلنجاغ).
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان نەبەردی و چالاکی پێشمەرگانەی کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لە کۆتایی ١٩٨٦ بۆتەوە پێشمەرگە لە بارەگای مەڵبەندی (٣) لە باڵیسان. تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٨، لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.



# عوسمان دەشتی

ناوی سیانی: عوسمان حەمەد خدر

ـ ناسراوبە: عوسمان دەشتی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٢

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی ماستاوە، ناحیەی قوشتەپە، پارێزگای هەولێر.

ـ ئاستی خوێندن: بڕوانامەی دکتۆرا، بە پلەی زانستی پرۆفیسۆر

ـ لە ساڵەکانی (١٩٧٠) بەدواوە سەروکاری لەگەڵ نوسین و ئەدەبیات و ڕۆژنامەنووسیدا پەیدا کردووە.

ـ لە ساڵی ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ بەشداری لە شۆڕشی کوردستاندا کردووە.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٥ تاکو١٩٧٨ لەگوندی لێوژەی دۆڵی ناودەشت مامۆستا بووە ئاشنایەتی لەگەڵ سەرکردەکانی وەک عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، ملازم عومەر، شەهید خەلیلی برای کاک برایم جەلال پەیدا کردبوو لەم ڕێگاوە هاتۆتە ناو ڕێکخستن و بگرە ئیشوکار و ڕاسپاردەشی بۆ جێبەجێ دەکردن.

ـ کام ئۆرگان: دواتر لە ساڵی ١٩٨٠بەردەوام بووە لە کەرتی ڕێکخستنی شەهید کاوە، سەربەڕێکخراوی هەولێر

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٧/٣٠

ـ لەڕێگای کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لەوەرتێ ڕەوانەی بارەگای ناوەندی کۆمەڵە لە تووژەڵە کراون.

ـ لەمانگی (١٠) هەمان ساڵ وەکو ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز، دۆڵی گەرەوان دەست بەکاربووە، دواتر وەکو ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتیی مامۆستایان، ئەندامی لێژنەی تەنسیق لە سنووری مەڵبەندی (٣) لە ساڵانی ١٩٨٤ ـ ١٩٨٥کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ وەکو ئەندامی کۆمیتەی یەکێتیی نیشتمانیی لە خەتێ کاری کردووە، لە ساڵانی ١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ وەکو بەرپرسی ناوچەی شەقڵاوەی یەکێتیی نیشتمانیی کەبارەگایان لە هیران بووە درێژەی بەخەبات و تێکۆشان داوە تا دوای ئەنفالەکان، لە مانگی (١٠) ی ١٩٨٨ ئاوارەی ئێران بووە، لە ڕۆژی ١٩٨٩/١/١٩ بەنامەی مەکتەبی سیاسی گەڕاوەتەوە ناو شار، لە ئێستاشدا نامەکە پارێزراوە لە ئەرشیف و نامەخانەی کتێبخانەکەی، تاکو ئێستا (١٥) کتێبی لەبوارەکانی شیعرو ئەدەبیات و لێکۆلینەوەو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانە، ئەندامی سەندیکای نێونەتەوەی ڕۆژنامەنوسانی جیهانی، ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد بووە، لە ئێستادا مامۆستای وانەبێژە بەپلەی زانستی پرۆفیسۆر، لەبەشی کوردی فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی کۆیە.





# عوسمانی حەمە ڕەشید

ناوی سیانی: عوسمان ڕەشید محەمەد عەلی

ـ ناسراوە: عوسمانی حەمە ڕەشید

ـ ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٩

ـ شوێنی لەدایکبوون: شەقڵاوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (١٠) ی ١٩٨٢

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە


ـ پاشان لە تیپی پارێزگاری مەڵبەندی (٤) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٨٥.

ـ ناوبراو بەشداری کاریگەری هەبووە لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ لە دەستەکەی شەهید کارزان شەقڵاوەیی.

ـ لە ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٣ ناوبراو لە تیپی تایبەتی پارێزگاری لە زیندانی شەقڵاوە بووە.

ــ پاشان لە هێزی خۆشناوەتی درێژەی بە پیشمەرگایەتی داوە.

ـ ناوبراو پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بەدسپلین بووە بۆیە کراوەتە فەرماندەی کەرت لە تیپی خۆشناوەتی، پاشان گواستراوەتەوە لەشکری خۆشناوەتی لای شەهید (مەلا نەجم)



# عوسمان بانی مارانی

ناوی سیانی: عوسمان قادر عەبدوڵڵا

- ناسراوبە: عوسمان بانی مارانی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٤

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٠

- کام ئۆرگان: پارتی دیموکراتی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٢ تا نسکۆی شۆڕش پێشمەرگە بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە کردووە. پاش جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لە یەکێتیی وەیەکگرتنەوەی لەگەڵ لێژنەی پارتی دیموکراتی کوردستان و پێکهێنانی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان لەناو حزبە تازەکەدا درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی داوە.

- لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لە سنوری دەشتی هەولێر کراوە بە فەرماندەی مەفرەزە.

- لە ساڵی ١٩٨٤ گوێزرایەوە بۆ هەرێمی (١٥) ی سەفین کرایە فەرماندەی کەرت،

- لە ساڵی ١٩٨٥ چووە پاڵ گروپی ئاراستەی شۆڕشگێڕبە سەرکردایەتی قادر عەزیز لە حزبی سۆسیالیستی کوردستان جیا بۆتەوە لەوێدا بە لێپرسراوی قوەتی خۆشناوەتی دەستنیشان کراوە.

- لە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە

- لە ساڵی ١٩٨٧ ناوبراو فەرماندەی کەرتی (٥) بووە لە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، لەساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ بەشداری لە سەرجەم چالاکییەکانی سنوری تیپەکەی کردووە.

ـ لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالْ ناوبراو ئەرکی ڕێکخستنەوەی تیپەکانی (٨٥) ی بەڕانەتی و (٩١) ی سەفینی پێسپێردراوە. پاشان ماوەیەک لە شاری نەغدەی ئێران گیرساوەتەوە.

ـ لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە ڕزگارکردنی هەولێرو دەوروبەری. لەساڵی ١٩٩٣ کرایە فەرماندەی فەوجی (٢) ی لیوای (٣١) ی ڕۆژئاوا.

ـ پاشان کرایە فەرماندەی لەشکری (١٥) ی قەرەچوغ، پاش ٣١ی ئاب و لە ساڵی ١٩٩٧ کرایە بەرپرسی قۆڵی سەربازی سماقوڵی لە فەرماندەیی (٥) ی دوکان، بەشداری کاریگەری کردووە لە ئۆپراسیۆنی دووەمی گەردەلولی تۆڵەدا لەبەرامبەر هێزەکانی تورکیا و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، هەرلەم شەڕەدا (٣) برای قارەمانی شەهید بوون.

ـ لە ساڵی ١٩٩٨ کرایە فەرماندەی فەرماندەیی (١٥)ی قەرەچوغ، لە کۆنگرەی (٢) ی یەکێتیی نیشتمانیی دا لەساڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی سەرکردایەتیدا هەڵبژێردرا، دواتر بووە لێپرسراوی مەڵبەندی (٦) ی سۆران.

ـ لە ساڵی٢٠٠٣ کرایە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی فراکسۆنی سەوز.

ـ لە ساڵی ٢٠٠٨ وازی لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان هێناو پەیوەندی بە بزوتنەوەی گۆران کرد.

ـ لە ساڵی ٢٠١٤ ڕیزەکانی بزوتنەوەی گۆڕانی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان.



# عومەر هیرانی

ناوی سیانی: عومەر تەها عومەر

- ناسراوبە: عومەر هیرانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: هیران/ شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١ تاکو ١٩٨٥
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی خۆشناوەتی
- دواتر لە تیپی (٩١) ی سەفین کەرتی ٣ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی ناو هەولێر و دەوروبەری کردوە.
- پاشان کاری لە ئۆرگانەکانی ڕێکخستن کردووە.



# عومەر ژێ سێ

ناوی سیانی: عومەر حەمەد ئەحمەد پیرداود

- نازناو: عومەر ژێ سێ
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی پیرداود/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٧) ی ساڵی ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) دەشتی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: دەستەی مامۆستا بەکر
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: ئامرسریە
- کام ئۆرگان: لە قیادەی مەنتیقە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندarبووە
- ناوبراو برایەکی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری نیشتمانە.





# عومەر ناسر

ناوی سیانی: عومەر ڕەحمان قادر ئیبراهیم

- ناسراوبە: عومەر ناسر

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ناسر/ ناحیەی دیبەگە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣ تا ساڵی ١٩٨٩ پێشمەرگە بووە.

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٣) ی بەردەباز.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت

- کام ئۆرگان: کەرتی (٣) لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە


- لە تەشکیلاتەکانی ناو هێزی پێشمەرگە پلەکانی جێگرفەوج و فەرماندەی فەوج و فەرماندەی لەشکرو جێگری فەرماندەیی (٢) ی هەولێرو ماوەیەک سەرپەرشتیاری فەرماندەیی فەرماندەی (٢) ی هەولێر بوو لە کۆیە ئەوکات هەڤاڵ (بورهانی سەعید سۆفی) لێپرسراوی فەرماندەی (٢) ی هەولێر بووسەفەری دەرەوەی کردبوو.

- لە ساڵی١٩٩٠ زیندانی بووە

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٦) جار بریندار بووە.

- ناوبراو لەخانەوادەکەیان (٧) شەهیدیان هەیە.


- لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاوارەی شاری کۆیە بووە.



# كاكه ڕەش

ناوی سیانی: عومەر ساڵح عومەر ئەحمەد

- نازناو: کاکە ڕەش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەریاوە/ سەلاحەدین/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٣)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی
- ناوبراو لەدوای ڕاپەرین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزو لەشکرەکانی هەولێر
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: جێگری تیپ
- کام ئۆرگان: لە بەتالیۆنی (٨) هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.





# عومەر ڕیشە

ناوی سیانی: عومەر کەریم ئەحمەد ئیبراهیم

- ناسراوبە: عومەر ڕیشە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ناوبراو لە ١٩٧٩/١/١٥ زیندانی کراوە تاکو ١٩٧٩/٨/٢٣
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی کۆسرەت
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزی (٧) ی کۆیە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: جێگری تیپ بووە لە هێزی (٧)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە.




# عومەر کۆرەکی

ناوی سیانی: عومەر محەمەد شەریف ئەحمەد

- نازناو: عومەر کۆرەکی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٤٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کۆرەک/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی تیپ دواترلە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە بەردەوام بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی
- دواپلەی لە پێش راپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٥) بەڕانەتی
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: فەرماندەی تیپ
- کام ئۆرگان: فەرماندەیی (٢) هەولێر
- لە ساڵی ١٩٨٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە
- ناوبراو برایەکی شەهیدی سەنگەرە







# عومەر مەحمود ئیلنجاغی

ناوی سیانی: عومەر مەحمود محێدین حەسەن

- لەدایکبووی ساڵی: (١٩٦١)

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ تەقتەق/ کۆیە/ هەولێر

- ساڵی پەیوەندی بەشۆڕشەوە: ٢٥-٥-١٩٨١

- ئۆرگان: حیزبی شیوعی عێراق/ لقی کۆیە/ لەلای سەرپەل شەهید مەحمود مەرزانی

٢٧-١-١٩٨٢ داستانی سێکانی لەڕیزەکانی حزبی شیوعی بووە

- لە مانگی ١٢ساڵی ١٩٨٣پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە.

- ئۆرگان: لە کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ئەوکات هەڤاڵ ئەحمەد کوردە فەرماندەی ئەم کەرتەبوو.

- بەشداری داستانی گوندی ئازیانەی کردووە لە٧-٣-١٩٨٥ لەڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- هەر لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- لە مانگی (٤) ساڵی١٩٨٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوەلە ئیلنجاغی گەورە دادەنیشێت تا گوندەکان لەلایەن ڕژێم وێران کران.

- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.

- دوای ڕاپەرین بەکاری کاسبیەوە خەریکبووە .

- ئامۆزایەکی شەهیدە بەناوی (فاخیر)





# هەندرێن تورکمان

ناوی سیانی: غازی عەبدوالواحید تۆفیق سەعید

- نازناو: هەندرێن تورکمان
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٢/٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (١)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: لە دوای ڕاپەرین چەند پلەیەکی سەربازی بڕیووە لە هێزی (١٠) دەشتی هەولێر.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی سێ جار بریندار بووە
- ناوبراو لە ئێستادا کەم ئەندامی سەنگەرە





# غازی قادراغا

ناوی سیانی: غازی قادر عەلی

ـ نازناو: غازی قادراغا

ـ ساڵی لەدایكبوون: ١٩٦٠

ـ شوێنی لەدایكبوون: گوندی نازەنین/ قەزای كۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٧٨

ـ كام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٨/١٠/١٠

ـ لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨)

ـ لە مانگی ١٩٧٨/١١ بۆتە ئەندامی لێژنەی ناوچەی شەقڵاوە

ـ لە ساڵی ١٩٨٠بوەتە فەرماندەی كەرت لەهەرێمی ١٠ سەفین

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ بوەتە ڕابەی سیاسی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی

ـ لەساڵی ١٩٨٤ بوەتە ئەندامی كەرتی ڕێكخستنی شەقڵاوە كۆمەڵە

ـ لە ساڵی ١٩٨٦ كرایە ڕێكخەری ڕێكخستنی كۆمەڵە لە تیپی ٩١ سەفین

ـ لە ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ـ لە ڕاپەڕینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری كردوە

ـ لە ساڵی ٢٠٠٤ بوەتە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژكاری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

ـ لەساڵی ٢٠٠٥ بوەتە لێپرسراوی كۆمیتەی (٢)ی عەنكاوە .

ـ لە ساڵی ٢٠٠٦ بوەتە كارگێڕی مەڵبەندی ڕێكخستنی كۆیە

ـ لە ساڵی ٢٠٠٩ بوەتە ئەندامی ئەنجومەنی مەكتەبی ڕێكخستن


ـ لە ساڵی ٢٠١١بە پلەی لیوا خانەنشین كراوە



# غەفور شێخ شەروانی

ناوی سیانی: غەفور محەمەد حوسێن قادر

- ناسراوبە: غەفور شێخ شەروانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شێخ شەروان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگا
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (١) ی شەهید کاوە
- دواتر ناوبراو لە تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کەرتی (١) تیپی (٨٧)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٧)
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: فەرماندەی فەسیل
- کام ئۆرگان: لیوای ڕۆژهەڵات.
- لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانیی بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو (٢) جار بریندار بووە.
- ناوبراو چوار ئامۆزای شەهیدە





# شێخ فاخیر

ناوی سیانی: فاخیر سەعدی عەبدولکەریم

- ناسراوبە: شێخ فاخیر

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١

- شوێنی لەدایکبوون: هیران/ قەزای شەقلاوە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلێژی یاسا

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

- کام ئۆرگان: لە ڕێگای (م. مەهدی کاوانی) - پۆلی شەهید (محەمەد عەجەم).

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/٨/٢ / هەرێمی پارێزگاری/ کەرتی (٢) ی ئێزگە ئەوکات هەڤاڵ (هێمن) فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ گوازراوەتەوە دەستەی شەهید ملازم سەید کەریم لەبارەگای مەکتەبی عەسکری تاساڵی ١٩٨٤

- لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە کەرتی ڕێکخستنی شەقلاوە.

- دواترگوازرایەوە تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٤) ئەوکات شەهید ئەحمەد جەمیل.

- ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.

- دواتر لە کاری ڕێکخستن بەردەوام بووە بۆتە کارگێڕی کەرت لە سنوری هیران و نازەنین.

- پلەکانی ریکخستنی بریوە تاکو لە ساڵی ٢٠٠٣ کرایە لێپرسراوی کۆمیتە .

- پلەی ڕێکخراوەیی جێگری مەڵبەندی (٦) ی ڕێکخستنی سۆرانە.

- لە ئێستادا لێپسراوی بەشە لە مەڵبەندی (٦) ی سۆران.



# فارس جەلال قادر عەبدوڵڵا

ناوی سیانی: فارس جەلال قادر عەبدوڵڵا

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی دیبەگە/ قەزای مەخمور/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی سەرەتایی

- لە ساڵی ١٩٧٣ تاکو نسکۆی شۆڕش بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە) ڕێکخراوی شەهید جەمیل ڕەنجبەر.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٨/٤

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) ئەوکات شەهید (ئەحمەد قەمبەری) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- پاشان لە تیپی (٩١) ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێر

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و هێرشی کردووە لە سنوری تیپەکانی (٨٦)، (٨٧)، (٩١) واتە سنوری مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

- ناوبراو لە ١٩٨٩/٦/١ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە و گەڕاوەتەوە شاری هەولێر.

- لەڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.

- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە هێزو لەشکرەکانی سنوری هەولێر تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦، پاشان ئاوارەی سنوری کۆیە بووە.

- دواتر لە فەرماندەیی (٢) ی هەولێر/ لە بەشی ئیدارەی فەرماندەی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە وەک کادیری بەشی ئیدارە، پاشان ناوبراو خانەنشین کراوە.





# فارس قادر حوسێن

ناوی سیانی: فارس قادر حوسێن محەمەد

- ناسراوبە: رەئیس
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی دیبەگە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/١١/٢٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: دەستەی کاک نەوشیروان
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: تیپی٨٧ ی قەرەچوغ/ کەرتی (٦) شەمامک
- دواپلەی لە پێش راپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٧)
- دوا پلەی لە دوای راپەرین: فەرماندەی تیپ
- کام ئۆرگان :لەشکری ئامادە/ لە کۆیە
- ناوبراو خاوەنی شەهیدە



# فارسی ڕێکخراوەکان

ناوی سیانی: فارس محەمەد سادق

- ناسراوبە: فارسی ڕێکخراوەکان

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گردعازەبان/ ناحیەی شەمامک/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (هێڵی گشتی)

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی دەشتی هەولێر

- هەرهەمان ساڵ کرایە ئەندامی ناوچە

- لە ساڵی ١٩٨٢ کرایە فەرماندەی (کەرتی) هێزی پارێزگاری لە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لە وەرتێ.

- لە ساڵی ١٩٨٤ کرایە ئەندامی مەڵبەندی (٣) پاشان لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە دۆڵی بالیسان وەک کادیر (کۆمەڵایەتی)

- لەگەڵ دروست بوونی ئاڵای شۆڕش ناوبراو وەک کادیرو فەرماندەیەکی مەفرەزە لەم ڕەوتە لە دەشتی شەمامک کاری کردووە.

- لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕینی کردووە لە شاری هەولێرو قەزاو ناحیەکانی، ناوبراو یەکێک بووە لە و ڕەوتەی ئاڵای شۆڕش وحزبی زەحمەتکێشان کە لە ساڵی ١٩٩٣ چووە ڕیزی ئەو فراکسیۆنەی بەناوی (پەیڕەوی یەکگرتن) لەناو حزبی زەحمەتکێشاندا بۆپرۆژەی یەکگرتنەوەی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دواتر یەکگتنەوەکە چووە قۆناغی جێبەجێکردن، ناوبراو کرایە کارگێڕی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، ناوبراو ماوەیەکی زۆر لێپرسراوی یەکێتیی جوتیارانی کوردستان بووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ کرایە ئەندامی مەکتەبی ڕیکخراوە دیموکراتیەکان،لەساڵی ٢٠٠٩ کرایە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەساڵی ٢٠١٢ کرایە لێپرسراوی بۆردی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، لە ساڵی ٢٠١٤کرایە بەڕێوەبەری گشتی لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ناوبراو لە ٢٠١٨/٤/٢٤ لە شەقامی سەدمەتری بەفیشەک پێکراو گیانی سپارد.





# دلێر كانی لەلەیی

ناوی سیانی: فەیزوڵڵا ئیبراهیم ئەحمەد

- نازناو: دلێر كانی لەلەیی
- ساڵی لەدایكبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایكبوون : تەق تەق/ قەزای كۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٧٧
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر، دەستەی مەلابەختیار
- لە پایزی ١٩٧٧ برینداربووە لە هەورێ
- لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ دەستەی مەلابەختیار بووە بۆ سنوری سلێمانی و سەركردایەتی و قەرداغ بۆماوەی (٢) ساڵ
- لە ساڵی ١٩٨٠ گواستراوەتەوە دەشتی هەولێر، لە سەردەمی شەهید شاخەوان لەقوەی دەشتی هەولێر بووە ناوبراو درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە، پاشان لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر سەرەتا لە كەرتی ئەحمەد قەمبەری بووە، كەناوبراو شەهیدبووە دلێر كانی لەلەیی كرایە فەرماندەی مەفرەزە و سەفین مەلا قەرە كرایە فەرماندەی كەرتی (٢)
- دواتر لە ساڵی ١٩٨٤درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ كەرتی شەهید ئەحمەد قەمبەری.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- كام ئۆرگان: كەرتی (٢)
- لە لەدوای كشانەوەی هێزەكان بۆسەر سنور لە ساڵی ١٩٨٨ ناوبراو وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ناوبراو لەدوای ڕاپەرین چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیوە لە تەشكیلاتەكانی ناو هێزی پێشمەرگە.



# فواده ڕەش

ناوی سیانی: فواد قادر ئەحمەد قادر

- ناسراوبە: فوادە ڕەش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٩
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قزلو/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/٩/٢٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی ٩٣
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە/ لە کەرتی (١) هەمان تیپ.
- ناوبراو لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- پاشان لە چەندین قۆناغی دوای ڕاپەڕین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە بەرپرسیاریەتیشی هەبووە.
- لە دوای ٣١ی ئاب ناوبراو فەرماندەیەکی چالاک و دڵسۆزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە لە سنوری فەرماندەی (٢) ی هەولێر.
- پلەکانی سەربازی بریوە تا جێگری هێز
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- خێزان و منداڵەکانی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوون.



# شێخ قادر

ناوی سیانی: قادر برایم حەمەد

- ناسراوبە: شێخ قادر
- ساڵی لەدایكبوون: ١٩٤٩/٧/١
- شوێنی لەدایكبوون: گەڕەكی خانەقا/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی/ سلێمانـــی
- لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری كردووە لە ساڵی ١٩٧٤ تا نسكۆی شۆڕش لە سنوری چۆمان.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٧٤
- كام ئۆرگان: كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان.
- دواتر ناوی ڕێكخستن گۆڕا بۆ (كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان)
- ناوبراو یەكێك بووە لە كاراكتەرە دیارو ئەكتیڤ و چالاكەكانی ئەلقە ڕۆشنبیریەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان لەناو شاری هەولێر.
- لە ڕۆژی ١٩٧٧/٥/٢٢ دەستگیردەكرێ و ڕەوانەی ئەمنی هەولێردەكرێت، پاشان ڕەوانەی هەیئەی خاسەی كەركوك دەكرێ پاشان بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب تا ١٩٧٩/٨/١٦ ئینجا بەرلێبوردنی گشتی كەوت و ئازاد كرا، ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٦) ی ساڵی ١٩٨١ ـ لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی دەشتی هەولێر، ئەوكات شەهید شاخەوان بەرپرسی ئەم قوەتە بووە، پاشان گواستراوەتەوە سەركردایەتی لای كاك نەوشێروان لە سنوری دۆڵی خانەقا، لە ڕۆژی ١٩٨٢/١/١ گواستراوەتەوە ناوەندی (كۆمەڵە)، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢ كرایە ئەندامی كەرتی ڕێكخستنی شەقڵاوە ئەوكات هەڤاڵ (حاجی مەمۆ) لێپرسراوی ئەم كەرتە بوو، ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تاكو ساڵی ١٩٨٥، لەساڵی ١٩٨٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە بەڵام لە كاری ڕێكخراوەی ئۆرگانی ڕێكخستن جارێكی تر درێژەیان بەكاری ڕێكخستن دا تاكو ساڵی ١٩٩١، لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەكەی كردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ كرایە ئەندامی كۆمیتەی (٤) ئەوكات هەڤاڵ (سەعدی عەلی) لێپرسراوی كۆمیتەكەبوو، پاشان ناوبراو سەندیكای كرێكارانیان دامەزراند و كرایە سەرۆكی سەندیكای كرێكارانی كوردستان، ئەندامی ئەنجومەنی مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتیەكان بووە، پاشان كرایە لێپرسراوی كۆمیتەی ڕێكخستنی (كرێكاران) تاكو ساڵی ١٩٩٥، دواپلەی ئەندامی مەكتەب بووە لە ناویەكێتیی نیشتمانی كوردستان، لە ساڵی ١٩٩٦ كوردستانی جێهێشت و بەرەو هاندەران ڕۆیشت، لە كۆمیتەی ڕێكخستنی هۆڵندا ڕۆڵ پێگەی دیاربووە لە بۆنەو یادە نیشتیمانیەكان، ناوبراو ئەندامی كۆنگرەكانی (١ و ٢)ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بوو.





# مام قادر

ناوی سیانی: قادر حەسەن مام شێخ ئەحمەد

- ناسراوبە: مام قادر

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٣٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بەردبڕ/ ناحیەی دێگەڵە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی هەشتی هەولێر

- ماوەیەک چەکی داناوەو لەگوندەکەی خۆیان دانیشتووە.

- ئەمجارە لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/١٠/٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردۆتەوە بە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٦)

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦)

- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٢) ی شەهید خالە یوسف.

- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: ناوبراو لە چەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تاپلەی جێگری فەوج سەربەیەکەی (٧٠)

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندواربووە لەسەر ڕێگای کەرکوک

- ناوبراو ئامۆزایەکی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری نیشتمانە..



# قادر عەولا

ناوی سیانی: قادر عەبدوڵلا تەها مستەفا

- ناسراوبە: قادر عەولا
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: قەراج/ مەخمور/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٩ لە رێگای هەڤاڵ (کاکل رەش)
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (١٠) ی ساڵی ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەی دەشتی هەولێر/ کەرتی (١)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: تیپی ٨٧ی قەرەچوغ کەرتی (٢)
- دواپلەی لە پێش راپەرین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: کەرتی (٢) تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- ناوبراو لە ١٩٨٧/٩/١٢ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- ناوبراو لە راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- ناوبراو لە بەتالیۆنی شەهید فاقە مەخمور، سەرتیپ بووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە قیادەی مەنتیقەی هەولێر
- ناوبراو ئامر سریە بووە لە فەوجی (٢) ی تەواری هەولێر
- بۆ ماوەی (١٠) مانگ زیندانی بووە لە ساڵی١٩٩٧ تا ١٩٩٨
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.





# قادر شەوگێڕی

ناوی سیانی: قادرعومەر ئەمین

- ناسراوبە: قادر شەوگێڕی

- ساڵی لەدایکبوون: لە نفوس ١٩٦٩ تۆمار کراوە بەڵام لە بنەڕەتدا ناوبراو موالید ١٩٦٦ بوو.

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی شەوگێڕ/ کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە سنوری دەشتی کۆیە، پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بەدسپلین بوو، هەربۆیە کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەڕینی کردووە.

- لە زۆربەی تەشکیلاتەکانی هێزو لەشکری کۆیە بەشدار بووە ڕۆڵ و پێگەی دیاربووە.

- فەرماندەی تیپی پاسەوانی مەڵبەندی (١٤) ی کۆیە بووە.

- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین جێگری فەوج بووە.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندداربووە

- خاوەنی (٢) برا شەهیدە


- بەداخەوە لە ڕۆژی ٢٠٢٢/١٢/٣٠ ماڵئاوایی لە خانەوادەو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد.



# قادر تیمارۆکی

ناوی سیانی: قادر مەولود شوان

- ناسراوبە: قادر تیمارۆکی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٤٣
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تیمارۆک/ کۆیە/ هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٧) ی ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال لە ناوزەنگ، پاشان لە قوەی حاجی قەلا بەردەوام بووە لە خەبا ت وتێکۆشان، دواتر لە تیپی (٩٣) ی کۆیە کەرتی (٤) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- لەساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لەمانگی ٢ی ساڵی١٩٩١ جیهازی ڕەتلی پارتیزانەکانی کۆیە لەماڵی قادر تیمارۆکی دانرابوو تا لەگەڵ سەرکردایەتی پەیوەندی بکەن لە قەمتەران.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار برینداربووە.
- برایەکی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری کوردستانە.
- ناوبراو لە بەرواری ٢٠١٤/١٢/٩ کۆچی دوایی کردوە.





# قادر دۆشكە

ناوی سیانی: قادر هەینی تەها

ـ ناسراویە: قادر دۆشــكە

ـ ساڵی لەدایكبوون:١٩٤٩/٩/٩

ـ شوێنی لەدایكبوون: كۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی سێی ناوەندی

ـ لە ساڵی ١٩٦٨پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە كرد، باڵی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان، لە ساڵی ١٩٧٤ تا ١٩٧٥ بەشداری شۆڕشی كردووە. پاشان ئاوارەی ئێران بووە. پاشان گەڕاپەوە كوردستان ڕژێم دووری خستۆتەوە بۆناحیەی قادسیە.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٧٦

ـ كام ئۆرگان: بزوتنەوەی سۆسیالیستی لەڕێگای شەهید دكتۆر خالید.

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧

ـ لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر.

ـ لە ساڵی ١٩٧٨ كرایە لێپرسراوی دەستەی پاسەوانی مام جەلال لەناوزەنگ.

ـ لەساڵی ١٩٨٢ كرایە جێگری تیپی (٨٣) ی هەورێ

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ كرایە فەرماندەی تیپی تایبەتی مەڵبەند لە بالیسان.

ـ لە ساڵی ١٩٨٧ تووشی نەخۆشیەكی قورس بوو، پاش عیلاج كرایە ئیدارەی ئوردوگای ئاوارەكانی بادیناوە.

ـ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١ی كردووە.

ـ لە ڕاپەرین كرایە جێگری فەرماندەی میحوەری ڕانیە.

ـ لە ساڵی ١٩٩٧ كرایە لێپرسراوی بەشی زانیاری فەرماندەیی(٥) ی دوكان، بەهەمان پلە گواسترایەوە فەرماندەی (٩) ی كۆیە، لە ساڵی ١٩٩٩ خولی ئەفسەران لە كۆلیژی قەڵاچۆلان تەواو كردووە، لە ٢٠٠٣ كرایە جێگری فەرماندەیی لە فەرماندەی تەق تەق، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.



# جوتیار

ناوی سیانی: قاسم جەبار قاسم سلێمان

- نازناو: جوتیار

- ساڵی لەدایكبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایكبوون: گەڕەكی خانەقا/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن :١٩٨١

- كام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (١٠) ی ساڵی ١٩٨١

- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەی دەشتی كۆیە، ئەوكات شێخ شەماڵ بەرپرس بوو لەم قوەتە.

- پاشان گواستراوەتەوە سەركردایەتی بۆماوەی (١) مانگ لە ناوزەنگ مایتەوە.

- پاشان گواستراوەتەوە كەرتی (١) لای شەهید هاورێ كاوە/ لەتیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، پاشان كەرتی (٢) كرایە ڕابەری سیاسی (ئەندام پۆڵ)


- لە ساڵی ١٩٨٤ كرایە كادیری جەماوەری و لەهەمان كاتیش ئەندام پۆل بووە.

- لە مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٦ گواسترایتەوە مەڵبەندی (٣) لەبەشی (كۆگای چەك) لە خەتێ.

دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ ـ ١٩٩٠ گواسترایتەوە تیپی (٩١) ی سەفین، كەرتی (١) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە

- ناوبراو بەردەوام بووە لە خەبات و تێكۆشان تا ساڵی ١٩٩٠.

- لە مانگی (٧) ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، بەشداری ڕاپەرینە مەزنەكەی ساڵی١٩٩١ی كردووە. پاشان لە هێزو تیپەكانی سنوری هەولێربەردەوام بووە لەبەرگری خاكی كوردستان، لە ساڵی ١٩٩٢ كرایە لێپرسراوی كەرتی ڕێكخستنی دارەتوو، لە ١٩٩٥/٥/٥ گواستراوەتەوە ئاسایش و لەم دەزگایە خزمەتێكی زۆری كردووە، لە ساڵی ١٩٩٩گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ڕانیە، دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: عەمیدی پۆلیس، ناوبراو خاوەنی شەهیدی سەنگەر، دەرچووی خولی (١) ی ئاسایش بەناوی خولی شەهید (جەمال عەلی باپیر)، لە ساڵی ٢٠٢٢ بە پلەی عەمید خانەنشین بووە.



# ڕێباز عەزیز

ناوی سیانی: قاسم عەبدولعەزیز محەمەد

- ناسراوبە: ڕێباز عەزیز
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: دادگای شۆڕش
- لە ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی/ کەرتی (٢)
- ناوبراو لە تیپی بەڕانەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٨٨
- لە مانگی (٦)ی ساڵی ١٩٨٨ گواستراوەتەوە مەڵبەندی (٣) ی هەولێر کرایە ڕێکخەری ڕێکخستن.
- پاش شەڕەکانی بناری قەندیل ناوبراو ئاودیوی ئێران بووە.
- لە ١٩٨٨/١٠/٢ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە و گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق.
- ئەندامێکی کارای شانەی بروسک بووە، بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- ناوبراو برایەکی شەهیدە



# قاسم عەزیز ڕەسوڵ

ناوی سیانی: قاسم عەزیز ڕەسوڵ

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی چەرتووک/ کەندێناوە/ هەولێر.

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی بە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کردووە.


- لە ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە.

- لەساڵی١٩٧٤ چووە ریزی شۆڕشەوە، لەماوەیەدا بەشداری خولی کادیرانی کردووە، پاش تەواو کردنی ئەم خولە کرایە ئەندامی ناوچەی هێزی سەفین.

- پاش هەرەس هێنانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕایەوە هەولێر، لەکارگەی پەلەوەری هەولێر دامەزرا. لەم ماوەیەدا لەکاری ڕێکخستن ڕۆڵ و پێگەیان لە لوتکەدابوو، جموجۆڵەکانیان ڕژێمی شۆک کردبوو، بۆیە ڕژێم لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ چەند هاوڕێییەکی دەستگیری کردن.

- لەساڵی ١٩٧٧ کرایە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستن لە کۆمیتەی هەرێمی هەولێر، ئەوکات عەبدولڕەزاق محەمەد عومەر لێپرسراوی ئەم کۆمیتەیە بوو.

- لەساڵی ١٩٧٧ ناوبراو لەگەڵ زیاتر لە (٨٠) کادیری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەستگیر کران.. پاش چەند مانگێک لە ئازارو ئەشکەنجەو لێدانی قەدەغەکراو کەچی ناوبراو هیچ نهێنیەکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی کەشف نەکرد، ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢، لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە، بووە ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە، لە ساڵی ١٩٨٤ بەشداری لە کۆنفرانسی سێیەمی کۆمەڵەی ڕەنجدەران کردووە، ناوبراو بەردەوام بوولە پێشمەرگایەتی تا ساڵی ١٩٨٦ پاشان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لە ساڵی ١٩٨٨بەگومانی چالاکیەک لەناو پیشەسازی هەولێر بۆماوەی (٤) مانگ و نیو زیندانی کراوە، لە ساڵی ١٩٩١ پێش ڕاپەرین بەشداری لە شانە چەکدارەکانی هەولێر کردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ بەشداری لە کۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ک) کردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی (٤) ی ڕێکخستنی هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ (١٦) کادیری پێشکەوتوو بەسەرۆکایەتی جەنابی مام جەلال بەشداری وەفدی معارەزەی کردووە لە (ڤێنا) (فەرەنسا)، لە ساڵی١٩٩٧ بووە ئەندامی کۆمیتەی بەنەلۆکس، لە ساڵی ٢٠٠٢ کرایە ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکان، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر هەڵبژێردرا.



# خاڵە قاسم

ناوی سیانی: قاسم عەلی حوسێن

- ناسراوبە: خالە قاسم

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٣

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی یەدی قزلەر/ پارێزگای هەولێر

- ئاستی خوێندن: سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- لە ساڵی ١٩٨٣دەگوازرێتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢)ی شەهید (ئەحمەد قەمبەری)

- لەگەڵ دروست بوون و دامەزراندنی تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ گواستراوەتەوە ئەم تیپە.

- لەبەر ئازایەتی و لێهاتووی لەساڵی ١٩٨٤ کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە.

- لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٤ دەگوازرێتەوە بۆناو بارەگای مەڵبەند لای کاک (کۆسرەت). پاشان کرایە لێپرسراوی پێشمەرگەکانی دەستەی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ)

- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ ناوبراو بە خێزانەوە ئاودیوی ئێران بوو.

- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرین دەکات و دواتر درێژە بە پێشمەرگایەتی دا ڕۆڵی هەبووە لە ڕزگارکردنی هەولێر تا کەرکوک.- لە تەشکیلاتی عەسکری ناوبراو لە قیادەی مەنتیقە دەکرێتە فەرماندەی سریە.

- لە ساڵی ١٩٩٤ تا ساڵی ١٩٩٦ دەگوازرێتەوە بەڕێوەبەرایەتی (گومرگ)- لە ٣١ی ئابی١٩٩٦ هەلوێستی نواندووە شاری هەولێری جێهێشتووە، ناوبراو دەگوازرێتەوە دەستەی پاسەوانی هەڤاڵ (کۆسرەت ڕەسوڵ) لە ساڵی ١٩٩٨تا ساڵی ٢٠٠٠، بەداخەوە لەساڵی ٢٠٠٠ تووشی نەخۆشی درێژخایەن بوو لە ڕۆژی ٢٠١٥/١/١٦ ماڵئاوای لە خزم و دۆست و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد.



# حاکم قاسم

ناوی سیانی: قاسم محەمەد مستەفا

ـ ناسراوبە: حاکم قاسم

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٤

ـ شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلێژی یاسا/ زانکۆی موستەنسریەی بەغدا.

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ لە ١٦/ ٧/ ١٩٧٨ لەلایەن دەزگا ئەمنیەکان دەستگیرکراوە، پاش ئەشکەنجەو لێدانێکی زۆرهیچ نهێنیەکی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کەشف نەکردووە، لە ڕۆژی ٢ی کانوونی یەکەمدا دادگایی کراوە، زیندانی کردنی بە (١٥) ساڵ بۆ دەرچوو، تا مانگی (٧) ی ساڵی ١٩٧٩ لە زیندان مایەوە، بەڵام بەرلێبوردنە گشتیەکەی ساڵی ١٩٧٩ کەوت و ئازاد کرا.

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: سەرکردایەتی لەناوزەنگ لە تەشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠دوای دامەزراندنی (دادگای باڵای شۆڕش) کرایە ئەندامی یەکەم ستافی ئەو دادگایەو ئەرکی پێ سپێردرا، لە ساڵی ١٩٨١ وازی لەم دادگایە هێناوە، پاشان گواسترایەوە ناوەندی کۆمەڵەو ئەرکی ڕێکخستنی پێ سپێردراوە، لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی کردووە لە ئاڵوەتان بەرپرسی بەشی لوجستیکی بووە، لە ساڵی ١٩٨٣ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، بەڵام لەگەڵ ڕێکخستنەکان بەردەوام بووە، لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینی کردووە، پاش گەڕانەوەی سوپای عێراق ناوبراو لە مەسیف ئەرکی لوجیستیکی گرتۆتە ئەستۆ، پاش ڕاگرتنی شەڕی کۆڕێ ناوبراو لە ڕانیە ئەرکی دادوەری شۆڕشی پێ سپێردرا لەم دادگایە، لە ساڵی ١٩٩٢ لە مەڵبەندی هەولێر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان دامەزرا ناوبراو کارەکتەرێکی کارابوو لەم دامەزراوەیەدا، ماوەیەک بەرپرسی بەشی هۆشیاری و ڕووناکبیری کۆمیتەی (٢) ی ڕێکخستنی هەولێر بوو، ناوبراو نووسەرو وتار نووسێکی کارابوو بە دەیان نووسینی لە گۆڤارەکانی (کاروان ڕامان، تەرازوو، تەندروستی، یاساپارێز، ڕوناهی، چارەنووس، پەیامی ئاشتی، بڵاوکرانەتەوە، بەرنامەیەکی لە ڕادیۆی هەبوو ڕۆژانە بەناوی (مێژوو) لە ڕادیۆی گەلی کوردستان، بەڵام بەداخەوە بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشیەکی قورس لە ٢٧ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوای کرد.



# قاسم مەسیفی

ناوی سیانی: قاسم محەمەد ئیبراهیم

- ناسراوبە: قاسم مەسیفی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٦

- شوێنی لەدایکبوون: مەسیف سەلاحەدین/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٢

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کەرتی تیپ، ئەوکات هەڤاڵ (نەوشیر ساڵح) فەرماندەی کەرتی پارێزگاری مەڵبەندی (٤) بوو، هەڤاڵ کەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەند بوو.

- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تاکو ساڵی ١٩٨٧

- لە ساڵی ١٩٨٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە لەبەرئەوەی کەسوکاری لە زیندان بوون.

- لە ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندی بە پێشمەرگایەتی کردۆتەوە لە نۆکان و قاسمە ڕەش ماوەیەک لای مام غەفور، ماوەیەک لای کاک سەفین مەلا قەرە بووە.

- پاشان لە ئێران پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە بەهەرێمی (١٠) ی سەفین لای نەمر (سابرفەقیانی)، دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی کردووە، بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە. لە ساڵی ١٩٩٣ سەنگەری خەباتی گواستیتەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە سوپای یەکگرتووی کوردستان کرایە (ئامر سریە) ئەوکات (بەکرحەمە) فەرماندەی ئەم فەوجە بووە، دواتر لە لیوای (٢) ی تایبەت درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، ناوبراو زیندانی بووە بۆماوەی (٦) مانگ لە ساڵی ١٩٩٤، لە دوای ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ ئاوارەی ڕانیە بووە و درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە، لە ساڵی ١٩٩٨ کوردستانی جێهێشتووە بەرەو هاندەران، پاشان ناوبراو خانەنشین کراوە.








# قاسم ئەحمەد حاجی تەها


ناوی سیانی: قاسم ئەحمەد حاجی تەها
- ساڵی لەدایكبوون: ١٩٦٥
- شوێنی لەدایكبوون: كاموسەک/ ناحیەی هیران/ قەزای شەقڵاوە
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوارە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٨١
- كام ئۆرگان: كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان/ لە ڕێگای مامۆستا ساڵح
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: كۆتای ساڵی ١٩٨١
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی خۆشناوەتی/ كەرتی سەفین
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین، كەرتی (٢)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ. م
- لە ساڵی ١٩٨٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- ناوبراو لەساڵی ١٩٨٨ دەستگیركراوە لە ئەمنی هەولێر.
- بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١ كردووە.



# مام قاسم

ناوی سیانی: قاسم ئیسماعیل عەبدوڵڵا مەولود

- ناسراوبە: مام قاسم
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەخانەوادەوە چونەتە ئێران، پاشان گەڕاونەتەوە هەولێر و ڕەوانەی شاری (ناسریە)ی باشوری عێراق کراون.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لەڕێگای مامۆستا زرار - مامۆستا سەیفەدین ڕێکخرابوو.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/١٢/١٤
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەکتەب عەسکری
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: مەکتەبی عەسکری، دەستەی رائید جەلال
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی سنوری مەڵبەندی سێی ئەوکاتی کردووە.
- بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە. ئەندامێکی چالاکی شانەی بروسک بووە.
- دواتر لە دەزگای ئاسایش بە پلەی مفوەز دەست بەکاربووەو خزمەتێکی ناوازەی کردووە.
- لەدوای گەڕانەوەی بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێر پلەکانی ڕێکخستنی بڕیوە لە ئەندامی کۆمیتەو کارگێڕی کۆمیتە و بەرپرسی کۆمیتە، بۆ ماوەی (٦) ساڵ لێپرسراوی ئیدارەی مەڵبەندی (٣) ی ڕێکخستنی هەولێر بووە، لە ئێستادا کارگێڕی مەڵبەندی (٣) ی هەولێرە، ئەندامی پلینێوم و ئەندامی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو، دەرچووی خولی یەکەمی پەیمانگای کادیرانە، دەرچووی خولی (٢) ی سەربازیە لە ساڵی ١٩٨٤ لە پیرەمەگرون بالیسان بەسەرپەرشتی رائید جەلال، ناوبراو خانەنشینە بە پلەی (موقدەم)، برایەکی شەهیدە بەناوی (عومەر).





# كاروان محەمەد پیرداود

ناوی سیانی: كاروان محەمەد پیرداود

ـ ساڵی لەدایكبوون: ١٩٥٧

ـ شوێنی لەدایكبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: بكالۆریوس لە كۆلیژی بازرگانی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٧٦

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: كۆتایی مانگی (٧) ی١٩٨١

ـ لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەركردایەتی.

ـ پاشان بەشداری خولی سەربازی و سیاسی (مالیمۆس) ی كردووە. پاشان گواستراوەتەوە بارەگای سكرتاریەتی مام جەلال.

ـ پاشان گواسترایەوە بارەگای ناوەندی كۆمەڵە، لە ساڵی ١٩٨٢

پاشان لە كۆتایی ساڵی ١٩٨٢گواستراوەتەوە كەرتی ڕێكخستنی شەقلاوە.

ـ ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە سنوری خۆشناوەتی و بەڕانەتی و هەولێر تا ساڵی ١٩٨٩

ـ لە ڕاپەرینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری كردووە.

ـ پاشان لە كاری ڕێكخراوەیی بەردەوام بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٩٣كرایە كارگێڕی كۆمیتە سەر بەمەڵبەندی (٣) ی هەولێر


ـ ١٩٩٤تا ٣١ی ئاب لەبارەگای مەڵبەندی (٣) كاری كردووە.

ـ لە پاش ٣١ی ئاب ئاوارەی ئیدارەی سلێمانی بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٩٧كرایە بەڕێوەبەری كارگێڕی لە مافی مرۆڤ.

ـ ١٩٩٨كرایە ئەندامی مەكتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەكان

ـ لە كۆتایی ساڵی ٢٠١٠ گواستراوەتەوە ئەندامی مەكتەبی ڕێكخستن بووە. تا ساڵی ٢٠١٨.



# هاوڕێ کاوە

ناوی سیانی: کاکە مەم حەسەن عەبدوڵڵا فەیزوڵڵا

- ناسراوبە: هاوڕێ کاوە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دووگردکانی ئەحمەد حەمەدەمینی/ ناحیەی قوشتەپە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن : ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩/٣/١٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوەندی کۆمەڵە لای شەهید شاخەوان
- دواتر لە هەرێمی (٨) ئەوکات خاڵە سەید مەجید لێپرسراوی ئەم هەرێمە بوو.
- پاشان لە ساڵی ١٩٨٢درێـژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٨٣) ی هەورێ ئەوکات (ملازم خولە فەرماندەی ئەم تیپە بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ کرایە فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی (٨٥) بەڕانەتی کەرتی (٣).
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ کرایە جێگری کەرتی (٣) ئەوکات شەهید مەلا سلێمان فەرماندەی ئەم کەرتە بوو.
- لە ساڵی ١٩٨٥ کرایە فەرماندەی کەرتی (٢) لە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، ناوبراو تا دوای ئەنفالەکان لە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی مایەوە، پاشان ئاودیوی ئێران بوو، لە دوای ڕاپەڕین کرایە فەرماندەی (تیپ) لە لەشکری (٤) ئەوکات هەڤاڵ (بورهانی سەعید سۆفی) فەرماندەی ئەم لەشکرەبوو، لە شەوی ١٠/٩ی مانگی ٧ی ١٩٩٥ بریندار‌بووە قاچی ڕاستی براوە، پاشان گواسترایەوە سلکی پۆلیس (ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر)- لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ئاودیوی ئێران بووە، لە ساڵی ١٩٩٧ گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٨ تا ساڵی ٢٠٠٤ ناوبراو بەڕیوەبەری پۆلیسی ئەم شوێنانە بووە (ڕانیە/ پێنجوێن/ چەمچەماڵ)، لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆتە بەڕێوەبەری پۆلیسی (حەرەکاتی) گشتی گومرگ، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە- ئامۆزایەکی شەهیدە، لە ساڵی ٢٠١٨خانەنشین بووە.



# زەردەشت

ناوی سیانی: کامەران محەمەد جەلیل ئەبابەکر

- ناسراوبە: زەردەشت
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی/ دەرچووی کۆلێژی سەربازی قەڵاچۆلان
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەکتەبی ڕێکخستن/ یەکێتیی شۆڕشگێڕان
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی (٦) ئەوکات شەهید هاشم شەمامکی فەرماندەی ئەم کەرتە بوو
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: کادیری کەرت شۆڕشگێڕان
- کام ئۆرگان: یەکێتیی شۆڕشگێڕان
- لە ساڵی ١٩٨٩ بۆماوەی یەک ساڵ لە ئەمنی فەیلەقی (٥) زیندانیی بووە.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو (٢) جا ربریندار بووە.



# کامەران بانەموردی

ناوی سیانی: کامەران سەعدی عەبدوڵڵا

- ناسراوبە: کامەران بانەموردی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢/٢/٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بانەمورد/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆی کۆیە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣ تاکو ١٩٨٨
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- دواتردرێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: کەرتی ڕێکخستن
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە .
- لەساڵی ١٩٩٢ ناوبراو ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی شەهید مەریوان بوو لە سنوری دارەتوو.
- لەناو ئۆرگانەکانی پێشمەرگایەتی چەندین پلەی بڕیوە و کاری پێشمەرگانەی بەدڵسۆزی مەیسەر کردووە .
- ئەفسەر لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی کۆیە
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: ئەفسەر بووە بە پلەی عەمید
- کام ئۆرگان: پۆلیس گومرگەکانی ناوچەی (١) ناوبراو بەڕێوەبەری بەشی حەرەکات بووە .
- لەحکومەت ئەو پۆستانەی بینیوە: ئەفسەری دەزگای ئاسایشی هەولێر، ئەفسەری پۆلیسی گومرگی ڕانیە لێپرسراوی نووسینگەی قەڵادزێ، دواپلەی لە حزب ناوبراو کارگێڕی مەڵبەندی (١٧) ی ڕێکخستنی ڕۆژهەڵاتی هەولێر بووە، دەرچووی خولی ئەفسەرانی باڵای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.





# کامەران کاوانی

ناوی سیانی: کامەران عەبدوڵڵا حەمەدەمین

ـ ناسراوبە: کامەران کاوانی

ـساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥/٧/١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاوانیان/ شەقڵاوە

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

ـ کام ئۆرگان: حزبی سۆسیالیست

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوچەی سەفین/ هەرێمی (١٠) ی سەفین

ـ لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قوەتی خۆشناوەتی و درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، ئەوکات ملازم خولە بەرپرسی قوەت بوو.

ـ ١٩٨٣ لە تیپی (٩١) ی سەفین لای شەهید تەحسین کاوانی بووە.


ـ لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی هەر لە دەستەی شەهید تەحسین کاوانی بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەرینە مەزنەکە بەشداری کردووە، پاشان لە ئۆرگانەکانی ڕێکخستن ڕۆڵی کارای هەبووە.

ـ ١٩٩٢ ناوبراو لێپرسراوی کەرتی ڕێکخستنی بەستە پیازە بووە.

ـ لە بواری ئۆرگانیزم کادیرێکی بەسەلیقەو دلسۆز بووە ناوبراو تا ساڵی ٢٠١١ بەردەوام بووە.

ـ پاشان خانەنشین بووە .







# کاوەی کوێخا سادق

ناوی سیانی: کاوە سادق نادر

- ناسراو بە: کاوەی کوێخا سادق
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی قەشقە/ ناحیەی قوشتەپە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی زانکۆی کۆیە/ بەشی مێژوو
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٨/٧ لەگوندی قەشقەوە پەیوەندی کردووە..
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر ئەو کات شەهید شاخەوان فەرماندەی تیپ بوو.
- دواتر ناوبراو لەناوەندی کۆمەڵەوە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- بەشداری شەڕی ئێرانی کردووە بۆپشتیوانی برایانی ڕۆژهەڵات
- پاشان گواستراوەتەوە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە.
- لە مانگی (٦) ی ساڵی١٩٨٣ گواستراوەتەوە کەرتی (٢) ی شەهید ئەحمەد قەمبەری
- لەساڵی ١٩٨٧ ناوبراو گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین تا کاتی ئەنفالەکان.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: لە تەشکیلەی نوێی دوای ئەنفالەکان کراوەتە ڕابەری سیاسی تیپ
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: لیوا
- کام ئۆرگان: دەزگای ئاسایش، لەژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە، دەرچووی خولی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە لەبواری ئاسایش لەساڵی ١٩٩٦.



# کاوە کۆر

ناوی سیانی: کاوە عەزیز عەبدوڵڵا تەها

- ناسراوبە: کاوە کۆر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠/٧/١٥
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای بزوتنەوە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٠) ی باوەجی لەو شەڕەی (جەمیل ڕەنجبەر) شەهید بوو ناوبراو بە سەختی بریندار بووە.
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ تا ١٩٩١ زیندانیی بووە.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.
- لە دوای ڕاپەڕین لەچەند وێستگەیەک بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان.
- لەحکومەت ئەو پۆستانەی بینیوە: ناوبراو کارمەندی دەزگای ئاسایش بووە بە پلەی مفەوەز.



# مامۆستا کاوە

ناوی سیانی: کاوە محەمەدەمین حوسێن

ـ نازناو: مامۆستا کاوە

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی نەبیاوە

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦


ـ کام ئۆرگان: بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/١/٣

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی باواجی

ـ لەساڵی ١٩٨١ بەشداری کردووە لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

ـ لەدوایی یەکەمین کۆنگرە کراوەتە (کارگێڕی ناوچەی کۆیە) لەهەمان ساڵ بووە ئەندامی لق و بەرپرسی ناوچە، لەساڵی ١٩٨٤ گوازراوەتەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی حزب لە دۆڵی خواکورک، ناوبراو لەساڵی١٩٨٥ تاکو ساڵی ١٩٩٠ ئەندامی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بووە، لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفالی بادینان، ناوبراو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کشایەوە ناوچەی (گەڤەر) لە کوردستانی باکور لەوێوە بۆسنوری تورکیا ـ ئێران، لە ئوردوگای ئاوەرەکانی زێوێ لە ناوچەی ورمێ گیرسایەوە، لە دوای ڕاپەرین بەشداری لە کۆنگرەی دووەمی حزبی سۆسیالیستی کوردستان دەکات، بەئەندامی یەدەگی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، لەساڵی ١٩٩٣ دوای یەکگرتنەوەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پاشان ناوبراو کراوەتە کارگێڕی مەڵبەندی (٣)ی هەولێر، پاشان ئەم پلەو پۆستانەی بڕیووە وەک (کارگێڕی مەڵبەندی (٦) ی سۆران، ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیە نیشتمانییەکان لەساڵی ١٩٩٥، لەساڵی ١٩٩٧ بەهەمان پلە بۆ مەکتەبی ڕێکخستن، لەساڵی ٢٠٠٥ بۆتە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی مەخمور، لە ساڵی ٢٠٠٧ کرایە ئەندامی مەکتەبی چاودێری و بەدواداچوون، لە هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ساڵی ٢٠٠٩ پەرلەمانی کوردستان کاندید کرا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بەیەدەگ ناوی دەرچوو پاش دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامێک ناوبراو لەساڵی ٢٠١١ سوێندی یاسای خواردوو بووە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لەساڵی ٢٠١٣ پاش تەواوبوونی ئەرکی پەرلەمانی ناوبراو دەست بەکاربۆوە لە مەکتەبی ڕێکخستن، ناوبراو ئامۆزایەکی شەهیدە بەناوی (سەیفەدین مەلا ئەحمەد)، لە ئێستادا ئەندامی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستانە.






# کەریمەڕەش

ناوی سیانی: کەریم حەسەن شینە

- ناسراوبە: کەریمەڕەش
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
- لە ساڵی ١٩٨١ گواستراوەتەوە کەرتی ڕێکخستن
- پاشان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاش دروستبوونی تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ ناوبراو لەم تیپە درێژەی بەخەبات و تێکۆشان داوە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: کەرتی (٥)
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، ڕۆڵی کارای بینیوە.
- دواتر کرایە جێگری تیپ لە سنوری قوشتەپە.
- لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هەڵوێستی هەبووە لەبەرامبەر هاتنی سوپای عێراق بۆهەولێر، ئاوارەی شاری سلێمانی بووە، دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: ئامر لیوا لە لیوای تایبەتی بەرێز (کۆسرەت ڕەسوڵ)
- لەژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە دوای ڕاپەڕین.
- ناوبراو (٤) برای شەهیدی سەنگەری هەیە



# کەریم عەزیز حەمەد عەلی

ناوی سیانی: کەریم عەزیز حەمەد عەلی

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧/٧/١

ـ شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: بزوتنەوەی سۆسیالیستی

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٧/١١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: حزبی سۆسیالیستی کوردستان/ هەرێمی (٧) کەرتی (٢)

ـ ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لەناو ریزەکانی حزبی سۆسیالیستی تاکو ساڵی ١٩٨٤

ـ لە ساڵی ١٩٨٤ سەنگەری خەباتی گواستەوە ناو ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

ـ پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان شەڕو داستان و نەبەردی کردووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٨ بە خێزانەوە ئاوارەی ئێران بووە.

ـ لە ڕۆژی ١٩٩٠/٦/١٢ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لەراپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە، پاشان لە هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر بەردەوام بوو لە خەبات و بەرگری لە دەستکەوتەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٢ فەرماندەی تیپی تایبەتی پاسەوانی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر بووە. لە سوپای یەکگرتووی کوردستان ئامر سریە بووە لە بنەسلاوە، پاشان لە ساڵی ١٩٩٥ تا ٣١ی ئاب لە لەشکری (١٦) ی هەولێر بووە، لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هەلویستی کوردانەی نواند لە ژێر لولەیی دەبابەکانی ڕژێم لە هەولێر نەمایەوە، ئاوارەی کۆیە بوو، لە فەرماندەی (٢) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی دا تا خانەنشین بوونی بە پلەی (عەمید کەمئەندامی سەنگەر)، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە لە (ڕێگای موسڵ، ڕەبیەکانی جادەی کەرکوک، داستانی ڕزگاری، گەردەلول)، دەرچووی خولی (٥) ی فەرماندەییەکانی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانە، برایەکی قارەمانی شەهیدە بەناوی (فەرهاد)



# کەریم عەوێنە

ناوی سیانی: کەریم محەمەد مستەفا جوجە

- ناسراوبە: کەریم عەوێنە

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢

- شوێنی لەدایکبوون :گوندی عەوێنە/ ناحیەی گوێر/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە :١٩٨٣

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٣)ی بەردەباز

- لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ کەرتی تیپ، ئەوکات عەلی دیبەگە فەرماندەی کەرت بوو.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی (٤)

- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: لە ساڵی ١٩٨٨ فەرماندەی مەفرەزە بووە، لە شەڕی قەندیل ناوبراو بەسەختی بریندارببووە، کام ئۆرگان: تیپی (٨٧)، ناوبراو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە، پاشان کرایە فەرماندەی تیپ لە بەتالیۆنی (١) ی شەهید کاوە، شەهید فاقە فەرماندەی بەتالیۆن بوو. پاشان بەرپرسیاریەتی بەتالیۆنی پێ درا لە بادینان لە ناحیەی گەرەسێن، کام ئۆرگان: فەوجی (٢) تەواری هەولێر ئەوکات شەهید مەلا سلێمان فەرماندەی ئەم فەوجە بووە، دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ئامرسریە بووە، لەژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو سێ جار بریندار بووە، ناوبراو لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ٢٠٠٣، لەناو کایەی ئۆرگانی ڕێکخستن کاری کردووە، لە کۆمیتەی تایبەت بە پلەی کارگێڕی کۆمیتەو دواترلە ساڵی ٢٠٠٥ کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی (١٧) ی شەمامک، پاشان لە کۆنفرانسی هەلبژاردنی مەڵبەندەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ هەڵبژێردرا بە جێگری مەڵبەندی ڕێکخستنی (١٨) ی خەبات، لەدوای تێکەڵکردنەوەی مەڵبەندەکان لە ساڵی ٢٠١٠ ناوبراو وەک لێپرسراوی بەش دەست بەکاربوو لە مەڵبەندی (٣) ی هەولێر تا ساڵی ٢٠٢٢ .



# کەریم مالیە

ناوی سیانی: کەریم ئیسماعیل عەلی میرزا

ـ ناسراوبە: کەریم مالیە

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: حزبی سۆسیالیستی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پیشمەرگە: کۆتایی١٩٨٢ هەرێمی (٨) کەرتی (٨) ئەوکات شەهید خاڵە مامەند مەنتک فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

ـ لە ٢٠/٣/ ١٩٨٣ سەنگەری خەباتی گواستۆتەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

ـ لەکام ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٦)

ـ لەگەڵ دروستبوونی تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ ناوبراو گواستراوەتەوە ئەم تیپە.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی (٣) ی زورگە زراو

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: دارایی کەرت

ـ کام ئۆرگان: کەرتی (٣)

ـ لە ماوەی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی کردووە.

ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: ڕێبەری سیاسی تیپ لە هێزی (١٠)ی دەشتی هەولێر.

ـ ناوبراو لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.

ـ ناوبراو ئەندامی کەرتی ڕێکخستن بووە لە بنەسڵاوە دواترلە کۆمیتەی (١) ی ڕۆژهەڵات/ لە کەرتی ڕێکخستنی دێدەوان. کاری کردووە، پاشان خانەنشین بووە.



# سەید کەمال

ناوی سیانی: کەمال جەلال عەلی قادر

- ناسراوبە: سەید کەمال
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٨
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٧) ی باڵەک
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەکتەب عەسکری
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: کادیری دارایی
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار برینداربووە.



# کەماڵە سوور

ناوی سیانی: کەمال حەسەن مستەفا عەبدولڕەحمان

- ناسراوبە: کەماڵە سوور

-ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سووره قەڵا/ کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: خوێندەواری نیە

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

- کام ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستنی کۆیە

- لە هەمان ساڵ دەستگیرکراوە ڕەوانەی هەیئەی خاسەی کەرکوک کراوە.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- ناوبراو لە هەمان تیپ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو بەدسپلین بووە.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە/ کەرتی (٣)ی شەهید شەماڵ، لە هەمان کەرت ناوبراو کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.

- پاشان لە هێزی (٧) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

- پاشان لە شکری کۆیە و فەرماندەی (٩) ی کۆیە بەردەوام بووە لە خەبات و بەرگری لە دەستکەوتەکانی حکومەت و پەرلەمان.

- دواپلەی لە دوایی ڕاپەڕین: ئیدارەی هێز بووە.

- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.



# گوشاد عەبدولڕەحمان ئیلنجاغی

- ناوی تەواوی: گوشاد عەبدولڕەحمان بایز کاوێس

- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٥٦

- شوێنی لە دایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ تەقتەق/ کۆیە/ هەولێر

- (١٩٧١ -١٩٧٢) هەواداری باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەندامی ڕێکخراوی (تەقتەق)ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە.

- لە ساڵانی (١٩٧١-١٩٧٣) لێپرسراوێتی ڕێکخراوی تەقتەقی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کردووە.

- لەزستانی (١٩٧٧) لەناو مزگەوتی ئیلنجاغی گەورە لەلایەن مامۆستا (سەردار) ناوێکەوە هاتۆتە نێو ڕێکخستنەکانی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان)

- لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٨ لەرووی کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵەوە دەگوازرێتەوە بۆ پەیوەندیگرتن بە (عوبێد خالید ڕەئوف تۆماری) لەشاری بەغدا، هەر ئەم پەیوەندییەش بنەمای نزیکبوونەوەی (گوشاد وعوبێد) بوو لەخەباتی داهاتویاندا بەتایبەت لە (بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان - بەرزە) کە لەساڵی ١٩٧٩ئەڵقەی ڕۆشنبیری و فکری لەهەناوی (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) دادەمەزرێنن.

- لە ساڵی (١٩٨١) چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شان لەهێزی دەشتی هەولێرلەکەرتی (٢)ی ئەو کاتی (قوەتی دەشتی هەولێر) نەبووە بە تیپ و شەهید شاخەوان عەباس فەرماندەی (قوەت)ەکە بووەو شەهید (ئەحمەد قەمبەری)یش فەرماندەی کەرتەکەی بووە.

- بۆ ماوەیەکی کەم دەچێتە سەرکردایەتی بۆ خولی (سیاسی و سەربازی) لە گوندی مالیمۆسی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێک برادەر دەگوازرێنەوە بۆ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە چاپخانەی شەهید جەعفەر عەبدولواحێد دەبنە کارمەندی دەزگاکە.

- لەساڵی ١٩٨٣لە (وەرتێ) دەچێتە خولی (فریاکەوتنی سەرەتایی پزیشکی) جگە لەکاری ڕاگەیاندن دەبێتە (برین پێچێکی شارەزا) ش، لە ساڵی ١٩٨٤ لەکاتی گفتوگۆدا چەکی پێشمەرگایەتی دادەنێت و لەگەڵ هاوڕێیانی لە (ئەلقە ڕۆشنبیرییەکە) درێژە بەخەباتی سیاسی وڕێکخراوەیی خۆی دەدات تاوەکو لەحوزەیرانی ١٩٨٤لەگوندی ئیلنجاغی گەورە لەکۆبونەوەیەکی فراوانی ئەڵقەکەدا (بەرەی ڕزگاری زەحمەتکێشان- بەرزە) ڕادەگەیەنن ودەبێتە لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی هەولێری بەرزە.

- لەساڵی (١٩٨٥) ماوەیەک بەنهێنی و ونی لەنێوان (ئیلنجاغی گەورەی تەقتەق و تۆماری ناحیەی شوان)




دەمێنێتەوە دواتر لەلایەن مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت و ڕێگەی دەدەن لە ئیلنجاغی گەورە نیشتەجێ بێت، وەک برین پێچ وپەرستارێکی شارەزا.

ـ لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە (بزوتنەوەی شوراکان) بەشداریکردووە، بەڵام کە (بزوتنەوەی شوراکان) کۆتایی هات ئەویش لەکاری سیاسی و ڕێکخستن دوور دەکەوێتەوە، لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

لە١٩-٥-١٩٩٢وەک نوێنەری (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) لەسنوری (سۆران) لەگومرکی حاجی ئۆمەران دادەمەزرێت.

ـ لە دوای پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٩٣-١٩٩٤)وەک جێگری گومرگی هەولێر کاریکردووە، لەساڵی خوێندنی (٢٠٠١-٢٠٠٢) بەشی (یاسا) لەکۆلیژی (ماف)ی زانکۆی (سەلاحەددین) تەواوکردووە، لە پەیمانگای تەکنیکی کۆیە وەک بەڕێوەبەری کارگێڕی و وانەبێژی بابەتەکانی (یاسای سزادان ونوسینی نوسراوە کارگێڕییەکان)







# لەتیف شورتە

ناوی سیانی: لەتیف حوسێن حەسەن

ـ نازناو: لەتیف شورتە

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٤)

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: هێزی بادیناوە لەگەڵ (رائید جەلال)

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

ـ کام ئۆرگان: هێزەکەی بادینان

ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: فەرماندەی تیپ

ـ کام ئۆرگان: ئەو بەتالیۆنەی هەڤاڵ ئەحمەد کوردە فەرماندەی بەتالیۆن بوو.

ـ لەژیانی پێشمەرگایەتی چوارجار بریندار بووە



# لوقمان خۆشناو

ناوی سیانی: لوقمان خدر سەعید کامەلا

ـ ناسراوبە: لوقمان خۆشناو

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣/٧/١

ـ شوێنی لەدایکبوون: شەقڵاوە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: پەیمانگای بەڕێوەبردن ـ بەغداد (معهد الآدارة ـ بغداد)

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی مەڵبەندی (٤) کەرتی (١)

ـ ناوبراو لەم تیپە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین

ـ ناوبراو لەدوای ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران بووە ناوبراو تا ساڵی ١٩٩٠ لە ئێرانەوە چووتە ئەوروپا.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩١)

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە.

ـ دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: جێگری کەرت/ ئەمستردام لە هۆلندە.

ـ ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندداربووە ،بەڵام جاری دووەم کەم ئەندام بووە.

ـ خاوەنی شەهیدێکی سەنگەرە بەناوی (ڕێبان)

ـ ماوەیەک لە سنوری مەڵبەندی شەقڵاوە لەبەشی شەهیدان کاری باشی کردووە.



# فەرهەنگ عەزیز

ناوی سیانی: مەحمود عەزیز عەبدوڵڵا

- نازناو: فەرهەنگ
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: دبلۆم ئیدارە ــ ژمێریاری/ بەکالۆریۆس لە یاسا
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: رێکخراوی شار
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوەندی کۆمەڵە
- دواتر گواستراوەتەوە بۆ کەرتی رێکخستنی چۆمان
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: رەوتی ئاڵای شۆرش
- دواپلەی لە پێش راپەرین: پ.م، ئاڵای شۆرش
- کام ئۆرگان: راگەیاندن
- لەراپەرین بەشداری کردووە: بەڵێ
- لەکام تیپ و هێزو لەشکر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە: لە ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ١٩٩٥ لە پەیوەندییەکانی دەرەوە، نمایندەی یەکێتیی لە پیرانشار کاری کردووە
- پاشان گواستراوەتەوە رۆژنامەی کوردستانی نوێ تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦
- لەساڵی ٢٠٠٣ تا ساڵی٢٠٠٦ ئەندامی مەڵبەندی رێکخستنی موسل بووە، پاشان گواستراوەتەوە مەڵبەندی (٣) ی هەولێر. پاشان گواستراوەتەوە مەکتەبی رێکخستن، دوا پلەی لە دوای راپەرین: ئەندامی ئەنجومەنی مەکتەب، کام ئۆرگان: مەکتەبی رێکخستن، رۆژو مانگ و ساڵی وازهێنانت لە پێشمەرگایەتی: لەدوای ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران بووە نەگەراوەتەوە کوردستان، بەبێ دابران تاکو ئێستا درێژەی بەخەبات داوە.







# مامۆستا محەمەد مەخموری

ناوی سیانی: محەمەد حوسێن مستەفا قادر

ـ نازناو: مامۆستا محەمەد مەخموری

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی موحسیناوا / قەراج/ مەخمور

ـ ئاستی خوێندن: دبلۆم/ بەکالۆریۆس لە یاسا

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان


ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١/١١/١٩٨٠ تاکو مانگی (٧) ی ١٩٩٠

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی هەولێر/ کەرتی دەشتی هەولێر

ـ پاشان لە قوەتی دەشتی هەولێر لە ساڵی ١٩٨١ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە، ئەوکات شەهید شاخەوان بەرپرسی ئەم قوەتە بوو.

ـ پاشان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی تیپ بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان.

ـ لە ساڵی ١٩٨٢ بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانی کردووە، ئەوکات ناوبراو فەرماندەی مەفرەزە، لە ساڵی ١٩٨٣ گواسترایەوە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر/ قەراج و کەندێناوە بە پلەی (ئەندامی کەرت) لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ـ لە ساڵی ١٩٨٦ کرایە ڕابەری سیاسی تیپی تایبەتی مەڵبەند لە سماقوڵی، لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ زیاتر لە (٦٠) کادیری پێشکەوتوو (پلەدار) ڕەوانەی خولی سەربازی کران لە دانیشتگای ئیمام حوسێن لە تاران، لە ساڵی ١٩٨٨ کرایە نوێنەری یەکێتیی لە قرارگەی ڕەمەزان لە نەغدە، لە مانگی (٧) ی ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناو ئێرانی جێهێشتوو لەهەولێر نیشتەجێ بوو، بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ کرایە کارگێڕی کۆمیتەی ڕێکخستنی مەخمور، پاشان گواستراوەتەوە کۆمیتەی ڕێکخستنی (٤)ی هەولێر بەهەمان پلە، لە ساڵی ١٩٩٣ دامەزراوە لە دەزگای ئاسایش تا ساڵی ١٩٩٩، ناوبراو ماوەیەک جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێربوو لە کۆیە ـ لە دەزگای ئاسایش تا پلەی (عەمید) ی بڕیووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی مەخمور، پاشان کرایە جێگری مەڵبەندی ڕێکخستنی مەخمور، دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: ڕاوێژکاری وەزیر، کام ئۆرگان: لە وەزارەتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، لە ساڵی ٢٠١٨ خانەنشین بووە، ناوبراو خاوەنی برایەکی شەهیدە بەناوی هاوڕێ کاوە مەخموری.








# محەمەد سوورە قەڵایی

ناوی سیانی: محەمەد ڕەسوڵ مستەفا
- ناسراوبە: محەمەد سوورە قەڵایی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٨
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سورە قەڵا/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٩) ی بیتوێن
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە، بەتالیۆنی (٩)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان :تیپی ٩٣
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: فەرماندەی تیپ
- کام ئۆرگان: هێزی (٨) ی بیتوێن
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ١٩٩١/٣/٥
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.
- ناوبراو برایەکی شەهیدە بەناوی (مەولود ڕەسوڵ)



# محەمەد مسەوەر

ناوی سیانی: محەمەد سلێمان قادر سلێمان

- ناسراوبە: محەمەد مسەوەر

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بەرزەوار/ کەندێناوە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران)

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە

- هەرلەم ساڵە بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانی کردووە.

- پاشان لە ساڵی ١٩٩٣ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٢)

- لەساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ

- لە ساڵی ١٩٨٧ گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەڵبەندی سێی هەولێر، دەستەی شەهید مەلاعەزیز کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە.

- لە دوای ئەنفالەکان لە ساڵی ١٩٩٠ لەگەڕەکی سەدام دەستگیر کرا تا ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەرینەکەی کەرکوک لەسەر دەستی جەماوەر ئازاد کراوە.

- پاشان لە هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو کراوەتە فەرماندەی کەرت.

- لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ ئاوارەی کۆیە بووە.

- دوا پلە لە دوای ڕاپەرین: یاریدەدەری هێزبووە، کام ئۆرگان: فەرماندەیی (٢) ی هەولێر، لەژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.





# شێ محەمەد

ناوی سیانی: محەمەد سمایل پیرۆت

- نازناو: شێ محەمەد
- ساڵی لە دایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی چۆمە/ قەزای چۆمان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بەرێکخستن: ١٩٧٧
- ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: هەرێمی (٧) لە لای (سەید کەریم و قادر خەبات)
- دواتر چووە بۆ لای (عەزیز داود) و (ئەحمەد مەولود) لە هەرێمی (١٤)
- دواتر تەشکیلەی هەرێم گۆڕا بۆ تیپ بوو بە تیپی ٧٨ کارۆخ بەردەوام بووە لەم تیپە.
- لەساڵی ١٩٨٦ لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، بەڵام بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخستن.
- ناوبراو بەشدای کردووە لە ڕاپەرین لەساڵی ١٩٩١ ئەندامی شانەی بروسک بووە تاکو ڕزگارکردنی کەرکوک.
- دوای کۆڕەو لە تەشکیلەی هێز کرایە جێگری تیپی ٧٨ ساکۆت لە ساڵی ١٩٩٤ لیوای تایبەت دروستکرا کرایە بە ئامر فەسیل تاکوو١٩٩٦
- زیندانی بووە، لە شەڕی ناوخۆ، ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆری بینیوە.





# مامۆستا شێخ محەمەد سکتانی

ناوی سیانی: محەمەد قادر مستەفا ئەحمەد

- ناسراوبە: مامۆستا شێخ محەمەد سکتانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سکتان/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٧٩
- کام ئۆرگان: کەرتی ڕێکخستن، لای شەهید مەلاغەفور
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی دەشتی هەولێر، مەکتەب عەسکری لای (ملازم سەید کەریم)
- پاشان لە قوەتی خۆشناوەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- پاش دروستبوونی تیپەکان ناوبراو لە تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (٣) بەردەوام بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩١)ی سەفین
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- ناوبراو لە ڕاپەرین بەشداری کردووە.
- لە دوای ڕاپەرین لە هێزی ئامادە بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە.



# محەمەد حاجی کاکل

ناوی سیانی: محەمەد کاکل خدر ئەحمەد

ـ ناسراوبە: محەمەد حاجی کاکل

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی خەزنە، ناحیەی دیبەگە، هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: بەهاری ١٩٨٣

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەڵبەندی (٣) ی هەولێر/ تیپی تایبەتی مەڵبەند

ـ لە ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە مەڵبەندی (٤) کەرتی (٢) ی شەهید (ئەحمەد قەمبەری).

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٣) ئەوکات (نوری قادر) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە، پاشان لە هەمان کات هەڤاڵ (قارەمان شینە) بووە فەرماندەی کەرت.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە.


ـ مانگی ٨ی ١٩٨٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە

ـ برایەکی شەهیدە بەناوی (سەباح)

ـ ناوبراو لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە تا کەرکوک، لە دوای ڕاپەڕین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦ـ لەدوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق ناوبراو کاری لە ڕێکخستنەکان کردووە پلەکانی ڕێکخستنی بڕیوە لە کۆمیتەوە تا هەڵبژاردنی کۆنفرانسی مەڵبەندەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ هەڵبژێردرا بە کارگێڕی مەڵبەندی (١٨) ی خەبات، لە ساڵی ٢٠١٠ مەڵبەندەکانی ڕێکخستن زۆربەیان تێکەڵ کرانەوە کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕزگاری تاکو ئێستا بەردەوامە لە کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕزگاری .

ـ بەشداری پلینۆمەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کردووە لە دوای ٣١ی ئاب، زیندانی سیاسی بووە.





## محەمەد مامە

ناوی سیانی: محەمەد مامە شکری کا ڕەسوڵ

- ناسراوبە: محەمەد مامە
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کۆمیتەی سەرکردایەتی لە وەرتێ
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی، کەرتی/ چوار
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ ٠ م
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە لە سنوری گەریاوە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی کردووە.







# محەمەد مستەفا عەوڵا خدر

ناوی سیانی: محەمەد مستەفا عەوڵا خدر

- ناسراوبە: حەمە ریشە
- ساڵی لەدایكبوون: لە نفوس ١٩٦٩ تۆمار كراوە بەڵام لە بنەڕەتدا ١٩٦٦
- شوێنی لەدایكبوون: ناحیەی وەرتێ/ قەزای ڕواندز/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەچۆتە قوتابخانە بەڵام دەزانی بنووسی و بخوێنێتەوە.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٨٣
- كام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٣) ی ١٩٨٣
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٧٣) ی هەڵەموند
- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٧٨) ی كارۆخ لە كەرتی (٧) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ساڵی ١٩٨٦ كرایە فەرماندەی مەفرەزە.
- لە ساڵی ١٩٨٨ درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی تایبەتی مەڵبەند
- لە ساڵی ١٩٨٨ كرایە جێگری كەرت
- لە ساڵی ١٩٩٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەكەی كوردستانی كردووە.
- لەتەشكیلاتی قیادەی مەنتیقە بەشداری كردووە، پاشان لە تەشكیلاتی بەتالیۆنەكان لە ساڵی ١٩٩٣ كرایە جێگری تیپی (هەڵەموند)
- ناوبراو فەرماندەی تیپی تایبەتی (مەڵبەندی) ی شەشی سۆران بووە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ خولی ئەفسەرانی تەواو كردووە لە تەنیال
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٤) جار بریندار بووە.



# محەمەد عەجەم

ناوی سیانی: محەمەد یاسین تەها ئەحمەد

- ناسراوبە: محەمەد عەجەم
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٤
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای مەخمور/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: تا پۆلی دووەمی ناوەندی خوێندووە.
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ لە رێگای (یوسف کەریم)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کۆمیتەی سەرکردایەتی لە وەرتێ لە لای خاڵە (سەید مەجید).
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، کەرتی (٢)
- دواپلەی لە پێش راپەرین: پ.م
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٧)
- ناوبراو بەشداری راپەرینی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- دواتر لەکاری رێکخراوەیی رێکخستن رۆڵی کارای هەبووە.
- دوا پلەی لە دوای راپەرین: ئەندام کەرت
- کام ئۆرگان: مەڵبەندی (٢٠)ی رێکخستنی (قەرەچوغ)





# حەمە چاوشین ئیلنجاغی

ناوی سیانی: محەمەد ئەحمەد حەمەد ڕەسوڵ

ـ ناسراوبە: حەمە چاوشین ئیلنجاغی

ـ ساڵی لەدایکبوون:١٩٥١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ لە ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول کردووە، بۆتە پێشمەرگە تا ساڵی ١٩٧٠

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن لە شۆڕشـی نوێ: ١٩٧٦

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: کۆتایی ساڵی ١٩٨١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) ئەوکات هەڤاڵ (ئەحمەد قەمبەری) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

ـ پاشان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە بەشداری چەندین چالاکی کردووە لە سەر ڕێگای هەولێرـ کەرکوک/ وە کۆیە ـ هەولێر.

ـ لەبەر ئازایەتی و بزێوی زوو کرایە فەرماندەی مەفرەزە.

ـ لە دوای گفتوگۆی ڕژێم و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ ناوبراو کرایە لێپرسراوی (هێزی پشگیری) لەسەر پێشنیازی مەڵبەند، ئەوماوەیەی کە هێزی پشگیری بوون ڕۆڵ پێگەیان کاریگەربوو لە هەردوو شەڕ یان بەرگری گوندی ئیلنجاغی گەورە لە بەروارەکانی ١٩٨٦/١٠/٢٢ وە داستانی ١٩٨٧/٤/٢٦ـ لەساڵی ١٩٨٨ وازی لە هێزی بەرگری و پێشمەرگایەتی هێناو گەڕایەوە هەولێر، لەگەڵ ناوهێنانی بروسکەی ژمارە (٧٢٦) ناوبراو بەشداری کاریگەری لە ڕاپەڕینەکەی کەورگۆسک کرد لە ساڵی ١٩٩١، پاشان کرایە لێژنەی تەنسیقی بەرەی کوردستانی لە شارۆچکەی تەق تەق، لە ساڵی ١٩٩٥کرایە بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی تەق تەق، دوای گەڕانەوەی ناحیەی تەق تەق ناوبراودەکرێتە فەرماندەی فەوجی تەق تەق، لە ساڵی ١٩٩٦ کرایە فەرماندەی فەوجی پاراستنی کێلگەی تەق تەق، پاشان دەکرێتە یەکەم بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی نەوت و گازی هەرێم لە سلێمانی، چەندین خولی کادیران و پێگەیاندنی ئەفسەرانی بینیوە، ناوبراو بەپلەی عەمید خانەنشین کرا، لە ڕۆژی ٢٠١٦/٧/٢٩ لە نەخۆشخانەی (پار) لە هەولێر بۆدواجار ماڵئاوایی کرد.







# محێ دین تیمارۆکی

ناوی سیانی: محێ دین نەجم سمایل حەمەدەمین

- ناسراوبە: محێ دین تیمارۆکی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تیمارۆک، قەزای کۆیە، هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٧
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی ئاسۆس
- لە ساڵی ١٩٧٨ دەستگیرکراوە، بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە بەڵام بەرلێبوردنی گشتی کەوتووە لە ساڵی ١٩٧٩
- هەمان ساڵی ئازادبوونی بۆتەوە پێشمەرگە لەسنوری دەشتی کۆیە
- دواتر لە تیپی (٩٣) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٣) ی کۆیە بووە
- جێگری کەرت بووە لە هەمان تیپ.
- لە ساڵی ١٩٧٩ زیندانیی بووە.
- لەژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراو دوو جار بریندار بووە.






# مرادی کاولان

ناوی سیانی: مراد ئەحمەد ڕەسوڵ عەلی

- ناسراوبە: مرادی کاولان
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٨
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی سەرکان/ قەسرێ/ چۆمان/ هەولێر
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٧٤) ی باڵەک
- بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە
- پاشان لە هێزی (١٢) ی باڵەک درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری چەندین داستان و بەرگری کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.



# حاجی مزەفەر

ناوی سیانی: مزەفەر قادر عومەر عەلی

- ناسراوبە: حاجی مزەفەر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٤) ی کەندێناوە.
- ناوبراو پاشان لە بارەگای مەڵبەندی (٣) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: مەڵبەندی سێ
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- لە زۆربەی چالاکییەکان و نەبەردیەکان ناوبراو ڕۆڵی کارای هەبووە.
- ناوبراو لە داستانی (١٤) ڕۆژەی سماقوڵی بریندار بووە.
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- ماوەیەک جێگری فەوجی پاسەوانی بارەگای مەکتەبی سیاسی بووە لە هەولێر.
- بەشداری خولی ئەفسەرانی تەیناڵی کردووە.



# مزەفەر جیهاز

ناوی سیانی: مزەفەر مەعروف قادر

ـ ناسراوبە: مزەفەر جیهاز

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩/٩/٣٠

ـ شوێنی لەدایکبوون: هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای نەوت/ بەغداد لە ١٩٨٢

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧

ـ کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەڤاڵ (برایم شێرە) لێپرسراوی شانەبووە.

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢/٧/١٧

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کۆمیتەی سەرکردایەتی لە وەرتێ تا مانگی (١) ی ساڵی ١٩٨٣ لەم ئۆرگانە ماوەتەوە ناوبراو عەددە جیهاز بووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە مەڵبەندی (٤) لە بالیسان تا مانگی (٩) ی ساڵی ١٩٨٥.

ـ دواترلە تیپی (٨٧)ی قەرەچوغ/ کەرتی (٢) ئەوکات هەڤاڵ (سەفین مەلاقەرە) فەرماندەی ئەم کەرتەبووە.

ـ لە ساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٤) ئەوکات شەهید (عەلی پونگینە) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە، پاشان گواستراوەتەوە دادگای شۆڕش لای هەڤاڵ (حاکم سەردار)

ـ لە مانگی (٦) ی ساڵی ١٩٨٧گوازراوەتەوە دەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە تا مانگی (٤)ی ساڵی ١٩٨٨

ـ پاشان جارێکی تر گوازرایەوە دادگای شۆڕش، لە مانگی (٨) ی ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە، بەڵام پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان هەرمابوو، لە تەمەنی پێشمەرگایەتی بەشداری زۆربەی داستان و نەبەردی و چالاکیەکانی کردووە لە سنوری مەڵبەندی (٣ و ٤)، ناوبراو بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە تا مانگی (١)ی ساڵی ١٩٩٢ عەددە جیهازبووە لە شەقڵاوە، دواتر گوازراوەتەوە دەزگای ڕاگەیاندن، لە ژمارە (سفر) ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کاری کردووە، لە ١٩٩٣/٧/١٢ بە پلەی (ملازم ئەوەل) لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی دامەزراوە، دواپلەی (عەمید) بووە، بەڕێوەبەری ئیدارەی دەزگای ئاسایشی هەرێم بووە، لە ٢٠٢٢/٩/٣٠خانەنشین بووە.





# مستەفا مەرزانی

ناوی سیانی: مستەفا محەمەد کەریم

- ناسراوبە: مستەفا مەرزانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مەرزان/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەڵبەندی (٣)
- دواتر گواستراوەتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی لە تیپ و هێزو لەشکرەکانی سنوری کۆیە.
- دواشوێنی پێشمەرگایەتی ناوبراولە فەرماندەی کۆیە بووە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: فەرماندەی تیپ بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٦) جار بریندار بووە.
- لەگەڵ دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان ناوبراو پشگیری لەم بزوتنەوەیە کردووە. پاشان وازی هێناوە.



# مشیر گەرۆتە

ناوی سیانی: مشیر ئەحمەد عەبدوڵڵا

- ناسراوبە: مشیر گەرۆتە

- ساڵی لەدایکبوون:١٩٦٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گەرۆتە/ ناحیەی هیران/ شەقڵاوە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ناوەندی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان/ لێژنەی ئاگر، شەهید عەلی ساڵح سەرپەرشتی ئەم ڕێکخستنانەی دەکرد.

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) قوەتی خۆشناوەتی، دەستەی قوەت.

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین، کەرتی (٥)

- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: کادیر (لێپرسراوی شانەی سەرەکی)

- کام ئۆرگان: ناوبراو ڕێبەری سیاسی کەرت بووە.

- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ڕێبەری سیاسی

- کام ئۆرگان: هێزی سەفین


- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٢) جار بریندار بووە لە ساڵی ١٩٨١لە کارۆخ، ساڵی ١٩٨٢ لە سۆرکی فریز، بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.

دواتر لە فەوجی (٢) لیوای ٣٢ بووە ئیدارەی فەوج، کراوەتە ئامر فەسیل لە فەوجی (٤).

- لە خولی (١٢) لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کۆلێژی سەربازی قەڵاچۆلانی بینیوە پلەی ئەفسەری وەرگرتووە.

- ناوبراو لێپرسراوی بەشی شەهیدان و تێکۆشەرانی کۆمیتەی (٣)ی ڕێکخستنی هەولێر بوو.

- ڕۆژو مانگ و ساڵی ماڵئاوایی: ٢٠٢٣/١٠/٢٣






# مشیر ئیسماعیل قادر عەزیز

ناوی سیانی: مشیر ئیسماعیل قادر عەزیز

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٧
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی گڵکەند/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن:١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٦) ی ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی
- هەمان ساڵ ڕەوانەی خولی ڕۆشنبیری و سەربازی کراوە بۆ ماوەی (٣) مانگ لە مالیمۆس.
- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە قوەی خۆشناوەتی لای شەهید ملازم خولە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ مەفرەزەی تیپ
- لە دوای ڕاپەرین لە چەند ئۆرگانێک کاری کردووە .
- لە ڕێکەوتی٣٠/٧/١٩٨٨ زیندانیی بووە
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەکجار بریندار بووە







# مەجید میرخان عەبدوڵڵا

ناوی سیانی: مەجید میرخان عەبدوڵڵا

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٤٩

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی موخرەس/ کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: ئامادەیی پۆلیس/ بەغدا


- لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بەشۆڕش دەکات و دەبێتە پێشمەرگە لای سەرکردە (عومەر دەبابە) تا نسکۆی شۆڕش.

- پاش نسکۆو دامەزراندنی هەڵبژاردەی کوردستان مەجید میرخان دەکرێتە کابتنی هەلبژاردەی کوردستان و چەندین یاری کردووە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران.


- پاشان ناوبراو ماوەیەکی زۆر یاریزانێکی سەرەکی یانەی وەرزشی پۆلیسی سلێمانی بووە،

- پاش گەڕانەوەی لە ئێران ناوبراو ڕەوانەی جنوب دەکرێ و دەکرێتە فەرمانبەر لە (عەمارە) لە کارگەی زەیتونی نەباتی، پاشان دەگوازرێتەوە کارگەی جگەرەی هەولێر بۆ ماوەی (٣) ساڵ، لە ساڵی ١٩٧٩ کرایە بەرێوەبەری کارگەی مافوری کۆیە، ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٩، کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان/ خەتی گشتی، لە رێگای وەستا سەلامی ئامۆزایی، ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢ - لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کەرتی (١) لە تیپی (٨٣) ی هەورێ

- بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانی برایانی رۆژهەڵات دەکات لە ئەلوەتان لە ساڵی ١٩٨٢- پاشان گواستراوەتەوە مەڵبەندی هەولێر/ کەرتی سجن، لەبەر دڵسۆزی و ئازایەتی و بەدسپلینی ناوبراو زوو کرایە فەرماندەی کەرتی سجن لە گوندی شێخ وەسانان دواتر لە سماقوڵی گرتک، لە ساڵی ١٩٨٤ کرایە ئەندامی باڵای لێژنەی تەنسیق لە مفاوەزات، دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، دواپلەی لە پێش راپەرین: کادیری کۆمەڵایەتی سەربە تیپی (٩٣) ی کۆیە بووە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لەدوای ئەنفالەکان ناوبراو وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، لە ساڵی ١٩٩١ بەشداری لە راپەرینە مەزنەکەی کوردستان کردووە، دواتر کرایە لێپرسراوی بەرەی کوردستانی لە شاری کۆیە، لە ساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی١٩٩٨ بەرێوەبەری ئاسایشی کۆیە بووە، دواتر کرایە بەرێوەبەری پۆلیسی کۆیە، پاشان کرایە جێگری بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێم بوە ماوەی (٥) ساڵ دواتربەپلەی عەمید خانەنشین بووە، ماوەی (١٢) ساڵ سەرۆکی یانەی وەرزشی کۆیە بووەو رۆڵ وپێگەی زۆر هەبووە لە دروست کردنی هۆڵەکانی وەرزشی و نۆژەن کردنەوەی یاریگای یانەی کۆیە، بەداخەوە لە٢٠٢٢/٩/٢٣ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت لە گۆرەستانی (کەکۆن) بەخاک سپێردرا.







# مەحمود خۆشناو

ناوی سیانی: مەحمود سلێمان عەبدوڵڵا

- ناسراوبە: مەحمود خۆشناو
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی بەستەپیازە/ هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٧٢ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو پردان بەکاتب دامەزراوە تا نسکۆی شۆڕش. پاشان ئاوارەی ئێران بووەو هەر لەوێ نیشتەجێ بووە
- لە ساڵی ١٩٧٨مەدالیای یەکەمی خۆشنووسیی لە ئێران بەدەست هێناوە.
- لە ساڵی ١٩٧٩ پاش ڕووخانی ڕژێمی شا، لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کاری لە ڕۆژنامەدا کردووە.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێ: ١٩٧٩

پاش ئەوەی ببێتە پێشمەرگە، کاری ڕێکستنی (ی.ن.ک)ی کردووە لە ئێران

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای لقی (٣) لە زەڵێ و لە ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە توژەڵە، دواتر تاکو ساڵی ١٩٨٣ وەکو کادیرێکی هونەری لەدەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتیی لە توژەڵەو لەچاپخانەی برایم عەزۆ، لەهەمان کات لە ڕاگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان کاری کردووە و بەهاوکاری (دکتۆر خدر مەعسوم) لە زەلێ ڕۆژنامەی (کۆسار)ی بەناوی بەشی ڕاگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەرکرد.
- لەماوەی ساڵانی ١٩٨٤ ـ ١٩٨٥ لە ڕووی دیزاین و خۆشنووسی و جوانکارییەوە گرتە ئەستۆ.
- لە ساڵی ١٩٨٥ لە ئۆفیسی نوێنەرایەتیی یەکێتیی لە کرماشان لە ئێران کاری کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ ڕووی کردە ئەوروپا لە سوید گیرسایەوە، لە سوید سەرقاڵی چەند خولێکی کۆمپیوتەر بوو، بۆ ماوەی (٣) ساڵیش خەریکی خوێندنی (میدیا پرۆڤایل) بوو، وەک یاریدەدەری مامۆستای کۆمپیوتەر لە بواری ڕیکلام و دیزاین و لۆگۆ تایپ کاری دەکرد، لە ساڵی ٢٠٠٣ گەڕایەوە بۆ کوردستان و ساڵی ٢٠٠٤ ئەرکی دیزاین کردن و بەکوردی کردنی پاسەپۆرتی عێراقی پێسپێردرا کە بەزمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە، ساڵی ٢٠٠٤ کرایە ئەندامی ئەنجومەنی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.



# خوله

ناوی سیانی: مەحمود کەریم ساڵح محەمەد

- نازناو: خوله
- ساڵی لەدایکبوون:١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٧) ی ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەی دەشتی هەولێر
- دواتردرێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر/ لە کەرتی تیپ
- ناوبراو لە دوای ڕاپەرین لەزۆربەی بەرگریەکان لە لیوای (٢) ڕۆڵ و پێگەی هەبووە.
- کام ئۆرگان: لیوای (٢) فەوجی مغاویر





## خوله

ناوی سیانی: مەحمود مراد ڕەمەزان

- ناسراوبە: خوله
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کێلە خوارە/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەوارە
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (١٤) ی ئاکۆ
- پاش تەشکیلاتی تیپەکان ناوبراو گواستراوەتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە
- لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١بەشداری کردووە.
- پاشان لە هێزی (٧) ی کۆیە بەردەوام بووە لە پێشمەرگایەتی
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: لە دوای ڕاپەرین لە هێزی (٧)ی کۆیە.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ.م
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.



# وەستا مەحمود

ناوی سیانی: مەحمود ئەنوەر حەسەن

ـ نازناو: وەستا مەحمود

ـ ساڵی لەدایکبوون :١٩٥٤

ـ شوێنی لەدایکبوون: قەزای مەخمور/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: سەرەتایی

ـ ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن :١٩٨١

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ناوەراستی ساڵی ١٩٨١

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی لای عەلی شامار

ـ ماوەیەک لە بارەگای کەرتی سجن درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر.

ـ دواپلەی لە پێش راپەرین: فەرماندەی مەفرەزە

ـ کام ئۆرگان: لە بارەگای مەکتەبی عەسکری.

ـ دوا پلەی لە دوای راپەرین: فەرماندەی هێز لە فەوجی تەواری

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.

ـ ناوبراو (٣) برای قارەمانی شەهیدە بەناوەکانی (حەسەن، ئیبراهیم، مامۆستا کاوە)





# مەسعود عەقاری

ناوی سیانی: مەسعود سەعید حسێن

- نازناو: مەسعود عەقاری

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦/٧/١

- شوێنی لەدایکبوون: کەرکوک، بەڵام هەر لە هەولێر ژیاوە و کاری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتی لە سنوری پارێزگای هەولێرکردووە.

- ئاستی خویندن: دەرچووی ئامادەیی

- ساڵی پەیوەندی بەڕێکخستن: ١٩٧٥

- کام ئۆرگان: ڕێکخراوی هەولێر، خەتی شەهید عەبدولڕەزاق

- ساڵی بوون بەپێشمەرگە: ئازاری ١٩٨١

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ئیدارەی مەکتەبی سیاسی لە ناوزەنک

- پاشان کرایە ڕابەری سیاسی کەرتی سجن لای (عەلی شامار)

- دواتر گواستراوەتەوە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە

- درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوەو بەردەوام بووە لەم ئۆرگانانەش کەرتی ڕێکخستنی ڕواندز، بەشی کۆمەڵایەتی مەڵبەندی سێ سماقولی دواتر؛ بەشی کۆمەڵایەتی مەڵبەندی سێ.

- کەی وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە: ١٩٨٧

- ناوبراو لە ڕاپەڕین بەشداری کردوە و ڕۆڵی کارای بینیوە..

- دوای ڕاپەڕین لێپرسراوی کۆمیتەی شەهیدان بووە.

- دواتر ئەندامی مەکتەبی مافی مرۆڤ بووە.

- پاشان ئەندامی بۆردی مەکتەبی سیاسی هەولێر بووە.

- بەشداری دەورەی مالیمۆس بۆ کاری ڕێکخستن و سەربازی کردووە


- ناوبراو برایەکی شەهیدە بەناوی نورەدین سەعید حسێن.



# مەغدید سەلیم (بەڵێن)

ناوی سیانی: مەغدید سەلیم ڕەحمان

- ناسراوبە: بەلێن
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: هیران/ شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩/٤/٢٤
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی خۆشناوەتی
- پاشان لە تیپی (٩١) ی سەفین/ کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩١)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: کەرتی (٢) هەمان تیپ
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: فەرماندەی تیپ
- کام ئۆرگان: لەشکری سەفین
- لە ساڵی ١٩٨٨ زیندانیی بووە
- ناوبراو لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە.



# موحسین ئیلنجاغی

ناوی تەواو: موحسین سلێمان فەتحوڵڵا

- ناسراوبە: موحسین ئیلنجاغی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩

- گوندی ئیلنجاغی گەورە/ ناحیەی تەق تەق/ قەزای کۆیە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١

- ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە: ١٩٨٢

- ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (٢) ئەوکات شەهید (ئەحمەد قەمبەری) فەرماندەی ئەم کەرتەبووە.

- ناوبراو تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٤ پێشمەرگەبوو، دواتر لەگوندی ئیلنجاغ دانیشت بەڵام لەکاری ڕێکخراوەیی بەردەوام بوو.

- ناوبراو لەوساڵانەی پێشمەرگەبووبەشداری زۆربەی شەڕو نەبەردیەکانی وەک: کەنداروگاوەرە، شەڕەکانی ناوچەی مەخمور، قەراج، کەندێناوە، نێرەگین، سماقە. سێگردکان، بالیسان.

- پاش دروست بوونی هێزی پشگیری ناوبراو لەگەڵ خزمانی ئیلنجاغ ڕۆڵی کارایان هەبوو لەشەڕەکانی ئەم سنورە.

- لە ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ لێبوردنەکانی ڕژێم گوندی جێهێشتووەو هاتۆتەوە هەولێر. لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە، پاشان بەردەوام بوو لە سریەی ئینزیبات، لە ساڵی ١٩٩٤ لە مەفرەزەکانی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ بەردەوام بوو تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦، بەپلەی فەرماندەی مەفرەزە، لە ساڵی ١٩٩٧ لە فەرماندەی قەرەچۆغ بەردەوام بوو لە پێشمەرگایەتی تاکو پلەی ئەندام لەشکر، لە ساڵی ١٩٩٧ لە شەڕی گەردەلوولی تۆڵە لە دۆڵی سماقولی بەژداربووە، لە شەڕەکانی جوندی ئیسلام بەژداری کردووە تا کۆتایی وە لە شەڕی پرۆسەی ئازادی ئێراق بەژداربوو لە میحوەری دووبز، لە ساڵی ٢٠٠٣ خانەنشین بووە.

- برایەکی شەهیدە بەناوی (بەکر ڕەشاش)



# مامۆستا موحسین

ناوی سیانی: موحسین عوسمان حەمەد

ـ نازناو: مامۆستا موحسین

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥

ـ شوێنی لەدایکبوون: بناری قەرەچوغ/ مەخمور/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

ـ لە ساڵی ١٩٧٣ ناوبراو زیندانی سیاسی بووە

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦ ـ ١٩٧٧

ـ کام ئۆرگان: بزووتنەوە

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩/٦/١٦

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر

ـ هەمان ساڵ کرایە کارگێڕی لقی هەولێری حزبی سۆسیالیستی کوردستان، بەرپرسی ناوچەی هەولێر

ـ لەیەکەم کۆنگرەی حزب لە ساڵی ١٩٨١ بە یەدەگی سەرکردایەتی هەلبژێردرا.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: دۆڵی سماقوڵی

ـ دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: کارگێڕی لق

ـ کام ئۆرگان: حزبی سۆسیالیستی کوردستان

ـ لە ١٩٩٠/٩/٢٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ـ بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ پەیوەندی کردووە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٣ کرایە کارگێڕی مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین لە ئۆرگانی سەربازی فەرماندەی لەشکری (١٨) ی بەرانەتی بوو، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی وبەرگری کردووە لە شۆرشی نوێی و بەرگری کردن لە دوای ڕاپەڕین، ناوبراو برایەکی شەهیدی سەنگەری هەیە بەناوی (محەمەد)، لەحکومەت ئەو پۆستانەی بینیوە: بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، بەڕێوەبەری پاسەپۆرت ومانەوە، بەڕێوەبەری گشتی ڕەگەزنامە، بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ.



# موحسین هیرانی

ناوی سیانی: موحسین قادر سادق

- ناسراوبە: موحسین هیرانی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: هیران/ شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: نەخوێندەوار
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١ تاکو ١٩٨٦
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین دەستەی شەهید تەحسین کاوانی
- لە ساڵی ساڵی ١٩٨٨ زیندانیی بووە.



# مامۆستا موحسین کەریم

ناوی سیانی: موحسین کەریم عەلی

- ناسراوبە: مامۆستا موحسین
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای مەخمور/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٦
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١ تا ساڵی ١٩٩٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەران
- پاشان گواستراوەتەوە سنوری تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر وەک کادیر
- لە ساڵی ١٩٨٣ بریندار بووە لە گوندی گرد قۆشنەی مەخمور.
- لە ساڵی ١٩٨٤لە کاتی دانوستانی نێوان ڕژێم و یەکێتیی ناوبراو لێپرسراوی چاپخانەی (مام جەلال) بووە لە سورداش.
- پاشان لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ کرایە لێپرسراوی کۆمەڵایەتی سنورەکە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ، ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە، دواتر کراوەتە ئەندامی کۆمیتەی فەرمانبەران لە مەڵبەندی هەولێر، دواترلە ساڵی ١٩٩٢ کرایە بەڕێوەبەری چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر، لە ژمارە (١) ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦ ناوبراو بەڕێوەبەری چاپ بووە، لە ساڵی ١٩٩٦لە هەولێر بەدەستی گروپەکەی (شێخ زانا) بەسەختی بریندار کرا و پێشمەرگەیەکی لەگەڵ شەهید بوو، ناوبراو لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هەڵوێستی نواند و هەولێری جێهێشت ئاوارەی سلێمانی بوو، لەشاری سلێمانی دوای دروست بوونی مەکتەبی مافی مرۆڤ ناوبراو کرایە ئەندامی مەکتەب، پاش گەڕانەوەی بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٣ ناوبراو کرایە لێپرسراوی نووسینگەی هەولێری مافی مرۆڤ، پاشان کرایە لێپرسراوی بۆردی پشتیوانی هەولێر.
- خاوەنی برایەکی شەهیدە بەناوی (یاسین)





# میرۆ بانەموردی

ناوی سیانی: میرزا حەمەد ئیبراهیم

- نازناو: میرۆ بانەموردی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٧
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی بانەمورد، قەزای کۆیە، پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨١
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: لەناوەڕاستی ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر، کەرتی (١)
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: سنوری قاسمە ڕەش
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی کەرت
- کام ئۆرگان: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ڕۆژی خانەنشین بوونی.
- ناوبراو لەپاش ٣١ی ئابی ١٩٩٦ نیشتەجێی قەڵادزێ بووە.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: لیوا، سەربە وەزارەتی پێشمەرگە
- لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٥/١ بۆماوەی (٨) مانگ زیندانی بووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی دووجار بریندار بووە لە (قوشتەپە/ شێراوە)
- ناوبراو برایەکی شەهیدە بەناوی (بابیل)





# خاره نادر

ناوی سیانی: نادر کەریم خالید

ـ ناسراوبە: خارە نادر

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٢/٧/١

ـ شوێنی لەدایکبوون: گوندی ئیلنجاغی گەورە/ تەق تەق/ کۆیە/هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ناوەندی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٩

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کۆمەڵە)

ـ لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلول کردووە، ناوبراو پارتی بووە تا ساڵی ١٩٧٩.

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە لە شۆڕشی نوێ: ١٩٨٢/٥/١٥

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر

ـ ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا قۆناغی ئەنفالەکان.

ـ بەهۆی ئاستی ڕۆشنبیری پلەی ڕێکخستنی ئەندامی کەرت بووە

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی ٨٦

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار برینداربووە لە شەڕی ئیلنجاغی گەورە لە ساڵی ١٩٨٦.

ـ لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە

ـ لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.

ـ دواتر لە ئۆرگانی پێشمەرگایەتی و کاری ڕێکخستن بەردەوام بووە تا ١٩٩٦/٨/٣١. پاشان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ـ پاشان دامەزرا لە دەزگای ئاسایش تا ڕۆژی خانەنشینی.







# حاجی

ناوی سیانی: نەبەز حەمەد محەمەدەمین

- ناسراوبە: حاجی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای کۆیە/ بەشی نەوت
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: دەزگای دارایی لە ناوزەنگ لای دلزاری بەکراغا
- پاشان گواستراوەتەوە کەرتی پاسەوانی سکرتاریەت لە تووژەلە
- لە ناوەڕاستی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە تیپی (٩٠) ی باواجی هەڤاڵ (دلزاری بەکر ئاغا) فەرماندەی کەرت بوو، هەڤاڵ ملازم سمکۆ فەرماندەی ئەم تیپە بوو.
- پاشان گواستراوەتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە ئەوکات هەڤاڵ (دانای ئەحمەد مەجید) فەرماندەی تیپ بوو.
- ناوبراو کرایە لێپرسراوی دارایی تیپ
- پاشان گواسترایەوە مەڵبەندی (٤) لە خەتێ لای مامۆستا چەتۆ حەوێزی لە بەشی کۆمەڵایەتی مەڵبەند.
- لە دوای ئەنفالەکان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: پەیوەندییەکانی دەرەوە
- بەشداری لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- ناوبراو لەگەڵ مامۆستا چەتۆ بووە لە سنورەکانی شەقڵاوە/ ڕانیە/ مەڵبەندی کەرکوک تاکو ساڵی ١٩٩٦. پاشان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.





# نەریمان کاکە فەتحوڵڵاساڵح

ناوی سیانی: نەریمان کاکە فەتحوڵڵا ساڵح

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٦
- شوێنی لەدایکبوون: گەڕەکی قەڵات
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٧
- کام ئۆرگان: بزوتنەوە
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: بارەگای سەرکردایەتی، دەستەی دکتۆر (فواد مەعسوم)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: لێپرسراوی پاسەوانی دەستەی دکتۆر (فواد مەعسووم).
- کام ئۆرگان: بارەگای مەکتەبی سیاسی
- ناوبراو برایەکی شەهیدە





# نەعمان قاسم حەسەن

ناوی سیانی: نەعمان قاسم حەسەن

- سالّی لەدایکبوون: ١٩٦٥/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی مەلاقەرە/ ناحیەی دیبەگە/ قەزای مەخمور
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- سالّی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨١
- کام ئۆرگان: ئەو پۆلەی کە هەڤاڵ (کاکل ڕەش) لێپرسراوی پۆل بووە.
- سالّی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٥) ی بەرانەتی/ کەرتی (٢) ئەوکات بەکرەقیت فەرماندەی کەرت بوو.
- لە کۆتایی سالّی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ بەپلەی (جێگری کەرت) وەک لێژنەی دارایی کارەکانی مەیسەر کردووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت
- لە سالّی ١٩٨٨وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە
- لەدوای ڕاپەرین لە چەند ئۆرگانێکی پێشمەرگایەتی ڕۆڵ و پێگەی هەبووە و تاپلەی (نەقیب) پلەکانی بڕیوە.
- سالّی ٢٠٠٥ ئەندامی ئەنجومەنی مەکتەبی کۆمەلایەتی بووە.
- ماوەیەک ئەندامی ئەنجومەنی مەکتەبی ڕێکخستن بووە.
- لە ئێستادا ناوبراو جێگری مەڵبەندی (٢٠) ی ڕێکخستنی قەرەچوغە.




# بەحراوی

ناوی سیانی: نەهرۆ حەمە سەعید مستەفا

- ناسراوبە: بەحراوی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: تەق تەق/ کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: شەشەمی سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- پاشان لە تیپی (٩٩) ی بیتوێن درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ساڵی ١٩٨٥.
- لە ساڵی ١٩٨٥ لەناو هەولێر دەگیرێ بۆ ماوەیەک زیندانی دەکرێت.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٩٩)
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار برینداربووە لە شەڕی باداوان.
- لە مانگی (٨) ی ساڵی ١٩٨٨ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- پاشان لەگەڵ شەهید کامەرانی کۆیە درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات تا ساڵی ١٩٩٤.





# نەوشیر کۆیی

ناوی سیانی: نەوشیر ساڵح قادر

- ناسراوبە: نەوشیر کۆیی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٤٩/٧/١
- شوێنی لەدایکبوون: قەزای شەقڵاوە/ پارێزگای هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی کۆلێژی یاسا
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٨) ی دەشتی هەولێر
- دواتر لە قوەتی خۆشناوەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاشان لە کەرتی ڕێکخستنی شەقڵاوە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: سنوری سماقوڵی
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی کەرت
- ناوبراو دوا شوێنی کارکردنی لە دوای ڕاپەڕین: ئەندامی مەکتەبی پەیوەندیەکان بووە.
- ماوەیەک زیندانی سیاسی بووە.







# شۆڕش سێگردکانی

ناوی سیانی: نورەدین ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد

- ناسراوبە: شۆڕش سێگردکانی

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی شوان

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠

- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٢) ی کەرکوک/ کەرتی (١) ی ساڵەیی، ئەوکات شەهید (عەلی ساڵح) فەرماندەی ئەم کەرتە بووە، ئەنوەر حەسەن لێپرسراوی هەرێمی (٢) بوو.

- لە ساڵی ١٩٨١ گواستراوەتەوە قوەتی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) ی شەهید ئەحمەد قەمبەری.

- دواترلە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر/ کەرتی (٢) ی شەهید (ئەحمەد قەمبەری) لەخەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە.

- لە ساڵی ١٩٨٤ گواستراوەتەوە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ کەرتی (٦) ئەوکات شەهید خاڵە مامەند مەنتک فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.

- ماوەیەک لە ڕەتلی شەهید ڕێباز ناوبراو پارتیزانی بووە.

- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: جێگری کەرت بووە لە کەرتی (٢) ی شەهید ئەحمەد قەمبەری.

- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینی کردووە لە ساڵی ١٩٩١، پاشان درێژەی بەپێشمەرگایەتی داوە لە تیپ و هێزو لەشکرو لیوای تایبەتی هەولێر، ناوبراو ٣١ی ئاب ئاوارەی تەق تەق بوو، لە ساڵی ١٩٩٨ کرایە جێگری هێزی پاسەوانی نەوتی شیواشۆک لە ساڵی ٢٠٠١ کرایە فەرماندەی هێزی (مەفریقە)ی فەرماندەیی (٢) ی هەولێر.

- لەساڵی ١٩٩٠زیندانیی بووە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی (٣) جار بریندار بووە، ناوبراو ئامۆزایەکی شەهیدە.

- بەشداری خولی ئەفسەرانی سەربازی ئەکادیمیای قەڵاچۆلانی کردووە.



# هادی عەزیز عەبدولڕەزاق حەسەن

ناوی سیانی: هادی عەزیز عەبدولڕەزاق حەسەن

- ساڵی لەدایکبوون: لەنفوس ١٩٧٣ تۆمار کراوە بەڵام لە بنەڕەتدا تەمەنی گەورەترە
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی دەرگەڵە/ ڕواندز/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (١٢) ی سۆران
- لە ساڵی ١٩٨٩ خولی سەربازی بینوە لە ئەهواز
- ناوبراو درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ١٩٩١/٣/٥ و پاشان بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی١٩٩١ی کردووە.
- پاشان لە هێزی (١٢) ی باڵەکایەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- پاش ٣١ی ئاب لە فەرماندەیەکانی ڕانیە بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان.
- پاشان لە لیوای (١٣٠) ی ڕاگەیاندن سەربەیەکەی (٧٠) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.





# هاشم زماره

ناوی سیانی: هاشم حەسەن عیسا

- ناسراوبە: هاشم زمارە
- ساڵی لەدایكبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایكبوون: گوندی زمارە/ ناحیەی گوێر/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێكخستن: ١٩٨٢
- كام ئۆرگان: یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەكام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ/ كەرتی (٢) ی شەهید ئەحمەد قەمبەری.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەڕین: تیپی (٨٧)
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: فەرماندەی مەفرەزە
- ناوبراو بەشداری ڕاپەڕینە مەزنەكەی ساڵی ١٩٩١كردووە.
- پاشان لە ئۆرگانەكانی پێشمەرگایەتی درێژەی بە خەبات وتیكۆشان داوە
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەڕین: عەقید
- كام ئۆرگان: بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە كۆیە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ ماوەی (٢٦) ڕۆژ لەلایەن بەعسیەكان زیندانیی بووە.
- ناوبراو دوو جار بریندار بووە لە ژیانی پێشمەرگایەتی.
- برازایەكی شەهیدە



# هاشم بچکۆل

ناوی سیانی: هاشم حوسێن ئەسعەد


- ناسراوبە: هاشم بچکۆل
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٢
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن:سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن :١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٣) ی هەورێ
- لە هەمان ساڵ گواستراوەتەوە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر.
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٢١) ی کەرکوک، پاشان لەگەڵ دەستەکەی شەهید (سابیر ڕەسوڵ) گواستراوەتەوە بارەگای مەکتەب عەسکری.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کۆمیتەی تایبەت ئەوکاتی هەڤاڵ عەبدوڵلا حەبیب لێپرسراوی ئەم کۆمیتەیە بوو.
- ناوبراو دوای ئەنفالەکان ئاودیوی ئێران بووە
- لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان :کۆمیتەی تایبەتی (ی.ن.ک)
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- پاشان لە هێزی (١٠) ی دەشتی هەولێر بووە، دواتر کراوەتە فەرماندەی مەفرەزە لە لەشکری ئامادە ئەوکات هەڤاڵ (ئاسۆ مامەند) سەر لەشکر بوو، دوا پلەی ئەندامی لەشکر بووە لە فەرماندەی (٢) ی هەولێر.
- ناوبراو چوارجار لە ژیانی پێشمەرگایەتی بریندار بووە.



# کاکە ڕەش

ناوی سیانی: هاشم محەمەد محەمەدەمین

- ناسراوبە: کاکە ڕەش
- ساڵی لەدایکبوون : ١٩٦٦
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی تەللخێمی گەورە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: خوێندەواره
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٤)ی ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر/ لە وەرتێ .
- پاشان گواستراوەتەوە ناوچەی خۆشناوەتی تیپی (٨٣) ی هەورێ ئەو کات (ملازم خولە) فەرماندەی ئەم تیپە بووە.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: کەرتی (سجن) لە مەڵبەندی سێی هەولێر، درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا مانگی (١٠) ی ساڵی ١٩٨٧.
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- لە چەندین ئۆرگانی پێشمەرگایەتی درێژەی بەخەبات داوە تا ٣١ی ئابی ١٩٩٦.
- دوا پلەی لە دوای ڕاپەرین: ئامر سریە
- کام ئۆرگان: لیوای تایبەتی هەولێر
- ناوبراو باوکی شەهیدە لەباڵی مەکتەبی سیاسی بووە.



# هاوار مام تەها

ناوی سیانی: هاوار تەها ئەحمەد تەها

- ناسراوبە: هاواری مام تەها
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاوانیان/ شەقڵاوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن:١٩٨٢
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: مانگی (٤) ی ١٩٨٢
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٨٣) ی هەورێ/ کەرتی (٢)
- پاشان لە تیپی (٩١) ی سەفین درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە لای شەهید (تەحسین کاوانی).
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: تیپی (٩١) ی سەفین
- ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٦ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- ئەو ساڵانەی پێشمەرگە بووە بەشداری چەندین داستان و نەبەردی کردووە.
- ناوبراو لە راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- لە دوای راپەرین لە چەندین ئۆرگان خزمەتی کردووە
- دواپلەی لە پێش راپەرین: پ.م
- ناوبراو زیندانی سیاسی بووە.





# سەنگەر

ناوی سیانی: هاوار سەعید عەلی

- ناسراوبە: سەنگەر

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣

- شوێنی لەدایکبوون: ناحیەی دیبەگە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی

- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨١

- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/٩/٢٠

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: تیپی (٩١) ی سەفین

- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: بارەگای مەڵبەندی (٣)

- ناوبراو یەکێک بووە لەو کادیرانەی لە بواری جیهازی پەیوەندی (عەددە جیهان) لە سنوری مەڵبەندی (٣) رۆڵ و پێگەی دیار بووە.

- دواپلەی لە پێش راپەرین: کادیر (عەددە جیهان)

- کام ئۆرگان: مەڵبەندی (٣)


- ناوبراو بەشداری لە راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.

- پاشان بەشداری کردووە لەبەرگریەکانی سەرخاکی هەولێر، لە ١٩٩٣/٣/٢٠ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

- پاشان لەبواری ئۆرگانی رێکخراوەی کرایە ئەندامی کۆمیتە لە کۆمیتەی فەرمانبەرانی ئەوێ رۆژێ.

- هەڵوێستی جوامێرانەی نواندووە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هەولێری جێهێشتووەو لە سلێمانی نیشتەجێ بووە. بووە فەرمانبەر لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

- پاش هەنگاوەکانی ئاشتی نێوان یەکێتی و پارتی لە ساڵی ١٩٩٨،گەرانەوەی بارەگای مەڵبەندی (٣) ی هەولێرلە ساڵی ٢٠٠٣ ناوبراو لەسنوری ناحیەی دیبەگە کاری رێکخستنی گرتە ئەستۆ لەساڵی ٢٠٠٧ کرایە لێپرسراوی کۆمیتەی دیبەگە، لەریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئامۆزایەکی شەهیدی سەنگەری راستەقینەیە.





# مام هەژاری گۆمەشین

ناوی سیانی: هەژار عوسمان جەرجیس خدر

- ناسراوبە: مام هەژاری گۆمەشین
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٤/٥/١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی گۆمەشین/ قەزای کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠/٧/١٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: هەرێمی (٧) لە دۆڵی باڵەییان، ئەوکات شێخ (دارایی حەفید) بەرپرسی هەرێمی (٧) بوو.
- پاشان گواستراوەتەوە مەڵبەندی (٤)
- پاشان لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر کەرتی (٤) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ئەوکات شەهید (سابیر ڕەسوڵ) فەرماندەی کەرت بوو، پاشان لە هەمان تیپ بەڵام لەکەرتی (٣) بووە شەهید ( فەقێ گۆمەشینی) برای فەرماندەی ئەم کەرتە بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ گواستراوەتەوە تیپی (٩٣) ی کۆیە دەستەی تیپ ئەوکات شەهید (فەقێ) جێگری تیپ بوو.
- پاش شەهید بوونی شەهید فەقێ ناوبراو کرایە جێگری کەرتی (٦) لە تیپی (٨٦) ی دەشتی هەولێر.
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەنفالەکان وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.
- دواتر درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە تا ڕۆژی خانەنشین بوونی .
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی لە ساڵانی (١٩٨٣- ١٩٨٧ - ١٩٨٨ (٣)جار بریندار بووە کۆتا جار بە کیمیاویی.
- ناوبراو خاوەنی (٣) برا شەهیدە.



# هیوا سۆفی بەکر

ناوی سیانی: هیوا بەکر مستەفا

- ناسراوبە: هیوای سۆفی بەکر
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٢
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: کەرتی ڕێکخستنی کۆیە
- پاشان لە تیپی (٩٣) ی کۆیە درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین: تیپی (٩٣) ی کۆیە
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: پ. م
- کام ئۆرگان: تیپی (٩٣).
- ناوبراو پێشمەرگەیەکی دانەبڕاوی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بووە
- ناوبراو بەشداری ڕاپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.

لە دوای ڕاپەرین لە ئۆرگانەکانی ڕێکخستن وەک کادیرێکی کارا ڕۆڵی بینیوە، پلەکانی بڕیوە تا بەرپرسی کۆمیتەو پاشان کارگێڕی مەڵبەندو لە ئێستادا جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی (١٤) ی کۆییە.





# هەڵۆ خانەقینی

ناوی سیانی: هەڵۆ ڕحیم قادر

ـ نازناو: هەڵۆ خانەقینی

ـ ساڵی لەدایكبوون: ١٩٦٣/٩/١

ـ شوێنی لەدایكبوون: خانەقین

ـ ئاستی خوێندن دەرچوی ئامادەیی

ـ ساڵی پەیوەندی بەڕێكخستن: ١٩٨٠

ـ كام ئۆرگان: كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە:١٩٨١

ـ لەكام ئۆرگان پێشمەرگە بووە: كەرتی ڕێكخستنی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر

ـ دواتر گواستراوەتەوە كەرتی ڕێكخستنی شەقڵاوە

ـ دواشوێنی پێشمەرگایەتی پێش ڕاپەڕین: ئاڵای شۆڕش

ـ لەڕاپەڕین بەشداربووە لە (سرك) و شانەچەكدارەكانی بروسك ئامركەرتی شەهید دڵشاد بووە، سەرپەرشتیاری نەخۆشخانەی شەهید یوسف دەرگەڵەیی بووە، كەئێستا شەهید محەمەد باجەڵانە.

ـ دوابلە پێش ڕاپەڕین ئەندامی كۆمەڵەی ڕەنجدەران

لە ڕێكەوتی ١٩٨٨/١٢/١٢بـۆ ماوەی ساڵێك و هەشت مانگ مەوقوف بووە لە پێش ڕاپەڕین، لە ساڵی ١٩٩٦زیندانی شەڕی ناوخۆبووە بۆماوەی ٨ مانگ لەدوای ڕاپەڕین.

ـ ناوبراو خاڵی شەهیدی سەنگەرە.


ـ كادری ڕاگەیاندنی مەڵبەندی ٣ ی.ن.ك بووە لەسەرەتای دامەزراندنی ڕادیۆ تا نزیكەی ٢٠١٥ ئێستاش كادری ڕاگەیاندن و كارمەندی ڕادیۆی دەنگی گەلی كوردستانە.



# واحید کامۆسەکی

ناوی سیانی: واحید محەمەدەمین ئیبراهیم

- ناسراوبە: واحید کاموسەکی
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦١
- شوێنی لەدایکبوون: گوندی کاموسەک/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: سەرەتایی
- ساڵی پەیوەندی بە رێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: دەستەی شەهید (سەید کەریم)
- پاشان لە قوەتی خۆشناوەتی درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- دواتر ناوبراو گواستراوەتەوە تیپی (٨٣) ی هەورێ
- لە کۆتایی ساڵی١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین/ لای شەهید ئەحمەد جەمیل.
- دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش راپەرین: گوندی کاموسەک
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری چەندین چالاکی کردووە.
- ناوبراو بەشداری لە راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کردووە.
- دوا پلەی لە دوای راپەرین: جێگری کەرت
- ناوبراو باوکی شەهیدی سەنگەرە.



# ماموستا وریا

ناوی سیانی: وریا حەویز سلێمان

- ناسراوبە: ماموستا وریا
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥
- شوێنی لەدایکبوون: هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی خانەی ماموستایان
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨
- کام ئۆرگان: کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: ناوەندی کۆمەڵە، لە ناوزەنگ
- دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ گواستراوەتەوە مەڵبەندی (٣) ی هەولێر، ئەوکات دکتۆر کەمال لێپرسراوی مەڵبەند بوو.
- ناوبراو لە کەرتی ڕێکخستنی (چۆمان) بەردەوام بووە تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٤.
- بەهۆی نەخۆش کەوتنی لەسەربڕیاری ڕەحمەتی (جەبار فەرمان) ڕەوانەی هەولێر کرایەتەوە.
- ناوبراو پاش وازهێنانی لە پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخستن لەناو شار بەنهێنی و گەڕاوەتەوە سەر وەزیفەی ماموستایەتی.
- لە دوای ڕاپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ ناوبراو بەردەوام بووە لە کاری ڕێکخراوەیی.



# وشیار ڕەئووف عەبدوڵلا

ناوی سیانی: وشیار ڕەئووف عەبدوڵلا

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٠
- شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٠
- کام ئۆرگان: بزوتنەوەی سۆسیالیستی
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بزووتنەوەی سۆسیالیستی (ناوچەی ڕانیە)
- لە مانگی (١)ی ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەریزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کردووە بەناوچەی شۆڕشگێڕانی ڕانیە .
- پاشان لە ساڵی ١٩٨٣ گواستراوەتەوە تیپی ٩٣ی کۆیە، مەفرەزەی تیپ ئەوکات هەڤاڵ (دانای ئەحمەد مەجید) فەرماندەی ئەم تیپە بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە ناوچەی خۆشناوەتی لە سماقولی
- دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ گواستراوەتەوە تیپی ٢٥ی خاڵخالان
- دواپلەی لە پێش ڕاپەڕین: پ.م
- لە ١٩٨٨/٩/٢٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.
- لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتی (١) جار بریندار بووە.
- لە دوای ڕاپەڕین دامەزراوە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی کۆیە.
- ناوبراو برایەکی شەهیدە بەناوی (نەوزاد)



# دکتۆر وشیار

ناوی سیانی: وشیار شەفیق نادر

ـ ناسراوبە: دکتۆر وشیار

ـ ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٩

ـ شوێنی لەدایکبوون: کۆیە/ هەولێر

ـ ئاستی خوێندن: ئامادەیی

ـ ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٧٨

ـ کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (شانەی بروسک)

ـ ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٨ دەستگیر کراوە.

ـ ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٧٩

ـ لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: قوەتی دەشتی هەولێر

ـ دواتر لە تیپی (٩٣) ی کۆیە، کەرتی (٤) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە ئەوکات شەهید (سەرباز) فەرماندەی کەرت بوو، شەهید شەماڵ فەرماندەی تیپ بوو.

لە ساڵی ١٩٨٥ گواستراوەتەوە تیپی (٩١) ی سەفین.

ـ لە ساڵی ١٩٨٦ گواستراوەتەوە تیپی (٨٥) ی بەڕانەتی کەرتی (١) ی بارەگای تیپ ناوبراو جێگری فەرماندەی کەرت بووە.

ـ دوا شوێنی پێشمەرگایەتی لە پێش ڕاپەرین : فەرماندەی کەرتی (سجنی). مەڵبەندی (٣) بووە لە سماقولی.

ـ لە ساڵی ١٩٨٩ وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە.

ـ لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە

ـ ناوبراو بەشداری ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی کردووە.

ـ تا ساڵی ١٩٩٤ پێشمەرگەبووە دواتر وازی هێناوە .

ـ لە ٣١ی ئاب ئاوارەی ئێران بووە تا ساڵی ٢٠١٦



# دکتۆر سەردار

ناوی سیانی: یاسین محەمەد عەبدولقادر

- ناسراوبە: دکتۆر سەردار

- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٥٥

- شوێنی لەدایکبوون: گوندی ترپە سپیان/ قوشتەپە/ هەولێر

- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی (تەمریض)

- لەشۆڕشی ئەیلولْ بەشداری کردووە لە بەشی قاتعی دژی ئاسمانی بۆتە پێشمەرگە.

- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: کۆتایی ١٩٧٦

- کام ئۆرگان: لە ڕێگای شەهید کاردۆ گەلاڵی هاتۆتە نێو ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی .


- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨١/١١/١٤

- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: بارەگای سەرکردایەتی لە دواوەی دۆڵەتوو.

- لە ساڵی ١٩٨٢ بارەگەکەیان گواستۆتەوە (ئاشقۆلکە ـ پشت ئاشان)

- بەشداری خولی کادیرانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی کردووە لە ساڵی ١٩٨٢، لەمانگی (٩) ی ساڵی ١٩٨٣ کرایە لێپرسراوی ناوچەی (قەڵادزێ) تا مانگی (٨) ی ساڵی ١٩٨٥، لەساڵی ١٩٨٥ خولی مارکسی لینینی بینیوە لە بادینان، لە ١٩٨٥/١٢/١٢ لەگەڵ هەڤاڵ قادر عەزیزو کۆمەڵێک هەڤاڵی تر لە حزبی سوسیالیستی کوردستان جیابوونەوە (ئیتجایی دیموکراتی شۆڕشگێڕی) یان دامەزراند، لە کۆنفرانسی ١٩٨٨ بە ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی عەسکری هەڵبژێردرا، لەیەکەم کۆنفرانسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەساڵی ١٩٨٨ بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، ناوبراو بەهۆی جیاوازی ڕاوبۆچون و جیابوونەوەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و (ئیتجایی دیموکراتی شۆڕشگێڕ) ماوەی مانگێک لە قەرارگای ڕەمەزان لە ئێران دەستگیر دەکرێ ـ ناوبراودرێژە بە پێشمەرگایەتی دەدا تا ١٩٩١/٣/٥ و پاشان بەشداری لە ڕاپەرینە مەزنەکەی کوردستان دەکات، لە ١٩٩١/٤/١١ لە بەرگریەکەی داستانی کۆڕێ بریندار دەبێ، لە کۆنگرەی (یەکگرتن) لە ساڵی ١٩٩٢ بووە ئەندامی سەرکردایەتی، لە پێش ٣١ی ئابی ١٩٩٦ کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٢ کرایە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان تا ساڵی ٢٠٠٥، لە ساڵی ٢٠٠٤ پەیوەندی بەڕێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کرد، لە ٢٠٠٦/٤/١١ کرایە لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی (١٩) ی ئاکرێ تا مانگی (٦) ی ساڵی ٢٠١٠





# یوسف چاوشین

ناوی سیانی: یوسف عومەر ئیبراهیم عەبدوڵڵا

- ناسراوبە: یوسف چاوشین
- ساڵی لەدایکبوون: ١٩٦٣
- شوێنی لەدایکبوون: کەندێناوە/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی کۆیە/ دەرچووی کۆلێژی سەربازی.
- ساڵی پەیوەندی بە ڕێکخستن: ١٩٨٣
- کام ئۆرگان: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- ساڵی بوون بە پێشمەرگە: ١٩٨٣/١٢/٢٠
- لەکام ئۆرگان بۆتە پێشمەرگە: مەکتەب عەسکری
- ناوبراو دواتر لە تیپی (٨٧) ی قەرەچوغ لە کەرتی (٢) درێژەی بە پێشمەرگایەتی داوە.
- لە پێش ئەنفالەکان هێزێکی چالاک و شارەزا لە بواری سەربازی ڕەوانەی بادینان کران ناوبراو یەکێک بوو لەگەڵ دەستەکەی رائید جەلال
- دواپلەی لە پێش ڕاپەرین: فەرماندەی مەفرەزە
- کام ئۆرگان: قوەتی بادینان
- لەراپەرینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کردووە.
- لەدامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان واتە هێزە هاوبەشەکە ناوبراو جێگری سریە بووە لە قیادەی مەنتقەی هەولێر.
- کارگێڕی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەیە، ناوبراو لە ئێستادا بەڕێوەبەرە لەبەڕێوەبەرایەتی فریاکەوتنی کۆیە بە پلەی لیوا، لە ژیانی پێشمەرگایەتی یەک جار بریندار بووە.
- ناوبراو باوکی و دوو مامی شەهیدە

# ئەلبومی
# پێشمەرگە دێرینەکانی
# سنوری مەڵبەندی (٣)ی
# هەولێر



لەڕاستەوە: شەهید ڕەوەند، شەهید سەرداری سەعید سۆفی، شەهید بچووک.



ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر



ژمارەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٩١)ی سەفین



سەید ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا حەبیب، شەهید یونس، سەرکەوت، شەهید دەرسیم، وشیار سەرهەنگ، بەهادین




كۆمەڵێک لە پێشمەرگەكانی تیپی (٩١) سەفین



لە ڕاستەوە: سۆران، کرێکار باشتەپەیی، دکتۆر شوان



لە ڕاستەوە: م.ئاکام، فەتاح، سۆران، غازی، ئازاد، خەلیل، عارف چاوشین



**له ڕاستەوە: برایم مەلا، حەمە وەرتی**



**له ڕاستەوە: جەمیل، شەهید عەزیز سابیر، عومەر عەزیز، خارە خولە**



لە ڕاستەوە: دکتۆر جەرجیس، شەهید عەباس، شاخەوان، شەهید شێرۆ، نادر عەشایەر



لە ڕاستەوە: دڵشادی مام ڕەزا، ڕەهبەر سەید برایم، شەهید هیوا ساتوقەڵایی




له ڕاستەوە: سەفین مەلا قەرە، فارسە قوت



له ڕاستەوە: شەهید سمایل وەرتی، دکتۆر زریان



**لە ڕاستەوە: شەهید عەزەی داودی، حوسێن حەمەد وەسانی، ملازم حەلیم**



**لە ڕاستەوە: ئیسماعیل حەیدەری، شاکر سابیر**



لە ڕاستەوە: شەهید خالە مامەند، جوامێری پێشمەرگە دێرینەکان، شەماڵ



کۆمەڵێک پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر



له ڕاستەوە: لیوا ئەیوب ،دکتۆر زریان، شاری شنۆ، ساڵی ١٩٨٩



له ڕاستەوە: مەلای مەلا مەحمود، شەهید حەسەن کوێستانی



له ڕاستەوە: نەوزاد سفەیی، فاتیح مەلا قەرە، سەردار چاو ڕەش، شەمس مەلاقەرە



له ڕاستەوە: ئارام چاوشین، ئاسۆ مامەند، ئازۆمەخموری، سەفین مەلا قەرە، ڕەشۆ مەخموری، فەخرەدین کەریم



له ڕاستەوە: عەباس، کەریم عەزیز، ئەسعەد، خاڵە قاسم، بەکر گردەسۆری، جەبار



لەڕاستەوە: شێرزاد کۆیی، هەڵمەت گەعێتلی



لەڕاستەوە: عەدنان خورمەلە، برایم مشاری، غەفور



لەڕاستەوە: هونەر، شوکر، شەهید عەبدوڵڵای مەلا قادر



لەڕاستەوە: ئەحمەد سیاسی، پیرداود، سابیر کاریتانی، شەهید یاسین، شەهید لوقمان



لەڕاستەوە: بورهان سەعید سۆفی، شەهید هاشم، جەلال ئیلنجاغی، ئەحمەدە سیان



لە ڕاستەوە: شەهید عەبدولڕەزاق، کاک کۆسرەت، شەهید سابیر ڕەسوڵ، مامۆستا موحسین کەریم



لە ڕاستەوە: شەهید نەبەز شەقڵاوەیی، ڕێباز بێرکۆتی، شەهید دکتۆر هەژار، ڕزگار هەولێری



له ڕاستەوە: ڕێباز عەزیز، هێمن عەزیز، ئاسۆ حەسەن، شێرزاد کۆیی، شوێن: قەندیل شێخ شەرۆ ساڵی ١٩٨٨



لەچەپەوە بۆ ڕاست: جوامێر، جوتیار، هێرش پۆریجەیی، شەهاب تاڵەبانی، ساڵی ١٩٨٢، مێرگەسەر



لەڕاستەوە: شەهید سەعد ئازیکەندی، سابیرکاریتانی، مەجید شیخ شەروانی، کەرتی چواری کەندیناوە، ساڵی ١٩٨٧ گوندی خوڕ خوڕ



لە ڕاستەوە: عەبدە گۆج، مەولا، شەهید عزەدین،قارەمان شینە، ملازم قاسم، عومەر گردەسۆری



لەڕاستەوە: شەهید یاسین موعلیم، کەریمە ڕەش، بەکر گردەسۆری، شەهید کەماڵە ڕەش



مەفرەزەیەک لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر



وەستاوەکان لای ڕاست: هەژار، جەعفەر، بابەشێخ ئیلنجاغی، فەتحوڵڵا، فەرهاد،
دانیشتووەکان: لەڕاستەوە، ئازاد،هیدایەت، عەلی، سەباح، ساڵی ١٩٨٣کەرتی ٢ تیپی ٨٦



وەستاوەکە حەسەن عەبدوڵا، دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: شەماڵ عەبدوڵڵا، سادق گەزنە، شاسوار ئیبراهیم



لە ڕاستەوە: کاکە مەم، مەریوان گەردی، شەهید تەحسین دیبەگەیی، خالە قاسم
یەدی قزلەری، بالیسان ـ ١٩٨٢



لەڕاستەوە، حاکم پێشڕەو سەید برایم، عەلی شێخ حەمە ساڵح، شەهید جەمیل ڕەنجبەر



لەڕاستەوە: د. عەبدواحید ئیدریس شەریف، شەهید سەردار



کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەرێمی (٧) ی باڵەک



لەڕاستەوە: حەسەن عەوێنە، شەهید عومەر عەوێنە

# ئەلبومی ژمارەیەک وێنەی نووسەر لەگەڵ پێشمەرگە دێرینەکان



دیمەنێکی مەراسیمی ناساندنی ئینسکلۆپیدیا لە هۆڵی شنگلبانەی ڕواندز



لە ڕاستەوە: ئەبوزێد تەق تەقی، ئارێز عەبدوڵڵا، ڕەهبەر سەید برایم، حەیدەر مەنتک



له ڕاستەوە: دکتۆر ئازاد، شاهۆفەقیانی، حەیدەر مەنتک



له ڕاستەوە: شەماڵ عەبدوڵلا ، نووسەر



له ڕاستەوە: کامەران بانەمۆردی، حەیدەر مەنتک



له ڕاستەوە: ئەبوزێد تەق تەقی، نووسەر، ئاکۆ محەمەد، محەمەد سیاسی



لە ڕاستەوە: حەیدەر مەنتک، لیوا ئەیوب یوسف



لە ڕاستەوە: ڕێباز بێرکۆتی، حەیدەر مەنتک



له ڕاستەوە: سەید حیکمەت، نووسەر



له ڕاستەوە: شەفیق چاوشین، نووسەر



لەڕاستەوە: محەمەد سیاسی، حەیدەر مەنتک، بورهان، مەلا ساڵح



لەڕاستەوە: مشیر گەرۆتە، حەیدەر مەنتک



لەڕاستەوە: هەڵۆ حەسەن، زوبێر عوسمان، حەیدەر مەنتک



مەراسیمی دەڤەری سۆران



لە مەراسیمی دەڤەری سۆران



مەراسیمی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان لە ڕواندز



لەڕاستەوە: ئامادەکاری کتێب، بەهرامی حاجی ڕەفیق



نووسەر لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی دێرین - کۆیە



مەڕاسیمی ناساندنی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی کۆیە



لەڕاستەوە: لیوا بەکر گردەسۆری، نووسەر


لەڕاستەوە: نووسەر، حاکم سەردار


لەڕاستەوە: دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین، حەیدەر مەنتک




لەڕاستەوە: حەیدەر مەنتک، مامۆستا فەرمان سێگردکانی



لەڕاستەوە: سەرباز جەوهەر، حەیدەر مەنتک



نووسەر لە مەڕاسیمی ناساندنی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان لە کۆیە



لە ڕاستەوە: حەیدەر مەنتک، بەشداری مەلا سلێمان



پێشمەرگەیەکی دێرینی کۆیە لەکاتی سەیرکردنی ئینسکلۆپیدیا



دیمەنێک لە مەڕاسیمی ئینسکلۆپیدیا لە کۆیە



لە ڕاستەوە: حەیدەر مەنتک، سابیر کاریتانی



لەڕاستەوە: خدر مستەفا، حەیدەر مەنتک




لەڕاستەوە: کاک بیلال، حەیدەر مەنتک




نووسەر لە کاتی وتاری مەڕاسیمی هەولێر

# خوێندنەوەی چەند نووسەرێک دەربارەی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان لەناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا





# هەڵوەستەیەک لەسەر ئینسکلۆپێدیای پێشمەرگە دێرینەکان- هەولێر



ئازاد جۆلا

هەمیشە مرۆڤەکان ئارەزووی وەرگرتنی زانیاری زیاتر و هەوڵی دەرخستنی راستییەکان و بابەتە نا رۆشنەکان دەدەن، بەتایبەت بابەتێك کە پەیوەست بێت بە مێژووی شۆڕش و قوربانی و قارەمانێتی نەتەوەیەکی داگیرکراو و دابەشکراو و غەدر لێکراو، تۆمارکردنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و گیانبازییەکانی گەلێکی جینۆسایدکراو و کیمیابارانکراو و نکۆڵی لێکراو، بە دیکیۆمێنتکردن و پاراستن و بەرز راگرتنی دەبێتە پێویستییەکی حەتمی و شانازییەکی مەزن هەم بۆ نووسەرەکە خۆی هەم بۆ گەلەکەی، دیارە بۆ بە دەستهێنانی هەر زانیارییەکیش پێویستمان بەوە دەبێت بەگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگ و بابەتە دیکیۆمێنتکراوەکان، هەر بۆیە مرۆڤایەتی بەگشتی و گەلانی پێشکەوتووی جیهان هەر لە کۆنەوە گرنگیان بە کۆکردنەوە و تۆمارکردن و بە شارستانیبوون داوە، هەروەك ئاشکرایە سەرەتا بۆ ئەم مەبەستە وشەی (دائیرەتولمەعاریف) بەکارهاتووە کە وشەیەکی کۆنی یۆنانییە و بۆ یەکەمجار (تۆماس ئیلیۆت) لە ساڵی 1538 دائیرەتولمەعاریفی نووسی و بەوە پێناسەی کرد کە کتێبێکە یان بەرهەمێکە هەموو زانست و لێکۆڵینەوەیەك لە خۆ دەگرێ و دەکرێ مرۆڤایەتی سوودی لێ وەربگرێ و وەك سەرچاوە بەکاری بهێنێ، لەهەمان کاتیشدا وەك دیکیۆمێنتێکی مێژوویی بپارێزرێ و لە ونبوون رزگار بکرێ، ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان - پارێزگای هەولێر کە خۆی لە سێ بەرگی جوان و شایستە و رێك و پێك دەبینێتەوە بەم شێوەیە دابەشکراوە. بەرگی یەکەم تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر - دەشتی هەولێر، بەرگی دووەم تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی کۆیە، بەرگی سێیەم تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی سۆران.

### هەموو ئەوانەی پێیان دەگوترێت پێشمەرگە

ئەم ئینسکلۆپیدیایە لەلایەن پێشمەرگە و کادری پێشکەوتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (حەیدەر مەنتك) کاری لەسەرکراوە و ئامادەکراوە و مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری بە دیزایین و کوالێتییەکی بەرز و شایستە بەشێوەی رەنگا و رەنگ و بەرگ و کاغەزی شاموای زەرد و دەزو و دوورمان ئەرکی بەچاپگەیاندنی گرتۆتە ئەستۆ، هەر سێ بەرگەکەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە لە 1668 لاپەڕە پێکهاتووە و ناساندن و وێنە و کورتەیەك لە مێژوو و کار و چالاکییەکانی 686 پێشمەرگەی پارێزگای هەولێری لەخۆگرتووە، بەڵام لەم ژمارەیە و لە بەرگی یەکەمدا 15 پێشمەرگەی سنووری پارێزگای کەرکوکی لە خۆگرتووە کە زۆربەی تەمەنی پێشمەرگایەتی و کار و چالاکییەکانیان لە سنووری پارێزگای هەولێر بووە، لێرەدا رەنگە خوێنەر ئەم پرسیارەی لەلا دروست بێت ئایا هەموو ئەوانەی پێیان دەگوترێت پێشمەرگە ناویان لەم ئینسکلۆپیدیایەدا هەیە یاخود لە داهاتوودا دەبێت؟

### ئەمانە ئەو بنەمایانەن بۆ هەر پێشمەرگەیەک

دیارە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەند مەرج و رێنماییەك دانراوە و کاری لەسەر کراوە وەکو ئەوەی هەر پێشمەرگەیەك کە لەم ئینسکلۆپیدیایەدا ناوی هاتووە مەرجە ناوی لە لیستی مووچەی مانگی 2 ساڵی 1991 هەبووبێت، یان خاوەنی پێناسەیەك بێت کە ئەو کات بە واژۆی جەنابی مام جەلال بۆیان دروست کراوە، یاخود ناوی لە لیستێکی رێزلێنان یان خەڵات و پاداشت لەلایەن جەنابی مام جەلالەوە هەبێت، هەروەها نابێت لەکاتی ئەنفالەکان تەسلیم بە رژێم بووبێتەوە. ئەمانە ئەو بنەمایانەن بۆ هەر پێشمەرگەیەك کە لەم ئینسکلۆپیدیایەدا ناوی هاتووە و تۆمارکراوە، ئەم ئینسکلۆپیدیایە پاشکۆیەك و دوو ئەلبوومی وێنەیی لەخۆ گرتووە کە ئەلبوومی یەکەم وێنەی کۆن و مێژوویی بەشێك لە پێشمەرگە دێرینەکانی پارێزگاری هەولێر لەخۆدەگرێت و ئەلبوومی دووەمیش وێنەی نووسەر لەگەڵ کۆمەڵێك لە پێشمەرگە دێرینەکانی سنووری پارێزگای هەولێرە .

### ناو و خەبات و مێژوویان پارێزراو بێت

وەکو ئەوەی دیارە نووسەر بۆ بەدەستخستنی زانیاری و وەرگرتنی پێداویستییەکان و پەیوەندیکردن بە پێشمەرگە دێرینەکان سوودی بینیوە لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە ساڵی 2007 دامەزراوە، وەك ئەوەی زانراوە نووسەر بەردەوام دەبێت لەکارکردن و لەئێستاشدا لەبەردەم کۆکردنەوە و بەدەستهێانی ناو و زانیاری و وێنەی ئەو پێشمەرگانەیە کە لەنێوان ساڵانی 1976 تا مانگی 6ی ساڵی 1983 بێ پسانەوە درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان داوە، هەروەها بەردەوام دەبێت بۆ بەچاپگەیاندنی چاپێکی تر و چەند بەرگێکی تر، ئەم هەوڵەش بەمەستی تۆمارکردنی ناوی سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی سنووری پارێزگای هەولێر دەکات، بۆ ئەوەی وەك بەشێك لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان کە لەپێناوی رزگاری و بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان هەندێکیان ژیانی خۆیان و هەندێکیش بەشێك لەتەمەنی جوانی خۆیان بەخشی بە گەل و وڵات، ناو و خەبات و مێژوویان پارێزراو و رێزلێگیراوبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم بەرهەمە و ئەم ئینسکلۆپیدیایە سامانێکی گرنگ و نەمر و مێژوویی لەبن نەهاتووی گەلەکەمانە و پاراستن و زیندووهێشتنەوەی مێژووی دەیان ساڵەی خەبات و خوێن و هەوڵی رزگاری و ئازادی گەلەکەمانە کە خاوەنی دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ و شانازی بەیانییە، دیکیۆمێنتێکە بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە و نەوە دوای نەوە دەیخوێنێتەوە و ئەزموون و سەربەرزی و مێژووی لەسەر دەنووسێتەوە.



رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات
یەکەم ژمارەی (٠) لە ١٩٩٢/٨/١٢ دا دەرچوو
www.Knwe.org


خاوەنی ئیمتیاز: د.فوئاد مەعسوم
سەرنووسەر: محەمەد کەریم
جێگرانی سەرنووسەر: مەریوان مەسعود - جەمال ئاریز
سکرتاریەتی نووسین: ئیسماعیل مەحمود - رۆزا دلشاد مەریوانی - هەلگەوت زەنگەنە

ژمارەی تەلەفۆن:
00964533301643
00964533301655
00964533301674

ژمارەی تەلەفۆنەکانی بەشی ریکلام و پەیوەندیە بازرگانیەکان
07714103333

ناونیشان:
عیراق ـ هەرێمی کوردستان ـ سلێمانی ـ شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- بەرامبەر باخچەی شەهید ئەنور مەجید سوڵتان
Email: knwe@knwe.org

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر



ئاوات کۆکەیی

کۆکردنەوە و بە دیکۆمێنتکردنی وێنە و ژیاننامەی توێژی تێکۆشەران لە قۆناغی رزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، بە شەهید و کۆچکردووانەوە، بە کەمئەندام و زیندووەکانەوە، ئەرکێکی پیرۆز و پێویستە.
ئەوەی تا ئێستا کراوە مایەی دەستخۆشییە و ئەوەی هێشتاش ماوە و نەکراوە، دەبێ پەلەی لێبکرێت، چونکە وا دەچینە نێو 33 ساڵەی تەمەنی راپەڕینەوە، واتا ئەو تێکۆشەرەی کە لە راپەڕیندا تەمەنی 30 ساڵ بووە ئێستاش بۆتە 63 ساڵ، هەشە لەو تەمەنە گەورەتر بووە و لە دوای راپەڕین کۆچی دوایی کردووە، یان لە شەڕەکانی دواتردا شەهیدکراوە، یاخود کەنەفت و کەوتووی سەرجێگەیە، ئەو پێشمەرگەیەش کە لە تۆغیانی گەنجێتییدا بووە و بۆ نموونە تەمەنی 20 ساڵ بووە، ئێستا لە 50 تێپەڕیوە، کەواتە ئەو توێژە گرنگەی کۆمەڵ بەرەو کۆتایی و تەواوبوون دەڕوات، کات و تەمەنیش بەخێرایی تێدەپەڕێت و دەرفەت کەم لەبەر دەستدا ماوە.
بۆیە ئەگەر ئێستا فریانەکەوین و راستەوخۆ لە زاری خۆیانەوە زانیارییە کەسی و گشتییەکانیان لێوەرنەگرین، دەکەوینە رۆژگارێك دەبێ لە کەسانی دیکەی دەوروبەریانی وەربگرین، ئاشکراشە سەبارەت بە تێکۆشەرێك شتی زارەکی و لە کەسێکی دیکەوە هێندەی ئەوە باوەڕپێکراونییە کە لە خۆی وەربگریت، یان لانیکەم هێندە ورد و پڕ زانیاریی نییە و وەڵامێکی تەواو نادات بەدەستەوە.
لەو رووەوە تائێستا زۆر کتێب و نامیلکە چاپ کراون، زۆر دیداری تەلەفزیۆنی و رۆژنامەوانی ئەنجامدراوە، ئەوانە هەمووی مەڵۆی بە بەرەکەتی چەند شارایەکی گەورەن، بەڵام دەبێ هەوڵ و بەردەوامی هەبێت بۆ تەواوکردن و کۆکردنەوەی هەموو مەڵۆ و شاراکان تا دەگەینە (خەرمان)ە گەورەکە.

## ئەرکی پیرۆز

حەیدەر مەنتك یەکێکە لەو نووسەر و رۆژنامەنووسانەی لەو پێناوەدا ساڵانێکە سەرقاڵ و ماندووە، بەرهەمیشی هەیە و خزمەتی زۆری پێشکەش کردووە، جێگە دەستی دیارە و دەبێ دەستخۆشی لێبکرێت.
دوا بەرهەمی حەیدەری رۆژنامەنووس ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە سنووری پارێزگای هەولێر لە سێ بەرگدا، پێشتریش لە دوو بەرگدا ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە سنووری پارێزگای هەولێر ئامادە و چاپ کردووە.
هەر دوو پڕۆژەکە بەردەوامە و درێژەیان دەبێت، ناشزانرێ کەی و لە چەند بەرگدا کۆتاییان دێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەردەوامە و هیوادارم تازووە هەڤاڵ حەیدەر هەردوو ئینسکلۆپیدیاکە بە ئاکامی کۆتایی بگەیەنێت و بەهەمان شێوەش هیوادارم تەواوی پێشمەرگە دێرینەکانی سنووری پایتەخت و کەسوکاری شەهیدان، لە جاران زیاتر، هاوکاریی بکەن بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە.



حەیدەر مەنتك



## پلانەکەی مەکتەبی گەشەپێدان

هەر لەو رووەوە، ئارێز عەبدوڵڵا لە بابەتێکیدا کە وەك پێشەکی وایە و لە بەرگی یەکەمی ئینسکلۆپیدیاکەدا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویەتی: (ئەوانەی لەو سەردەمدا ژیاون و ماون، دەزانن کە گەلەکەمان بە چ قۆناغێکی سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەگەر وردەکاریی ئەو مێژووە دژوار و سەختە نەنوسرێتەوە و بە دیکۆمێنت نەکرێت، ئەوا لە دوارۆژدا بڕواکردن بەو بەسەرهات و چیرۆك و ڕوداوە راستەقینانە ئەستەم دەبێ، بۆیە نووسینەوە و بە ئەرشیفکردن و بەرزڕاگرتنی ناوی ئەو تێکۆشەر و ستەمدیوانەی کە لەو ڕۆژگارە سەختەدا ڕۆڵێکی ئەفسانەییان گێڕاوە، کارێکی گرنگ و پێویستە و لەو بوارەشدا ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە بەردێکی بنچینەییە لە بناغەی مێژوو و ئەرشیفی شۆڕشی نوێ).
کتێبەکە بەرهەمی (مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری)یە و ئارێز عەبدوڵڵا لێپرسراوی مەکتەبەکەیە، ئەو لە پێشەکیی ئینسکلۆپیدیاکە، دەڵێت: (لە پلانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری-بۆردی ئەرشیف و مێژوودایە هەنگاو بەهەنگاو ئاوڕ لە هەموو ئەو تێکۆشەرانە بدرێتەوە کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ تا ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن بەشدارییان کردووە).
ئەگەر هەوڵ و بەرهەمەکانی حەیدەر مەنتك وەك تاکەکەس تا ئێستا چەند کەلێنێکی گەورەی پڕکردبێتنەوە و مایەی دەستخۆشی و خۆشحاڵیمان بێت، ئەوا ئەو (پلان)ەی کە ئارێز عەبدوڵڵا ئاماژەی پێدەدات، هەم وەك پێشمەرگەی دێرین و هەمیش وەك لێپرسراوی مەکتەبێکی گرنگی وەك گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری و وەك نووسەریش، مایەی خۆشحاڵییەکی گەورەترە و ئومێدی نووسینەوە و بەئەرشیفکردنی تەواوی مێژووی شۆڕشی نوێی لێدەکرێت.
بەهەمان شێوەش د. دانا سەعید سۆفی لە بابەتێکیدا کە لە بەرایی ئینسکلۆپیدیاکە بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، یان پێشمەرگە دێرینەکان سووتەمەنی شۆڕش و هەڵگری بەها مرۆڤایەتییەکانی بەرخۆدان و خۆنەویستی، ئەوانەن کە مێژووی قۆناغێکی دیاریکراوی کوردستانی باشوور بە قوربانییەکانیان دەنووسنەوە. ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان یان دانەبڕاوەکان دووبارە ئەو مێژووە دەخاتەوە ڕوو سەروەرییەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا بەهاکانی شۆڕش لە قەیرانێکی قووڵ دان).

## هەولێر و دەوروبەری

ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ك لە هەولێر لە سێ بەرگ پێکهاتووە، بەرگی یەکەم پێشمەرگە دێرینەکانی (هەولێر- دەشتی هەولێر) لە خۆدەگرێت و 419 لاپەڕەیە، بەرگی دووەم پێشمەرگە دێرینەکانی (کۆیە) لە خۆدەگرێت و 361 لاپەڕەیە، بەرگی سێیەمیش پێشمەرگە دێرینەکانی (سۆران) لە خۆدەگرێت و 886 لاپەڕەیە و تیایدا سەدان ژیاننامە و وێنەی پێشمەرگەی دێرین خراونەتەڕوو، کە هەندێك لەو پێشمەرگانە لە ژیاندا نەماون، واتا شەهیدبوون یان کۆچی دواییان کردووە.

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر.
ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتك
بڵاوکراوەی: مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری
ساڵی چاپ: 2023
ژمارەی سپاردن: ژمارەی 774ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکانی ساڵی 2023ی پێ دراوە.

خاوەنی ئیمتیاز: د.فوئاد مەعسوم
سەرنووسەر: محەمەد کەریم
جێگرانی سەرنووسەر: مەریوان مەسعود - جەمال ئارێز
سکرتاریەتی نووسین: ئیسماعیل مەحمود - رۆژا دڵشاد مەریوانی - هەلکەوت زەنگەنە
رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات
یەکەم ژمارەی (٠) لە ١٩٩٢/١/١٢ دا دەرچوو
www.Knwe.org
ژمارەی تەلەفۆن:
00964533301643
00964533301655
00964533301674
ژمارەی تەلەفۆنەکانی بەشی ریکلام و پەیوەندیە بازرگانیەکان
07714103333
ناونیشان:
عیراق - هەرێمی کوردستان - سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- بەرامبەر باخچەی شەهید ئەنوەر مەجید سوڵتان
Email: knwe@knwe.org

بۆ کوردستانێکی نوێ

# کوردستانی نوێ


www.knwe.org

Email: knwe@knwe.org

رۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

ساڵی سی و دوو ژمارە: (8974) یەکشەممە 6 / 8 / 2023

## چلەی سەلاح جان بەڕێوەدەچێت



سبەی دووشەممە، سەعات 5ی عەسر، لەژێر دروشمی «لە دواناوەندیی کیفاحەوە تا راگەیاندن 52 ساڵ کوردایەتی»، مەکتەبی راگەیاندن بە بەشداریی بنەماڵەکەی و هەڤاڵان و دۆستانی، کۆڕێك بۆ بەرزڕاگرتنی چلەی تێکۆشەری دێرین سەلاح جان موراد رێکدەخات.
رێورەسمەکە لە هۆڵی تەوار بەڕێوەدەچێت.

## ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان- پارێزگای هەولێر



کتێبی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان -پارێزگای هەولێر ئامادەکردنی حەیدەر مەنتکە و هەڤاڵ ئارێز عەبدوڵڵا و د. دانا سەعید سۆفی پێشەکییان بۆ نووسیوە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیارییە.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە لە سێ بەرگ پێکهاتووە:

بەرگی یەکەم: تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی شاری هەولێر و دەشتی هەولێر و 412 لاپەڕەیە، ناو و ژیاننامەی 157 پێشمەرگەی دێرین و دانەبڕاوی شاری هەولێر و دەشتی هەولێر و 15 پێشمەرگەی کەرکوك کە لەو سنوورە پێشمەرگە بوون، لەخۆدەگرێت.

بەرگی دووەم: تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی کۆیە، ئەم بەرگە 362 لاپەڕەیە، ناو و ژیاننامەی 133 پێشمەرگەی دێرینی سنووری قەزای کۆیە، لەخۆدەگرێت.

بەرگی سێیەم: تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی سۆران، ئەم بەرگە 885 لاپەڕەیە، ناو و ژیاننامەی 381 پێشمەرگەی دێرینی سنووری قەزای سۆران، لەخۆدەگرێت.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئامادەکاری کتێب ناوی 44 پێشمەرگەی دێرینی دیکەی سنووری پارێزگای هەولێری پۆلێن کردووە کە ژیاننامەکانیان نەگەیشتۆتە دەستی، بە واتای ئەم ئینسکلۆپیدیایە ناوی 730 پێشمەرگەی دێرینی سنووری پارێزگای هەولێر لەخۆدەگرێت کە رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان لە شۆڕشی نوێدا.

هەر سێ بەرگی کتێبەکە جگە لە ژیاننامەی پێشمەرگە دێرینەکان، ئەلبوومی چەندین وێنەی ناوازەی سەردەمی خەباتی شاخ لەخۆدەگرێت.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە جگەلەوەی کە سەردەمێکی مێژوویی لە خەباتی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر تۆمار کردووە، لە هەمانکاتدا هەوڵێکی نوێیە بۆ ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنتکردنی ناو و ژیاننامەی ئەوانەی لە قۆناغە سەختەکانی شۆڕشی نوێدا خۆڕاگر و گیان لەسەر دەست بوون.

## دیژین مزوری: ئێستا پیشەکەم زۆر خۆشدەوێت



دیژین مزوری، بێژەری هەواڵی سیاسییە لە دەزگای میدیای کوردسات، ساڵی 2007 بە دنیای راگەیاندن ئاشنابووە، سەرەتا بە رێکەوت بووە، بەڵام دواتر بووە بە حەزوخولیا.

دیژین مزوری بە دوالاپەڕەی وت: ماوەی 15 ساڵە بە پیشەی راگەیاندن ئاشنابووم، سەرەتای کارکردنم لە راگەیاندندا بە رێکەوت بوو، دواتر بوو بە حەزوخولیا، راگەیاندن جگە لەوەی بوو بە حەزوخولیا بۆمن، بەڵام بێگومان تاکە بژێوی ژیانیشە بۆمن، سەرەتای کاری من لە کەناڵی گەلی کوردستان بووە وەکو بێژەری و هەواڵساز و پێشکەشکار، کاری مەیدانیشم کردووە، ئامانجم لە کاری خۆم دەرخستنی رووی راست و دروستی رووداوەکانە وەکو خۆی.

دیژین وتیشی، ئێمە ئامانجمان ئەوەیە بتوانین کاری راگەیاندن وەکو خۆی بەجوانی و پیرۆزی بگەیەنین بە خەڵك نەك تەنها بۆ ململانێ و زیادکردنی بینەر، ئەم کارە پێویستە بەرەو پێشبەرین نەك زیاتر خراپی بکەین، بەڕاستی بیرم لەوە نەکردۆتەوە ئیشەکەم بگۆڕم، چونکە راستە ئیشەکەم بە رێکەوت بووە، بەڵام ئێستا ئیشەکەم زۆر خۆش دەوێت و ئەگەر بێژەر نەبومایە دەمویست پارێزەر بوومایە، چونکە لە منداڵیمدا حەزم دەکرد ببم بە پارێزەر، من بە هاوپیشەکانم دەڵێم کاری خۆتان خۆشبوێت و گرنگی بە کاری خۆتان بدەن و بەردەوام خۆتان ئەپدەیت بکەنەوە، چونکە پێویستە لە هەموو کارێکدا بەردەوام رۆحی هاوکاری لە نێوانتاندا هەبێت .


دیانا ئەحمەد

## کۆڕی شێروان عەبدوڵڵا لە سالۆنی لاپەڕە 9 بەڕێوەچوو




دوێنێ شەممە، سالۆنی لاپەڕە نۆی ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی (ی.ن.ك)، کۆڕێك بۆ شێروان عەبدوڵڵا خورشید بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەژێر ناونیشانی (رێنمایی ژمارە 1ی ساڵی 2023ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان تایبەت بە کاری میدیایی لە هەرێمی کوردستان) سازکرد، نووسەر لە کۆڕەکەدا، تەواوی وردەکاری بابەتەکەی بۆ ئامادەبووان روونکردەوە.

## شیلان فەتحی لە سالۆنی شەقامی جمهوری



سبەی دووشەممە، سەعات 5ی عەسر، سالۆنی شەقامی جمهوری بەهاوکاری رێکخراوی مەوجە، کۆڕێك بۆ ئەکادیمیست و میدیاکار د.شیلان فەتحی بەناونیشانی (دیموکراسی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان) رێکدەخات.
کۆڕەکە لە ئیسکان- کەناڵی کەرکوك بەڕێوەدەچێت.





# ستەمکردن لە مێژوو لەڕێی یادەوەریی کاڵ و کرچەوە



ئەحمەد حسێن ئەحمەد

گێڕانەوەی مێژوو دەستپاکی و بڕوا و بەڵگە و ڕاستگۆیی دەوێ، نەك خۆڵکردنە چاوی دەوروبەر و گەمەی هەستی لێڵ و بە قەڵەمی (ڕەشبیران) بنووسرێتەوە، گێڕانەوە لەناخ و دەمی هەرکەسێکەوە بێت، جۆرە جووڵە و کاریگەرییەکی ئەرێنی یان نەرێنی هەیە، کە دەڵێین ئەرێنی یانی ئەو کەسەی کە لەناو ڕووداوە خۆش و ناخۆش و تەنگوچەڵەمەکاندا ژیاوە بە گیانێکی مرۆیانە و هەناسەی قووڵی تەباییەوە، بە زمانێکی گوڵ و پاراو ئاوڕ لەویژدان دەداتەوە، پێ لە هەڵە و کەموکووڕییەکان دەنێت، چونکە باوەڕی کۆتایی بە بەرپرسیارێتی هەیە.

گرنگ نییە ڕێژەیەك لەو کەموکووڕیانە ئێخەی خۆی بگرێت، پێیوایە بە سنگێکی فراوانەوە وەریدەگرێت، بەو ئاکار و هەڵوێستە جوانەی چێژی سەرکەوتن و پشتگیری هاوڕێیان و هاو سەنگەر و خوێنەران بۆ لای خۆی رادەکێشێت، خۆ ئەگەر بابەتێ یان شتێکی کاریگەری لەبیر چووبێت ڕوونکردنەوە و داوای لێبوردن ئاڕاستەی هەمووان دەکات، ئیدی پێی سەرفراز دەبێت، خۆ ئەگەر سەرچاوەی زیندووش هەبێت وەك دیکۆمێنت و بڵاوکراوە و شاهید پەنای بۆ دەبات و ئاوێتەی نووسینەکانی دەکات.

ئەڵبەتە کتێبخانەی کوردی گەلێك لەم جۆرە بیرەوەرییە نایاب و بەکەڵکانەی لەخۆگرتووە، بگرە شانازی بەو پرشنگانەوە دەکات، بەڵام لە ژێر سێبەری مێژوودا، مێژوویەك بەدڵنیاییەوە واژۆی ڕەوای لەسەر دەکات، ئێمەی کورد پێویستیمان بەم چەپکە دەقە ناوازانەیە کە دەبنە ژێدەر و هێمای بووژانەوە.

بە پێچەوانەی ئەو بڕگانەی سەرەوە دەربارەی ئەو یادەوەریانەی لە کانیاوێکی ڕوونەوە هەڵقوڵاون، یادەوەری گوماناوی و کرچوکاڵ هەیە، ڕاستەوخۆ دەکەونە بەرچاوی خوێنەر، مەبەست ناپێکن، ئەوەی شایانی وتنە ئەوانەی خۆیان بە بەرپرسیاری باڵا دەزانن یان خوار ئەوانەوە تا کەسێکی سادەش جۆرێ شێواندن و بێ ویژدانی پەیڕەو دەکەن، بە بۆچوونی پچڕپچڕ و لاوازیان وا لە بەرامبەرەکەیان تێدەگەن کە بێ ئاگا و نوستوون، یان بە کورتی ئەوانە یان لەپێناوی دەستکەوت یان تۆپەڵبوونی کینە یان بە خەیاڵ پڵاوی خۆیان دەگەیەننە دامێنی لووتکە، بۆیە ئەو هەنگاوە شپرزانە دەنێن و قەڵەمی قرچۆکی خۆیان تاقیدەکەنەوە.

ئەگەرچی زنجیرەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لە دوێنێیەکی نزیك تێناپەڕێت کە زۆرینەی خوێنەر و چاودێرانی سیاسی و ناسیاسی و خاوەن ئەزموون لێی بەئاگان، ڕوو لەو بۆچوونانە وەردەگێڕن، ئەوانە بێگوێدانە بەرژەوەندیی گشتی و حسابکردن بۆ سەردەمە جەنجاڵەکە کێشە بەدوای کێشەدا دەهێننە ئاراوە.

لەم ڕووەوە کاتێ ئەو کتێبە تەمەن کورتانە دەکەونە ناوبازاڕی کتێبەوە پاش سەرنج و تێڕوانین یەکسەر ڕەخنەگران لێیان دێنە زمان بۆ سڕینەوەی هەڵبەستە و توانج و پێشێلکاری و بەلاڕێدابردن و خۆ دانان بە پاڵەوان و بڕیاردەر، دوای ڕاستکردنەوە و بەدواداچوون ڕێسەکەیان دەکەنەوە بەخوری.

بۆیە دەبێت کەسی بیرەوەرینووس مێشکی گەرم و کەلەڕەقی بخاتە لاوە، لەهەمانکاتدا پێشبینی ورد بکات بزانێت چی پرسیارێك قوتدەبێتەوە؟ چی وەڵامێك بەدوایدا دێت؟ بێگومان نووسەر دوو ڕێگە دەگرێتەبەر:

یەکەمیان: یان بە گیانێکی پڕ لە ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن و ڕووناکبیریی دەوڵەمەندەوە باوەش دەگرێتەوە، تواناکانی ڕووبەڕووی ئاسۆی ئایندە دەکات، هەر لەسۆنگەی ئەو پرەنسیپەوە بواری پەرەپێدان و سەرکەوتن و وەك چەندان مەڵۆ دەچنە سەر شارای بەرهەمەکەی.

دووەمیان: شپرزەیی و دەربەستنەبوون پەیڕەو دەکات ئاشکرایە خۆ هەڵنان و پەڵە خستنەسەر ئاوێنەی ڕاستییەکان گرژی و زەبری و دوورەپەرێزی بنیاد دەنێن، ئەمانەیش کەم و زۆر بەزیانی خۆی دەگەڕێتەوە، مەرج نییە داپۆشینی هەڵەی زەق و تاوانی بەرچاو و تۆمارکراو لێفەی شڕی قرچۆکی بەسەردا بدرێن و بۆ هەمیشە بشاردرێنەوە، وتراوە (ملوانکەی دزراو مەگەر بەشەو بکرێتە مل).

دوا وتەیشمان ئەوەیە بەو کەسانە بڵێین کە ئێوە خۆتان ماندوو دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی یادەوەرییەکانتان، با نرخی ماندووبوونەکانتان لەبەرچاو بگیرێ، نەك بەهەند وەرنەگیرێ.

# حەیدەر مەنتک چۆن خۆ لە زیوان و گلێرەکان دەپارێزێت؟



ئاراس ئیلنجاغی

لەدوای ڕێکەوتنامەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە (1975/03/06)ەوە، بیر لە دامەزراندنی پارت و بەرەیەکی نوێ کرایەوە کە مەشخەڵی شۆڕش بەدیدگای نوێ هەڵبگرێت و لەسەر بنەمای (مەشخەلانی شۆڕشی نوێی ئەمجارە، گڕی بڕوای ڕەنجدەران و هەژارە)، ڕابەرایەتی شۆڕشێکی نوێ بکات، ئەوە بوو (یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان) لەو بارودۆخە نالەبارەی کوردستان بەماوەیەکی زۆر کەم و ڕۆژی (1975/06/01) دا ژیانەوەی شۆڕش بە گوێی داگیرکەرانی کوردستان داداو و هیوا و ئاواتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانیشی زیندوو کردەوە، ئەمەش بووە بەرەبەیانێکی نوێ و ئیتر وردە وردە مەڕ و گورگ لەیەکتری جودا دەکرایەوە و پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ لە دوای ساڵی (1976)ەوە تا دەهات لە پەنجەی دەستان تێپەڕی دەکرد و شانە و مەفرەزە و کەرت و هەرێمیان لێ پێك دەهات، تا گەیشتە (داستانی هەکاری) لەساڵی (1978)دا کە بەسەدان پێشمەرگەی جەربەزەی قاڵبووەی خەباتی کوردایەتی چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان و گلپەی شۆڕشی نوێیان گەیاندە هەموو ناوچە و دەڤەرەکانی کوردستان، ئەو خەباتە دوور و درێژ و پڕچەرمەسەرییە، شکست و سەرکەوتن و هەوراز و نشێوی زۆری کەوتە پێش، هەموو کەسێك خۆی لەبەر سەختی ئەو ڕێگایە نەدەگرت، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێك بەخوێنی خۆیان ڕێبازەکەیان نەخشاند، ئەوانی تریش بەئارەقە و ماندوو بوون و کۆشش و خەبات تەمەنی گەنجی و لاوی خۆیان کردووە بە داینەمۆی شۆڕش و گەیاندیانە مەنزڵ.

### خەباتیان جۆشدا

ئینجا لێرەدا وێڕای دەستخۆشی لە (حەیدەر مەنتك) نووسەری بەتوانای ئینسایکلۆپێدیای شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە ماوەیەکی زۆرە خەریکی کۆکردنەوە و بە ئەرشیفکردنی ئەو شەهید و پێشمەرگانەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە باشوری کوردستان و بەتایبەت لە سنوری شاری هەولێر و شارۆچکە و شارەدێ و گوندەکانیەوە بوونە خۆراکی شۆڕش و کورەی خەباتیان جۆشداوە دژ بەداگیرکەری کوردستان، ئەو کارەی ئەو دەستی بۆ بردووە کارێکی زەحمەتە بۆ جیاکردنەوەی دان و ئاو و گورگ و مەڕ و جاش و باش، چونکە لەگەڵ ئەوەی ڕۆحی نیشتمانپەروەری ڕۆڵەکانی کورد بەرز و بەهێزە، لەبەرامبەریشدا داگیرکەرانی کوردستان نەخشە و پلانی گڵاو و نەگریسیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕش دەگرتە بەر و زۆر زۆڵە کوردییان لە خشتە بردووە و بوون بە خەفیفە و جاش و سیخوڕ و (خەت مایل) و خاوەن دۆسیە لە دەزگاکانی (ئەمن) ی حزبی بەعس، ئەمە بۆ پێشمەرگە دێرینەکان و شەهیدەکانیش هەر هەمان شتە چونکە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستانی ساڵی 1991 لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەعس کە کەوتنە دەست هێزی پێشمەرگە و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، دەرکەوت هەندێك کەس کە چۆن دۆسیەیان هەبووە لەگەڵ دەزگای ئەمن و هەواڵگری حکومەتی عێراق.



### چاک و خراپ تێکەڵ دەکرا

ئەو کارەی کە کاك حەیدەر مەنتك دەستی پێکردووە دڵنیام زۆر خاوێنتر دەبێت وەك لەوەی دەزگایەکی حزبی ئەو کارەی بکردایە، چونکە بە بڕوبیانووی دڵ نەڕەجاندنی خەڵکی لە حزب، خراپ و چاك تێکەڵ دەکراو وەکوو ئەوەی لەلیستە جۆراوجۆرەکانی پێشمەرگە دێرینەکان و ڕێکخستنە دێرینەکان و ژنانی شاخ و شەهیدانیش چەندین کەس تۆمارکراون کە هەندێکیان بەدەردی خودا و هەندێکیشیان بە دەستی پێشمەرگە کوژراون چونکە لەبەری دوژمن بوون، کە چی بە شەهیدانی سەنگەر تۆمارکراون.

دەستی کاك حەیدەر خۆشبێت کە لە بەرگەکانی ئەو دوو ئینسایکلۆپێدیایەدا هەوڵی داوە گشت شەهیدان و پێشمەرگەکانی سنوری هەولێر تاڕادەیەکی زۆرباش جیابکاتەوە، هیوادارم بەردەوام بێت. ئەو کارەی ئەو دەستی داوەتێ دەزانم زۆر پێویستە چونکە ئەو پێشمەرگانەی ئیلنجاغی گەورە کە لە کتێبی (مێرجاڕ)دا چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن، هەندێکیان کۆچی دواییان کرد و هەندێکیشیان دووچاری نەخۆشی بوون، ناتوانن ئێستا ژیاننامەی خۆشیان بەدروستی بنووسنەوە ئەوان و کەسو کارەکەشیان سوود لە (مێرجاڕ) دەبینن بۆ ژیاننامەی خۆیان، بۆیە زۆر جێگەی دەستخۆشییە حەیدەر مەنتك سنوری پارێزگایەکی گەورە و پایتەختی هەرێمی کوردستانی کێومالٚ کردووە بۆ بەئەرشیفکردنی پێشمەرگەی دێرین و شەهیدانی شۆڕشی نوێ، هیوادارم بەردەوام بێت و داوا لە دڵسۆزانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەکەم دەستی بگرن و دەستگیرۆیی بکەن بە زانیاری و داتای درووست و تاوەکوو یارمەتی بدەین بۆ دەوڵەمەندتربوونی بەرهەمەکانی.

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتیە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات
یەکەم ژمارەی (٠) لە ١٩٩٢/١/١٢ دا دەرچوو
www.Knwe.org

خاوەنی ئیمتیاز: د.فوئاد مەعسوم
سەرنووسەر: محەمەد کەریم
جێگرانی سەرنووسەر: مەریوان مەسعود - جەمال ئارێز
سکرتاریەتی نووسین: ئیسماعیل مەحمود - ڕۆژا دڵشاد مەریوانی - هەلگەوت زەنگەنە

ژمارەی تەلەفۆن:
00964533301643
00964533301655
00964533301674

ژمارەی تەلەفۆنەکانی بەشی ریکلام و پەیوەندیە بازرگانیەکان
07714103333

ناونیشان:
عیراق ـ هەرێمی کوردستان ـ سلێمانی ـ شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- بەرامبەر باخچەی شەهید ئەنوەر مەجید سوڵتان
Email: knwe@knwe.org



# پێشمەرگەکانی هەولێر مێژوو دەنووسنەوە



پ.ی.د. عەبدولواحید ئیدریس

لە سەدەکانی (18ـ19ـ20) لە وڵاتانی ڕۆژئـاوا چەندان شۆڕش سـەریـان هـەڵـدا وەك شۆڕشی پیشەسازی، زانستی، کەلتوری، کۆمەڵایەتی، چینایەتی، ڕۆشنبیری، بـەڵام شـۆڕش لـە کـوردسـتـان خاسییەتی جیاوازە، شۆڕشەکانی کـورد بـۆ پـاراسـتـنـی بـەهـای نەتەوایەتی و بەرەنگاری ستەمی داگیرکەران بووە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئامانجی شۆڕش ڕووبـەڕووبـوونـەوەی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانە بـوو کە دوژمنانی کورد لەو ڕێگا ترسناکە ویستویانە نەتەوەی کورد لەناو ببەن و گەلەکەمان لە بۆتەی نەتەوەکانی عەرەب، تورك، فارس بتوێنەوە، بۆیە شۆڕشی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی و پارێزگاری بوون لە زمان و بنەماکانی نەتەوایەتییە کە دوژمنەکان بەهەموو چەکێك و چەکە قەدەغەکراوەکانیش لەهەوڵی سڕینەوەی دەدەن، لەو شۆڕشانەی گەلەکەشمان هەموو چین و توێژەکان بەشداربوونە، بـەڵام کاراکتەری سەرەکی ئەو قارەمانانە بوون کە گیانی خۆیان بەخت کـردووە و لە سەنگەری ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر، لە ئاگر و ئاسن بارانی دوژمن چۆکیان دانـەداوە و بە خوێنی گەشیان کوردستان یان نەمانیان نووسیووە، ئەو کاراکتەرەش لەساڵی (1945) ەوە پێی دەوترێت (پێشمەرگە).

## شۆڕشی نوێ بۆ؟

کـە دەوتـرێـت شـۆڕشـی نـوێ بە واتای بیری نوێ، ڕەفتاری نوێ لە شۆڕشکردندا دێت، شۆڕشێك قەڵەم پێشەنگی بوو، وەك شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

(چەك و قەڵەم دوانەی خەباتی هاوژینم، لەچاویاندا ڕێی ئازادیم دەبینم)

هـەمـوو چین و تـوێـژەکـان لەم شۆڕشەدا بەشداربوونە (مامۆستا، خـوێـنـدکـار، کـرێـکـار، جوتیار، فـەرمـابـنـەر، شاعیر، نـووسـەر، هونەرمەند و ...هتد)، هەریەکەیان لە چوارچێوەی کارەکەیدا ئەرکی شـۆڕشـگـێـڕیـی خـۆی جێبەجێ کردووە، بە گوێرەی توانا پشتیوانی لەو شۆڕشە کـردووە کە جێگای هیوا و ئامانجی گەل بووە، جگە لە ڕێژەیەکی کەم لە خەڵك کە چوونەتە بەرەی دوژمـن، شۆڕشی نوێ بە سـوود وەرگرتن لە کەم و کـوڕی شۆڕشەکانی پێش خۆی توانی لە ماوەیەکی کەمدا ڕەگ و ڕیشەی لەناو دڵ و دەرونی زۆربەی خەڵکی کـورسـتـانـدا دابکوتێ، شۆڕشی نـوێ وەك بڵندگۆیەك بوو بۆ دەربڕینی دەنگی نـاڕازی و هـەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بۆ بەدەستهێنانی مـافـی چـارەی خۆنووسین و پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی دڕندانەی (تەعریب و تەبعیس و تەرحیل)، بەڵام ئەوەی پاڵەوانی مەیدان و کاراکتەری سـەرەکـی داگیرساندنی شـۆڕش و درێژەپێدانی شـۆڕش بـووە و گەیشتۆتە لوتکەی شۆڕشگێڕی ئەو مرۆڤەیە پێی دەوترێ پێشمەرگە کە گیان و ماڵی خـۆی کردۆتە قوربانی لەپێناو سەرکەوتنی شۆڕش و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی کورد و ئامانجی گشتی، گەواهیش خوێنی ڕژاوی زیاتر لە (20،000) هەزار پێشمەرگەیە کە بستێك لەم نیشتمانە سوتماکە نەماوە پێی سوور نەبووبێ، بەڵام (پێشمەرگە)ش بێ پشتیوانی چین و توێژە شۆڕشگێڕەکان چەکدارێکی ڕووت و ناوبانگ خراپ دەبوو!

وەك لەسەرەتادا وتمان ئەگەر چـەك و قـەڵـەم هـاوتـەریـب و هاوهەنگاو نەبان لە درێژەدانی شـۆڕش، دەبـا نـاوێـکـی تـر بۆ پێشمەرگە بدۆزینەوە کە دوور بێ لەم ناوە پیرۆزە.

## پێشمەرگە کێیە؟

پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە گیانی خـۆی بەخت دەکـات لـە پێناو ئامانجێکی پیرۆز کە هی هەموو گەلە، وەك (مام جەلال) دەڵێت: (پێشمەرگە تێکۆشەرێکی سیاسی چەکدارە پێش ئەوەی چەکدار بێ، تێکۆشەرێکی خاوەن بیر و باوەڕە). پێناسەی زۆر هەن بۆ پێشمەرگە، بەڵام هەموو یەك واتا دەدەن کە کەسێکی گیان بەختکەرە لە ڕێی ئـازادی نیشتمان و نەتەوەکەی، بۆ جیاکردنەوەی چەکداری بێ بیروباوەڕ وتراوە (هەموو جل بۆر و چەك لەشانێك پێشمەرگە نییە) شۆڕش هەمیشە خوێندگایەك بووە بۆ هەموو ئەو کەسانەی چەکی پێشمەرگایەتیان کردۆتە شان بۆ تێکۆشان و خەباتی بێ وچان لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی گەل، ئەوەی لە شۆڕشی نوێدا کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر پەروەردەی پێشمەرگە شـەڕی داگیرکەرانی عیراق- ئێران بوو کە خەڵکانێکی زۆر بۆ ئەوەی نەبنە سوتەمەنی شەڕی ئەو دوو دەوڵەتە، بەرگی پێشمەرگەیان پۆشی، بەڵام زۆریان پێشمەرگە نەبوون، لە بێژنگ دانی کارێکی قورسە! شەڕی ناوخۆش هۆکارێکی تر بوو کە خەڵکانێك ناوی پێشمەرگە لە خۆ بنێن کە هیچ سیمایەکی پێشمەرگەیان پێوە دیار نەبوو، بۆیە تێکەڵیەکی زۆر لەنێوان پێشمەرگە و چەکدارێکی ڕووت دروست بوو کە لێك هاوێر کردنیان ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەم کەم و کورتیانەش ئەوانەی لەپێناوی نیشتمان و سەربەرزی گەلەکەیان بەگیان و ماڵ بێ باك لەچەکی یاساغ و دڕندەیی دوژمن بە باوەڕێکی پیرۆزەوە درێژەیان بە کاروانی شۆڕش دا جێی شانازین، بۆیە هەرچی خاسییەتی جوانە دەتـوانـیـن بـیـدەیـن لەیەخەی پێشمەرگە بۆ نموونە: هەڵگری پەیامی ئازادییە، ئامادەی گیان بەخشینە، قارەمانە، خاکییە، پاکە، جوامێرە، مرۆڤدۆستە، وەفـادارە، دڵسۆز و بێ باکە، هەڵۆی سەنگەرە، خۆشەویستی گەلە، دوژمن شکێنە، سێدارە بەزێنە ...هتد).

## وشەی پیشمەرگە کەی سەری هەڵداوە

لەسەرەتای سەدەی بیستەوە چەند شاعیرێك وشەی پێشمەرگەیان لە شیعرەکانیان بەکارهێناوە، بەڵام وەك ناوێك بۆ هێزێکی چەکداری شۆڕشگێڕ لەساڵی 1945 وە لە کۆماری کوردستان بەفەرمی بۆتە ناوی ئەو هێزە چەکدارەی کۆماری کوردستان کە پێشتر لەسەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمود بە چەتە و عەسکەر ناویان هاتووە.

گرنگی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە

ئینسکلۆپیدیا وەك سەرچاوە بۆ هەموو بابەتێك گرنگی خۆی هـەیـە کـە تـوێـژەر و خوێنەر سودی لێ دەبینن، ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگەش کە جارێ سەرەتاکەی لە هەولێرە و بەهیمەتی تاکە نووسەرێك دەستی پێ کـردووە، هـیـواخـوازیـن هـەمـوو شارەکـان بگرێتەوە کە سەرچاوەیەکی بە پێز دەبێ بۆ مێژوونووسان، بە داخەوە (30) ساڵ بەسەر ڕاپـەڕیـن تێ دەپەڕێ تا ئێستا نە ڕووداوەکان بە ڕوونی نووسراونەتەوە، نە مێژووی پێشمەرگە لە ئینسکلۆپیدیایەك کۆ کراوەتەوە، ئەمەش بۆشاییەکی گەورەیە کە وای کـردووە شۆڕش دزەکـان بـە ئـارەزووی خۆیان بنووسن و مێژوویەکی چەواشە بخەنە نـاو کتێبخانەی کـوردی کە جێی نیگەرانی شۆڕشگێڕان و خوێنەرانە، ئەم کـارە ئەرکی دەرگا تایبەتییەکانی حزبەکان بە تایبەتی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێی (ی.ن.ك) بـووە، ئێستاش گەرچی زۆر درەنگە، بەڵام ئێستاش دەتوانن هەنگاوەکانی نووسەری ئەم ئینسکلۆپیدیایە تەواو بکەن بەسود وەرگرتن لەو، گروپی چالاك بخەنە کار بۆ ئەوەی ئەو مێژووە نەبێتە بـەردی بن گۆمان و لە فەرامۆشیدا ناحەزانی شۆڕش و دژە شۆڕش تەراتێن دەکەن و درۆکانی خۆیان دەسەپێنن نموونەش زۆرە.

## حەیدەر مەنتک و ئینسکلۆپیدیا

خۆ لە قـەرەدان و نووسین و ئـامـادەکـاری بـۆ ئینسکلۆپیدیا کاری گروپ و دەزگایە نەك تاکە کەس، چونکە ئەرکێکی قورس و پڕ وردەکارییە، بەڵام لە بۆشایی گروپ و دەزگای تایبەتدا، حەیدەر مەنتك وەك ئەرکێکی نیشتمانی و مێژوویی بە تەنیا شانی داوەتە بەر ئەم کارە، لە ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی هەولێری شۆڕشی نوێ دوو بەرگی بەچاپ گەیاندووە و بەرگەکانی تریشی ئامادەی چاپە، لەگەڵ ئەم کارە پیرۆزەی دەستی بۆ کارێکی قورستر بردووە، ئەویش ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگەکانی هەولێرە، ئەم کارەی چەند قورسە، هەزار هێندەش پیرۆزە، سەرەتای کارەکەی بە نووسینەوەی مێژووی ژیانی (686) پێشمەرگەی پارێزگای هەولێر دەسـت پێ کـردووە، کە پێشمەرگەکانی هەولێرو کۆیە و سـۆران لەخۆ دەگرێت، کە لە سـێ بـەرگـدا چـاپ کـراوە وەك سەرەتایەك جێی دەستخۆشییە، خۆتەرخان کردن بۆ کارێکی ئاوا جگە لە دڵسۆزی و خەمخۆری هیچ هۆکارێکی تری لە پشت نییە، کە نەبوونی مێژووی دروست و ڕوونی پێشمەرگە کـەم و کورتییەکی بەرچاوە لەسیمای شۆڕشی نوێ و دەسـت بـردن بۆ نووسینەوەی مێژووی ئـەو کاراکتەرانەی کە هەریەکەیان بە گوێرەی ساڵ و تەمەن درێژەیان بە پێشمەرگایەتی داوە و ڕێبوارێکی نەبەزیوی کاروانی ئازادین و جێی شانازین، چوونە ژێـربـاری پرۆژەیەکی وا گـەورە و پـڕ بەرپرسیاریەتی، تـەرخـان کردنی کاتێکی زۆر و هیلاکی و ماندووبوونی بێ وچان جێی نرخاندن و بەرز تێڕوانینە، جگە لەوەی دوای بڵاوبوونەوەی ئەو سێ بەرگە لە ئینسکلۆپیدیا کە ڕووبەڕووی دەیان پرسیاری ئەو کەسانە دەبێتەوە کە ڕەخنەگری ڕووخێنەرن نەك بنیاتنەر! چونکە کاروانی شۆڕشی نوێ کاروانێکی بـەردەوامـە، شەمەندۆفێر ئاسا هەمیشە لە وێستگەکان کەسانێك دابەزیون و کەسانێك سەرکەوتوون، هەر هەمووش مافی خۆیەتی ناوی هەبێ لە ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە، بەڵام بۆ ئەوەی نووسەر بەردەوام بێ و هیچ گلەیەکی نەیەتەوە سەر و بتوانێ ئەم کارە بگەیەنێتە دوا قۆناغ، پێویستی بە پشتیوانی مادی و مەعنەوی هەیە، ئەوانەی ئێستا لەگرنگی ئـەم ئینسکلۆپیدیایە گەیشتوون ببنە هاوکار و هاو قەڵەمی نووسەر بۆ ئەوەی کەس فەرامۆش نەکرێ، گەرچی وەك نووسەر ئاماژەی بە (44) ناو داوە کە خۆیان وەڵامـی نووسەریان نەداوەتەوە بەپێدانی (سیڤی) کە هەر گلەییەك بکەن ڕەوا نییە، بۆ تەواوکردنی ئینسکلۆپیدیای هەموو پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ، ئەگەر گروپ و دەزگاکانیشمان خەمی لێ نەخۆن، دەبێ قەڵەمە دڵسۆزەکانی پێشمەرگە بچنە ژێر بـاری ئەم ئەرکە پیرۆزەوە.

خاوەنی ئیمتیاز: د.فوئاد مەعسوم
سەرنووسەر: محەمەد کەریم
جێگرانی سەرنووسەر: مەریوان مەسعود - جەمال ئاریز
سکرتاریەتی نووسین: ئیسماعیل مەحمود - ڕۆزا دڵشاد مەریوانی - هەڵکەوت زەنگەنە
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گشتییە
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات
یەکەم ژمارەی (٠) لە ١٩٩٢/١/١٢ دا دەرچوو
www.Knwe.org
ژمارەی تەلەفۆن:
00964533301643
00964533301655
00964533301674
ژمارەی تەلەفۆنەکانی بەشی ڕیکلام و پەیوەندیە بازرگانیەکان
07714103333
ناونیشان:
عیراق - هەرێمی کوردستان - سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- بەرامبەر باخچەی شەهید ئەنوەر مەجید سوڵتان
Email: knwe@knwe.org

## چەند سەرەقەڵەمێک

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان پارێزگای هەولێر

دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٥، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان جارێکی دیکە بڕیاری جۆشدانەوەی خەباتی چەکداری دا، لەو چوارچێوەیەدا لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ تا راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، هەزاران پێشمەرگە لە دەوری بەرنامەی یەکێتی کۆبوونەوە و لە خەباتکردن بەردەوام بوون.

ئەگەرچی تائەمڕۆ ئێستاکە لە دوو تویی یادداشت و بیرەوەرییەکان، کتێبە مێژووییەکانی تایبەت بەو قۆناغە، نامە و تێزە زانکۆییەکانی لەبارەی ئەو قۆناغە مێژووییە نووسراون، ناوی ژمارەیەک لەو پێشمەرگە و سەرکردانە هاتوون، کە بەشداریان لەو قۆناغە مێژووییە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا کردووە، بەڵام بەشێکی بەرچاوشیان ناو و مێژوویان باس نەکراوە و وەک سەربازێکی ون وان، لا لە ژیان و خەبات و تێکۆشانیان نەکراوەتەوە. لەو سۆنگەوە کۆکردنەوە و نووسینی مێژووی ژیانی ئەو پێشمەرگانە و پەیوەستکردنیان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەو شەڕ و داستانانەی بەشداریان تێدا کردوون، گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە.



د. ئەحمەد محەمەدئەمین

لەبەر رۆشنایی ئەو گرنگ و بایەخەی ئاماژەمان بۆ کرد، دەتوانرێت بگوترێت ئامادەکردنی (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان- پارێزگاری هەولێر) لەلایەن حەیدەر مەنتک و لە چاپدانی لە دوو تویی سێ بەرگدا، مایەی دەستخۆشییە، چونکە لە کارەکەیدا لای لە مێژووی ژیان و پێشمەرگایەتی (٦٨٦) پێشمەرگە کردۆتەوە و ئەو مێژوویەی لە ونبوون رزگارکردووە.

ئەو کارەی حەیدەری مەنتک ئەنجامی داوە لە توانا و ئەرکی تاکەکەسی بەدەرە، بەڵکو پێویستی بە کاری گروپ و لیژنەی تایبەت هەیە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت بە هێزی پەرۆشیان شانی داوەتە بەر ئەو ئەرکە و کارەکەی کردووە.

کتێبی (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان- پارێزگاری هەولێر) جیا لە پێشەکی ئامادەکاری کتێبەکە، کە تێیدا باسی لە چۆنێتی هەنگاوەکانی کارکردن و هۆکاری ئەنجامدانی کارەکەی کردووە، هەر یەک لە تاریز عەبدوڵا و دکتۆر دانا سەعید سۆفی، هەریەکەیان بە وتارێک (وردەکارییەکانی مێژووی شۆرشی نوێدا و (سروتەنەتییەکانی شۆرش و ئەیرانی بەهەکان) بەشداریان لەو کتێبەدا کردووە و باسیان لە ترجەلندنیان بۆ کاری ئەو شێوەیە کردووە.

وەک ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو کتێبە لە سێ بەرگ پێکهاتووە، بەرگی یەکەمی بریتییە لە (٤١٩) لاپەڕە، کە تایبەتە بە پێشمەرگەکانی نێو شاری هەولێر و دەشتی هەولێر، تێیدا ئاماژە بە مێژووی ژیانی (٦٧٧) پێشمەرگە کراوە، لە پاڵ ئەوانیشدا ژیانی (١٥) پێشمەرگەی کەرکوک، کە لە سنووری هەولێر پێشمەرگە بوونە لە

کۆتایی ئەو بەرگەدا تۆمار کراون

بەرگی دووەمیش لە (٣٦٠) لاپەڕەدا (١٤٣) پێشمەرگەی سنووری کۆیە ٧ لە مێژووی ژیان و پێشمەرگایەتیان کراوەتەوە.

بەرگی سێیەم تایبەتە بە سنووری سۆران، تێیدا ژیانی مێژوویی پێشمەرگایەتی (٣٨١) پێشمەرگە نووسراونەتەوە.

لە پاڵ ناو و ژیانی پێشمەرگەکاندا لە کۆتایی هەر بەرگێکدا ئەلبومێکی وێنە دانراوە، پاشان ناوی (٤٤) پێشمەرگە هاتووە، کە بە دەنگ داواکاری هەیەر مەتێک نەهاتوون و هاوکاریان پێشکەشی نەکردووە تا ئەوەی ناویان بخرێتە نێو ئینسکلۆپیدیاکەوە.

لەگەڵ ئەوەی هەنگاوەکەی هەیەر مەتێک لە ئامادەکردنی ئەو ئینسکلۆپیدیایەدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام کارەکەی چەند وردە سەرنج و تێبینییەک هەڵدەگرێت، کە دەکرێت بۆ چاپەکانی داهاتوو سوودیان لێ وەربگیرێت.

ناونیشانی کتێبەکە لەسەر بەرگ و لە ناوەوە وەک یەک نییە، بۆ نموونە لەسەر هەر سێ بەرگەکە نووسراوە:

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان

ئینسکلۆپیدیا

پێشمەرگە دێرینەکان – پارێزگای هەولێر

کەچی لە ناوەوەی بەرگی یەکەم نووسراوە (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان «هەولێر – دەشتی هەولێر) لە بەرگی دووەم نووسراوە | ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان «کۆیە») و لە بەرگی سێیەم نووسراوە (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان «سۆران») کە ئەمەیان هەڵەی چاپ لەسەر بەرگی چاپەکە بەسەریان تێپەڕیوە، لە کاتێکدا وشەی ئینسکلۆپیدیا بەبێ (ی) مانای ناونیشانەکە بە تەواوی بەدەستەوە نادات، نووسینی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەسەرەوەی ئینسکلۆپیدیاکە دیسانەوە مانای تەواو بەدەستەوە نادات.



بۆیە ناونیشانی کتێبەکە بەرای ئێمە دەبوو بەم شێوەیە بوایە: (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر) لەبەر ئەوەی بەم شێوەیە ماناى تەواو و ئامانجی کارەکەی دەگەیاند. ئەوە لە کاتێکدایە جەبەمر مەنتک لەو پێشەکییە نووسیویەتی خۆشی هەمان ئەو ناونیشانەی نووسیوە، بەڵام دواتر کێ دەستکاری کردووە و چۆن کراوە، ئەوەیان روون نییە؟!

جەبەمر مەنتک لە پێشەکی کتێبەکەیدا نووسیویەتی کارەکەی لە دوو توێی دوو بەرگ ئامادەکردووە، بەڵام دواتر چۆن و کێ کردوویەتی بە سێ بەرگ ئەوەیان بۆ خوێنەر روون نییە؟ ئەوەشی نووسیوە، کە لە راستی و دروستی ناوەرۆکی زانیارییەکان بەرپرسیار نییە، چونکە راستەوخۆ لە کەسایەتییەکان وەری گرتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوبراو زانیارییەکانی جێگیرکردوون دەبوو هەندێک بە وردەکاری زانیارییەکاندا بچووبایەتەوە.

ژمارەیەک زانیاری لەو شێوەیەی تێدایە، کە لە ناسنامەکەیدا ئاماژە بە ساڵێک کراوە، وەک ساڵی پەیوەندی کردن بە هێزی پێشمەرگە، کەچی لە نووسینەکەدا ساڵێکی جیاوازتر نووسراوە. لەوەدا خوێنەر نازانێت کامە ساڵیان راستترە. ئەگەر ویستی لە کارێکدا وەک سەرچاوەیەک پشتی پێ ببەستێت.

ئامادەکاری ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان، دەبوو لە پەراوێزدا روونکردنەوەی لەبارەی ناوی ئەو پێشمەرگانەی بنووسیایە کە تا راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ تەمەنی نەگەیشتووەتە (١٨) بۆ ئەوەی بۆ خوێنەر روون بێت ئەوانە بە هۆی خانەوادەکانیان لە تەمەنێکی بچووکدا دەستیان بواوەتە خەباتی پێشمەرگایەتی.

رەنگە خەڵکانێک هەبن دوور و نزیک ئاگاداری ئەوە بن، دوو پۆلین بۆ پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەو قۆناغە مێژووییەی (١٩٧٥ – ١٩٩١)دا هەبن، پێشمەرگە دڵنەبراوەکان و

پێشمەرگە دێرینەکان. ئەوەی یەکەمیان ئەوانەن، کە تا راپەڕین خۆیان رادەست نەکردووەتەوە و لەخەباتی پێشمەرگایەتی شاخ بەردەوام بوونە. دووەمیان ئەوانەن، کە گەڕاونەتەوە نێو شارەکان و خۆیان رادەست کردووەتەوە. لێرەدا ئەوەی ئێمە دەرگمان پێکرد، جەبەمر مەنتک لە کارەکەی خۆیدا لەسەر یەکەمیان هەڵوەستەی کردووە، بەڵام بە بۆچوونی من دەبوو ئەوە لەبەرچاو بگیرایە، کە خەڵکانێکی زۆر هەن دوای قۆناغی ئەنفالەکان و کشانەوەی سەرکردایەتی بۆ سەر سنوور لەسەر داواکاری و بە ئاگاداری سەرکردایەتی، خۆیان رادەست کردووتەوە و هاتوونەتەوە نێو شارەکان. بۆیە ئامادەکار دەبوایە ئەوەی بۆ خوێنەر روون بکردبوایەوە. بۆ ئەوەی نەکەوێتە بەردەم پرسیاری ئەوەی بۆ ناوی ئەوانەی تێدا نییە.

جەبەمر مەنتک دەبوو ئەوەشی روونکردبوایەوە، کە ئەوانەی لەو کتێبەدا ناویان هاتوون، تەنیا ئەوانەن، کە لە ژیاندا ماون، یاخود شەهیدەکانیش دەگرێتەوە؟ لەبەر ئەوەی ئەوەندەی من ئاگادار بم هەڤەڵەیری مەنتک جگە لە دوو بەرگی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر، بەرگی سێیەمیشی بەدەستەوەیە. کەواتە بۆچی ناوی هەندێک شەهیدی لێرە هێناوە و بۆ بەرگی سێیەمی هەڵنەگرتوون، کە تایبەتە بە پێشمەرگە شەهیدەکان.

سەبارەت بە (ناوەرۆک) لە سەرەتای بەرگەکانی کتێبەکە دانراوە، لە هەندێکیان لەگەڵ ناوەوەی کتێبەکە وەک یەک نایەتەوە، لەوەشدا دەبوو ژ لە ناوەرۆک و ژ لە ناوەوەی کتێبەکەدا ناوی سیانی کەسەکە و نازناوەکەی بە تەک یەکەوە بهاتایە، نەک لە ناوەرۆکدا بە ناوی سیانی و لە ناوەوەی کتێبەکە بە نازناو، یان پێچەوانەکەی ئاماژەیان بۆ کرایە.

ئێکرایی ئەو تێبینیانەی ئاماژەمان بۆ کردن لە سەنگ و قورسایی کارەکەی جەبەمر مەنتک کەم ناکاتەوە، بەڵکو خزمەتی بە ئایندەی هەنگاوەکانی دەکات.

# نووسینی چەند نووسەرێک دەربارەی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان

# وردەکاریەکانی مێژووی شۆڕشی نوێ!



**ئاریز عەبدوڵڵا**

نووسینەوەی وردەکارییەکانی مێژووی خەباتی چەکداریی و نهێنی و بە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامە و زانیارییەکانی ئەو سەردەم ئەرکێکی پیرۆز و پێویستە و بایەخێکی گەورەیان هەیە، لە ماوەی ڕابـردوودا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی بیرەوەریی تایبەتی تێکۆشەرە دێرینەکان، کتێب، ناملکە و بەڵگە فیلم لە بوارە جیا جیاکانی قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان هەنگاوی بەرچاو نراوە، بەڵام هێشتا لە چاو ئەوەی پێویستە بکرێ و هەبێ زۆر کەمە و زۆریشی ماوە.

ئامادەکردنی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان بەئاڕاستە و مەبەستی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی و بەرچاوڕوونکردنەوەی نەوەکانی داهاتوو لەو قۆناغە سەختەی ژیانی کوردەواری هەوڵێکی باشە و شایستەی دەستخۆشییە.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە کە لە سێ کتێب پێکدێت، مێژووی ژیان و خەباتی پۆلێک پێشمەرگەی پارێزگای هەولێر لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەگرێتەخۆ. دیارە شانبەشانی ئەو تێکۆشەرانەی ناویان لێرەدا هاتووە و ئەوانەیش هێشتا ناویان نەهاتووە لە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی داگیرکەراندا گیانبازانە وەستاونەتەوە و تێکۆشاون، ڕێکخستنە نهێنییەکان و کەسوکاری

پێشمەرگەکانیش ڕۆڵێکی کارا و  کاریگەریان گێڕاوە و لەو پێناوەشدا ڕووبەڕووی لە سێدارەدان، زیندان و ئەشکەنجەدان و دوورخستنەوە بۆ باشووری عێراق بوونەتەوە.

ئەوانەی لەو سەردەم ژیاون و ماون دەزانن کە گەلەکەمان بە چ قۆناغێکی سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەگەر وردەکاریی ئەو مێژووە دژوار و سەختە نەنوسرێتەوە و بە دیکۆمێنت نەکرێت، ئەوا لە داوڕۆژدا بڕواکردن بەو بەسەرهات و چیرۆک و ڕووداوە ڕاستەقینانە ئەستەم دەبێ، بۆیە نووسینەوە و بەئەرشیفکردن و بەرزڕاگرتنی ناوی ئەو تێکۆشەر و ستەمدیوانەی کە لەو ڕۆژگارە سەختانە ڕۆڵێکی ئەفسانەییان گێڕاوە کارێکی گرنگ و پێویستە و لەو بوارەشدا ئەم کتێبە بەڵگەنامەیە بەردێکی بنچینەییە لە بناغەی مێژوو و ئەرشیفی شۆڕشی نوێ.

کاتێک بەندە چاوێکم بەسەر ناوی ئەو تێکۆشەرانەدا گێڕا کە لێرەدا باسیان کراوە، یەکسەر بە بیرم هاتەوە کە ئەو کات باوک، دایک، خوشک، برا، ژن و منداڵی زۆربەی هەرە زۆری ئەوانە گیراون و زیندانیکراون، ئەوانەی کە نەشگیرابن ئەوا شانبەشانی ڕۆڵەکانیان لە ناوچە ڕزگارکراوەکان لەژێر سایەی بۆمبارانی تۆپ و تەیارە و پەلامارە بەردەوامەکاندا بوون یان لە ئاوارەیی و دەربەدەری ژیانێکی پڕ لە مەترسی و کولەمەرگی دەژیان. ئەوکات، تێکۆشەرانی ئەم گەلە نەک هەر ئامادە بوون ڕێگای سەختی خەبات بگرنەبەر و بە گیانی خۆیان ڕووبەڕووی داگیرکەران ببنەوە، بەڵکو بەهۆی بەشدارییان لە خەباتی گەلەکەیان کەسوکارەکانیشیان ڕووبەڕووی گرتن و زیندانیکردن، دەربەدەریی و نەداری دەکردەوە. خۆ ئەگەر ئەو لە خۆبردوویی و گیانفیداییەش نەبوایە، بێگومان چارەنووسی گەلی کوردستان لە باشترین حاڵەتدا ڕاگواستن و بەعەرەب بوون بوو.

مێژووی شۆڕشی نوێ بەگشتی و مێژووی خەباتی یەکبەیەکی ئەو تێکۆشەرانەی شەهید بوون یان بەردەوامیان بە خەباتدا بەتایبەتی مایەی شانازیی هەتا هەتاییمانن. لە پلانی (مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری - بۆردی ئەرشیف و مێژوو)دایە هەنگاو بە هەنگاو ئاوڕ لە هەموو ئەو تێکۆشەرانە بدرێتەوە، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ تا ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن بەشدارییان کردووە.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی لە کاک حەیدەر مەنتک دەکەم و هیوادارم

لەسەر ئەو کارە گرنگ و ناوازەیە بەردەوام بێ. داواش لە نووسەر و تێکۆشەرانی تر دەکەم بێنە مەیدان و هەر یەکە و لای خۆیەوە بەردێک دانێتە سەر دیواری مێژووی پڕ لە سەروەریی شۆڕشی نوێ بەتایبەت و گەلی کوردستانیش بەگشتی.

# سووتەمەنییەکانی شۆڕش و قەیرانی بەهاکان



**د. دانا سەعید سۆفی**

لەم پێشەکییەدا دەمەوێ باس لەوە بکەم کە ئەزمونی وڵاتانی دوای شۆڕش، گۆڕانکارییەکانی ئەم دوایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وسەرهەڵدانی نارەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی هەرێمی کوردستان بۆماف وئازادیەکان وەک وەئاگاهاتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێمان دەڵێن کە سیستم و بەهاکانی شۆڕش کە تا ئێستا ڕەوایەتی بە ڕەفتارو گوفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی داوە لە هەرێمی کوردستان و زۆر وڵاتی دیکەی دوای شۆڕش، پێویستە سەرلەنوێ بخوێندرێنەوەو و بە جۆرێکی دیکە تەوزیف بکرێن.


شۆڕش ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە لەسەردەم و هەلومەرجێکی دیاریکراودا. ئامانجی شۆڕشەکانی کورد بریتی بووە لە ڕزگار بوون لە ستەم و چەوسانەوە، بەتایبەت بۆ سووتەمەنی و قوربانیدەرانی شۆڕشەکان. لەگەڵ گۆڕانکاری لە سەردەم و هەلومەرجەکان، پێویستە پێوەر و بەهاکانی شۆڕش سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیان بۆ بکرێ، بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی حوکمرانی دا. بەداخەوە

زۆربەی شۆڕشە سیاسییەکان دوای ماوەیەک جۆرێک لە نائومێدی جەمارەرییان بەدوادادێ، بە هۆی چەق بەستن و مانەوە لە نێو سەروەری شانازییەکانی سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕش. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە چوارچێوەی کولتوری شۆڕشگێڕیدا مەترسی دروستبوونی دیکتاتۆر و دیکتاتۆرییەت هەیە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە شۆڕش ڕەوایەتی دەدات بە دەسەڵاتی کاریزمایی و ڕەهای سیمبولەکانی شۆڕش و جیاکاریی لەنێوان ئەوانەی کە لەبەرەی شۆڕش دان و ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئەو بەرەیەدان.
پێشمەرگە ئەکتەری سەرەکی شۆڕشەکانی کوردستان بووە، یان وەک دەڵێن سووتەمەنی سەرەکی شۆڕش بووە، بێگومان لەپاڵ هەموو ئەو گروپ و توێژانەی کە لەسایەی شۆڕش و دۆزی کورددا بوونەتە قوربانی. بۆیە سەیر نیە کە لە مێژووی کوردستانی باشور، شۆڕش، دۆزی کورد و پێشمەرگە لێک جیاناکرێنەوە. پێشمەرگە بریتی بوو لە کۆمەڵێ بەهای وەک بەرگری، خۆنەویستی، مرۆڤ دۆستی، قوربانی و ئازایەتی کە گوڕو تینیان دەدا بە شۆڕش و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی، لەدوای ڕاپەڕینی جەماوەری ١٩٩١ کولتوری باڵادەستی سیاسی بریتی بووە لە بەهاو سیمبولەکانی شۆڕش، پێشمەرگەو قوربانییەکان، لەوانەیە لەسەرەتادا ئەم کولتوری شۆڕشگێڕییە وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگی هەبووبێ بەتایبەتی بۆسەرەتای قۆناغی گواستنەوە لەشاخەوە بۆ شار، بەمەبەستی گرێدانەوەی پێشمەرگە، و هەموو ئەو گروپ و توێژانەی کە وەکو قوربانی وێناکراوبوون، بە کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی ببنەوە بەشێکی چالاکی کۆمەڵگا، بەداخەوە خراپ بەکارهێنانی بەهاکانی شۆڕش، پێشمەرگەو قوربانی و تێکەڵکردنی بە پرسی حوکمڕانی و ئیداریی ئەو بەهایانە مانای دروستی خۆیان لەدەستدا، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بەهاکانی شۆڕش بوونە سەرچاوەیەک بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی و جیاکاریی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمەش بەتەوای جیاوازە لە ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕشەکانی کوردستان و پێشمەرگە، پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، یان پێشمەرگە دێرینەکان سووتەمەنی شۆڕش و هەڵگری بەها مرۆڤایەتییەکانی بەرخۆدان و خۆنەویستی، ئەوانەن

که مێژووی قۆناغێکی دیاریکراوی کوردستانی باشوربە قوربانییەکانیان دەنووسنەوە، ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان یان دانەبڕاوەکان دووبارە ئەو مێژووە دەخاتەوەڕوو سەرورییەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا کە بەهاکانی شۆڕش لە قەیرانێکی قووڵ دان، ئەم هەوڵە لەسەردەستی برای بەڕێزم حەیدەر مەنتک کارێکی ناوازەیە بۆ دووبارە تێڕوانین و خوێندنەوەی ئەو قۆناغەی مێژووی گەلەکەمان، ئەمە بێجگە لەوەی کە گێڕانەوەی ئیعتیباریشە بۆ سووتەمەنییەکانی شۆڕش لە زەمەنێکی قەیراناوی و بێباکیدا.

لێرەوە بە هەلی دەزانم کە بڵێم ئامانج وبەهاکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی پێویستە لە کۆنتێکستی خۆیاندا سەیر بکرێن و بخوێندرێنەوە، کە لەڕێی ئەم ئینسکلۆپیدیایە ئەم دەرفەتە دەخرێتە بەردەست، چونکە ئەو بەهایانە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو گونجاو بوون و بەهاکانی شۆڕش ناکرێ بۆ هەموو ئان و ساتێک بەرکاربن، بەهاکانی شۆڕش ئەگەر دووبارە تەوزیف نەکرێنەوە ناگونجێن لەگەڵ بنەماکانی دەوڵەتی مۆدێرن وحوکمڕانی دروست، بۆ ئەوەی بەهاکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی لەکەدار نەبن پێویستە وەک مێژوو تەماشا بکرێن و ببنە سەرچاوەی وانەو ئیلهام بەخشین بۆ نەوەی نوێی دوای شۆڕش، بۆ نمونە دەکرێ بەهاکانی خۆنەویستی و بەرگری بکرێن بە بابەتی پەروەردەیی بۆ گەنجانی وڵات بە مەبەستی ڕاهێنانیان بۆ پەرەپێدانی کاری خۆبەخشی وهاوڵاتێتی کاراو خۆشەویستی نیشتمان.

# پێشمەرگەکانی هەولێر مێژوو دەنوسنەوە



**پ.ی. د عەبدولواحید ئیدریس**

شۆڕش بۆ..

شۆڕش بەواتای وەچەرخان و گۆڕانکاری لەسیستەمی حکومڕانی و دەسەڵات بەسیستەمێکی تر لەلایەن حیزبێک، بزوتنەوەیەک بەشێوازی توندوتیژی گۆڕانکاری دەکەن، لەسەدەکانی (١٨-١٩-٢٠) لەوڵاتانی ڕۆژئاوا چەندان شۆڕش سەری هەڵدا وەک شۆڕشی پیشەسازی، زانستی، کەلتوری، کۆمەڵایەتی، چینایەتی، ڕۆشنبیری، بەڵام شۆڕش لەکوردستان خاسیەتی جیاوازە، شۆڕشەکانی کورد بۆ پاراستنی بەهای نەتەوایەتی و بەرەنگاری ستەمی داگیرکەران بووە کە کوردستانیان بەسەر دابەش کراوە، ئامانجی شۆڕش ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو سیاسەتە شۆڤینیانە بوو کە دوژمنانی کورد لەو ڕێگا ترسناکە ویستویانە نەتەوەی کورد لەناو ببەن و گەلەکەمان لەبۆتەی نەتەوەکانی عەرەب، تورک، فارس بتوێنەوە، بۆیە شۆڕشی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی و پارێزگاری بوون لەزمان و بنەماکانی نەتەوایەتی یە کە دوژمنەکان بەهەموو چەکێک و چەکە قەدەغەکراوەکانیش لەهەوڵی سڕینەوەی دەدەن، لەو شۆڕشانەی گەلەکەشمان هەموو چین و توێژەکان

بەشدار بوونە، بەڵام کاراکتەری سەرەکی ئەو قارەمانانە بوون کە گیانی خۆیان بەخت کردووە و لەسەنگەری ڕووبەڕوو بونەوەی داگیرکەر، لەئاگر و ئاسن بارانی دوژمن چۆکیان دانەداوە و بەخوێنی گەشیان کوردستان یان نەمانیان نوسیووە، ئەو کاراکتەرەش لەساڵی (١٩٤٥)ەوە پێ ی دەوترێت (پێشمەرگە).

شۆڕشی نوێ بۆ..

کە دەوترێت شۆڕشی نوێ بەواتای بیری نوێ، ڕەفتاری نوێ لەشۆڕشکردندا، شۆڕشێک قەڵەم پێشەنگ بوو، وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

(چەک قەڵەم دوانەی خەباتی هاوژینم، لەچاویاندا ڕێ ی ئازادیم دەبینم) هەموو چین و توێژەکان لەم شۆڕشەدا بەشدار بوونە (مامۆستا، خوێندکار، کرێکار، جوتیار، فەرمابنەر، شاعیر، نوسەر، هونەرمەند و .....) هەریەکەیان لەچوارچێوەی کارەکەی دا ئەرکی شۆڕشگێڕی جێ بەجێ کردووە، بەگوێرەی توانا پشتیوانی لەو شۆڕشە کردووە کە جێگای هیوا و ئامانجی گەل بووە، جگە لەڕێژەیەکی کەم لەخەڵک کە چوونەتە بەرەی دوژمن، شۆڕشی نوێ بەسوود وەرگرتن لەکەم و کوڕی شۆڕشەکانی پێش خۆی توانی لەماوەیەکی کەم ڕەگ و ڕیشەی لەناو دڵ و دەرونی زۆربەی خەڵکی کورستاندا دابکوتێ، شۆڕشی نوێ وەک بڵند گۆیەک بوو بۆ دەربڕینی دەنگی ناڕازی و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنووسین و پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی دڕندانەی (تەعریب و تەبعیس و تەرحیل) بەڵام ئەوەی پاڵەوانی مەیدان و کاراکتەری سەرەکی داگیرساندنی شۆڕش و درێژەپێدانی شۆڕش بووە و گەیشتۆتە لوتکەی شۆڕشگێڕی ئەو مرۆڤەیە پێ ی دەوترێ (پێشمەرگە) کە گیان و ماڵی خۆی کردۆتە قوربانی لەپێناو سەرکەوتنی شۆڕش و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی کورد و ئامانجی گشتی، گەواهیش خوێنی ڕژاوی زیاتر لە (٢٠،٠٠٠) هەزار پێشمەرگەیە کە بستێک لەم نیشتمانە سوتماکە نەماوە پێ ی سوور نەبوبێ، بەڵام (پێشمەرگە)ش بێ پشتیوانی چین و توێژە شۆڕشگێڕەکان چەکدارێکی ڕووت و ناوبانگ خراپ دەبوو..!!

وەک لەسەرەتا وتمان ئەگەر چەک و قەڵەم هاوتەریب و هاوهەنگاو

نەبان لەدرێژەدانی شۆڕش، دەبا ناوێکی تر بۆ پێشمەرگە بدۆزینەوە کە دووربێ لەم ناوە پیرۆزە.

پێشمەرگە کێ یە:

پێشمەرگە ئەو مرۆڤەیە کەگیانی خۆی بەخت دەکات لەپێناو ئامانجێکی پیرۆز کە هی هەموو گەلە، وەک (مام جەلال) دەڵێت: (پێشمەرگە تێکۆشەرێکی سیاسی چەکدارە پێش ئەوەی چەکداربێ، تێکۆشەرێکی خاوەن بیر و باوەڕە) پێناسەی زۆر هەن بۆ پێشمەرگە بەڵام هەموو یەک واتا دەدەن کە کەسێکی گیان بەختکەرە لەڕێ ی ئازادی نیشتمان و نەتەوەکەی، بۆ جیاکردنەوەی چەکداری بێ بیر و باوەڕ وتراوە (هەموو جل بۆر و چەک لەشانێک پێشمەرگە نییە) شۆڕش هەمیشە خوێندگایەک بووە بۆ هەموو ئەو کەسانەی چەکی پێشمەرگایەتیان کردۆتە شان بۆ تێکۆشان و خەباتی بێ وچان لەپێناو گەیشتن بەئامانجی گەل، ئەوەی لەشۆڕشی نوێ کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر پەروەردەی پێشمەرگە شەڕی داگیرکەرانی عێراق- ئێران بوو کە خەڵکانێکی زۆر بۆ ئەوەی نەبنە سوتەمەنی شەڕی ئەو دوو دەوڵەتە، بەرگی پێشمەرگەیان پۆشی، بەڵام زۆریان پێشمەرگە نەبوون، لەبێژنگ دانی کارێکی قورسە..! شەڕی ناوخۆش هۆکارێکی تر بوو کە خەڵکانێک ناوی پێشمەرگە لەخۆ بنێن کە هیچ سیمایەکی پێشمەرگەیان پێوە دیار نەبوو، بۆیە تێکەڵیەکی زۆر لەنێوان پێشمەرگە و چەکدارێکی ڕووت دروست بوو کە لێک هاوێر کردنیان ئاسان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەم کەم و کورتیانەش ئەوانەی لەپێناوی نیشتمان و سەربەرزی گەلەکەیان بەگیان و ماڵ بێ باک لەچەکی یاساغ و دڕندەیی دوژمن بەباوەڕێکی پیرۆزەوە درێژەیان بەکاروانی شۆڕش دا جێی شانازین، بۆیە هەرچی خاسیەتی جوانە دەتوانین بیدەین لەیەخەی پێشمەرگە (هەڵگری پەیامی ئازادییە، ئامادەی گیان بەخشینە، قارەمانە، خاکیە، پاکە، جوامێرە، مرۆڤ پەروەرە، وەفادارە، دڵسۆز و بێ باکە، هەڵۆی سەنگەرە، خۆشەویستی گەلە، دوژمن شکێنە، سێدارە بەزێنە ...).

وشەی پێشمەرگە کەی سەری هەڵداوە:

لەسەرەتای سەدەی بیستەوە چەند شاعیرێک وشەی پێشمەرگەیان لەشیعرەکانیان بەکارهێناوە، بەڵام وەک ناوێک بۆ هێزێکی چەکداری

شۆڕشگێڕ لەساڵی ١٩٤٥ وە لەکۆماری کوردستان بەفەرمی بۆتە ناوی ئەو هێزە چەکدارەی کۆماری کوردستان کە پێشتر لەسەردەمی شۆڕشی شێخ مەحمود بەچەتەو عەسکەر ناویان هاتووە.

گرنگی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە: ئینسکلۆپیدیا وەک سەرچاوە بۆ هەموو بابەتێک گرنگی خۆی هەیە کە توێژەر و خوێنەر سودی لێ دەبینن، ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگەش کە جارێ سەرەتاکەی لەهەولێرە و بەهیمەتی تاکە نوسەرێک دەستی پێ کردووە، هیواخوازین هەموو شارەکان بگرێتەوە کە سەرچاوەیەکی بەپێز دەبێ بۆ مێژوو نوسان، بەداخەوە (٣٠) ساڵ بەسەر راپەڕین تێ دەپەڕێ تا ئێستا نە ڕووداوەکان بەڕوونی نوسراونەتەوە، نە مێژووی پێشمەرگە لەئینسکلۆپیدیایەک کۆکراوەتەوە، ئەمەش بۆشاییەکی گەورەیە کەوای کردووە شۆڕش دزەکان بەئارەزووی خۆیان بنووسن و مێژوویەکی چەواشە بخەنە ناو کتێبخانەی کوردی کەجێ ی نیگەرانی شۆڕشگێڕان و خوێنەرانە، ئەم کارە ئەرکی دەزگا تایبەتیەکانی حزبەکان بەتایبەتی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێ ی (ی.ن.ک) بووە، ئێستاش گەرچی زۆر درەنگە، بەڵام ئێستاش دەتوانن هەنگاوەکانی نوسەری ئەم ئینسکلۆپیدیایە تەواو بکەن بەسود وەرگرتن لەو، گروپی چالاک بخەنەکار بۆ ئەوەی ئەو مێژووە نەبێتە بەردی بن گۆمان و لەفەرامۆشیدا ناحەزانی شۆڕش و دژە شۆڕش تەراتێن دەکەن و درۆکانی خۆیان دەسەپێنن نموونەش زۆرە.

حەیدەر مەنتک و ئینسکلۆپیدیا: خۆ لەقەرەدان و نوسین و ئامادەکاری بۆ ئینسکلۆپیدیا کاری گروپ و دەزگایە نەک تاکە کەس، چونکە ئەرکێکی قورس و پڕ وردەکارییە، بەڵام لەبۆشای گروپ و دەزگای تایبەت حەیدەر مەنتک وەک ئەرکێکی نیشتمانی و مێژوویی بەتەنیا شانی داوەتە بەر ئەم کارە، لەئینسکلۆپیدیای شەهیدانی هەولێری شۆڕشی نوێ دوو بەرگی بەچاپ گەیاندووە و بەرگەکانی تریشی ئامادەی چاپە، لەگەڵ ئەم کارە پیرۆزەی دەستی بۆ کارێکی قورستر بردووە ئەویش ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگەکانی هەولێرە، ئەم کارەی چەندە پڕ ماندوو بوونە، هەزار هێندەش پیرۆزە، سەرەتای کارەکەی بەنوسینەوەی مێژووی ژیانی (٦٨٦) پێشمەرگەی پارێزگای هەولێر دەست پێ کردووە، کە پێشمەرگەکانی هەولێرو کۆیە و سۆران لەخۆ دەگرێت، کە لەسێ

بەرگدا چاپ کراوە وەک سەرەتایەک جێ ی دەست خۆشیە، خۆتەرخان کردن بۆ کارێکی ئاوا جگە لەدڵسۆزی و خەمخۆری هیچ هۆکارێکی تری لەپشت نییە، کە نەبوونی مێژووی دروست و ڕوونی پێشمەرگە کەم و کورتیەکی بەرچاوە لەسیمای شۆڕشی نوێ و دەست بردن بۆ نوسینەوەی مێژووی ئەو کاراکتەرانەی کە هەریەکەیان بەگوێرەی ساڵ و تەمەن درێژەیان بەپێشمەرگایەتی داوە و ڕێبوارێکی نەبەزیوی کاروانی ئازادی بوونە جێ ی شانازیە، چوونە ژێرباری پرۆژەیەکی وا گەورە و پڕ بەرپرسیاریەتی، تەرخان کردنی کاتێکی زۆر و هیلاکی و ماندووبوونی بێ وچان جێ ی نرخاندن و بەرز تێڕوانینە، جگە لەوەی دوای بڵاوبونەوەی ئەو سێ بەرگە لەئینسکلۆپیدیا کە ڕووبەڕووی دەیان پرسیاری ئەو کەسانە دەبێتەوە کە ڕەخنەگری ڕووخێنەرن نەک بنیاتنەر..!، چونکە کاروانی شۆڕشی نوێ کاروانێکی بەردەوام و ڕێگا پڕ هەوراز و نشێو بووە، شەمەندەفەر ئاسا هەمیشە لەوێستگەکان کەسانێک دابەزیون و کەسانێک سەرکەوتوون، هەر هەمووش مافی خۆیەتی ناوی هەبێ لە ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە، بەڵام بۆ ئەوەی نوسەر بەردەوام بێ و هیچ گلەیەکی نێتە سەر و بتوانێ ئەم کارە بگەێنێتە دوا قۆناغ پێویستی بە پشتیوانی مادی و مەعنەوی هەیە، ئەوانەی ئێستا لەگرنگی ئەم ئینسکلۆپیدیایە گەیشتوون ببنە هاوکار و هاو قەڵەمی نوسەر بۆ ئەوەی کەس فەرامۆش نەکرێ، گەرچی وەک نوسەر ئاماژەی بە (٤٤) ناو داوە کە خۆیان وەڵامی نوسەریان نەداوەتەوە بەپێدانی (سیڤی) کە هەر گلەییەک بکەن ڕەوانیە، بۆ تەواوکردنی ئینسکلۆپیدیای هەموو پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ دەبێ ئەگەر گروپ و دەزگاش نەیکەنە خەمی خۆ، قەڵەمە دڵسۆزەکانی پێشمەرگە بچنە ژێر باری ئەم ئەرکە پیرۆزە. لەکۆتای ئەم ڕایانە دەست خۆشی لەنوسەر و مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری دەکەم و هیوادارم بەردەوام بن و جێگای هەموو ئەوانە لەئینسکلۆپیدیا ببێتەوە کە ڕۆژێ لەڕوژان پێشمەرگەی ڕاستەقینەی کوردستان بوونە.

# چەند سەرەقەڵەمێك دەربارەی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی - پارێزگای هەولێر



**د. ئەحمەد حەمەدئەمین**

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥دا، بۆ ماوەیەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد کپ و خامۆش بوو، بەڵام ئەو ماوەیە هێندەی نەخایەند، لەبەر ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە پاڵپشتی کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان جارێکی دیکە بڕیاری جۆشدانەوەی خەباتیدا. لەو چوارچێوەیەدا لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٦ تا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، هەزاران پێشمەرگە لە دەوری بەرنامەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبوویەوە و لە خەباتکردن بەردەوام بوون. ئەگەرچی تاوەکو ئێستاکە لە دوو توێی بیرەوەرییەکان، کتێبە مێژووییەکانی تایبەت بەو قۆناغە، نامە و تێزە زانکۆییەکانی لەبارەی ئەو قۆناغە مێژووییە نووسراون، ناوی ژمارەیەک لەو پێشمەرگە و سەرکردانە هاتوون، کە بەشداریان لەو قۆناغە مێژووییە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی

گەلی کورددا کردووە، بەڵام ئاشکرایە بەشێکی بەرچاو ناویان نەهاتووە و وەک سەربازی ونن لە ژیان و خەبات و تێکۆشانیان نەکراوەتەوە. لەو سۆنگەوە کۆکردنەوە و نووسینی مێژووی ژیان و پەیوەندیی کردنیان بە هێزی پێشمەرگە و ئەو شەڕ و داستانانەی بەشداریان تێیدا کردوون، گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو گرنگ و بایەخی ئاماژەمان بۆ کردن، بەر لە هەموو شتێک بە پێویستی دەزانیین دەستخۆشی لە حەیدەری مەنتک ئامادەکاری (ئینسکلۆپیدیای پێشمەگەر دێرینەکان – پارێزگاری هەولێر) بکەین، کە لە دوو توێی سێ بەرگدا لە لای لە مێژووی ژیان و پێشمەرگایەتی (٦٨٦) شەش سەد و هەشتا و شەش پێشمەرگە کردۆتەوە. ئەو کارەی حەیدەری مەنتک ئەنجامیداوە لە توانا و ئەرکی تاکەکەسی بەدەرە، بەڵکو پێویستی بە کاری گروپ و لێژنەی تایبەت هەیە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت بە هۆی پەرۆشییان شانی داوەتە بەر ئەو ئەرکە و کارەکەی بە ئەنجام گەیاندووە. کتێبی (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان – پارێزگای هەولێر)، جیا لە پێشەکی ئامادەکاری کتێبەکە، کە تێیدا باس لە چۆنییەتی هەنگاوەکانی کارکردن و هۆکاری ئەنجامدانی کردووە. هەر یەک لە ئارێز عەبدوڵڵا و دکتۆر دانا سەعید سۆفی یەکەمیان بە وتارێک بە ناونیشانی (وردەکارییەکانی مێژووی شۆڕشی نوێ) و دووەمیان بە وتارێک بە ناونیشانی (سووتەمەنییەکانی شۆڕش و قەیرانی بەهاکان) بەشدارییان لەو کتێبەدا کردووە و باسیان لە نرخاندنیان بۆ کاری لە شێوەیە کردووە. وەک ئاماژەمان بۆ کرد، ئەو کتێبە لە سێ بەرگ پێکهاتووە، بەرگی یەکەمی کە (٤١٩) لاپەڕە پێکهاتووە تایبەتە بە پێشمەرگەکانی ناو هەولێر و دەشتی هەولێر، تێیدا ئاماژە بە مێژووی ژیانی (١٥٧) سەد و پەنجا و حەفت پێشمەرگە کراوە، لە پاڵ ئەوەشدا ژیانی (١٥) پێشمەرگەی کەرکووک کە لە سنووری هەولێر پێشمەرگە بوون لە کۆتایی کتێبەکەدا ناویان هاتووە. بەرگی دووەمی لە (٣٦٠) لاپەڕەدا (١٣٣) سەد و سی و سێ پێشمەرگەی سنووری کۆیە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیان کراوە. بەرگی سێیەم، کە تایبەت بە سنووری سۆران، تێیدا ژیانی (٣٨١) پێشمەرگە نووسراونەتەوە. لە پاڵ ناو و ژیانی پێشمەرگەکاندا لە کۆتایی هەر بەرگێکدا ئەلبومێکی وێنە دانراوە،

پاشان ناوی (٤٤) پێشمەرگە هاتووە، کە بە دەنگ داواکاری حەیدەر مەنتک نەهاتوون و هاوکاریان پێشکەشی نەکردووە تا ئەوەی ناویان بخرێتە نێو ئینسکلۆپیدیاکەوە. لەگەڵ ئەوەی هەنگاوەکەی حەیدەر مەنتک لە ئامادەکردنی ئەو ئنیسکلۆپیدیایە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام چەند وردە سەرنج و تێبینییەکیش لە خۆی دەگرێت دەکرێت بۆ چاپەکانی داهاتوو سوودیان لێوەر بگرێت.

١ – ناونیشانی کتێبەکە لەسەر بەرگ و لە ناوەوە وەک یەک نییە، بۆ نموونە لە سەر هەر سێ بەرگەکە نووسراوە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئینسکلۆپیدیا پێشمەرگە دێرینەکان – پارێزگای هەولێر کەچی لە ناوەوەی بەرگی یەکەم نووسراوە (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان «هەولێر – دەشتی هەولێر)، لە بەرگی بەرگی دووەم نووسراوە (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان «کۆیە») و لە بەرگی بەرگی سێیەم نووسراوە (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان «سۆران»). سەرەتا دەبێت ئەوەی بڵێین نەدەبوو هەڵەی چاپ لەسەر بەرگی چاپەکە بەسەریان تێپەڕیبووایە، لە کاتێکدا و شەی ئینسکلۆپیدیا بەبێی مانای ناونیشانەکە بە تەواوەی ناداتە بەدەستەوە، هەروەها نووسینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەرەوەی ئینسکلۆپیدیاکە دیسانەوە مانای تەواو ناداتە بەدەستەوە، بۆیە ناونیشانی کتێبەکە بەڕای ئێمە بەم شێوەیە بوایە: (ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنووری پارێزگای هەولێر) مانای تەواو و ئامانجی کارەکەی دەگەیاندا. ئەوە لە کاتێکدایە حەیدەر مەنتک لەو پێشەکییە نووسیویەتی خۆشی هەمان ئەو ناونیشانە نووسیوە، بەڵام دواتر کێ دەستکاری کردووە و چۆن کراوە، ئەوەیان ڕوون نییە.

٢- حەیدەر مەنتک لەو پێشەکیدا نووسیویەتی کارەکەی لە دوو توێی دوو بەرگ ئامادەکردووە، بەڵام دواتر چۆن و کێ کردوویەتی بە سێ بەرگ ئەوەیان بۆ خوێنەر ڕوون نییە.

٣- لەگەڵ ئەوەیدا حەیدەر مەنتک ئامادەکاری کتێبەکە نووسیویەتی لە ڕاستی و دروستی ناوەرۆکی زانیارییەکان بەرپرسیارییە نییە، چونکە ڕاستەوخۆی لە کەسایەتییەکان وەری گرتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ناوبراو زانیارییەکانی جێگیرکردوون دەبوو هەندێک بە وردەکاری زانیارییەکاندا

بچووبایەتەوە، لەبەر ژمارەیەک زانیاری لەو شێوەیە تێدایە، کە لە ناسنامەکەیدا ئاماژە بە ساڵێک کراوە، وەک ساڵی پەیوەندی کردن بە هێزەی پێشمەرگە، کەچی لە نووسینەکەدا ساڵێکی جیاوازتر نووسراوە، لەوەدا خوێنەر نازانێت کامە ساڵیان ڕاستترە.

٤- ئامادەکاری ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان، لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی ئەوەی نەکردووە، بە کام پێوەر ناوی ناون پێشمەرگەی دێرین، چونکە تێیاندا هەیە تا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ تەمەنی نەگەیشتووتە (١٨)، وەلێ لەبەر ئەوەی خانەوادەکەی پێشمەرگە بووە و دوای ڕاپەڕین و تا ئێستا ش پێشمەرگەیە، بە پێشمەرگەی دێرین هەژمار کراوە.

٥- لە لایەکی دیکەوە دەبوو حەیدەر مەنتک ئەوەی ڕوونکردایەوە، ئەوانەی لەو کتێبەدا ناویان هاتوون، تەنیا ئەوانەن لە ژیاندا ماوەن، یا خود شەهیدەکانیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەندە ئێمە ئاگادار بین جگە لە دوو بەرگی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر، بەرگی سێیەمی بەدەستەوە، بەمەش کەواتە بۆچی ناوی هەندێک شەهیدی لێرە هێناوە و بۆ بەرگی سێیەمی شەهیدان نەیگواستونەتەوە.

٦- سەبارەت بە (ناوەرۆک) لە سەرەتای بەرگەکانی کتێبەکە دانراوە، لە هەندێکیان لەگەڵ ناوەوەی کتێبەکە وەک یەک نایەتەوە، لەوەشدا دەبوو چ لە ناوەرۆک و چ لە ناوەوەی کتێبەکەدا ناوی سیانی کەسەکە و نازناوەکەی بە تەک یەکەوە بهاتەیە، نەک لە ناوەرۆکدا بە ناوی سیانی و لە ناوەوەی کتێبەکە بە نازناو، یان پێچەوانەکەی ئاماژەیان بۆ کرایە.

٧- خەڵکانێکی زۆر هەن تا قۆناغی ئەنفالەکان و دوای ئەنفالەکان لە سنووری هەولێر پێشمەرگە بوون، ژمارەیەکیان لەسەر داواکاری و بە ئاگاداری سەرکردایەتی خۆیان ڕادەست کردۆتەوە و هاتوونەتە ناو شارەکانەوە، ڕوون نییە بۆچی نەخراونەتە ناو لیستی پێشمەرگە دێرینەکانەوە. تێکڕایی ئەو تێبینیانەی ئاماژەمان بۆ کردن لە سەنگ و قورسایی کارەکەی حەیدەر مەنتک کەم ناکاتەوە، بەڵکو خزمەتی بە ئایندەی هەنگاوەکانی دەکات. دووبارە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر



**ئاوات کۆکەیی**

کۆکردنەوە و بە دیکۆمێنتکردنی وێنە و ژیاننامەی توێژی تێکۆشەران لە قۆناغی رزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، بە شەهید و کۆچکردووانەوە، بە کەمئەندام و زیندووەکانەوە، ئەرکێکی پیرۆز و پێویستە.

ئەوەی تا ئێستا کراوە مایەی دەستخۆشییە و ئەوەی هێشتاش ماوە و نەکراوە، دەبێ پەلەی لێبکرێت، چونکە وا دەچینە نێو ٣٣ ساڵەی تەمەنی راپەڕینەوە، واتا ئەو تێکۆشەرەی کە لە راپەڕیندا تەمەنی ٣٠ ساڵ بووە ئێستاش بۆتە ٦٣ ساڵ، هەشە لەو تەمەنە گەورەتر بووە و لە دوای راپەڕین کۆچی دوایی کـردووە، یان لە شەڕەکانی دواتردا شەهیدکراوە، یاخود کەنەفت و کەوتووی سەرجێگەیە، ئەو پێشمەرگەیەش کە لە تۆغیانی گەنجێتیدا بووە و بۆ نموونە تەمەنی ٢٠ ساڵ بووە، ئێستا لە ٥٠ تێپەڕیوە، کەواتە ئەو چینە گرنگەی کۆمەڵ بەرەو کۆتایی و تەواوبوون دەڕوات، کات و تەمەنیش بەخێرایی تێدەپەڕێت و دەرفەت کەم لەبەر دەستدا ماوە. بۆیە ئەگەر ئێستا فریانەکەوین و راستەوخۆ لە زای خۆیانەوە زانیارییە کەسی و گشتییەکانیان لێوەرنەگرین، دەکەوینە رۆژگارێک دەبێ لە کەسانی دیکەی دەوروبەریانی وەربگرین، ئاشکراشە سەبارەت بە تێکۆشەرێک

شتی زارەکی و لە کەسێکی دیکەوە هێندەی ئەوە باوەڕپێکراونییە کە لە خۆی وەربگریت، یان لانیکەم هێندە ورد و پڕ زانیاریی نییە و وەڵامێکی تەواو نادات بەدەستەوە. لەو رووەوە تائێستا زۆر کتێب و ناملکە چاپ کراون، زۆر دیداری تەلەفزیۆنی و رۆژنامەوانی ئەنجامدراوە، ئەوانە هەمووی مەڵۆی بە بەرەکەتی چەند شارایەکی گەورەن، بەڵام دەبێ هەوڵ و بەردەوامی هەبێت بۆ تەواوکردن و کۆکردنەوەی هەموو مەڵۆ و شاراکان تا دەگەینە (خەرمان)ە گەورەکە. ئەرکی پیرۆز حەیدەر مەنتک یەکێکە لەو نووسەر و رۆژنامەنووسانەی لەو پێناوەدا ساڵانێکە سەرقاڵ و ماندووە، بەرهەمیشی هەیە و خزمەتی زۆری پێشکەش کردووە، جێگە دەستی دیارە و دەبێ دەستخۆشی لێبکرێت. دوا بەرهەمی حەیدەری رۆژنامەنووس ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە سنووری پارێزگای هەولێر لە سێ بەرگدا، پێشتریش لە دوو بەرگدا ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە سنووری پارێزگای هەولێر ئامادە و چاپ کردووە. هەر دوو پرۆژەکە بەردەوامە و درێژەیان دەبێت، ناشزانرێ کەی و لە چەند بەرگ کۆتاییان دێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەردەوامە و هیوادارم تازووە هەڤاڵ حەیدەر هەردوو ئینسکلۆپیدیاکە بە ئاکامی کۆتایی بگەیەنێت و بەهەمان شێوەش هیوادارم تەواوی پێشمەرگە دێرینەکانی سنووری پایتەخت و کەسوکاری شەهیدان، لە جاران زیاتر، هاوکاریی بکەن بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە. پلانەکەی مەکتەبی گەشەپێدان هەر لەو رووەوە، ئارێز عەبدوڵڵا لە بابەتێکیدا کە وەک پێشەکی وایە و لە بەرگی یەکەمی ئینسکلۆپیدیاکەدا بڵاوکراوەتەوە، نووسیویەتی: (ئەوانەی لەو سەردەم ژیاون و ماون و دەزانن کە گەلەکەمان بە چ قۆناغێکی سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەگەر وردەکاریی ئەو مێژووە دژوار و سەختە نەنوسرێتەوە و بە دیکۆمێنت نەکرێت، ئەوا لە دوارۆژدا بڕواکردن بەو بەسەرهات و چیرۆک و رووداوە راستەقینانە ئەستەم دەبێ، بۆیە نووسینەوە و بە ئەرشیفکردن و بەرزڕاگرتنی ناوی ئەو تێکۆشەر و ستەمدیوانەی کە لەو رۆژگارە سەختە رۆڵێکی ئەفسانەییان گێڕاوە کارێکی گرنگ و پێویستە و لەو بوارەشدا ئەم کتێبە بەڵگەنامەییە بەردێکی بنچینەییە لە بناغەی مێژوو و ئەرشیفی شۆڕشی نوێ). کتێبەکە کە بەرهەمی (مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری)یە و ئارێز عەبدوڵڵا لێپرسراوی مەکتەبەکەیە، لە بە شێکی دیکەی نووسینەکەیدا بۆ پێشەکیی ئینسکلۆپیدیاکە، دەڵێت:

(له پلانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری-بۆردی ئەرشیف و مێژوودایە هەنگاو بەهەنگاو ئاوڕ لە هەموو ئەو تێکۆشەرانە بدرێتەوە کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ تا ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن بەشدارییان کردووە). ئەگەر هەوڵ و بەرهەمەکانی حەیدەر مەنتک وەک تاکەکەس تا ئێستا چەند کەلێنێکی گەورەی پڕکردبێتنەوە و مایەی دەستخۆشی و خۆشحاڵیمان بێت، ئەوا ئەو (پلان)ەی کە ئاریز عەبدوڵڵا ئاماژەی پێدەدات، هەم وەک پێشمەرگەی دێرین و هەمیش وەک لێپرسراوی مەکتەبێگی گرنگی وەک گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری و وەک نووسەریش، مایەی خۆشحاڵییەکی گەورەترە و ئومێدی نووسینەوە و بەئەرشیفکردنی تەواوی مێژووی شۆڕشی نوێی لێدەکرێت. بەهەمان شێوەش د. دانا سەعید سۆفی لە بابەتێکیدا کە لە بەرایی ئینسکلۆپیدیاکە بڵاوکراوەتەوە، لە بەشێکیدا دەڵێت: (پێشمەرگە دانەبڕاوەکان، یان پێشمەرگە دێرینەکان سووتەمەنی شۆڕش و هەڵگری بەها مرۆڤایەتییەکانی بەرخۆدان و خۆنەویستی، ئەوانەن کە مێژووی قۆناغێکی دیاریکراوی کوردستانی باشور بە قوربانییەکانیان دەنووسنەوە. ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان یان دانەبڕاوەکان دووبارە ئەو مێژووە دەخاتەوە ڕوو سەروەرییەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کاتێکدا بەهاکانی شۆڕش لە قەیرانێکی قووڵ دان). هەولێر و دەوروبەری ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی ی.ن.ک لە هەولێر لە سێ بەرگ پێکهاتووە، بەرگی یەکەم پێشمەرگە دێرینەکانی (هەولێر- دەشتی هەولێر) لە خۆدەگرێت و ٤١٩ لاپەڕەیە، بەرگی دووەم پێشمەرگە دێرینەکانی (کۆیە) لە خۆدەگرێت و ٣٦١ لاپەڕەیە، بەرگی سێیەمیش پێشمەرگە دێرینەکانی (سۆران) لە خۆدەگرێت و ٨٨٦ لاپەڕەیە و تیادا سەدان ژیاننامە و وێنەی پێشمەرگەی دێرین خراونەتەڕوو، کە هەندێک لەو پێشمەرگانە لە ژیاندا نەماون، واتا شەهیدبوون یان کۆچی دواییان کردووە. ناوی کتێب ناو: ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر. ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک بڵاوکراوەی: مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری ساڵی چاپ: ٢٠٢٣ ژمارەی سپاردن: ژمارەی ٧٧٤ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکانی ساڵی ٢٠٢٣ی پێ دراوە.

حەیدەر مەنتك

# چۆن خۆ لە زیوان و گلێرەکان دەپارێزێت؟




**ئاراس ئیلنجاغی**

لەدوای ڕێکەوتنامەی جەزائیر و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە (٦-٣-١٩٧٥)ەوە بیر لە دامەزراندنی پارت و بەرەیەکی نوێ کرایەوە کە مەشخەڵی شۆڕش بەدیدگای نوێ هەڵبگرێت کە لەسەر بنەمای (مەشخەڵانی شۆڕشی نوێی ئەمجارە، گڕی بڕوای ڕەنجدەران و هەژارە)، ڕابەرایەتی شۆڕشێکی تازە بکات، ئەوە بوو (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لەو بارودۆخە لەباربراوەی شۆڕشی کوردستان بەماوەیەکی زۆر کەم توانی لە (١-٦-١٩٧٥)دا ژیانەوەی شۆڕش بە گوێی داگیرکەرانی کوردستان دابدات و هیوا و ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش زیندوو بکاتەوە، ئەمەش بووە بەرەبەیانێکی نوێ و ئیتر وردە وردە مەڕ و گورگ لەیەکتری جودا دەکرایەوە و پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ لە دوای ساڵی (١٩٧٦)ەوە تا دەهات لە پەنجەی دەستان تێپەڕی دەکرد و شانە و مەفرەزە و کەرت و هەرێمیان لێ پێک دەهات، تا گەیشتە (داستانی هەکاری) لەساڵی (١٩٧٨) بەسەدان پێشمەرگەی جەربەزەی قاڵبۆوەی خەباتی کوردایەتی چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان و

گڵپەی شۆڕشی نوێیان گەیاندە هەموو ناوچە و دەڤەرەکانی کوردستان، ئەو خەباتە دوور و درێژ و پڕچەرمەسەرییە، شکست و سەرکەوتن و هەوراز و نشێوی زۆری کەوتە پێش هەموو کەسێک خۆی لەبەر سەختی ئەو ڕێگایە نەگرتووە، یان دووچاری لادان و گلان نەبووبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێک بەخوێنی خۆیان ڕێبازەکەیان نەخشاند، ئەوانیتریش بەئارەقە و ماندوو بوون و کۆشش و خەبات تەمەنی گەنجی و لاوی خۆیان کردووە بە داینەمۆی شۆڕش و گەیاندیانە مەنزڵ.
ئینجا لێرەدا وێڕای دەستخۆشی لە (حەیدەر مەنتک) نووسەری بەتوانای ئینسایکلۆپیدیای شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کە ماوەیەکی زۆرە خەریکی کۆکردنەوە و بە ئەرشیفکردنی ئەو شەهید و پێشمەرگانەیە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە باشوری کوردستان و بەتایبەت لە سنوری شاری هەولێر و شارۆچکە و شارەدێ و گوندەکانیەوە بوونە خۆراکی شۆڕش و کورەی خەباتیان جۆشداوە دژ بەداگیرکەری کوردستان، ئەو کارەی ئەو دەستی بۆ بردووە کارێکی زەحمەتە بۆ جیاکردنەوەی دان و ئاو و گورگ و مەڕ و جاش و باش، چونکە لەگەڵ ئەوەی ڕۆحی نیشتمانپەروەری ڕۆڵەکانی کورد بەرز و بەهێزە، لەبەرامبەریشدا داگیرکەرانی کوردستان نەخشە و پلانی گڵاو و نەگریسیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕش دەگرتە بەر و زۆر زۆڵە کوردییان لە خشتە بردووە و بوون بە خەفیە و جاش و سیخوڕ و (خەت مایل) و خاوەن دۆسیە لە دەزگاکانی (ئەمن) ی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، ئەمە بۆ پێشمەرگە دێرینەکان و شەهیدەکانیش هەر هەمان شتە چونکە دوای ڕاپەڕینی گەلی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەعس کە کەوتنە دەسەت هێزی پێشمەرگە و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەرکەوت هەندێک کەس کە چۆن دۆسیەیان هەبووە لەگەڵ دەزگای ئەمن و هەواڵگری حکومەتی عێراق.
ئەو کارەی کە کاک حەیدەر مەنتک دەستی پێکردووە دڵنیام زۆر خاوێنتر دەبێت وەک لەوەی دەزگایەکی حزبی ئەو کارەی بکردایە، چونکە بە بڕوبیانووی دڵ نەڕەجاندنی خەڵکی لە حزب، خراپ و چاک تێکەڵ دەکراو وەکوو ئەوەی لەلیستە جۆراوجۆرەکانی پێشمەرگە دێرینەکان و ڕێکخستنە دێرینەکان و ژنانی شاخ و شەهیدانیش چەندین کەس تۆمارکراون کە هەندێکیان بەدەردی خودا و هەندێکیشیان بە دەستی پێشمەرگە کوژراون چونکە لەبەری دوژمن بوون، کە چی بە شەهیدانی

سەنگەر تۆمارکراون.
دەستی کاک (حەیدەرمەنتک) خۆشبێت کە لە بەرگەکانی ئەو دوو ئینسایکلۆپێدیایەدا هەوڵی داوە گلێرە و زیوانی ئەو تەغار تەغارەی شەهیدان و پێشمەرگەکانی سنوری هەولێر تاڕادەیەکی زۆرباش جیابکاتەوە، هیوادارم بەردەوام بێت، چونکە دەرکەوت حیزبەکانی ئەمڕۆ باکیان بەخوێن ڕشتن و ماڵوێرانی کوڕە هەژارەکانی دوێنی کاروانی خەبات نییە، بە کۆچی دوایی ڕێژەیەکی زۆریان وا خەریکە ئەو سەروەریانە ڕەش دەبنەوە و بۆرە پیاو خۆیان دەخەنە شوێنی قارەمانەکان و لەجیاتی شەهیدەکان خۆیان دەکەن بە فس فس پاڵەوان، چونکە هەندێکیان بۆ ماوەیەکی زۆر کەم بوون بە پێشمەرگە لە بەردەم ڕۆژگار و بارودۆخ و ململانێدا چۆکیان دادا و هەر ئەوەندەیان لەبارادا بوو، کەچی تاماون نان و پیازی پێوە دەخۆن و هەموو چالاکییەکانی شەهیدەکان و کەم ئەندامانی سەنگەر دەکەنە چالاکی خۆیان بۆ هەر گێڕانەوەیەک تەنیا مردووەکان بەشایەد دەگرن، خەڵکانێکیش دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ تازە تەمەنیان پێ گەیشت خەبات بکەن بەر لەڕاپەڕین منداڵ بوون، کەچی سەر و ماڵی خۆیان لە پێناوی پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین دانا، بەهیچ کلۆجێ ئەو ڕێز و پایەو حورمەتەیان پێ نەدراوە، وەکوو ئەوانەی کە لەپەنای شۆڕشی شاخ هەڵاتووی سەربازی بوون و بەس لەبن کەپکەشاخان خۆیان دەشاردەوە و بەزمان لوسی لە شێنەیی تەنیا بەقسە خۆیان دەکردە قوربانی پێشمەرگە.
ئەو کارەی ئەو دەستی داوەتێ دەزانم زۆر پێویستە چونکە ئەو پێشمەرگانەی ئیلنجاغی گەورە کە لە کتێبی مێرجاڕ چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن، هەندێکیان کۆچی دواییان کرد و هەندێکیشیان دووچاری نەخۆشی نیوەجەڵدە و لەبیرچوونەوە هاتوون، ناتوانن ئێستا ژیاننامەی خۆشیان بەدروستی بنوسن ئەوان و کەسو کارەکەشیان سوود لە مێرجاڕ دەبینن بۆ ژیاننامەی خۆیان، بۆیە زۆر جێگەی دەستخۆشییە کاک (حەیدەر مەنتک) سنوری پارێزگایەکی گەورە و پایتەختی هەرێمی کوردستانی کێوماڵ کردووە بۆ بەئەرشیفکردنی پێشمەرگەی دێرین و شەهیدانی شۆڕشی نوێ، هیوادارم بەردەوام بێت و داوا لە دڵسۆزانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەکەم دەستی بگرن و دەستگرۆیی و چاوساغی بکەن بە زانیاری و داتای درووست و تاوەکوو یارمەتی بدەین بۆ بژارچنی گلێرەو زیوانەکانی ناو دەغلۆدانی کوردایەتی.

# دەرکردنی ئینسکلۆپیدیا کارێکی پیرۆز و ئەرکێکی نیشتیمانییە...



**د. شاخەوان مەلا محەمەد**


سەرەتا:

کتێبی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی پارێزگای هەولێر، لە ئامادەکردنی هەڤاڵ (حەیدەر مەنتک) کە خۆی دەبینێتەوە لە سێ بەرگ، بەرهەمێکە لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدان و بیر و هۆشیاری یەکێتیی نشتیمانیی کوردستان، لەساڵی ٢٠٢٣ز دەرچووە. لەبەرگێکی قەشەنگ و چاپێکی جوان و ڕەنگا و ڕەنگ بەدیزاینێکی زۆر باش کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند کردووە. بەشی یەکەمی ئینسکلۆپیدیاکە تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی دەشتی هەولێر، وێنە و ژیاننامەی ١٥٧پێشمەرگەی دێرین و زانیاریەکانی کەسی لەخۆ گرتووە، هەروەها ناوی ئەو پێشمەرگە دێرینانەی کە خەڵکی سنوری کەرکوک بوون بەڵام لە سنوری هەولێر پێشمەرگە بوون نووسەر فەرامۆشی نەکردوون کە ژمارەیان ١٥پێشمەرگەیە. بەشی دووەمی ئینسکلۆپیدیاکە تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی قەزای کۆیە، ئەویش ژیاننامەی ١٣٣پێشمەرگەی لەخۆگرتووە، بەشی سێیەمی تایبەت کراوە بە پێشمەرگە دێرینەکانی دەڤەری سۆران کە ژیاننامە٣٨١ پێشمەرگەی تێدا تۆمار کراوە، کۆی

هەرسێ بەرگی ئینسکلۆپیدیاکە ٦٨٦ پێشمەرگەی دێرینی لەخۆگرتووە لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر، کە درێژەیان بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان داوە لە کۆی ئەم ٦٨٦ پێشمەرگەیە ٥٣٢ کەسیان لە ژیان ماون، ٨٥ کەسیان شەهید بوونە ، ٦٨ کەسیان کۆچی دوواییان کردووە، شایەنی باسە هەر لەو ئینسکلۆپیدیایە، سێ پێشەکی نوسراوە، لەلایەن هەڤاڵ ئارێز عەبدوڵا و هەڤاڵ دانا سەعید سۆفی و ئامادەکاری ئەو ئینسکلۆپیدیاکە هەڤاڵ (حەیدەر مەنتک) ە ..

کارێکی نیشتیمانیە:
بێگومان ئەو پێشمەرگانە لەناو هێزی پێشمەرگەی یەکیتیی نشتیمانیی کوردستان درێژەیان بەخەبات وتیکۆشانی خۆیان داوە و چەکێکی شەرەف وکەرامەتیان خستۆتە شانیان و تەواوی ژیانی گەنجی و جوانی خۆیان بەخشیوە بە گەلەکەیان بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە ئازادی و سەرفرازی بژی، ئەو خەباتە چەکداریە پڕ زەحمەتەیان لە ناو حزبێکی پێشکەوتوو خواز ئەنجامداوە کە باوەڕیان بە بەرنامە سیاسیەکەی هەبووە بەڵام ئەو تێکۆشەرانە تەنها موڵکی یەکێتیی نین بەڵکو موڵکی هەموو خەڵکن، چونکە لەکۆتایەکەی ئەوان بوونە پاڵپشتی ڕاپەرین و سەرکەوتنی بەرنامەکانی ڕاپەڕین لەدوایش پاراستنی دەستکەوتەکان ئەرکی سەرشانی ئەوان بوو، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە پێشمەرگە دێرینەکان سەرمایەکی بەنرخی نیشتیمانەکەمانن.

دروستکردنی ئینسکلۆپیدیا کارێکی شارستانییە:
زۆری گەلانی جیهان کە ئێستا ئـازادن و نیشتیمانێکیان هەیە، لەئەنجامی هۆشیاری و ئازایەتی گەلەکەیانەوە بووە، چونکە بەردەوام هۆشیاری پاڵپشتی گەورەی ئازایەتی بوو، هۆشیاریش کارێکی خۆ ڕسک نیە بەڵکو لە ئەنجامی خوێندنەوە و خوێندەواریەوە بەرهەم دێت، حکومەت بەهاوکاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان یان لە ئاستی کەسی و گروپ، بەرنامەی بۆ دادەنرێت و کار ئاسانی بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر دەکرێت، ئینسکلۆپیدیاش ئەنجامدانی کارێکی شارستانییە، وە هۆشیارکردنەوەی جەماوەرە لە سەر مێژوو خەباتەکەیان.



کارێکی گرنگە:

لەدوای ڕاپەڕینەوە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان وەک حزبێکی پێشکەوتوو خواز، چ لەسەر ئاستی حکومەت یان حزب هەوڵی زۆری داوە بۆ دەرکردنی ئینسکلۆپیدیا وەک ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ئینسکلۆپیدیا گرنکە کە دەبیتە هۆی پاراستن و ئەرشیفکردنی سەروەری و خەباتی گەلەکەمان هەروەها ئامارکردن و بژاردەکردنی لە تێکەڵاو بوون بە هەندێک ئاماری نادروستی بابەتەکە. ئامارێکی ئامادەکراوە بۆ توێژینەوەی خویندکارانی زانکۆ و ناوەندەکانی دیکەی تویژینەوەو بەدواداچون. ئاریز عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی بیر و هۆشیاری پێشتر، لەسەر گرنگی ئەم ئینسکلۆپیدیایە دەڵێت: ئەوانەی لەو سەردەم ژیاون و ماون دەزانن کەگەلەکەمان بە چ قۆناغێکی سەختدا تێپەڕیوە بەڵام ئەگەر وردکاری ئەو مێژووە سەختە نەنوسرێتەوە و بە دیکۆمێنت نەکرێت، ئەوا لەدوا ڕۆژدا بڕواکردن بەو بەسەرهات و چیرۆک و ڕووداوە ڕاستەقینانە ئەستەم دەبێ، بۆیە نووسینەوە و بە ئەرشیفکردن و بەرزڕاگرتنی ناوی ئەو تێکۆشەرو ستەمدیوانەی کەلەو ڕۆژگارە سەختانە ڕۆڵێکی ئەفسانەییان گێڕاوە کارێکی گرنگ و پێویستە.

پیشنیارەکان:

لەگەڵ ئەوەی دەست خۆشی لە ئامادەکار و نووسەر هەڤاڵ (حەیدەرمەنتک) دەکەم بۆ دەرکردنی ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، پێشنیار دەکەم بەدانانی ستافێک لە بۆردی مەکتەبی گەشەپێدان و بیرو هۆشیاری (بۆ هەر شارێک) بۆ ئەوەی بەردەوامی بدرێ بە ئەرشیفکردنی تەواوی پێشمەرگە و زیندانیانی سیاسی و ڕێکخستنە دێرینەکان و شانەچەکدارەکانی بروسک و تەواوی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ، هەروەها ناوی ئەوانەی هاوکاری پێشمەرگە بوون لە شار و لە دێهاتەکان لە ژنان و پیاوان.. ئەو ستافە بوجە و خەرجی بۆ دابندرێت بۆ ئەوەی ساڵانە بتوانی بەرهەمی جوان و نایاب لەسەر مێژووی خەباتی سیاسی و چەکداری بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کودستان بڵاوبکاتەوە. ئەوەش بۆ بەرز ڕاگرتنی خەبات و تێکۆشانی ئەوانەی ژیان و جوانی ولاوی خۆیان بەخشی بەگەلەکەیان...

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان

# پارێزگای هەولێر



**ن . ئازاد جۆلا**

هەمیشە مرۆڤەکان ئـارەزووی وەرگرتنی زانـیاری زیاترو هەوڵی دەرخستنی ڕاستییەکان دەدەن بەتایبەت بابەتگەلێک کە پەیوەست بێت بە مێژووی شۆڕش و قوربانی و قارەمانێتی نەتەوەیەکی داگیرکراو و دابەشکراو و غەدر لێکراو ، تۆمارکردنی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و گیانبازییەکانی گەلێکی جینۆسایدکراو و کیمیابارانکراو ونکۆڵی لێکراو، بە دیکیۆمێنت کردن و پاراستن و بەرزڕاگرتنی دەبێتە پێویستییەکی حەتمی و شانازییەکی مەزن هەم بۆ نووسەرەکە خۆی هەم بۆ گەلەکەی، دیارە بۆ دەست هێنانی هەر زانیارییەکیش پێویستمان بەوە دەبێت بەگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگ و بابەتە دیکیۆمێنتکراوەکان، هەر بۆیە مرۆڤایەتی بەگشتی و گەلانی پێشکەوتووی جیهان هەر لەکۆنەوە گرینگیان بە کۆکردنەوەو تۆمارکردن و بەفەرهەنگ بوون داوە، هەروەک ئاشکرایە سەرەتا بۆ ئەم مەبەستە ووشەی (دائیرەتولمەعاریف) بەکار هاتووە کە ووشەیەکی کۆنی یۆنانییەو بۆ یەکەمجار (تۆماس ئیلیۆت) لەساڵی ١٥٣٨ دائیرەتولمەعاریفی نووسی و بەوە پێناسەی کرد کە کتێبێکە یان بەرهەمێکە هەموو زانست و لێکۆڵینەوەیەک لەخۆ دەگرێ و

دەکرێ مرۆڤایەتی سوودی لێ وەربگرێ و وەک سەرچاوە بەکاری بهێنێ، لەهەمان کاتیشدا وەک دیکیۆمێنتێکی مێژوویی بپارێزرێ و لەوون بوون ڕزگار بکرێ، ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکان– پارێزگای هەولێر کە خۆی لە سێ بەرگی جوان و شایستەو ڕێکوپێک دەبینێتەوە بەم شێوەیە دابەشکراوە:

بەرگی یەکەم تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر– دەشتی هەولێر.

بەرگی دووەم تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی کۆیە.

بەرگی سێیەم تایبەتە بە پێشمەرگە دێرینەکانی سۆران.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە لەلایەن پێشمەرگەو کادری پێشکەوتووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (حەیدەر مەنتک) کاری لەسەرکراوەو ئامادەکراوەو مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری بەدیزایین و کوالیتیەکی بەرزو شایستە بەشێوەی ڕەنگاو ڕەنگ و بەرگ تەجلید و کاغەزی شاموای زەردو دەزوو دوورمان ئەرکی بەچاپگەیاندنی گرتۆتە ئەستۆ، هەرسێ بەرگەکەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە لە ١٦٦٨ لاپەڕە پێکهاتووەو ناساندن و وێنەو کورتەیەک لە مێژوو و کارچالاکیەکانی ٦٨٦ پێشمەرگەی پارێزگای هەولێری لەخۆگرتووە، بەڵام لەم ژمارەیەو لەبەرگی یەکەمدا ١٥ پێشمەرگەی سنووری پارێزگای کەرکوکی لەخۆگرتوە کە زۆربەی تەمەنی پێشمەرگایەتی و کاروچالاکیەکانیان لەسنووری پارێزگای هەولێر بووە، لێرەدا ڕەنگە خوێنەر ئەم پرسیارەی لەلا دروست بێت ئایا هەموو ئەوانەی پێاندەگوترێت پێشمەرگە ناویان لەم ئینسکلۆپیدیایەدا هەیە؟ یاخود لەداهاتوودا دەبێت؟

دیارە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چەند مەرج و ڕێنماییەک دانراوەو کاری لەسەرکراوە وەکو ئەوەی هەر پێشمەرگەیەک کە لەم ئینسکلۆپیدیایە ناوی هاتووە مەرجە ناوی لەلیستی مووچەی مانگی ٢ ساڵی ١٩٩١ هەبوبێت، یان خاوەنی پێناسەیەک بێت کە ئەوکات بە واژۆی جەنابی مام جەلال بۆیان دروست کراوە، یاخود ناوی لەلیستێکی ڕێزلێنان یان خەڵات و پاداشت لەلایەن جەنابی مام جەلالەوە بوونی هەبێت، هەروەها نابێت لەکاتی ئەنفالەکان تەسلیم بە ڕژێم بوبێتەوە. ئەمانە ئەو بنەمایانەن بۆ هەرپێشمەرگەیەک کەلەم ئینسکلۆپیدیایەدا ناوی هاتووەو تۆمارکراوە ، ئەم ئینسکلۆپیدیایە پاشکۆیەک و دوو ئەلبوومی وێنەیی لەخۆ گرتووە کە ئەلبوومی یەکەم وێنەی کۆن و مێژوویی بەشێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی پارێزگاری هەولێر لەخۆدەگرێت و ئەلبوومی

دووەمیش وێنەی نووسەر لەگەڵ کۆمەڵێک لە پێشمەرگە دێرینەکانی سنووری پارێزگای هەولێرە .
وەکو ئەوەی دیارە نووسەر بۆ بەدەستخستنی زانیاری و وەرگرتنی پێداویستیەکان و پەیوەندیکردن بە پێشمەرگە دێرینەکان سوودی بینیوە لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەلە ساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە، وەک ئەوەی زاندراوە نووسەر بەردەوام دەبێت لەکارکردن و لەئێستاشدا لەبەردەم کۆکردنەوەو بەدەستهێانی ناو و زانیاری و وێنەی ئەو پێشمەرگانەیە کە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٦ تا مانگی ٦ی ساڵی ١٩٨٣ بێ پسانەوە درێژەیان بەخەبات وتێکۆشان داوە ، هەروەها بەردەوام دەبێت بۆ بەچاپگەیاندنی چاپێکی ترو چەند بەرگێگی تر بەمەستی تۆمارکردنی سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بۆ ئەوەی وەک بەشێک لەمێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان کە لەپێناوی ڕزگـاری و بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان هەندێکیان ژیانی خۆیان و هەندێکیش بەشێک لەتەمەنی جوانی خۆیان بەخشی بە گەل و وولآت ناو و خەبات و مێژوویان پارێزراو و ڕێزلێگیراوبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم بەرهەمەو ئەم ئینسکلۆپیدیایە سامانێکی گرنگ و نەمرو مێژوویی لەبن نەهاتووی گەلەکەمانەو پاراستن و زیندوهێشتەوەی مێژووی دەیان ساڵەی خەبات و خوێن و هەوڵی ڕزگاری و ئازادی گەلەکەمانە کەخاوەنی دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ و شانازی بەیانییە، دیکیۆمێنتێکە بۆ هەتا هەتایەو دەمێنێتەوەو نەوە دوای نەوە دەیخوێنێتەوەو ئەزموون و سەربەرزی و مێژووی لەسەر دەنووسێتەوە ....

# ئینسکلۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر

## شاکارێکی پڕ لە جوانی و سەرووەرییە



**عەبدولقادر موحسین تەها**

پێشەکی دەستخۆشی لە بەڕێز کاک (حەیدەرمەنتک) ئەکەم بۆ ئەم شاکارە پڕ لە جوانی و سەرووەرییەی پێشمەرگە دێرینەکانی شاری هەولێری خستە بەردەم خوێنەران، پێشمەرگە دێرینەکان بەشێکن لە ڕۆڵە قارەمان و خۆنەویستەکانی گەلی کورد کە ئامادە نەبوون سەر بۆ ڕژێم و داروودەستەکەی و مەرامەکانیان شۆڕ بکەن و چەکی شەرەف و کەرامەتی گەلیان لەبەر کرد و ڕوو بە ڕووی قەڵای داگیرکەری زۆردار بوونەوە

بەم چەند دێڕە نە ئەتوانم باسی قارەمانیەتی و گیانفیدایی پێشمەرگە کان بکەم نە ئەشتوانی ستایشی ئەم کارە بەنرخەی کاک (حەیدەرمەنتک) بکەم کە بە هەموو هەول و تەقەلایەکی بۆ ئەوە بوو کە سەرچاوەیەک بخاتە بەردەستی خوێنەران ناوی پێشمەرگە جیا بکاتەوە لە لیستی دەسەڵات کە پڕە لە جاش و جاسووس.

کاکە حەیدەر ئەزانم هیچ کارێک بێ کەم کوڕی نابێت بەڵام دلنیام جوانترین و پاکترین لیستی بەشێک لە پێشمەرگە کانە.

هیوادارم لە پارێزگاکانی تریش خەلکانی دڵسۆز هەلسن بەهەمان ئەرک هیوادارم خەلکانی دڵسۆزو شۆڕشگێڕ لە ناو پارت و ڕێکخراوەکانی تری کوردستان هەلسن بەهەمان ئەرک و ناوی جوانی پێشمەرگە جیاکەنەوە لە خۆفرۆشان.

لە دوا ووشە دا ئەلێم سەربەرزم بەوەی کە ناوم لەناو ئەم لیستە دایەو گەورەترین سەربەرزیە بۆ من.

زۆر سوپاس کاک حەیدەر بۆ نوسخەکان کە بۆت داناوم و هیوادارم زوو بە دیداری بەڕێزتان شاد بم.

سلاوو ڕێزی زۆرم بۆ گشت پێشمەرگە قارەمانەکان هەیەو سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کوردستان دادەنوێنم.


## سوپاس و پێزانین

ـ سوپاس وپیزانینی خۆم ئاراستەی سەرجەم ئەو پێشمەرگەو هەڤاڵانە دەکەم کە زانیاری دروستیان پێداوم، سوپاس بۆ هەوڵ و کۆششی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی (لقی هەولێر، لقی کۆیە، نوسینگەی (١)ی سۆران).

ـ سوپاس بۆ هەریەك لەبەرێزان: هەڤاڵ حاجی مەسیفی، مامۆستا تەحسین کەریم زێندین، لیوا محەمەد سەیدە، مامۆستا ئاراس ئیلنجاغی، دکتۆر عەبدواحید ئیدریس، کۆچەر عەبدوڵڵای کۆیە، فەرهاد کادیر.

ـ سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی بەیەك وشەش هاوکارم بوون.


ئینسکلۆپیدیا
پێشمەرگە دێرینەکان - پارێزگای هەولێر
1
2023
2
2023
3



# حەیدەر مەنتك

- حەیدەر ئەحمەد غەفور
- لەدایكبووی: ١٩٧٧/٧/١
- شوێنی لەدایكبوون: هەولێر
- خێزاندارە، سێ منداڵی هەیە بەناوەكانی (یارە، لاڤە، ئەحمەد)
- خوێندكاری زانكۆ/ قۆناغی چوارەم/ بەشی كارگێڕی كار
- ماوەی (١٣) ساڵ و شەش مانگ پێشمەرگەبووە، دواپلەی لەپێشمەرگایەتی (ئەندامی لەشكر) بوە لەفەرماندەیی(٢) ی هەولێر.
- لە ٢٠١٤/١٠/١ بەبڕیاری مەكتەبی ڕێكخستن بووە بە (جێگری مەڵبەندی سێی ڕێكخستنی هەولێر)
- بۆ ماوەی(٦) ساڵ ئاوارە بووە لە سنوری كۆیە
- كتێبە چاپكراوەكانی....
- (ئینسكلۆپیدیای شەهیدانی یەكێتیی لە هەولێر) بەرگی یەكەم لە ساڵی ٢٠١٨ چاپ و بڵاوكراوەتەوە.
- (ئینسكلۆپیدیای شەهیدانی یەكێتیی لە هەولێر) بەرگی دووەم لە ساڵی ٢٠٢٠ چاپ و بڵاوكراوەتەوە.
- (ئینسكۆپیدیای پێشمەرگە دێرینەكانی هەولێر) لە دوو توێی (٣) بەرگ (هەولێر، كۆیە، سۆران) لە ساڵی ٢٠٢٣ چاپ و بڵاوكراوەتەوە.
- خاوەنی(٢) námیلكەی چاپكراوی (كورتە چیرۆك و پەخشنامەیە) لەژێر ناوەكانی (لە گۆشەنیگایەك بەڵام) و(مەملەكەتی عەشق) دەزگای هاموون چاپكراوە..
- كتێبێكی تری چاپكراوە(١٠٠) بابەتی ڕێنمایی كۆمەڵایەتییە لە ژێر ناوی (شیرین تەشی ناڕێسی).
- ئێستاش بەرگی سێیەمی ئینسكلۆپیدیای شەهیدانی یەكێتیی تەواو بووە ئامادەیە بۆ چاپ.

لەبواری ڕێكخراوەییدا:

- سەرۆكی ڕێكخراوی ڤینۆسی ژینگەییە.
- ئەندامی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستانە.
- ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانە.